# دەرهێنانی فیلم

# گرتە لە دوای گرتە

## پرۆسەی بەوێنەکردن:

## کۆنسێپت تاسکرین

دانانی

ستیڤن د. کاتز

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

کاسترۆ مەجید

٢٠٠٨

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

- ناوی کتێب: دەرهێنانی فیلم.. گرتە لە دوای گرتە
- نووسەر: ستیڤن د. کاتز
- وەرگێڕ: کاسترۆ مەجید
- پیتچنین: کەمال عبدالهادی
- دیزاینی ناوەرۆک: کەمال عبدالهادی
- دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
- تیراژ: (٧٥٠)
- زنجیرە: (٢١٤)
- چاپخانە: شڤان
- چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن: (٥٢٣) ساڵی (٢٠٠٨)

پێشکەشە بە..

ژوان...

**بۆ..**

**باوکم...**

# ناواخن

پێشەکیی نووسەر ١١

**بەشی یەکەم: بەوێنەکردن: پرۆسەکە**

(١) بەوێنەکردن ١٩
(٢) دیزاینی بەرهەم ٢٧
(٣) بۆردی ڕووداو ٤٨
(٤) بەوێنەکردن: کەرەسەو تەکنیک ١٠٢
(٥) بازنەو زنجیرەی بەرهەمی فیلم ١٠٩

**بەشی دووەم: بنەماکانی ستایلی بەردەوامییەتی**

(٦) دامەزراندنی گرتەکان: پەیوەندییە قەوارەییەکان ١٤٣
(٧) بڕین: پەیوەندییە زەمەنییەکان ١٧١

**بەشی سێیەم: لابۆر**

(٨) پێویستییە پراکتیکییەکان ١٩٧
(٩) دامەزراندنی گرتە دیالۆگییەکان ٢١٣
(١٠) ڕێکخستنی دیالۆگ بەهۆی سێ ئەکتەرەوە ٢٤٣
(١١) دامەزراندنی چوار ئەکتەر یان زیاتر لە گرتەی دیالۆگیدا ٢٦٠
(١٢) ڕێکخستنی ئەکتەر بۆ گرتەی مۆبایلی ٢٧٦
(١٣) قووڵێتیی فرێم ٢٨٦
(١٤) گۆشەکانی کامیرا ٢٩٧
(١٥) گۆشەنیگا ٣١٩

**بەشی چوارەم: جێگۆڕ**

(١٦) گرتەی پان ٣٢٩
(١٧) گرتەی کرێن ٣٤٠
(١٨) گرتەی گالیسکەیی ٣٤٧
(١٩) کۆریۆگرافیی گرتەی گالیسکەیی ٣٦٣
(٢٠) گواستنەوەکان ٣٨٣
فەرهەنگی زاراوە سینەماتیکییەکان ٣٩٥

## پێشەکیی نووسەر

ئەمە جۆرێکە لە ناتەبایی کە فیلم، ئەو هونەرەی نمایندەی بەشێکی زۆر لە زیندەخەونەکانی ئێمە دەکات کەچی سەختترینیانە بۆ ئەنجامدان! لەمەش بترازێ، ئەوەی پێویستە تەنها داخستنی چاوەکانمانە کاتێك خۆمان لەنێو هۆڵێکی تاریکی دەستکردی خۆمان دەبینینەوە، ئەو فیلمانە بۆ سەر سکرین دەوەشێنین کە مەبەستمانە بۆ بینەرێکی سوپاسگوزاری نیشان بدەین – کە خۆمانین – چونکە ئێمە بە جۆرێك گریمانی خەیاڵەکانمان دەکەین کە هەر لە سروشتەوە خەیاڵی سینەماتیکین، بەو پێیەش حاڵەتێکی ئومێدبڕە کاتێك نەتوانین ئەوەی وەك کارێکی هونەری باڵا دەردەکەوێت هاوکات بیگوازینەوە بۆ کاری فیلم، تەنها ئەگەر توانیمان گوزارشت لە زیندە خەونەکانمان بە ئەندازەی ساکارێتی مۆسیقاژەنێك بێت کاتێك میلۆدەیەك دەژەنێ، وە یاخود لە چەشنی تابلۆکێشێك کە فۆرمو رەنگەکان بەسەر رووی پارچە قوماشێکەوە دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

بێگومان ئەمەش تەنها وەهمێکە کە خەونەکانمان لەسەر شێوەی زنجیرە رووداو دەردەکەون کە ئامادەی نیشاندانن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە: زۆربەی هونەرمەند – وێنەکێشان بەهۆی بەکارهێنانی کەرەسەکانی خۆیانەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانن پراکتیزەی هونەرەکەی خۆیان بکەنو ئەزموونەکانیان رۆژ لە دوای رۆژ کەڵەکە بکەن، ئا لەو کاتەدا فیلمساز – دەرهێنەر سەختییەك لەمەدا دەبینێ تا ئەو کاتەی خەرجیو بودجەیەکی شیاو بۆ بەرهەمی فیلمەکەی دەستەبەر دەکات، بەڵام بە دڵگرانییەوە ئەمە دەکەوێتە سەرووی توانای ماددیی زۆربەی هونەرمەندان. هەتا تەنانەت لە خوێندنگاکانی فیلمسازیدا زۆربەی قوتابیان شانسو بەختی ئەوەیان لایە کە لە میانەی چوار ساڵی خوێندنەکەیاندا تەنها دوو



وە یاخود سێ کورتە فیلمی (١٦) میللیمی بەرهەم بێنن. ئەمەش مانای ئەوەیە کە تەنها بەشێکی بچوك لە کاتەکانیان بۆ کاری فیلم تەرخان کراوە. لە دنیای فیلمە نۆرماڵەکاندا ئەو سیناریستو ئەکتەرانەی هەوڵەکانیان بۆ دەستکەوتنی دەرفەتی (دەرهێنانی فیلم) تەرخان دەکەن ئەوا زۆر سەختە رێگەیەکی دیکە بدۆزنەوە سەبارەت بە دەستەبەرکردنی چەند ئەزموونو شارەزاییەك بەر لە هەبوونی بودجەیەکی چەند ملیۆن دۆلاری، ئەمەش ئاماژەیەکی نوێ بۆ بیرۆکەی کاری ئامادەی نەوەی نوێ دەبەخشێت.

لە خوێندنگاکانی فیلمدا شێوازە بنەڕەتییەکانی فێرکردن بریتین لە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ستایلو تەکنیکی فیلمە کلاسیکییەکان شێوە کارکردنی دەرهێنەرە ناودارەکانی سینەما. ئەمە جگە لە ئامادەیی چەند کۆرسی جیاواز وەك: سینەماتۆگرافی، مونتاژ، بەڵام ئەمانە بە فراوانی گرنگیو بایەخ بە پرۆسەی تەکنیكو بەرهەمهێنەکان دەدەن. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم تواناو سکێڵانە سنووردار کراوە، هەروەها نائامادەیی ئەم ئەزموونە هاوکاتییە لەنێو بەرهەمی فیلمە ئاساییەکاندا مایەوە لەو کاتەی کە بەرپرسیارێتیو ئەرکە سەرەکییەکانی فیلم وەك: سیناریست، دەرهێنەر، سینەماتۆگرافەر مۆنتێرو، سەرجەم دیدگا هونەرییەکان بەسەر چەند بەشێکی گرنگدا دابەش کرا.

لێرەدا چەند هۆکارو بیانوویەکی پراکتیکییانە سەبارەت بەم دابەشبوونە هەبوون کە نەدەکرا وەلا بنرێن. بەڵام لە راستیدا ئامادەیی ئەم جۆرە دەزگایە مانای ئەوە نادات کە پێویستە فیلمساز چەند کۆرسێك لە بەڕێوەبردنو رێکخستن فێر ببێت لە بریتی لە رامانو قووڵبوونەوە لە وردەکارییەکانی پیشەو هونەرەکەی خۆی. چەند جۆرکردنو دابەشکردنی: وێنە، دەنگ، زمان، بەردەوامییەتی، کە پێویستیو لێهاتوویی بەرهەم دێنن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا سیستەمێکی رێکخستنی لەخۆ گرتووە کە لە بنەڕەتەوە جیاوازە لەو رێگەیەی کە ئێمە بەهۆیەوە پرۆسەی (بەوێنەکردن – Visualization) ئەنجام دەدەین. لێرەدا پرسیارەکە ئەمەیە کە ئایا گوزارشتکردن لەم ئەزموونە ئۆرگانیو یەکگرتووە

پرۆسەو هونەرێکی تاکییە یاخود تێکەڵەیەکە لە چەند توانـاو سـکیلێکی جیـاوازی تاك تاك؟ وەڵامەکە (کە بۆچوونی تایبەتی خۆمە) بە وێنەکردنی گرتـەو زنجیرەی رووداوەکـان بـە تـەواوی چـەند پرۆسـەو هونـەرێکی تـاکین کـە پێیـان دەووترێـت (لێشاوی گرتەکان).

ئەم کتێبە، گرتە لە دوای گرتە، قسەکردنە لەسەر لێشاوی گرتـەکان، لـە فیلمـە ناراتیڤەکاندا بە شێوەیەکی فراوان، لەگەڵ رووناکی خستنە سەر ئامانجو مەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندییەکی پراکتیکییانە لـە نێـوان سێ – رەهەنـدیی راسـتەقینەی پانتاییـەکان لـە بـەردەم کـامێراو هـەروەها لەگـەڵ خـستنەڕووی دوو – رەهەنـدێتی فیلم لەسەر رووی سکرین. لێـرەدا دوو جۆری کەرەسـەو هۆکـار هـەن کـە فیلمـساز پێویـستە کاریـان پێبکـات (سـێت، شـوێن) ئەمانـە دوو کەرەسـەن کـە بـە ئاگاییـەوە بریتین لە پانتایی بـەکارهێنراو لەگـەڵ فیلمـی نیـشاندراو کـە چـەند کەرەسـەیەکی ترادیشنی لە هونەری گرافیکیدا کۆ دەکاتەوە.

میتۆدی بنەڕەتی کە لەم کتێبەدا هاتووە بەراوردکارییەکی نزیـكو شانبەشـانی تەکنیکە سینەماتیکییەکانە کە تیایدا بۆردی رووداوی فۆتۆییو وێنەکێـشراو بـەکار هـاتوون. پێـچەوانەی سـیناریۆ کـە زۆر بـە قـووڵی خوێندنـەوەو شـیکردنەوەی بـۆ کراوە.

لـە راسـتیدا بـۆردی رووداو (Staryboard) تـا ئێـستا زۆر بـە کـەمی لـە کـاری فیلمدا توانـراوە تێگەیشتنیان بۆی هەبێ، لەم کتێبەدا هەر تەنها وەکو کەرەسەیەکی فێرکـردن بەکارنــەهاتووە بــەڵکو وەك تــەکنیکێکی گــرنگو بەســوود بــۆ ئــەو دەرهێنەرانەی کە دەتوانن بە وێنە ئەو وەسفە بەرهەم بێنن کـە سـیناریۆ بـە وشـە وەسفیان دەکات.

ئەوەی کە تۆ چاوەڕوانیت لەو کتێبەدا (گرتە لە دوای گرتە) دەستت دەکەوێت ئەوەیە کە کار لەسەر گرفتو کێشە ناراتیڤو ڤیترۆولیـەکان لەسـەر کاغـەز بکـەیت لەگـەڵ ئـەو زاراوەسـازییە تەکنیکییـەی کـە لەمیانـەی چ جـۆرە رێگەچـارەیەکەو دەتوانرێ پێش بخرێت. خۆ ئەگەر لاپەڕەکانی ئەم کتێبە هەڵدەیتەوە ئەوا دەتوانی



سەرنج لـە زۆر لـەو رووداوە وێنـەییو فۆتۆگرافییانـە بـدەیت کـە وەك جۆرێـك لـە ئینسیکلوپیدیای رێکخستنو دامەزراندنی دیمـەن (Staging) هـەروەها وەك پـلانو ستراتیژیەتی ناراتیڤی دەردەکەون.

لەو کاتەی کـە بەئومێدم کـە بەشـەکانی لـەم کتێبـەدا خراونەتـە روو جێگـەی خۆیان گرتبێت لەگەڵ ئەمەشدا بیرکردنەوەیەکی نادروستە ئەگەر بڵێم ئەم کتێبـە تێکەڵەیەکـە لـە چارەسـەرو رێگـەی گونجـاو بـۆ سـەرجەم گرفتـەکان. لەلایـەکی دی مەبەسـت لـە خـستنەڕووی ژمارەیـەکی زۆر لـە ڤێرژنـەکان سـەبارەت بـە پـلانو سـتراتیژیەتی ناسـراوی لـەم جۆرە هـەروەك (گرتـەی سـەرووی شـان – Over the shoulder shot) کـە بـۆ کۆکردنـەوەی جۆرێـك لـە ئەزموونەکـە کـە لەمیانـەی رێکخـستنی سـەدان گرتـەو بـڕینو دەیـان زنجـیرە رووداوەوە بەرهـەم دێـن، لـەو کاتەوەی کە هیچ جۆرە ئەلتـەرناتڤێك بـۆ وێنـەگرتنی راسـتەقینە لـە ئارادا نییـە، لەگەڵ ئەمەشدا دیسانەوە هیچ ئەلتەرناتیڤێکی دیکەش بەدی ناکرێت بـۆ کـارکردن لە بۆردی رووداوەکانی خۆت.

هەر شێوەیەك لە گوزارشت سەرکێشییەکی دیارو دەگمەن سەبارەت بـە خـەیاڵ بەرهەم دێنێت، لە هەموو حاڵەتەکانیشدا ئەوا من هەمیـشە سەرزەنـشتو رەخنـەم لە نموونەکانی هەوەڵین کەسێك گرتووە کە هاتبێتو بۆچوونە تایبەتییـەکانی مـن پراکتیزە بکات لـەبری باسکردنو بەرجەستەکردنی راستییەکان. مەبەستیش لـە سەرجەم ئەم نموونانەی لەم کتێبەدا هاتوون بـۆ هانـدانی دیدگـەی رەخنـەیی تۆیـە تـاکو کاتێـك تـۆ هـەنگاو بـەرەو دەرەوەی سـێتەکان دەنێیـتو رووبـەڕووی حاڵـەتی ئـاڵۆزیی دامەزرانـدن بیتـەوە ئـەوا ئـەو کاتـە ئـەو بنەمایـە دەستەبەر دەکـەیت کـە چارەسەرییەکانتی لێوە بەرهەم بێنیت.

زۆر رێگەی جیاواز بـۆ بەوێنـەکردنی فیلمێـك هـەن بێجگـە لـە بـۆردی رووداو، ئەمانەش وەك: ڤیـدیۆ، کۆمپیوتـەر کـە دوو ئەلتـەرناتیڤی گـرنگن، بـەڵام پرۆسـەی دانانو رێکخستنی وێنەکان پێکەوەو کارکردن لەسەر کۆنـسێپتێك لـە چـەند بـاسو (ڤێرژنێکــی) ســەرکەوتوو گــرنگترین رێگەچــارەیە بــۆ پێشخــستنی هەســتی

سینەماتیکییانەو چاوی رەخنەییت. بۆردی رووداو بە هیچ شێوەیەك (هەروەك پێویستە) سنووری پرۆسەی ئیمپرۆڤایزکردن، یاخود تەکنیکە دیکۆمێنتەرییەکان ناشکێنێ، ئەگەر لە حاڵەتێکدا بڕیارت دا بەکاریان بێنی. ئەزموون و بۆچوونی من ئەوەیە کە ئەو هونەرمەندانەی ناچارن دووبارە رێساکان بنووسنەوەو کاریان پێبکەن ئەوا هەرگیز بەهۆی فێربوونی تەکنیکە ترادیشنەکان کاریان تێناکرێت و ناوەستێنرێن.

مەرج نییە کە هەموو فیلمێك بۆردی رووداوی بۆ بکرێت، یاخود سکریپتی پڕ وردەکاری بۆ دابڕێژرێ. بەڵام کاری فیلم، کە فراوانترین و گەورەترین بەشی هونەرە تا ئەو رادەیە فرەتوانایی و سروشتێکی لاستیکییانەی هەیە کە بتوانێت چاکترینێتی (Preference) هەر دەرهێنەرێك لەخۆ بگرێت و ئەو بەرهەڵستکارییە کلاسیکییەی نێوان ئێکسپرینشت و فیلمە ریالیستییەکان بێچارەسەر بەردەوام دەبێت کە هەمیشە بە ئەزموون و توانایەکی دیاریکراو سەبارەت بە تاکە فیلمسازێك هەر ماوەتەوە.

لەبارەی منەوە دیزاینی زنجیرە رووداوەکان، هەروەك نووسین یەکێك لە گەورەترین چێژە سەبارەت بە فیلمی ناراتیقی و، لەو کاتەوەی کە گەڕان و پشکنین بە دوای زنجیرە رووداوی دروست و گونجاو رەنگە بە دەیان دەستپێکردنەوەو کاتێکی زۆر لە شڵەژاوی و ناڕەحەتی لەخۆ بگرێ (بێگومان بۆ خۆم). چەند گرتەیەکی جوان و شیاو لە فیلمێکدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەوڵ و تەقەلاکان شیاوتر بکات.

# بەشی یەکەم

## بەوێنەکردن:

## پرۆسەکە...

## *Visualization:*

## *The Process*

**بینین، هونەری سەرنجدانی شتە نەبینراوەکانە.**

**جوناثان سویفت**

(١)

# بەوێنەکردن
# *VISUALIZATION*

ئەگەر هەر کاتێک منداڵێکت بەرچاو کەوتبێ کە لەنێو سەوزایی چیمەنێک ڕاکشابێت و ئاراستەی چاوەکانی خستبێتە سەر ئەو بوکۆڵە سەربازە چکۆلانەی گەمەیان لەگەڵدا دەکات. ئا لێرەوە ئارەزووی بینینی ئەو دیمەنە بچوککراوەیە بنەماکانی فیلمسازی هولیود دەخاتە بیرت. ئێستا منداڵەکە ڕێک لە چەشنی فیلمسازێک ئاکشنەکان دادەمەزرێنێ و ڕێکیان دەخات و سەرنجی - خستۆتە سەر سەربازەکان و هەر بەهۆی ئەوانەوە هێرش - پاشەکشەکان ئەنجام دەدات - گرتەیەکی نزیک - سەرنج بدە چیتر ئەو سەربازە لاستیکییانە بوکۆڵەی گەمەکردن نەماون، بەڵکو گۆڕاون بۆ چەند جەنگاوەرێکی ڕاستەقینە، لە دنیایەکدا دەژین تا لەگەڵیاندا بیت نەوەک تەماشایان بکەیت.

ڕەخنەگری سینەماتیکی فەرەنسی (ئەندرێ بازین – André Bazin) لە کتێبی (سینەما چییە) تێرمی (ئامادەیی) بۆ خستنەڕووی حاڵەتی بینەر بەکارهێنا کە لەمیانەیدا دەکەوێتە نێو هەمان ئەو زنجیرە ڕووداوە جۆراوجۆرە زەمەنییەی کە لە فیلمەکەدا لەسەر ڕووی سکریندا دەیبینێت. ئەندرێ بازین، بایەخی بەو خەیاڵە دا بەو پێیەی وەک شێوازێک لە هونەری وێنەکێشانی خۆرئاوایی (تابلۆ ڕیالیستییەکان) کە لە سەردەمی ڕێنسانسدا لە ئەوروپا سەریان هەڵدا.

لە ڕاستیدا ئەم شێوازە ئەندازەییە لە خستنەڕووی پانتایی و بۆشاییەکان ڕێگەی لە بەردەم تابلۆکێشەکان واڵا کرد کە بتوانن ئەو تابلۆیانە بەرهەم بێنن کە



شێوەی سێ - ڕەهەندی ڕاستەقینە نیشان دەدەن کە دەکەوێتە سەر دوو - ڕەهەندی سەر ڕوویەک. فۆتۆگرافەر لە توانایدایە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکیانە ئەمە بکات و هەروەها بینەریش ئەو دەرەنجامە دەبینێتەوە کە چۆنیەتیی بینینی چاوی هەر کەسێکی پێ بەشدار دەکات. بەڵام لەبارەی وێنەی جووڵاوەوە (سینەما) دەتوانێت هەمان خەیاڵ دوورتر ببات و ئەزموونی (بینین) بەرەو حاڵەتێک بگوازێتەوە وەک ئەوەی ڕووی دابێت، یاخود هەروەک ئەندرێ بازین ئاماژە پێدەدا: ئامادەیی ئەو توانستەیە کە هیچ یەکێک لە تابلۆی کێشراو - وێنەی فۆتۆگرافی ناتوانن ئەو حاڵەتە بۆ بینەر بگوازنەوە، چونکە کاتێک لە تابلۆ یاخود وێنەیەکی فۆتۆگرافی دەڕوانین ئەوا هەمیشە بەئاگاین لەوەی ئەوەی سەرنجی دەدەین کەوتۆتە سەر (ڕوویەک)، بەڵام کاتێک لە فیلمێک دەڕوانین ئەوا حاڵەتەکە زۆر جیاوازو تایبەتە کە لەبری ئەوەی ڕووی وێنەکە ببینین ئەوا ئەو پانتاییە دەردەکەوێت کە بۆ سەر سکرین دوەشێندرێ، بە جۆرێک وەک ئەوەی سەرنج لە پانتایی سێ - ڕەهەندی ڕاستەقینە بدەین.

**ستایلی بەردەوامییەتی** – The Continuity Style:

خەیاڵ و بیرێکی مەیلەو دروست سەبارەت بە قووڵێتیی (depth) ئەو خەیاڵە بوو کە فیلمە جووڵاوەکان بە جیا لە هەموو میتۆدەکانی دیکەی دووبارە بەرهەمهێنان لە هونەرە گرافیکییەکان لە سەرەتاکانی ئەم سەدەیە بەرهەم هاتن. لەلایەکی دی بۆچوون و ستراتیژییەتە فۆتۆگرافییەکانی گریفیث (Griffith)و پۆرتەرو هەروەها ژمارەیەک لە فیلمسازە پێشڕەوەکانی دی، لەسەر بنەمای حەزو خولیای ئەو وێنە جووڵاوانە سەرچاوەیان گرتووە کە ئەزموونەکانی هەڵدەسەنگێنێ و خۆی لە هەر جۆرە تەکنیکێک بەدوور دەگرێ کە سەرنج بەلای خودی خەیاڵەوە ڕادەکێشێ. ئەم حاڵەتە لەگەڵ ڕۆشنبیریی هاوکاتی ئەوان هاوتا نەبوو، بە شێوەیەکی فراوانیش لەگەڵ شانۆی سەدەی نۆزدەیەمداو هەروا لەگەڵ ئەدەب، کتێب، گۆڤارە وێنەیی و فۆتۆگرافیەکانیشدا. کاتێکیش دەرەنجامی ئەمە

باش کەوتەوە ئەوا ژمارەیەك لە بنەما سەرەکییەکانی فیلمسازی کە ئێمە بە (سینەماتیکی) ناویان دەبەین، یاخود بەلای کەمەوە ئەو تێرمە باوەی کە ناوی (ستایلی بەردەوامییەتی)ی پێبەخشی، پێشکەوتنیان بەخۆوە بینیو لە سەدەی نۆزدەیەمدا چوونە نێو هونەری خەڵکانەوە.

بەڵام ئەمڕۆ ئەم ستایلە فراوانتر بووەو چەندین شێوەی تری لەخۆ گرتووە: (شێوازی سینەماتیکی نوێ)، (ئەزموونگەری)، (ئاوان گارد). بەڵام ئەمە بە شێوەیەکی گشتی بنەما سەرەکیو ڕێساکانی هولیود لە بەرچاو دەگرێ کە بۆ ئێستا گۆڕاون بۆ شێوازو ستایلێکی نێودەوڵەتی. دەمەوێ بڵێم کە بیرۆکەو کۆنسێپتەکانی ئەم کتێبە لەسەر بنەمای ئەو زاراوەسازییە تەکنیکییە دروست بووە، بەڵام هەرچۆن بێت دەرهێنەر – فیلمساز بۆی دەردەکەوێت کە فێربوونو بەدواداچوونی ئەم ستایلو شێوازانە پێویستە ڕێگە لە ئەزموونەکانیان نەگرێ.

لە ڕاستیدا لە هەشتاکانی ئەم سەدەیەدا دوو جۆری دیکەی گرنگی هونەری ڤیژوەڵ دەرکەوتن کە بریتی بوون لە (پروپاگەندە بازرگانییە تەلەفزیۆنییەکانو کلیپی تەلەفزیۆنی)، ئەمانە چەندین تەکنیکی جۆراوجۆریان لە فیلمە پێشڕەوەکانو هەروەها کارە ئەزموونگەرییەکان خواستو بە بینەرێکی فراوانیان ناساندن. ڕەنگە ئەمە لە داهاتووشدا ڕێگە لە بەردەم فیلمسازەکان خۆش بکاتو ڕێگەیان پێبدات تاکو زیاتر پرۆسەی ستایلی بەردەوامییەتی پێش بخەن.

بۆچوونی من لەم بارەیەوە: ئەو فیلمسازەی جۆرەها نەخشەو کۆنسێپتی جیاواز بۆ سکرین سەبارەت بە ستایلی بەردەوامییەتی پراکتیزە دەکاتو فێریان دەبێت، ئەوا بێگومان وشیارییەکی فراوان دەستەبەر دەکات لە ڕووی کۆمپۆزیشن، بڕینی شێوازی جۆراوجۆرو، هەروەها دیزاینی سێ – ڕەهەندی، هەتا ئەگەر لە حاڵەتێکدا دەرهێنەر پلانو ستراتیژی زۆر تایبەتیش ڕەت بکاتەوە کە لەم کتێبەدا ئاماژەیان پێکراوەو، بۆ ئەویش گونجاوترە کە ئامادەیی سەرجەم کارەکانی خۆی بێتو ئەنجامیان بدات.



**بەوێنەکردن** – Visualization:

بەوێنەکردن! تێرمێکی تەماوییە. چۆن دەتوانیت وەسفی شتێك – حاڵەتێك بکەیت کە خەون بگۆڕێت بۆ واقیع، یاخود وا بکات کە خەیاڵ بەوێنە بکات؟ لە ڕاستیدا (بەوێنەکردن) وەك گوزارشت وشەیەکی سیحر ئامێزە، بەوێنەکردن تەنها بریتی بوو لە وەسفێکی تری پرۆسەی داهێنان تا ئەو کاتەی جووڵە ئینسان ئەوەی دەرخست کە دەکرێ ئەو توانستە جووڵەییە بخرێنە نێو بازنەی کارکردنەوە. ئێمە هەر کاتێك توانای بڕیاری قەدەرو دواڕۆژی خۆمان لەلایە، یاخود سەبارەت بە دەرکەوتەو وێنەو خەیاڵێك لە کاتی خۆیدا ئەگەر زانیمان کە چۆن توانا ئیبداعییەکانمان بەیەکەوە ببەستینەوە. سایکۆلۆژیستو وەرزشەوانان لە کەسانی ڕیزی پێشەوەن لە پراکتیزەکردنی (بەوێنەکردن) بە شێوەیەکی دروست، ئەوەی کە توانای ئەوەی هەیە سرووده ئایینییەکان ڤیژوەڵ بکاتەوە. ئەم ڤێرژنە دواهەمین ئەو بیرکردنەوە پۆزەتیڤیانەیە کە ڕەنگە خەیاڵو بیرکردنەوەیەکی گرنگ بێت ئەگەر ئامانجو مەبەستێکی دیاریکراو سەبارەت بەوێنەکردن لە ئارادا بێت. بەڵام لێرەوە دەپرسین کە (بۆ نموونە) شێوەکار چۆن پرۆسەی بەوێنەکردن بەکاردێنێ، هەروا خەیاڵو وێنای چ ئامانجێك دەکات؟ تابلۆکێش بە دەگمەن بیر لە ئامادەیی مەبەستو بیرکردنەوەیەکی دیاریکراو دەکاتەوە، ئەمەش چونکە بەوێنەکردن گەڕانو پشکنینە بە دوای ئامانجیکدا لەبری ئەوەی تەنها مەبەستێکی دیاریکراو لەخۆ بگرێ، کە ئەمە بە تەواوی جیاوازە لە بینینی وێنەیەکی دیاریکراو لە خەیاڵمانداو هەوڵبدرێت ئەو وێنەیە لە ڕێگەی هەندێ هۆکارەوە دووپات بکرێتەوە هەروەك کەسی وەرزشەوان، کاتێك وێنەی مەشقێك لای خۆی تۆمار دەکات کە سەدەها جار دووبارەی کردۆتەوە.

ئەم دەرەنجامە دەمگەڕێنێتەوە سەر ئەو بۆچوونەی کە: بەوێنەکردن بریتی نییە لە پرۆسەیەکی (مێشکی) بەڵکو ئاوێتەکردنی کرداره فیزیکییەکانە لە ئەنجامدانو، هەروەها پرۆسەیەکە لەگەڵ چەندین پرۆسەی عەقڵیی تر، کە هەموو ئەمانە ناو دەنرێن (خەیاڵ)، تا ئەو کاتەی بینینمان ئاوێتەی حاڵەتێکی کاڵو خاو

دەبێ کاتێك کارەکانمان پراکتیزە دەکەین وەك وێنەکێشان – نووسین، یاخود ئامادەکردنی فیلمێك کە وزە ئیبداعییەکانمان بە تەواوی لە پرۆسەی بەوێنەکردندا لەگەڵیاندا دەکەونە کار.

بەرچاوترین و گونجاوترین وەسفی ژیانێکی راستەقینە سەبارەت بەوێنەکردن دەتوانم لەمیانەی ئەزموون کاری نووسینم نیشانی بدەم، تەنانەت لە بەشێکی کورتی ئەم کتێبەشدا. لە راستیدا ئەمە رەشنووسی سێیەمە لە بەشی یەکەم، کەچی بابەتە نوێکانی ئەم کتێبە لە چەند بیرۆکەو کۆنسێپتێکی هەڵبژاردە بەرهەم هاتوون، بەهەرحاڵ، لەبارەی منەوە کاری دروستی بەوێنەکردن بە شێوەیەکی گشتی رەشنووس و تازەکردنەوە بوو، ئەوەشی کە تا ئێستا من درکم پێکردووە ئەوەیە کە (خەیاڵ) نابێتە رێبەری کەس و رێگەمان پێ نیشان نادا بەڵکو خەیاڵەکانمان بەهۆی ئێمەوە رێبەری دەکرێن، کاتێك خۆمان لەنێو پیشەو کارە هونەرییەکانمان لە یاد دەکەین. لەو کاتەوەی کە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی داهێنان بۆ چەند فۆرمێکی باڵا ئەنجام دەدرێت، لە چەشنی ئاوێنەیەك کە خەیاڵ بەرەو رووی خۆی یەکالا دەکاتەوە ئینجا ئەوکات ئەو شتانەی کە لەمەوبەر نەمانبینیون ئاشکرا دەبن و توانا نوێکان یەکدەگرن.

ئەگەر بە تێرم و پێناسەیەکی پراکتیکییانەتر لە پرۆسەی بەوێنەکردن بدوێین دەبێ بڵێین: بریتییە لە کارلێکردنی دوو جۆری جیاواز لە (هاوکاتی و رەنگدانەوە – Immediacy and Reflection).

هاوکاتی: بریتییە لە کاری داهێنان لە ناوەڕۆکی گرتەکان (Shots)و رێکخستنیان بە شێوەی تاك لە زنجیرە رووداوێکدا یان لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا، ئامانجی ئەمەش پێشخستنی سات لە دوای ساتی کەرەسەکانە وەك ئەوەی شێوەیان وەرگرتووە، کە ئەمەش بەهۆی تاقیکردنەوەی ژمارەیەك کۆنسێپتی جۆراوجۆر و بەراوردکردنیانە. بەڵام لە روویەکی ترەوە رەنگدانەوە جگە لە خەوتنێکی خۆشی نێو کاغەزە رەشنووسەکانی سیناریۆ و هەروا بێجگە لە باس و خستنەڕووی رووداوەکانی بۆردی رووداو، یاخود جگە لە ساتی مەشق و راهێنان لەگەڵ ستافی



فیلمەکە چیتر نییە! پرۆسەی رەنگدانەوە جارێکی تر هاوسەنگییەکان لە پەیوەندیی نێوان بەهێزی و بێتوانایییدا بۆ ئەو کەرەسانە رێك دەخاتەوە کە پرۆسەی هاوکاتی بەرهەمیان دێنێت. لە دوای هەموو ئەمانەشدا پێویستە پرۆسەی بەوێنەکردن کۆنسێپت و بیرۆکەکان بەوێنە بکات بەرلەوەی بخرێنە بەردەم کامیرا. ئەو فیلمسازەی کە دەیان کاغەزی سپی لە سیناریۆ و دیمەنی ئامادەکراو رەش دەکاتەوە رەنگە هێشتا بێئاگابێت لەوەی کە هەر ئەو گرتانەن لە کۆتاییدا بەسەرهات و ناوەڕۆکی فیلمەکە دەگەیەنن کە ئەو نووسیویەتی. لێرەوە دەپرسین: چی دەبێت ئەگەر دەرهێنەر سەرجەم گرتەکان بخاتە نێو فرێمێکی خاڵی بەهۆی دووبارە نیشاندانەوە گرتەکان لەنێو هەمان دیمەندا؟ ئێستا فیلمساز رووبەڕووی چەندین بڕیاری ڤیژوەڵیانە دەبێتەوە و بەربەرەکانی دەکرێ، بە شێوەیەك کە هیچ یەکێك لەو بڕیارانە لە سیناریۆکەدا نەخراوەتە روو. هەرچەندە لە سەرەتادا لەوانەیە ئامادەیی چوارچێوەو فرێمێکی بۆش کەمێك نائاسایی و بگرە ترسناکیش بێتە بەرچاو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەو فرێمە بەتاڵە دواهەمین پرۆسە نابێت، بەڵکو تەنها سەرەتایەکە بۆ پرۆسەی بەوێنەکردن.

هەر هەنگاوێك لە بەوێنەکردندا پێویستیی بە خۆ تەرخانکردن و لەخۆبوردوویی و کەمێك خۆشنودی هەیە، ئەمەش زۆر چالاك و بەرچاو خۆی دەردەخات کاتێك بتوانین بە رووی بیرۆکەیەکی نوێدا بکرێینەوە کە زۆرجار لە شێوەی پروشك یاخود چەند وێنەیەکی فریودەر دەردەکەوێ، وەیان لە چەشنی چەند بیرێکی ناتەواوی پچڕپچڕ کە پێویستیان بە تەواوکردن و دۆزینەوەیە، دۆزینەوەش لە کۆتاییدا وەك قۆناغێك لە قۆناغەکانی کارکردن خۆی نیشان دەدات، هەروەها لەلایەکی دی ئەم پرۆسەیە لەگەڵ ئاگاییمان لە رووی تواناکانی پرۆسەی بینین دەست پێدەکات.

بە شێوەیەکی گشتی شێوەکار و فۆتۆگرافەر کۆکن لەسەر ئەوەی کە یادەوەرییە ڤیژوەڵییەکان بە پراکتیزەکردنی کارەکانیانەوە پێش دەکەون، ئەم توانایەش بۆ یادکردنەوەی رابردوو وەك فریارەسێکە لەنێو پرۆسەی بینین لە (ئێستا)دا. لە

دوای ئاگایی ئەنجا پرۆسەی دۆزینەوە دێت. یەکەمین کێشانی هێڵ لەسەر رووی (بۆردی رووداو – Storyboard) پێویستە لەسەر زەمینەی هەستی ئازادییەوە ئەنجام بدرێت، بەلآم ئەمە لە پرۆسەی بەوێنەکردندا نابێت رووبدات چونکە تەنها بیرۆکەو کۆنسێپتی ترو هەروەها گەڕانو پشکنینی تر لە کۆتاییدا بەرەو (دۆزینەوە)مان دەبەن. لە هەر قۆناغێکی بیرکردنەوەدا قۆناغێکی تر بە دوایدا دێتو کاتێکیش ئەم پرۆسەیە تەواو دەبێت کە فیلمساز ئەو کەرەسانە بەرهەم بێنێت کە دەتوانێ بەکاریان بێنێت، لەگەڵ زانینی ئەو راستییەی کە کارەکان پێویستە لە کوێدا لە رووی بیرۆکەیەکدا بوەستێنینو؟ بە ئەندازەی بەشێك لە پرۆسەی بەوێنەکردن دەتوانرێ چەندین گرتە بۆ زنجیرەی رووداوەکان دابهێندرێ.

بەوێنەکردن تەنها هەنگاوێکە لە پرۆسەی فیلمسازیدا. فیلم هەر بە تەنیا لەسەر رووی کاغەز نەخشەی بۆ ناکێشرێت، هەتا تەنانەت ئەگەر ئەوە بریتی بێت لە سکریپت یان بۆردی رووداو، چونکە لە کاتی کارکردندا بۆردی رووداو یاخود هەر کەرەسەیەکی تری بەوێنەکردن گۆڕانی بەسەردا دێت. بەهەرحاڵ، دەرەنجامەکەی هەر تەنها کۆپیکردنی بڕیارەکان نابێت لەسەر کەرەسەو کاری فیلمەکە، یاخود هێنانەسەر هێڵی پرۆسەی بەرهەمهێنان (هەرچەندە ئەمەیان زۆرجار گرنگ دەردەکەوێت).

بەوێنەکردن پەیدابوونو دەرکەوتنی شێوازو بیرۆکەو بەسەرهاتی نوێیە بەر لە دەستپێکردنی یەکەمین گرتە. رەنگە ئەمە لە دیمەنێکدا وێنەو دەرکەوتنێکی دڵنیاکەرەوە بێت، یاخود بڕیارێك بێت بۆ دامەزراندنو رێکخستنی کردارو ئاکشن بۆ گرتەی زنجیرە رووداوێکی درێژ، لەبری ئەوەی لە رێگەی (بڕینی خێرا)وە ئەنجام بدرێت. رەنگە ئەمە یارمەتیدەرێك بێت بۆ دەرهێنەر کە بتوانێ سەنتەرو چەقێکی دراماتیکییانە بۆ دیمەنەکە بدۆزێتەوە، یان رەنگە هێڵەکانی دیالۆگ ئاشکرا نەکات. سەیرە ئەگەر بووترێ پێکهاتەو کۆمپۆزیشنەکان لە بۆردی رووداودا وەك پێویست هەمان بایەخی بەوێنەکردنیان نەبێت. ئەگەر رێکخستنی دامەزراندنی دیمەنێك خرایە سەر پارچە کاغەزێكو لە دواییشدا پەرەی پێدرا،



ئینجا لێرەوە بۆردی رووداو لە کۆتایی فیلمەکەدا یارمەتیی تێڕوانینو وردبوونەوەی (بینین) دەدات. بەهەندهەڵگرتنی ئەم رێگەیە بریتییە لە گەشتێك بۆ دامەزراندنی زنجیرە رووداوی گرنگ لە فیلمێکدا. لەو ساتەوەختەی کە سکریپت دادەمەزرێو کارەکان دەستپێدەکەن ئەوا دەرهێنەر پێویستە ئەوپەڕی توانای خۆی بخاتە کار بۆ گرنگیدان بە هەر گرتەیەك لە گرتەکانو هەر دیمەنێك لە دیمەنەکان. جێهێشتنی ئەو ئەرکە بۆ کەسێکی دی بە هیچ شێوەیەك مانای هەماهەنگیو هاوکاری ناگەیەنێت.

سینەماتۆگرافەر – مۆنتێر، ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بەکار دەخەن کاتێك بزانن کە دەرهێنەر بەشداریو دامەزراندنی ستاندارییەکی تۆکمەو فراوان بۆ کاری دیزاین رێك دەخات.

( ٢ )

# دیزاینی بەرهەم

# *PRODUCTION DESIGN*

هەرچۆن بێت ئـەوا دەرهێنـەر كەسـی یەكەمـە، یـاخود بەجێهێنـەری پرۆسـەی بەوێنەكردنـە، پێشخـستنو پراكتیزەكردنـی نەخـشەو پلانـی ڤیـژوەڵی دەكەوێتـە ئەستۆی دیزاینی بەرهەمو ستافەكەی. هەبوونو ئامادەیی ئەو رێكخستنە بـەتواناو پڕداهێنانـە هـەنگاوێكی پێویـستە كاتێـك بـزانین كـە نووسـەران بـە ئومێـدی كۆنترۆڵكردنی كاتو رێكخستنی فیلمێكن هەتا تەنانەت ئەگەر هاتو بابەتـەكان لـە سەرەتادا بە رووداوی ساكار دەست پێبكەن. بیرۆكەی دیزاینكردنـی شـوێنی رووداو لە سەرەتاوە لە حاڵەتی وێنەگرتنیان بە كامیرای فۆتۆگرافی گۆڕانی بەسـەردا هـات، ئەمـەش لەبـەر هۆی پێویـستی ئامـادەیی خـەیاڵێكی فـراوان سـەبارەت بـە رووداوی فیلم، هەروەها لەلایەكی دیكەش لەبەر باری دارایی بەرهەم. ئەم دووانـە داینـەمۆی پێشخستنو گـۆڕان بـوون لـە سیـستەمی سـتدیۆكانی هولیـود، هـەر لـە هـەوەڵین سەرەتاكانییەوە.

لەلایەكی دی دەركـەوتنی بەڕێوەبـەری هونـەری وەكو ئەفرانـدنو هـەروا وەك ئەركێكی بەڕێوەبردنو دەزگایی سەرەكی، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتاكانی (سـەردەمی بێـدەنگ) كاتێـك بـە شـێوەیەكی بەرچـاو كـاری فـیلم كـەوتبووە ژێـر كاریگـەریی شانۆوە.

لەو سەردەمەدا كاری بەڕێوەبەری هونەر بریتی بـوو لـە دیزاینكردنـی دیمـەن، هەموو كەرەسەكانیش كەمێك لە باكگراوندی وێنەكێشراوو كەرەسەی ناوماڵ زیاتر بـوون، هـەروەها جووڵـە لـە سـەكۆیەكی فلاتـەوە بـەرەو شـوێنی بینـاكراو جووڵـەو



پرۆسـەیەكی نـەبینراو بـوو. لێـرەوە دەرهێنـەرانی وەك (گـریفیـث)و شـێوازە ریفۆرمییەكەی سەبارەت بە فراوانكردنو چـەندجارەكردنی گۆشـەنیگاكان شـایەتی ئەمە بوون، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەمـە تـەنها كاریگەرییـەكی كورتخایـەنی سـینەمای ئیتـاڵی بـوو كـە بـەرەو رووی گـریفیـثو سـەرجەم پیـشەسازیی فیلمـە ئەمەریكییـەكان وەسـتا تـاكو بتوانـێ شانبەشانی بەرهەمـە سـتانداردەكانی ئیتاڵیـا گوزەر بكات.

هەردوو فیلمی ئیتاڵی (Que Vadis) ١٩١٢و (Cabiria) ١٩١٣ سـەركەوتووترینو هەروا بەرچاوترین دوو فیلمی ئەو كاتە بـوون لـە رووی تەكنیكییـەوە. لـە هـەردوو ئەو بەرهەمەدا كەلوپەلو كەرەسـەی پـڕ وردەكایو هـەروەها لەگـەڵ بـەكارهێنانی كارتێكەری رووناكیی دەستكردو جووڵەی سنوورداری كـامیرا بـەكار هـاتن. ئـەم دوو فیلمە چوونە ریزی، بگرە سەرووی كارەكانی گریفیث لەو سەردەمەدا. بەڵام لەگـەڵ ئەمانەشدا نەیانتوانی خۆیان لە كاریگەریی فیلمە سەركەوتووەكانی ئـەو سـەردەمە بپـارێزن لەمانـــە: (تـــەوراتی بیثولیـــا) ١٩١٣، (لـــەدایكبوونی نەتەوەیـــەك) ١٩١٥، (نابەخـشندە) ١٩١٦.. ئـیتر لەمانـە فیلمـەكان بـە قـەوارەی سـتاندارد فـۆرمی خۆیـان وەرگـرت، هـەر بـەمجۆرەش مانـەوەی هـەر كۆمپانیایـەكی بەرهـەمهێنانی فـیلم كارەكانی بە خێرایـیو بـە شـێوەیەكی بەرچـاو نیشان دەداو، پرۆسـەی وێنـەگرتنی دیمەن بەدەر لە زنجیرەی رووداوەكان بوونـە شـێوازو سـتایلێكی بـڵاو. لەلایـەكی تـر كاری دەستیی دیزاینەرەكان لە یەك كاتدا لەنێو چەندین فـیلمو بەرهـەمی جیـاواز كاریان دەكرد، هەر لە دروستكردنی كەرەسەو سێتەكان تـا دیزاینكردنـی جلوبـەرگ لـە سـتدیۆ نوێكـانی وەك (Curved City, Universal City) بـەهۆی پیـادەكردنی پرەنـسیپەكانی سـەدەی نۆزدەیـەم لـە بەرهـەمهێنانی فیلمـدا. ئـیتر لێـرە بـەدواوە كاستەكان تایبەتمەندییان وەرگرتو بـۆ هـەر قۆنـاغێكی فـیلم بـەشو دیپـارتمێنتی تایبەت دامـەزران. ئەمانـەو جگـە لـە كـاری سـیناریو نووسـین، دیزاینـی جلوبـەرگ، سینەماتۆگرافی، پرۆسەی مونتاژ.

لەلایەكی دی بە هاتنی ساڵی ١٩١٥ گۆڕانێكی دی رووی دا، كەرەسـەو جلوبـەرگ

تايبەتمەند كرانەوە تەنها بۆ بەرهەمێكی دياريكراو، لە كاتێكدا بەر لەمە بۆ كاری بەرهەمی ترو فيلمی تر بەكار دەهاتنەوەو هەڵدەگيرانو سووديان لێدەبينرايەوە، سيستەمی بەشی، لە ستديۆكاندا پێويستی بە رێكخستنو هەروەها پەيوەندييەكی پتەو دەكرد لە نێوان بەشە جياجياكاندا. لەبەر هۆی ئاڵۆزێتیو زۆريی تێچوونو هەروەها لەلايەكی دی كارسەختی بواری لابۆرەكان كە پەيوەندييان بە شوێنو هەروەها بە دامەزراندنەوە هەبوو، ئەوا كاری بەرێوەبەری بەرهەم بوو بە چارەسەرێكی لۆژيكی بۆ كارگێڕی لە پرۆسەی بەرهەمدا. هەتا ئەو كاتەی كە كاميرامان (وێنەگر)، دەرهێنەر، بەرێوەبەری هونەری زمانێكی تايبەتييان بەرهەم هێنا لە شێوەو فۆرمی پلانو ديزاينو هەروەها سكێچی بيرۆكەكانو مۆدێلەكان، كە ستافی هونەرمەندانی كارە دەستييەكان لە بەشەكانی تردا ئەنجاميان دەدا، روون دەكرانەوە. لە هەمان كاتيشدا ئەگەرە ڤێژوەڵييەكانی فرێمەكان كە لەنێو هەندێ فيلمەكانی گريفيثو دەرهێنەرە بەرچاوەكاندا دەركەوتن، كاريان پێكرا، ئەنجامی گەورەی ڤيژوەڵی لەنێو پيشەسازييەكاندا دەرخست. ستديۆكان بەهۆی گەڕانی هەميشەيیو فۆكسكردنە سەر بەهرەو توانای نوێ دەستيان كرد بە بڵاوكردنەوەی گۆڤاری وێنەيیو ديزاينی بيناسازی، ئەمەش تاكو بتوانن كۆنسێپتو تێگەيشتنی نوێ بخەنە نێو بەشە نوێكانی ئەو بوارەو، هەروا لەلايەكی دی بۆ ئەنجامدانی بەرهەمی سەركەوتوو بەوپەڕی فراوانييەوە كە بينەرانی سينەما چاوەڕوانی بوون.

هەموو ئەمانە، تاكو بەشە هونەرييەكان تواناو پلانو ديزاينی ئەو بەرهەمانەی هەبێت كە تيايدا هوليود بوو بە كۆمپانيايەكی سەركەوتووی بەرهەمهێنانی فيلم بە ئامادەيی ئەو توانايەی كە سەدان مۆدێلو كەموكورتی كە لە سەردەمی بێدەنگدا هەبوو، بەرەو پێشەوە بردو گۆڕانی تيا دروست كرد.

گۆڕانێكی تر دەگەڕێتەوە بۆ بيستەكان لەگەڵ دەركەوتنی سينەمای ئەڵمانی لەميانەی جەنگی جيهانيی يەكەم، لەوێدا ژمارەيەك كۆمپانيای بچوكی بەرهەمهێنانی فيلم يەكيان گرت لەژێر ناوی (UFA).

(Universum Film Aktien Gesellschaft)، ئەمە تاكە ستديۆ بوو كە



لەنێو حاڵەتێكی دەوڵەمەندی دارايیو لەگەڵ ستەيجێكی بەتواناو ستديۆكان لە (Potsdam – Badelsberg) توانييان پێشكەوتنێكی تەكنيكیو ستايليستك دەستەبەر بكات كە لەسەر دەستی (ئێكسپرێشينزمە ئەڵمانەكانو كاميرمسيپل فيلم)ەكان بەرێوە دەبران. لە راستيدا ئەم دوو بزووتنەوەيە كە يەكێكيان بابەتی بەرچاوی دەخستە رووو، ئەوەكەی تر بابەتی سروشتی (Naturalistic)و خەمناكی بەرهەم دێنو، هەردوو لاشيان بە شێوەيەكی تاريك بابەتی سايكۆلۆژی بوونو پشتيان بە كەرەسەو كەلوپەلی ستايلكراوو تەكنيكی كاميرا دەبەست.

لە زۆر شێوەدا UFA و زۆربەی دەرهێنەرە بەتواناكانی ئەو كۆمپانيايە هەروەها نووسەرو بەرێوەبەری هونەرييەكان وەك: كارل سترس، فيرتز لانگ، ج. و. پابست، ف. و. مارنواو هەروەها ئا. ئی. دوپونت، هەموو ئەمانە هەنگاوی خێرايان نا لە ديزاينی فيلم لە بيستەكاندا، ئەمەش بەهۆی بەشداریو سوودوەرگرتن لە كاميرای مۆبايلو هەروەها بەهۆی گۆشەنيگای بابەتیو شێوە دامەزراندنی گۆشەی زۆر وردی كاميراوە.

دەزگا، كۆمپانيای UFA توانی شێوازی ئوپێرالی (واگنێريەن) لە زۆر فيلمدا بەهۆی كەرەسەو سێتی پڕ وردەكاریو ئاڵۆزەوە بەكار بێنێ. نەوەك هەر تەنها نيشاندانو خستنەڕووی بەهرەو تواناكان لە هونەری دەرهێناندا، بەڵكو دامەزراندنو بونيادنانی ئەوەی كە كەرەسەو كەلوپەلە دەستكردەكان بە شێوەيەكی فراوان دەتوانن هێزو توانا بخەنەوە بەر فيلمو لەلايەكی دی ديسانەوە سەلماندنی كە فيلم، تەنانەت ئەو فيلمانەی كە ديمەنی دەرەكييان لەخۆ گرتووە ئەوا دەتوانرێ ئەتمۆسفێری وەك ئەوەی دەمانەوێ تيا دەستەبەر بكەينو وێنە بگيرێن، بە شێوەيەك كاتێك لە كۆتايی بستەكاندا (دەنگ) لە فيلمدا بەرهەم هاتو گۆڕا بۆ فاكتەرێكی گرنگ لە هونەری دەرهێناندا.

بەڵام لەبارەی هوليود، ئەوا كاتی خۆی بۆ سوودوەرگرتن لە بوارە ستاتيكييەكانی UFA بەفيڕۆ نەدا. لە سەرەتاوە لە بەرهەمە دەستە جەمعييەكانو پاشانيش بەهۆی داواكردنو هێنانی باشترين دەرهێنەرە ئەوروپييەكان كاميرامان

دەستی پێکرد. لە کاتێکدا کە لە کەشو هەوای ستدیۆکان نزیکتر دەکەوتنەوەو پاشانیش بەرەو کاری فیلمسازی هەنگاویان دەنا.

بە دوای هاتنی سەردەمی بێدەنگی سیستەمی ستدیۆکانی هولیود بە تەواوی شوێنی خۆیان پاراستبوو هەروەها بەڕێوەبەری هونەری بە فراوانی بەرپرس بوو لە شوێنی رووداوی فیلم لە هەر بەرهەمێکدا کە لە ستدیۆیەك دەستنیشان دەکرا. ئەمە بە راشکاوانە بواری رێکخستنی ستایلی ڤیژوەڵی بۆ زۆر لە گەورە ستدیۆکان دەستەبەر کرد لە سەردەمی بێدەنگداو، بە شێوەیەکی گشتی هەر شێوازو ستایلێك لە ئەنجامی ئەزموونو کاری بەڕێوەبەرانی هونەری پەیدا بوو. کۆمپانیای (Twentieth Century) لەلایەن (ولیام دارلینگ)و (ریچارد دەی)و (لەیل ویلە) شێوەی خۆی وەرگرتو دامەزرا. لەلایەکی تر (برایانی وارتەر) شێوازێکی ریالیستییان دەرخست کە لە رووی سەرکەوتنو گەشەکردنی بەڕێوەبەری هونەری لە (سەردەمی بێدەنگ)دا بەردەوامییەتی بەخۆوە بینی تا ئەو کاتەی ناوێکی نوێ بەرهەم هاتو چووە ریزەوە کە شانبەشانی گەشەکردنو بەرپرسیارییەتەکانی بەڕێوەبەری هونەری لە کاردا بوو.

ساڵی ١٩٣٩ ولیام کامیرون خەڵاتی سینەمای پێبەخشرا بۆ فیلمێکی نوێ سەبارەت بە کاری دیزاینی بەرهەمەوە بۆ (لەگەڵ بادا رۆیشت)و تەنیا هەر دە ساڵێك بەر لەمە خەڵاتێکی تری سینەمای درایە وەك بەڕێوەبەری هونەری.

هەرچەندە بەرپرسیارێتیی دیاریکراوی دیزاینەری بەرهەم زۆر بە کەمی جیاوازییان لە بەرهەمێکەوە بۆ بەرهەمێکی تر هەیە، بەو پێیەی کە دیزاینەری بەرهەم رۆڵێکی دیارتری هەیە لە بەڕێوەبەری هونەری، سەرباری دیزاینکردنی سەرجەم کەلوپەلو سێتەکانو جلوبەرگ، ئەوا بە پەرۆشەوەش لەگەڵ لێشاوی گرتەی سێتەکاندا هەماهەنگیی هەیەو لە بنەما داینەمیکییەکانی دیزاینی فیلمشدا هەمان رۆڵی خۆی دەبینێ، بۆ نموونە:

بەشداری (مینزیس – Menzies) لە فیلمی (لەگەڵ بادا رۆیشت)، هەڵسا بە کێشانی سەدان سکێچی یاریدەدەر کە بە درێژیو پڕ وردەکارییانە تیایدا وەسفی



کۆمپۆزیشنی کردو، هەروەها بڕینو رێکخستنی مەبەستو ئامانجەکان بۆ هەر تاکە گرتەیەك لەو فیلمەدا، ئەو یارمەتیی دیزاینەری بەرهەمی دا لە رووی بازنەی ناوەوەی پرۆسەی کاری کاستی فیلمەکە، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ دەرهێنەرو کامیرامانو مۆنتێر، یاخود لە شوێنی ترو نموونەی تردا هەماهەنگی لەگەڵ نووسەریشدا هەبوو وەکو گرتەی سەرەکیو دیزاینەری زنجیرە رووداوەکانی ناو فیلمەکەدا.

**روونکردنەوە وێنەییەکانی بەرهەم** – Production illustrations:

ئەمڕۆ بەشە هونەرییە سێنترەلایزکراوەکان لە ستدیۆکانی پێشوو لە بەرهەمهێنانی فیلمدا چیتر بوونیان نەماوەو تیمەکانی بەرهەمهێنان هەموویان بۆ ئەنجامدانو بەرهەمهێنانی فیلمێك پێکەوە کۆ دەبنەوە، تا ئێستاش دیزاینەری بەرهەمهێنان لە هەوڵی ئەوەدایە کە لەگەڵ خەڵکانێك کار بکات کە ئەزموونیان لە کاری فیلمدا هەیەو بە شێوەیەکی گشتی دەرهێنەر رێگە بە دیزاینەری بەرهەم دەدات کە کاستەکەی کۆ بکاتەوەو بەلای کەمەوە هەندێ بەردەوامییەتیی کارکردنی پێببەخشێ بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیی کارکردن لە نێوانیاندا، لەگەڵ بەشداری پێکردنی ئەو کاستەی کە شوێنی گرنگیان لە پرۆسەو کاری بەڕێوەبەریی هونەریو هەروەها لە ستایلی کەرەسەو رەشنووسی کلێشەکانو وێنەکێشی بەرهەمو لە کۆتاییشدا لەگەڵ دیزاینەری جلوبەرگدا هەیە. بەم شێوەیە هەر ئەندامێك لە بەشە هونەرییەکان بەشداریو هەماهەنگی لەگەڵ فیگەرەکاندا دەکات کە بەسەر سێ بەشی سەرەکییەوە پۆلێن دەکرێن:

★ کۆنسێپتو دواهەمین روونکردنەوە وێنەییەکان:

ئەمانە وەسفی هەر بنەماو توخمێك لە توخمەکانی بەرهەم – فیلمێك لەخۆ دەگرنو هەروەها وەسفی کەرەسە، جلوبەرگ، ماکیاژو کارتێکەرە تایبەتییەکانیش دەکەن. ئەم روونکردنەوە وێنەییانە مەبەستیانە کە رێژەو ئاراستەیەکی ڤیژوەڵیو

ستایلانە دابمەزرێنن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێویست نییە کە وەسفی گرتەکان، یاخود ڕووداوەکانی فیلم بەهۆی وەسفو هێڵکاریی وێنەییەوە ئەنجام بدرێن.

★ پلان (Plan)، هێڵکاریی بینا (Elevation)، پرۆجێکشن (Projection):

ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی وەسفگەلێکی تەکنیکین کە وەسفی تەواو بە چۆنیەتیی کارکردن دەبەخشنو دەستکاریکردنی ئەوەی کە هەرچۆنو بە چ شێوەیەك وەسفەکان ئەنجام بدرێن زیاتر لەوەی کە لە ڕێگەی ڕوونکردنەوە وێنەییەکانەوە بەرهەم دێن.

★ سکێچی بەردەوامییەتیو بۆردی ڕووداو:

ئەمانەش چەند پانێڵێکن لە چەند ڕووداوێکی یەك بەدوای یەك کە وەسفی پێکهاتەو بونیادی هەر گرتەیەك لە گرتەکانو هەروەها لەگەڵ وەسفی یەك بە دوای یەکی هەر دیمەنێك لە دیمەنەکان لەخۆ دەگرن.

### کۆنسێپتو دواهەمین دیزاینی ڕوونکردنەوە وێنەییەکان:

Concept and Final Design Illustration:


زۆرێك لە ڕوونکردنەوە وێنەییەکان جگە لە چەند سکێچێکی خێرا چیتر نین، جا ئەگەر ئەو سکێچانە ئاڵۆز یاخود ساکار بن. هەرچییەك پێویست بێت بۆ خستنەڕووی بیرۆکەیەك بە خێرایی لەمیانەی قۆناغە سەرەتاکانی بەرهەم. لە کۆتاییشدا ئەم سکێچانە بۆ دەرخستنو نیشاندانە زیاتر فۆرماڵەکانو هەروەها لەپێناو پەیوەندیی ورتر بۆ ڕوونکردنەوە وێنەییە دیزاینکراوەکاندا فراوان بوونو پێش خران، کە بە تەواوەتی ئەو شێوازو ستایلانە بۆ کارکردن چاوەڕوان دەکران. هەندێك لەمانە بە ئەندازەی (٣٠ × ٤٠) ئینچ بوون. مەبەستی ئەوان لە هەموو ئەمانەوە ئاماژەکردن بوو بە ئەتمۆسفیرو حاڵەتی سێتێك (Set) یاخود بە شوێن، جلوبەرگ، ماکیاژ. لەمانەش بترازێ ئەوا ڕەنگ، ڕووناکی، ستایل لە وەسفی فیزیکییانە گرنگترن. بۆ ئەم مەبەستە نیشاندانو دەرخستنی دراماتیکییانە باشترینیانە.



کۆنسێپتواڵە کۆتاهاتووەکانیش (Finished conceptual) بە شێوەیەکی گشتی لەنێو کەرەسەیەکی وێنەیی ترادیشنیدا ئەنجام دراون لەمانە: تێکەڵەی سەمغو ئاو (Gouache)، تێکەڵەی ڕەنگو هێلکە (Tempera)، ڕەنگی زەیتی، ڕەنگی ئاوی، مەرەکەبی ڕەنگاوڕەنگ، یاخود بەکارهێنانی تێکەڵەی هەموو ئەمانە لە وێنەیەکدا.

ئەم کەرەسانە بۆ دروستکردنی ئەم ڕوونکردنەوە وێنەییانە بۆ هەر شوێنێك لە شوێنی ڕووداو، یاخود هەر جۆرە ئەتمۆسفیرێك لەنێو فیلمدا بەکار دێن. بۆ نموونە: لە فیلمی (شەڕی ئەستێرەکان – Star wars)دا دزاینەری بەرهەم (ڕولف ماکویری) هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی کارەکەیدا وێنەی هەشت لە دیمەنە سەرەکییەکان بە شێوەیەکی وردو درێژ کە لەمیانەیدا تۆنی وێنەیی بۆ سەراپای فیلمەکە دامەزراندو، یارمەتیی ئەوەی دا پرۆژەکەی بخاتە بازاڕەوە. هەرچەندە وێنەکێشی دیکە سەدان وێنەو تابلۆی دیکەیان ئامادە کردبوو بەڵام ئەمە تەنها لاساییو شوێنپێی کۆنسێپتە سەرەتاییەکانی ماکویری بوون، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا ڕێزیان لە بیرۆکە بنەڕەتییەکەی (ماکویری) نا.


یەکێك لەو نموونە وێنەییانە کە لەلایەن نەخشەکێش جو ماسو (Joe Musso) لە فیلمی (پەردەی دڕاو)ی هیچکۆك بەرهەم هاتووە لەمەی خوارەوەدا دەبینرێ:




**وێنەی (١): کۆنسێپتی وێنەیی جو ماسو بۆ فیلمی پەردەی دڕاو**

ئەم جۆرە وێنەیە (Gouache) کە لە فیلمی (پەردەی دڕاو)ی هیچکۆکدا بەکار هاتووە تیایدا وێنەی ئۆفیسێك لە ئۆفیسی بەرپرسی ئاسایشی ڕۆژئاوای بەرلینی

کۆمۆنیستی نیشان دەدات کە لەگەڵ پسپۆڕێکی .U.S (پۆل نیومان)و هاوەڵە کچەکەی (جولیا ئەندرسن) گفتوگۆ دەکات. لە دەرەوەی پەنجەرەکەوە شوێنەواری وێرانەیەکی بۆمببارانکراوی بەرلینی کۆن دەبینرێ. لێرەدا هیچکۆك هەوڵی هەماهەنگیی داوە لەگەڵ دیوی ژوورەوەی ئۆفیسێکی مۆدێرن ئەمەش بیرخستنەوەیەکی ناوەڕۆك و کۆنتێکستێکی مێژووییە لەناو ڕووداوەکە، بڕوانە وێنەکە.



**وێنەی (٢): گوڵی وەنەوشەیی قاهیرە (دیزاینی ستوارد وارتزل)**








هەرچەندە حاڵەتە وێرانییەکە لە کۆتاییدا بە شێوەی تابلۆیەکی کاڵ لەلایەن (ئالبرت وایت لوك) خرایە سەری، سکێچی دوو دیمەن لە فیلمی (گوڵی وەنەوشەیی قاهیرە) لەلایەن دزاینەر ستوارد وارتزل کێشراوە لەگەڵ چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافییانەی سێتەکان (Sets) کە لە بەرهەمەکەدا دەردەکەون.



**وێنەی (٣): گوڵی وەنەوشەیی قاهیرە، بۆردی ڕووداوی دیزاینەر ستوارد وارتزل**





**وێنەی (٤): سکێچی فیلمی Reds لەلایەن دیزاینەری بەرهەم ریچارد سیلبیرت**




**وێنەی (٥): سکێچی فیلمی (جوانیی ناو چیمەن) لەلایەن دیزاینەر ریچارد سیلبیرت**

سەرجەم ئەم دیمەنانە لە نیویۆرك وێنە گیراون‌و، بەو پێیەی کە فیلمی (گوڵی وەنەوشەیی قاهیرە) پرۆسەی فیلمی لەناو فیلمی دامەزراند، وارتزل پێویست بوو لە یەك کاتدا دنیایەکی راستەقینە لە ناوەڕاستی سییەکان بخوڵقێنێ‌و سێتەکانیش جارێکی تر بخاتەوە نێو ستدیۆکان. دوو سکێچی دیکەی سێتەکان لەلایەن (ریچارد



سیلبیرت) بەرهەم هاتن لە هەردوو فیلمی (گەڕەکی چاینییەکان)و (دەرچوون)و لەگەڵ (دیك ترەیسی‌و ژمارە ٢٢ بگرە) سکێچەکانی ئەو هونەرمەندە لە هەردوو فیلمی (سوورەکان)و (جوانیی ناو چیمەن) چەند نموونەیەکن لە چەند وێنەیەکی بەرچاو لەو جۆرە ستایلە. بڕوانە وێنەکان.



**وێنەی (٦): وێنەی سکێچی بیرۆکەو کۆنسێپتێکی ئاسایی نیشان دەدات**

### نەخشەو هێڵکاریی بیناسازی – Architectural Drawings:

کاتێك بیرۆکەو کۆنسێپتی سێت‌و جلوبەرگەکان لە ڕوونکردنەوە وێنەییەکاندا وێنە کێشران‌و پەسەند کران، ئەوا کاری دیزاینی تەکنیکی دەست پێدەکات، ئەمەش مانای بڕیاری ئەنجامدان‌و پراکتیزەکردنی ماددەو کەرەسە دروستەکان دەدات‌و هەروەها چارەسەرێکی میکانیکی بۆ پێکهاتەو وەسفکردنیان لەنێو هێڵێکی کێشراوی ئاشکرای (رەهەند)یدا، پلان‌و نەخشە سەبارەت بەم شێوانە لەلایەن کەسی ڕەشنووسکار کە بۆ بەڕێوەبەری هونەرو دیزاینەری بەرهەم کار دەکات ئەنجام دەدرێت. لە حاڵەتی دیزاینکردنی کەرەسەکاندا پێویستە ئەمە بە پێی کۆدەکانی بیناسازیی سینەما بەڕێوە بچێت‌و بە پێی شێوازی بیناسازیی پەسەندکراو بێت. لێرەدا چوار شێوە وێنەی بیناسازی بۆ کاری فیلم دەخەینە روو کە بۆ دیزاینکردنی بەرهەم بەکار دێن:

*** پلانەکان، سێکشن، رووکار، پرۆجێکشن:**

پلان: بریتییە لە دیمەنی سەرەوەی ئۆبجێکتێك، یاخود روانینو سەرنج بەرەو خوار بە رووی پارچەیەکی – بەشێکی لەتکراو، وەك ئەوەی چەقۆیەك بەنێو قەدی ئاپارتمانێکدا هاتبێ‌و لەتی کردبێت. یاخود دەکرێ ئەو زەوییە بێت کە بیناکەی لەسەر دروست کراوە بە پشتبەستن بەوەی کە ئەو پرۆسەی لەتکردنە لە کوێی بیناکە ئەنجام دراوە. لە کاری فیلمدا یان شانۆییدا بەزۆری کارکردن لە رووی پلانی سەرزەمینیدا ئەنجام دەدرێ لەو کاتەوەی کە پێکهاتەو بونیادی (بیناسازیی تەواو) بە دەگمەن کاری پێدەکرێ، ئەوا پلانەکان بە شێوەیەك نەخشەو وێنە کێشراون کە دوورێتیو رەهەندە ئاشکراو دیاریکراوەکان بگرێتەوەو هاوسەنگییان بپارێزێ.

*** دیمەنی پارچەیی:**

ئەمە بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە حاڵەتی پرۆفایلی (دیمەنی لاتەنیشت) ئۆبجێکتێك یاخود بینایەك دەدات، وەك ئەوەی یەکێك لە بەشە کۆتاییەکانی لەت کرابێت بۆ نیشاندانو خستنەرووی ناو پارچەکە، هەروەها دەشکرێ کە پلان وەك (دیمەنی بەشی – پارچەیی) تەماشا بکرێ.

**رووکار** (**ئلەڤەیشن** – Elevations):

بریتییە لە رووی پێشەوەو لاتەنیشتی ئۆبجێکتێك، ئەمانە درێژایی پلانو وێنەی هەمان هاوسەنگیش دەگرنە خۆو (دیاگرامی ٢-١) پارچەو ئیلەڤەیشنی خانوویەك دەخاتە روو.

*** پرۆجێکشن:**

دەکرێ پلانو ئیلەڤەیشن بۆ کۆمەڵێك کەرەسە بەکار بێن وەك چەند بنەمایەك بۆ بیرۆکەو کۆنسێپتی وێنە کێشراو، کە چۆن کەرەسە دروستکراوەکان لە رووی کامیرادا خۆ دەردەخەنو، سەبارەت بە هەر تێکەڵەیەك لە هاوێنەو هەروا لە شوێنی کامیرادا. ئەم شێوە هێڵکارییە پێی دەوترێت (پرۆجێکشنی گۆشەی کامیرا).



لێرەدا دەبێ بگەینە ئەوەی کە چۆن ئەم شێوە وێنەیە سوودو مەبەستی خۆی دەگەیەنێ:

لەو کاتەی کە وەسفی حاڵەتی فرۆکەیەك دەکات کاتێك لە رووی (تۆڕی فرۆکە)دا دەتەقێتەوە، لێرەدا شوێنی گونجاو بۆ ئەم مەبەستە ناو تۆڕێکی راستەقینەی فرۆکەخانەیەکە وەك واقیعیترین چارەسەرو، لە هەمان کاتدا دیوارێکی دەستکرد بە شێوەیەك دامەزراوە کە بکەوێتە ناو ئاگرەکەوە، ئەنجا دیوارە دەستکردەکە پانتاییو بۆشایی گرتەکە دەکاتە دوو لەتەوە. لێرەدا دەردەکەوێ کە دەرهێنەر مەبەستییەتی کە گرتەیەکی گشتیی فرۆکەکە بگرێ، بەڵام ئەمە رەنگە سەخت بێت چونکە بەو پێیەی هەوڵدراوە دەست لە دیوارەکە هەڵبگیرێ. لەم شێوە دیمەنەدا دەکرێ هاوێنەی فراوان بەکار بهێنرێ تا بتوانرێت سەرجەم قەوارەی فرۆکەکە لەخۆ بگرێ، بەڵام ئەمە وەك گۆڕانێکی ناشایستەو ساختە دێتە بەرچاو. لەوەوپێش دیزاینەری بەرهەم (پرۆجێکشنی گۆشەی کامیرا)ی بەکارهێناوەو دەرهێنەریش بەر لە دامەزراندنی کەرەسەو پێداویستییەکانی لەسەر کاغەز هەموو گرفتو کێشەکانی لە بەرچاو بوو، لە هەمان کاتیشدا دیزاینەری سێتەکان رەنگە زانیبێتی کە ئەوەی پێویستییەتی تەنها دروستکردنو دامەزراندنی نیوەی دیوارەکەیە، ئەمە کاتێك کە کامیرا دەتوانێ لە هەر گۆشەیەك، یاخود لە هەر کەلێنێکی تری تۆڕەکەوە وێنە بگرێ.

لە حاڵەتی وێنەگرتنی سێت، شوێنو هەروەها دیوی ژوورەوەی شوێنەکان، پرۆجێکشنی گۆشەی کامیرا بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ گرتەی ئیفێکتەکان بەکاردێت، ئەمەش وەك: گرتەی تەماویو تابلۆی شووشەیی.

جارێکیان هارۆڵد مایکلسون پێی وتم: کاتێ لە چلەکانی سەدەی رابردوودا لەو بوارەدا کارم دەکرد پرۆجێکشنی گۆشەی کامیرا بە ئاساییو نۆرماڵانە بەکار دەهاتو، هەر وێنەکێشێك دەیزانی کە لە بوارەکەیدا چۆن بەکاری دێنێت. دەتوانین بڵێین کە ئەوکات پرۆجێکشن بۆ هەر دیمەنێك – سێتێك بەکار دەهات کە بەهۆی بیناسازییەوە دامەزرابێ یارمەتیی لەتکردنو نیوەکردنی گرتەکانی دەدا

لەسەر رووی ئاپارتمانەکە، هەروەها ڕێکخستنی پارچەو بەشە پێکهاتووەکانی دیزاینی دیمەنێك بەهۆی گرنگیدان بەو هاوێنانەی کە بۆ مەبەستی وێنەگرتنیان بەهۆی کامیرای فۆتۆگرافی بەکاردێت.

بەڵام ئەمڕۆ تەواو پێچەوانەکەی راستە، زۆرێك لە دیزاینەرە لاوەکان ئاشنای ئەو کەرەسە دروستو پڕ بایەخە نین. لێرەدا دوو سکێچی پرۆجێکشن دەخەینە روو کە لەسەر ئەو پلانو ئیلەڤەیشنە سەرچاوەیان گرتووە کە لەلایەن دیزاینەری بەرهەمەوە ئەنجام دراون، یەکەمیان فیلمی (سەمای خێرا – Flashdance) لەلایەن کامیلیا ئابۆت بۆ پێکهاتەی ژوورێك لە فیلمی ناوبراودا.


ئابۆت هونەرمەندێکی پڕ تواناو وێنەکێشێکی بەئەزموونی بەرهەمهێنان بوو، بە شێوەیەکی تایبەتیش شارەزایی هەبوو، کە چەندین جار سەرنجو بۆچوونەکانی جێگەی بابەخو گرنگییەتیی کەسانی دیکە بووە، چونکە کارە پرۆجێکشنەکانی هەمیشە ئالۆزو سەرنجراکێش بوون، ئەو وێنانە لە فیلمی Flashdanceدا فراوانتر لە ڕێژەی ١،٨٥:١ وێنە کێشراون، چونکە بۆ دیمەنەکان تیایدا گرتەی (پان – PAN) بەکارهاتووە.

بەبەکارهێنانی پرۆجێکشن ئابۆت، دیزاینەری بەرهەم، دەرهێنەر، کامیرامان بە وردی تێدەگەن کە چۆن سێتو کەرەسەکان دەردەکەون لە رووی کامیرادا بۆ ئەو هاوێنانەی کە لە وێنەکێشانەکەدا دانراون. تەنها گۆڕانێك لە شوێنی کامیرا یاخود گۆڕینی هاوێنە ئەوا پێویستی بە چەند وێنەیەکی پرۆجێکشنی جیاواز دەبێ.

دووەمین سکێچ لەلایەن مینتۆر هوبنەر بۆ فیلمی (شەوانی هارلم – Harlem Nights) کێشراوە، لە حاڵەتی ئامادەیی وێنەی پرۆجێکشن تەنها لەسەر رووی کاغەز، ئەوا دیسانەوە کێشانی فیگەری تەواوی کۆنسێپتەکە دەتوانێ رووناکیو دیزاینی جلوبەرگو هەروەها کاراکتەری دیمەنەکان نیشان بدات. لێرەدا دەرهێنەر تەنها بیرۆکەو کۆنسێپتێکی ئاشکراو روونی لا نابێت سەبارەت بەوەی کە سێتو کەرەسەکانی لە گۆشەیەکی تایبەتییەوە بۆ وێنەگرتن چۆن دەردەکەون؟ بەڵکو دەتوانێ لەمیانەی چەندین بیرۆکەی ڤیژوەڵییەوە ئەم وردەکارییە فەراهەم بکات. وێنە بنەڕەتییەکە (ئۆرجنەڵ) بە قەوارەی (١٨ × ٢٤) ئینج وێنە کێشراوە، خۆی کە



بە خەڵوز وێنە کیشراوە بریتی بوو لە کارە رەشنووسکارییەکەی هوبنز، چونکە توانیی ناوداریی‌یەکی فراوان وەك دیزاینەری فیلم پەیدا بکات. کارە بەرچاوەکانی ئەم هونەرمەندەو دیزاینی بەردەوامییەکانی بەرهەم وای کردووە وەك هونەرمەندێکی دیزاینەری بیرۆکەیی ڤیژوەڵی بناسرێت. بڕوانە هەردوو وێنەی سکێچەکان.



**وێنەی (٧): سکێچی پرۆجێکشن لەلایەن دیزاینەر کامیلی ئابۆت بۆ فیلمی** Flashdance



**وێنەی (٨): سکێچی پرۆجێکشن لەلایەن مینتۆر هوبنەر لە فیلمی** Harlem Nights

**مۆدێلەکان** – Models:

مۆدێلە هاوسەنگکراوەکان کەرەسەیەکی دیکەی بەوێنەکردنن کە سوودی لە بواری بیناسازیدا وەرگرتووە. بە پێچەوانەی بۆردی ڕووداوەکان، یان سکێچی کۆنسێپتەکان، ئەوا مۆدێلەکان بە مەبەستی بەوێنەکردنی پانتایی سێ – ڕەهەندی بەکارهاتوون کە کامیرا تۆماریان دەکات لەبری پانتایی دوو – ڕەهەندێتی کە بینەر لەسەر رووی سکریندا دەیبینێت. لە ڕاستیدا مۆدێلەکان هاوکارییەکی دروستی ڤیژوەڵین بۆ مەبەستی ڕێکخستنو هەروەها دامەزراندنی کامیرا بەڵام دیسانەوە یارمەتیی پلانو داڕشتنەوەی ئەوەی کە لەودیو کامیراوە روو دەدەن، لە ئەستۆ دەگرێ.

ئەو مۆدێلانەی کە سەرجەم پانتایی چواردەورەی سێتێك یاخود شوێنی کامیرا دەگرنەخۆ ئەوا دەکرێ لەلایەن بەڕێوەبەری بەرهەمەوە بەکار بێن. ئەمەش بە مەبەستی دۆزینەوەی چاکترین ڕێگە تا کاستی بەرهەمو کەرەسەکانی لێوە بەرهەم بێن، کاتێك ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکان لە دیمەنێکدا دەردەکەون.

دەتوانرێت مۆدێلەکان بەهۆی زۆر کەرەسەوە بەرهەم بێن لەوانە: کارتۆن، تەپەدۆر، درەختی بالسا، لەگەڵ مۆدێلی لە قوڕ دروستکراو کە بڵاوترین جۆرن، بەڵام بۆ کۆڵەی سەربازیو ئۆتومبێلو هێڵی ئاسنو کەرەسەکان سەرچاوەی زۆر گرنگن بۆ دامەزراندنی ئاپارتمانی ئامادە.

**بۆردی ڕووداو، سکێچە یەکبەدواییەکەکان:**

Continuity Sketches and Storyboard:

بەکارهێنانی فراوانو پڕ وردەکاریی سکێچی بەردەوامییەتی لەگەڵ دەرکەوتنی هەوەڵین فیلمە ئەنیمەیشنەکانی (کارتۆن)ی والت دیزنی Walt Disneyدا دەستی پێکرد. یەکێك لە ئەنیمەیتەرەکانی (دیزنی) (ویب سیمث) لە سەردەمی سییەکاندا ستایلی (سکێچی بەردەوامییەتی)ی داهێنا. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ئاکشنو خاڵە هەرە گرنگەکانی فیلمی والت دیزنی (ئوسوالد، کەروێشکی بەبەخت) نیشان دەدەین کە لە سەرەتاکانی ١٩٢٧دا بەکار هات. لە ساڵەکانی دوابەدوای ئەمەدا سکریپتی بەردەوامییەتیی پلانە سەرەکییەکانو وەسفی لەخۆ گرت سەبارەت بە (کەشنی



ویلی) کە بۆ کاری دیزنی ئەوکات بەرهەمی نموونەیی بوون.

ئەوەی کە (سمیث) دوای چەند ساڵێك کاری تیادا کرد بریتی بوو لە دەرخستنو نیشاندانی دەیان سکێچی بەردەوامییەتی کە بەسەر رووی دیوارێکەوە چەسپاندنی. هەر لێرەوە تێرمو زاراوەی (بۆردی ڕووداو) ڕێگەیان بۆ ئەنیمەیتەرەکان خۆش کرد بە تایبەتیش چیرۆكو ناوەرۆکە زیندووەکانی (دیزنی) کە بتوانن لە پوختەی ناوەڕۆکی سەرجەم چیرۆکەکە بگەن.

هەر لەو کاتەدا، بەڵام لە شوێنی دیکەدا هێشتا پیشەسازیی فیلم بە تەواوی نەگۆڕابوو بۆ شێوازو ستایلێکی ئاشناو قەبوڵکراو بۆ پلانو نەخشەدانانی فیلمە ئاکشنە ڕاستەوخۆکان، لەگەڵ ئەمەشدا بەشە هونەرییە وێنەییەکانی (دیزنی) سکێچی کۆنسێپتەکانی بە شێوەی تاك تاك دەکێشا کە دەستنیشانی گۆشەکانی کامیرای بەڕێوە برد.

بە هاتنی ساڵی ١٩٣٢ (دیزنی) سەرکەوتنێکی نێودەوڵەتیی مسۆگەر کردو هەر لەو کاتەشدا گۆڕا بۆ پێشەنگی هونەریی کارە ئەنیمەیشنەکان. ئەو دەرهێنەرە ئاکشنە زیندووەکانی هولیود بە دڵنیاییەوە ئاگاداری هەندێك لەو تازەگەرییانە بوون کە لە ستدیۆکانی ئەوێدا کاریان پێدەکرا. لەمانەش (هونەری بۆردی ڕووداو) هەتا تەنانەت بە بێ ئامادەیی کاریگەرییەکانی دیزنیو کەرەسە پەیوەندارەکان بە بۆردی ڕووداوەوە. شریتی وێنە دوابەدواییەکەکان لە ساڵەکانی ١٩٣٠دا وەك ستایلێکی ترادیشنی دامەزراو ناسرا بۆ زۆربەری هونەرمەندانی ئەوکات، هەروەها گۆڕا بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە تیایدا دەکرێ فیلم لەنێو تاکە پانێلێکدا بەوێنە بکرێتەوە، ئەمەش لە ڕاستیدا پێشکەوتنو بازدانێك بوو نەدەتوانرا ڕێگەی لێبگیرێ.

بەڕێوەبەری هونەریو دیزاینەری بەرهەمهێنان (جین ئالف) کە یەکەمین بەڕێوەبەری (یەکێتیی تابلۆکێشە شێواز تاریکەکان)و (بۆردی ڕووداوەکان)ی ساڵی ١٩٣٧ بوو. ئێستا (بەڕێوەبەری ڕێنمایی وێنەکێشانە)، سەرەتای دەستپێکردنی پیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کارکردنی لە بەشی هونەری وێنەکێشانی (برایانی

وارتەر) لە ساڵی ١٩٣٧دا. جارێکیان پێی وتم: بەردەوامییەتیی بۆردی رووداو بۆتە شێوازو میتۆدێکی چەسپاو لە دامەزراندنی ئەو دیمەنانەی لە ناوەڕاستی سییەکاندا رێك دەخران. ئەمەش بەلای کەمەوە وەك کارو وەزیفەیەکی هەمیشەییو رۆژانە لە بواری بەردەوامییەتیی سکیچکاریدا بوو کاتێك تەواوی کارەکە بە سەرپەرشتیی سەرۆکی هونەری ئەوکات (ئانتۆن گۆت) بەڕێوە دەچوو.

لە سیستەمی ستدیۆکاندا سەرجەم دیزاینەکانی فیلم خرابوونە ژێر کۆنترۆڵی بەشی هونەرییەوە. بەڕێوەبەری هونەری ئەرکی دیزاینو جلوبەرگو هەروەها بەردەوامییەتیی وێنەکانی کەوتبووە ئەستۆ کە لەلایەن ستافی وێنەکێشان هاوکاری دەکرا.


تەنها دوای ئەوەی کە فیلم – وێنەکان لەسەر کاغەز دیزاین دەکران (لەگەڵ دامەزراندنی چەندین سێتی جیاواز) ئەوا دەرهێنەرو کامیرامان ئەو کاتە دەچوونە نێو کاری فیلمەوە، کە ئەمە لە راستیدا پرۆسەیەکی دروستو تەواو بوو. ئەگەر هەر ئەمەش بووبێتە دەستەبەرکردنی چەند چارەسەرییەکی گرافیکییانەی سەراپایی لە کاتی خۆیدا ئەوا دیسانەوە رێگەی بە ئەکتەرە سەرەکییەکانو ئەستێرە ناودارەکانو هەروەها دەرهێنەرەکان دەدا کە بتوانن لە ماوەی ساڵێکدا سێ فیلم بەرهەم بێنن.

کاتێکیش (جون هوستن) لەوپەڕی تۆکمەییدا سیستەمەکارە دەرهێنانییەکانی ئەنجام دەدا ئەوا بە تەواوی بایەخو گرنگییەتیی ئەو دووبارە پلان – دارشتنەوەی دەزانیو، هەر تەنیا دوای چەند ساڵێك دەربارەی ئەمە وتی: من جارێکی تر بۆردی رووداوم بۆ فیلمی (Maltese Falcon) بە تەواوی دارشتەوە چونکە مەبەستم نەبوو لای ستافی بەرهەمەکە رووشکێن بم! هەربۆیە ویستم ئەو گوزارشتە ببەخشم کە دەمزانی ئەنجامی دەدەم.


لەو کاتەوەی کە سیستەمی میتۆدە دەزگاییەکان دیار نەمان ئەوا هێشتا بۆردی رووداوەکان بەوپەڕی فراوانییەوە کاری پێدەکرا لەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی دانی پیانرابوو.











وێنەی (٩): چوار بۆردی رووداو لەلایەن مۆنتۆر هەبنەر بۆ
فیلمی Her Alibi وێنە کێشراوە



(٣)

## بۆردی رووداو
## *STORYBOARDS*

مـۆریس زێبرانـۆ Maurice Zuberano، یەکێکە لـە بەرهەمهێنـە دیزاینـەرە هەرە دیارەکانو بەرچاوترین بەرێوەبەری هونەریی وێنەکێشانی کاری فیلمسازییە لە رووی بازرگانییەوە، ئەو هاتو ناوێکی تری خستە پاڵ بۆردی رووداوو، گۆڕیی بـۆ (رۆژژمێـری رووداوەکـان)، ئەگـەر وابێـت دەبـێ بڵـێین کـە بـۆردی رووداو (Storyboard) چەند یادەوەرییـەکن دەربـارەی رووداوەکانی داهـاتوو نووسـراون. ئــەو لێــرەدا مەبەســتی بــوو بگاتــە ئــەوەی کــە بــۆردی رووداو بریتییــە لــە تۆمـارکردنێکی تایبـەت لـە پرۆسـەی بەوێنـەکردن، ئەمـەش بێگومـان یەکێکە لەو هۆکارانـەی کـە بەشـێکی زۆریـان بـێ خـەوشو روون پـارێزراون، کـەوابێ ئەمـەش دەبێتـە بەڵـگەو سـەلماندنێکی تـر، کـە تەماشـاکردنی فـیلم کەسـێکی بـەدەر لـە دەرهێنەر ئەنجامی دەدا.

زۆرێـک لـە دەرهێنـەران بـە شـێوەیەکی دیـارو بینـراو وەك هـەر ئەنـدامێکی دیکـەی سـتافی بەرهەمەکـە بـە رێگـەو سـتایلێکی ناراتیڤیانـە لـە بەرهەمەکـە ئاگادارنو رەنگە لەمەش زیاتر بێت. هیچکۆك رەنگە زیاد لە هەر دەرهێنەرێکی تر هەماهـەنگیی لەگـەڵ بـۆردی رووداودا کردبێـتو هـەر ئەمـەش یارمـەتیی داوە لـە دووبـارە رێکخـستنەوەو فراوانکردنـی وێنـاو بینینـی. هـەروەها لەلایـەکی دی لـە کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی فیلمسازییەکەیدا، ئەمەش بە دڵنیابوون لەوەی کە تـوانراوە مەبەستی سەرەکیو بنەڕەتییەکەی بگوازرێتەوە بۆ سکرین.

لەبارەی هیچکۆك، سـەرەتا وەك بەڕێوەبـەرێکی هونـەری دەسـتی پێکـرد، هـەر

ئەمەش وەك ڕێگەیەك وابوو کە بەهۆیەوە لەمە دڵنیابین متمانەی لە ڕووی دیزاین‌و داڕشتنی فیلمەکانییەوە متمانەیەکی بەهێز بووە، ئەو دەیویست بڵێ کە بەر لە دەستپێکردنی هەر فیلمێك ئەوا پرۆسەکە لای ئەو ئەنجام درابوو، هەتا تەنانەت بەر لەوەی سینەماتۆگرافەر یاخود ئامادەکار دەستیان لە فیلمەکە دابێ، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هیچکۆك زۆر بە دەگمەن لە ڕێگەی کامیراوە دەیڕوانییە دیزاین‌و داڕشتنی فیلم.

بەو شێوەیە ئەو کاریگەریی خستە سەر تەواوی نەوەی شەستەکان هەروەك ئەو کاریگەرییەی بۆ بەردەوامییەتیی کاری گرافیکی لە بەرهەمە کۆمیدیاکان وەك (Jazz) هەبوو، یاخود لە کاری فیلمە سۆزداری‌و خۆشەویستییەکاندا، کە لەو سەردەمەدا وەکو هونەرێکی ئەمریکی دەناسرایەوە.

لە فیلمسازە هەرە دیارەکانی ئەو نەوەیە (ستیڤن سپیلبێرگ)، کە بە شێوەیەکی گشتی وەکو هەوەڵین فیلمسازی ڤیژوەڵی لە کاری دەرهێنانی شێوەی (سەرگەرمی – Entertainment)دا هەبوو، کە بە هاوکاریی (جۆرج لۆکاس)دا سەرجەم کارەکانی لە ڕووی بەرهەمهێنانی هونەرییەوە بە چاپ گەیاند، ئەمەش بە هاندان‌و برەوپێدانی ئاگایی‌و سەرنجی زیاتر بۆ سوودو هەروەها بەکارهێنانی بۆردی ڕووداوی فیلم‌و دیزاینی بەرهەم.

بە بێ ئامادەیی بۆردی ڕووداو، ئەوا ئالۆزێتیی نواندنەکان‌و کاری ئامادەکاریی بەرهەمەکانی سپیلبێرگ نەدەتوانرا ئەو پێشکەوتن‌و پۆلیشە لە بەرهەمەکانی دەستەبەر بکات کە لەوەودوا گۆڕدرا بۆ نموونەی دیارو هەرە بەرزی کارەکانی، پاشانیش بوو بە ئامانج‌و شێوازی کارکردنی گەلێك لە فیلمسازە نوێکان.

ڕەنگە وەلانان‌و پشتگوێخستنی سوودو گرنگییەتیی ساتی (ئێستا) لە پرۆسەی بۆردی ڕووداو ئاسان بێت. ئەمە وەکو سەلماندن‌و دانپیانانێکی زیاتر لەوەی کە فیلمسازانی ئەمڕۆی هولیود زانیاری‌و شارەزایی زۆریان نییە سەبارەت بە چیرۆکە خەیاڵییەکان، بەو پێیەی کە هەست بە ئاسوودەییەکی زیاتر دەکەن لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ (بۆردی ڕووداو)، هەروەها فیلمی ئاکشنی زیاتر لە بیرۆکە.



بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە زۆر لە فیلمەکان لەسەر بۆردی ڕووداوەکان کاریان کردووە بە چاوپۆشین لە ناوەڕۆکەکەی.

بۆردی ڕووداو وەك کەرەسەو پێویستییەکە کە هەر شێوازو ستایلێك یاخود ناوەڕۆکێك تیایدا دەرناکەوێ‌و ڕەنگ ناداتەوە، لەمەش بتڕازێ فیلمسازەکان بە شێوەی تاك نیشاندانی ئەو فیلمانە بەهەند هەڵدەگرن. لەلایەکی تر بۆردی ڕووداو دوو مەبەست دەپێکێ، یەکەمیان: ڕێگە لە بەردەم فیلمساز خۆش دەکات کە پێشوەختە کۆنسێپت‌و خەیاڵی وێنا بکات‌و ڕێکیان بخات بە هەمان ئەو ڕێگەیەی کە نووسەرێك بەهۆی پاکنووسیی بەرهەمێکی خۆی ئەنجامی دەدا. دووهەمیان: لە توانایدایە وەك پاکترین زمانی بەکارهێنان خزمەت بکات تا پەیوەندی بە خەیاڵ‌و بیرۆکەوە دروست بکات بۆ سەرجەم کاستی بەرهەمەکە. بێگومان دەبێ بڵێین کە بەهاو نرخی پەیوەندییەکانی بۆردی ڕووداو شانبەشانی ئالۆزێتیی بەرهەم بەرەو پێشەوە دەچێت‌و گەشە دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بۆردی ڕووداو لە ڕووی دیمەنی ئاکشنەکان‌و بودجەی زۆری بەرهەم – فیلم هیچ کاتێك سنووردار ناکرێت هەتا تەنانەت لە کورتە فیلمێکی دراماتیکیدا دەتوانرێت سوود لە بۆردی ڕووداو وەرگیرێ کە یارمەتیی دەرهێنەر دەدا لە دووبارە ڕێکخستنەوەو چاککردنەوەی زمان‌و ئەتمۆسفیری فیلم.

### ڕۆڵی دەرهێنەر لە کێشانی بۆردی ڕووداوەکان:

The Director’s Role in Storyboarding:

هەر فیلمێك تێکەڵەیەکی دەگمەن‌و پڕ بایەخە لە بەهرەو تایبەتمەندێتی، لە لایەکی تر بەرپرسیارییەتیی ڕوانین لە فیلمێکدا پرۆسەیەکی بەشکراوە لەنێو چەندین ئاست‌و جیاوازیی تردا کە لەلایەن دیزاینەری بەرهەم، دەرهێنەر، سینەماتۆگرافەر، هەروەها ئێدیتەرەوە ئەنجام دەدرێ. لەم ساڵانەی دواییدا ئارەزووی دەرهێنەر گەیشتە ئەوەی کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ دیزاینەری سکێچدا کار بکات بە لابردنی هەندێ بەرپرسیارییەتی لەسەر شانی دیزاینەری بەرهەم.

زۆر گرنگە بزانرێ کە بینینی بەرزی دەرهێنەر هەمیشە بەرپرسیارییەتیی تەواوەتی لە رووی بەرهەمەوە دەگرێتە ئەستۆ، ئەمە سەرەڕای سیستەمی کارکردن لە ستدیۆکاندا، بەڵام ئێستا ئەو جۆرە ستدیۆیانە لە ئارادا نەماون کە ستایلی خانوو بسەپێنن.

دەرهێنەران بەهۆی چەند مەشق‌و راهێنانێك لە هونەری گرافیکیدا، یاخود بەهۆی بەکارهێنانی قەڵەمی رەساس بۆ وێنەکێشان لە کاری فیلمەکانیاندا کارەکانیان ئەنجام دەدەن. هیچکۆك‌و رادلی سکۆت رەنگە وێنەی بۆردی رووداوێکی ئاڵۆز لەلایەن خۆیانەوە، هونەرمەندی تریش دووبارە وێنەیان بکێشێتەوە. (شارمن لابی) کە دیزاینەرێکی بۆردی رووداوەو کارەکانی چڕوپڕن، لە فیلمی (راکردووی ئازا – Blade Runner) لەگەڵ رادلی سکۆت کاری کردووەو هەروا دەربارەی کارەکانی دواوەو لەلایەن (سکۆت)ەوە چەندین دیمەنی بەدەست گەیشتووە. دەرهێنەرو هەروا دیزاینەرەکان چەند ستایلستێکی دیکەیان بانگهێشت کردە ناو کارەکانیانەوە، وەك فیللینی‌و، کوروساوا، کە هەریەك لەمانە دیزاینەری تایبەتی بۆردی رووداویان هەبوو، یاخود هەماهەنگیی سکێچە ئێکسپرێشنیەکانی خۆیان دەکرد، هەتا تەنانەت ئەو دەرهێنەرانەی کە توانایەکی لەو جۆرەیان نەبوو لە کاری رەشنووسکاریدا وەك ستیڤن سپیلبێرگ، جۆرج میللەر. جارجارە ئەوانیش وێنەو سکێچی کێشراویان هەڵدەواسی ئەمەش بە مەبەستی روونکردنەوەی پێکهاتە دیاریکراوەکان هەتا ئەگەر دەرهێنەرێك لەلای خۆی پلانێکی دیارو ئاشکرای بۆ کارەکەی خۆی هەبێت، ئەوا لێرەشەوە هەرچۆن بێت دیزاینەری بۆردی رووداو هان دەدات بەشداری‌و هەماهەنگیی کۆنسێپتەکان بکات.

پۆل پاوەر، یەکێکە لەو دیزاینەرە نوێکارەکانی بۆردی رووداو، کە ئەزموونێکی درێژی لە بەرهەمی (کۆمیك) وێنەکێشراوی گۆڤارو رۆژنامەکان‌و هەروەها فیلمدا هەیە، ئەو دەیەوێ هاوکاری لەگەڵ دەرهێنەردا بکات لە رووی هەر دیمەنێك لە دیمەنەکان، هەندێك جار ئەمە جگە لە خوێندنەوەی سکێچە ئاڵۆزو سەختەکان ئەوا خوێندنەوەی دایەلۆگ‌و ئاکتکردنی لاپەڕە بە لاپەڕەی دیمەنەکان دەگرێتەوە،



پاشان هەموو ئەمانە پێش دەخرێن‌و دەگۆڕدرێن بۆ دیزاین‌و نەخشەی دەسکاریکراوی تر تاوەکو بواری فراوانترو زۆرتر بۆ گفتوگۆو پیاچوونەوە دەستەبەر بکات. بەشداریی دەرهێنەر لە دامەزراندنی رێکخستنی نواندن‌و هەروا لە بیرۆکە دراماتیکییەکانی فیلمەکە (پاوەر)ی خستە ئەو باوەڕەی کە جۆری وێنەکان وەسف بکات کە خۆی ئەنجامی گەیاندوون لەنێو پانێلەکان‌و ناویان بنێ (نواندن بەهۆی قەڵەم). لای پاوەر بەرپرسیارییەتی دیزاینەری بەرهەم بریتییە لە یاریدەدەری دەرهێنەر بۆ دۆزینەوەی مانا بۆ گوزارشتکردن لە (بینین)ی خۆی، لە راستیدا تواناو شارەزایی دەرهێنەرو هەموو دیزاینەرە بەرهەمهێنەکانی کە خۆم لەگەڵیاندا گفتوگۆم کردووە، تواناو شارەزایی نەگۆڕ بوو، بە شێوەیەك کە هەمان بۆردی رووداو رێنمایی وێنەکێش دەکات کە پێویستە کەسێکی توانا هەمەجۆرو فلیکسبل بێت، بەو پێیەی کە لە دووبارە رێکخستنەوەی زنجیرە رووداوەکان راهاتوون لەمیانەی بینینی ساتەوەختیدا.

دیزاینەری بەرهەمەکان درك بەوە دەکەن کە زۆرێك لە گرفتەکان رێگەچارەی خۆیان هەیەو، لە روو وەستان‌و هەوڵ‌و هەماهەنگی‌و کارکردن بریتین لە خوێندنەوەو تەفسیرکردنی دەرهێنەر بۆ سکریپتەکان.

### **خشتەی کار** – Schedules:

دیزاینەری بەرهەم لەبری ساڵێك کارکردن لەوانەیە تەنها دوو هەفتە یاخود زیاتر لە بەرهەمی فیلمێکدا کار بکات، ئەمەش بە پێی رادەی گرژی‌و ئاڵۆزیی بەرهەم دەگۆڕێت‌و، دەکەوێتە سەر پێویستییەکانی خودی دەرهێنەر.

لەو کاتەوەی کە سەختە رێژەی مامناوەندیی کارێك پێشبینی بکرێ، ئەوا سەرجەم بۆردی رووداوی فیلمەکە پێچەوانەی چارەسەرییەکان دەکەوێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی کەمترین ماوەی پێویست دەگاتە سێ یاخود چوار مانگ. سەبارەت بە فیلمی ئاڵۆزو سەختیش رەنگە پێویستی بە بەشداریی چەندین دیزاینەری سکێچ بکات، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا دیزاینەری بەرهەم هەماهەنگی‌و بەشداریی

سکێچە بەردەوامییەکانیش دەکات هەتا تەنانەت ئەگەر زیاد لە هونەرمەندێکیش بەشدارییان تیا کردبێت. فیلمێکی ئاڵۆز پێویستی بە ساڵێك دەبێت بۆ ئەنجامدانی بۆردی ڕووداوەکانی. هەرچۆن بێت ئەو فیلمەی کە بەرنامەڕێژییەکی درێژترو فراوانتری لەخۆ گرتووە ئەوا کارناکاتە سەر کاتو مەودای وێنەکێشانەکە بە ئەندازەی ئەوەی کە کار دەکاتە سەر پێویستی چاوەڕوانکردنی بۆ هەر بنەماو توخمێك لە توخمەکانی بەرهەم (شوێنو سێتەکان) کە بەر لە دەرەنجامی کاری بۆردی ڕووداوەکان دیزاین کرابێت.

## ئەو توانایانەی پێویستە دیزاینەری بۆردی ڕووداو هەیبێت:

## Skills Required by Storyboard Artists:

دیزاینەری بەرهەم پێویستە وریاو ئاگاداری پراکتیزەکردنی ڕێکخستنی نواندن (Staging) بێت لە فیلمەکەداو، مونتاژو هەروا پێکهاتەکان بە شێوەیەکی سەراپاگیری لەگەڵ بەکارهێنانو هەروا سوودی هاوێنەکان لە سنەماتۆگرافیدا دەبێ ئاشنا بێتو بناسرێت. پێویستە لەسەر دیزاینەر کە سکێچسازێکی رووکەشییانە بێت کە لەمیانەی فیگەری ئینسانەوە لە چەندەها شێوەی جیاوازی جووڵەی کەسەکەوە وەرگیرابێ، ئەمەش بێ پێویستی پەنابردنە بەر مۆدڵو شێوازی فۆتۆگرافییانە. پێویستیشە توانای کارکردنی لەژێر فشاری (نائامادەیی کات) بە خێرایی هەبێتو بتوانێت سوود لە سەرنجو بۆچوونی مێژوویی چەند زەمەنو سەردەمێکی جیاواز وەربگرێ، سکێچساز چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێ کە بزانێ ماوەی مێژوویی جلوبەرگ پۆشین چ سەردەمێکەو هەروا چی لەناو کەشتی ژێر ئاو (Submarine)ێکدا هەیە، پێویستیش نییە بزانێت کە شێوەی ڕووی ئاپارتمانەکانی نیپال چۆن دەنوێنن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا وشیاریو ئاگایی ڤیژوەڵی (Visual) بایەخو گرنگییەتی زۆری هەیە مادامەکی بۆردی ڕووداو کاتێکی کەمو دیاریکراوی لە بەردەستایە تاکو ئەو سەرچاوەو بنەمایانە بدۆزێتەوە کە بۆ ژمارەیەك لە بەرنامە ڕێژییەکانی سوودی خۆیان هەیە.



## پاڵپشتو لێکۆڵینەوە – Reference and Research:

لە قۆناغە دواییەکانی دیزایندا، سکێچساز کێشانی وێنەو ڕوونکردنەوەکانی بە پشتبەستن بە وێنە فۆتۆگرافاییەکان ئەنجام دەدا کە لە شوێنو جێگە ڕاستەقینەکاندا ڕوو دەدات کە لەلایەن دەرهێنەرە، دیزاینەری بەرهەم، سینەماتۆگرافەر دەستنیشان کراون، یاخود ڕەنگە سەردانی شوێنی ڕووداوەکان بکاتو وێنەی فۆتۆگرافیی گرتەکان بە مەبەستی ئاماژە پێکردنیان دەگرێت..

لە فیلمی (La Bamba)دا کە باس لە ژیانی تایبەتی مۆسیقاژەن ریچی ڤالێنز دەکات، دیزاینەری بۆردی ڕووداو پۆل پاوەر خۆی بۆ کەلچەری تەواوەتیی مەکسیکی ئامادە کردو سەردانی ئەو شوێنانەی کرد کە ڤالێنز ژیانی تیا بەسەر بردبوو، هەروەها چاوی بە ژمارەیەك ئەندامانی خێزانەکەی کەوت. پۆل بە چەند مانگێك بەر لە وێنەگرتنی فیلمەکە دەستی کرد بە کێشانی بۆردی ڕووداوەکانو لەلای بەرهەمەکە دەمایەوە، ئەمەش تاکو لە کاتی بەرهەمهێنانی فیلمەکە دەستکاریی بۆردی ڕووداوەکان بکات. سەرەتای بۆردی ڕووداوێکی پۆل پاوەر بۆ فیلمەکە لە لاپەڕەی داهاتوودا دەردەکەوێت، بە شێوەیەکی گشتی بۆردی ڕووداوەکان کە بۆ کاری فیلمسازیی ئەمڕۆ بەکار دێن کاتێکی کەمتریان لە بەردەستدایە تاکو چاکسازیو دەستکاری لە بۆردی ڕووداوەکاندا بکەن لەوەی کە لە سەردەمی پێشوودا دەکرا. بە پێچەوانەوە، ئەم کەرەسە دروستە، کە لە توانایدایە کاتێکی گەورەو فراوان بۆ دەرهێنەران دەستەبەر بکاتو هەروەها بڕێکی زۆریش لە پارە پاشەکەوت بکات، ئەوا یەکێکە لەو هەوەڵین کەرەسانەی بودجەی فیلم کە دەتوانرێ کەم بکرێتەوە یاخود وەلابنرێ. ژمارەیەك دیزاینەری بەرهەم پێیان وتووم کە ئێستا نیازێکی گشتی لە گۆڕێدایە بۆ بەکارهێنانی کەمترین دەستکاریکردن لە بۆردی ڕووداوو دیمەنی فیلمەکان.


سەرەڕای ئەوەی کە دەرهێنەران درك بەوە دەکەن کە ئەم کەمیی بودجەیە کاتێکی زیاتری پێویستە بۆ ئامادەکردنی بۆردی ڕووداو.

لە سەردەمی کاری ستدیۆکاندا، کاتێك وێنەکێشەکان لە کاردا بوون ئەوا ئاستی مامناوەندیی ئەنجامدان لە نەخشەو دیزاینی بەرهەم ڕێژەیەکی بەرزتری هەبوو. لە

کاتێکدا کە وێنەکێشان بۆردی رووداوی ئەمڕۆی سینەما، ئەوانەی کە توانای بەرهەمهێنانی کارەکانیان هەیە بە ئەندازەی باشترین شێوەی کە لە رابردوودا هەبوو، کەمکردنەوەو لابردنێکی گشتیی پارەو خەرجیی بەرهەمەکان لە ئاستی خوارەوە بەرەو ئاستێکی بەرزتر لە سەرەوە بەوپەڕی سەختییەوە کاریگەریی خستە سەر نەخشەو هێڵکاریی بەرهەمو هەروەها لە کۆتاییشدا خستە سەر خودی بەرهەم.









**ستایل – Style:**

لە چەند لاپەڕەی داهاتوودا پێنج لەو بۆردی رووداوانەی کە بۆ فیلمی (هاووڵاتیی کەین) ئامادە کراوە دەخەینە روو، کە چەند نموونەیەکی بەرچاون لەوەی کە چۆن سکێچی بەردەوامییەتی دەتوانێت لێشاوە ڤیژوەڵییەکانو هەروەها حاڵەتو ئەتمۆسفیرەکان بۆ چەند زنجیرە رووداوێك بگۆڕێتو، چۆن دەبێتە نموونەیەك لەو کارانەی لە ستدیۆکانی ساڵانی (٣٠ – ٤٠)دا نیشان دراون.

لەژێر یەکێك لەو هێڵکارییانە تایتڵی کارەکە بۆ دەرهێنەر (ئۆرسان وێلز) خراوەتە روو لەگەڵ بەڕێوەبەری هونەری (ڤان نیست)و یاریدەدەرەکەی (پێری فێرگەسۆن). ئەمە لە راستیدا جۆرێکە لە رێ بزریو یەکێکە لە چەندین ئەو بوارە ناسەرنجراکێشانەی کە لە سیستەمی ستدیۆکان کاری پێکراوە.

فێرگەسۆن، لە راستیدا وەك بەڕێوەبەری هونەری بۆ فیلمی (هاووڵاتیی کەین)و (پۆل گلەیس) وەك بەرپرسی سەرجەم ئەو بەشە هونەرییەی بە ناوی (RKO) بوو کاریان دەکرد.

لە فیلمی (هاووڵاتیی کەین) سەرجەم کارە دیزاینەکانی ئەنجام دا لە کاتێکدا بەرپرسیارێتیی (پۆل گلەیس) بە شێوەیەکی بەرفراوان وەزیفەیەکی ئیداری بوو کە لە زۆرینەی بڕیارەکاندا جێگەیەکی ئەوتۆی نەبوو.

بە دڵگرانییەوە، لەژێر سیستەمی ستدیۆکاندا نەخشەسازی بەرهەم بۆی نەبوو رەزامەندی یاخود ئیمزا لەسەر کارەکان بکات هەر لەبەر ئەمەش سەختە ناوی یەکە یەکەی نەخشەو هێڵکارییەکان دیاری بکرێن. فێرگەسۆن زۆر لە نزیکەوە هاوکاریی کارەکانی (وێلز)ی دەکرد ئەمەش لەسەر بنەمای بیرۆکەکان بەڕێوە دەچوو کە دواتر ئەو بیرۆکانە گۆڕان بۆ سکێچو نەخشەو هێڵکاریی سێتەکان، هەروەها ئەو بۆردی رووداوانەی کە لەلایەن نەخشەسازانی بەشی هونەریی (RKO) دەکێشران.

بە پێی ئەو تایتڵەی کە لە فیلمی (کەین)دا هاتووە لەلایەن (رۆبرت س.) ئەوا لەو بەرهەمەدا پێنج وێنەی روونکردنەوە سەبارەت بە (کەین) نیشان دراوە.

لەوێدا (چارلس ئوهمان) وەك نەخشەسازی سکێچی بنەڕەتی ناوی هاتووە، لە کاتێکدا (ئال ئابۆت)و (کلود .Jr)و (ئابۆت پییك)و (مۆریس زیبراکو) هەموویان خرابوونە ژێر ناونیشانی (گرافیکسازیو کاری سکێچەکان).

هەوەڵین بۆردی رووداو بریتییە لە چوار پانێلی (Thatcher Library) کە ئەم سکێچە خەڵوزییانە نموونەی باشترینن سەبارەت بە دیزاینی سێتەکانو ئەتمۆسفیر لەوەی کە لە پرۆسەی بریندا هەیە. هەروەها رووناکییە نائاساییو تۆقێنەرەکان زۆر لەو شێوە دیمەنانەوە نزیك بوون کە لە فیلمەکەدا دەردەکەوتن، بەڵام دووهەمین زنجیرە رووداو کە وێنەی فۆتۆگرافییان گیراوە، زیاتر بریتین لە چەند بۆردێکی بەردەوامەییەتیی ناوی ئەو دیمەنانە نیشان دەدەن کە لە سکریپتەکە وەلانراون.

رووداوەکە یادکردنەوەیەکە لەلایەن پاسەوانەکانی (کەین Kane) لەگەڵ پسپۆڕی دارایی (والتر تاتشر) لە گەشتێکیدا بۆ رۆما بۆ بینینی (کەین) رۆژی جەژنی لەدایکبوونی بیستو پێنج ساڵەییدا.

لە زنجیرە رووداوەکانی داهاتوودا (کەین) بۆ جاری یەکەم چاوی بە (سوزن ئالکسندر) دەکەوێ لە دەرەوەی دەرمانخانەیەك. ئاکشنی بنەڕەتی لە فیلمەکەدا زۆر نزیکە لە ڤێرژنە وێنە گیراوەکە، بەڵام گۆشەکانی کامێراو ڕێکخستنی دیمەنەکان زۆر جیاوازن.

لەبارەی دواهەمین بۆردی رووداوەوە ئەوە دەردەخات کە چۆن دیمەنێك لەمیانەی چەند رەشنووسێکی تۆکمەوە پێش دەکەوێت. ئەم زنجیرە رووداوانەی هێڵکارییان بۆ کێشراوە یەکێکن لە گرتە هەرە گرنگو ناودارەکانی فیلمی (هاووڵاتیی کەین): ئامێری کرێنەکە بەسەر دامێنی کابارێتی (El Rancho)و پاشان جووڵاندنی بەرەو رووی خوارەوە بۆ لای (سوزن ئالکسندرو کەین) کە پێکەوە لەودیو مێزێك دانیشتوون. گرتەکە لە راستیدا تێکەڵەیەکە لە سێتی بانێکی بچووککراوەو هەورەها لەگەڵ دیوی تەواوی ناوەوەی یانەیەکی شەوانە بەهۆی بەکارهێنانی پرۆسەی توانەوە (Dessolve)، کە ئەمەش دیسانەوە بەهۆی



جووڵانی کامێراوە لەمیانەی پەرداخێکی شووشەوە بەرەو پەنجەرەیەکی تەڕبووی بەر باران کاری تێدا کراوە.

هەوەڵین مامەڵە لە رووی دیمەنەکە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی زۆر گونجاو گەڕاوەتەوە سەر ئەو شێوە ستایلە هێڵکارییانەی سەردەمی تەعبیرییەکانی ئەڵمانیا لە ساڵەکانی (بیست)ەکاندا، هەرچەندە خستنە ناو فرێمی دیمەنەکە بە تەواوی جیاوازە لەو شێوە زنجیرە رووداوانەی کە لە کۆتاییدا خراونەتە روو. بەڵام دووهەم ڤێرژن لەگەڵ زنجیرە رووداوە ئۆرجینەڵەکە هاوتایە کاتێك کامیرا لە پەنجەرەی کابرێتییەکەوە نزیك دەکەوێتەوە، بەڵام کاتێکیش کامیرا سەربەرەوخوار بۆ سەر زەوییەکە نزم دەبێتەوە ئەوا جارێکی دیکە بۆردی رووداوەکە لە ڤێرژنە وێنەگیراوەکە جیاواز دەبێتەوەو لا دەدا. رەنگە لە دیمەنەکەدا چەندین بۆردی رووداوی دیکە بەکار هاتبن بەڵام تەنها تەماشاکردنێکی ئەو بۆردی رووداوە ئاماژەیەکی تەواوەتیو گرنگیی ئەو بۆردانە وەك میتۆدێك بۆ پێشخستنی بیرۆکەکان دەخاتە روو.

سەرنج بدە کە بۆردی رووداوەکە دیاگرامێکی هێڵکارییانەی دیمەنەکەی لەخۆ گرتووە کە لەلای راستی بۆردەکە وێنەی کێشراوە، ئەمە لە راستیدا سەبارەت بە دیزاینەرو هەروەها سینەماتۆگرافەر سوودی خۆی هەیە بە مەبەستی بەستنەوەو گرێدانی پێویستییە تەکنیکییەکانی دیمەنەکە. ئەمە شێوەی ڕێکخستنی سێتەکە دەردەخات لە کاتە نائاساییەکاندا یاخود لە کاتی وێنەکێشانی بۆردی رووداوەکان بە تێکەڵیو ناڕۆشنی.

هەمان ئەو حاڵەتە لە بۆردی رووداوەکانی فیلمی (باڵندەکان)ی هیچکۆك دەردەکەوێت. ئەم شەش پانێڵەی داهاتوو ئەوە دەردەخەن کە چۆن بە بەکارهێنانێکی کەم لە هێڵەکان دەتوانن هەموو ناوەرۆكو زانیارییەکان بگوازنەوە کە سینەماتۆگرافەر پێویستییەتی بەهۆیەوە خستنە ناو فرێمی بەردەوامییەتی لە دیمەنێکدا بزانێت. بەڵام تەرخانکردنی کاتێکی زۆر لە چەند وردەکارییەکی دیاریکراو، ئەوا ئەم سکێچە دەوڵەمەندانە لە تواناياندایە کە ئەتمۆسفێر، شوێنی

رووداو، كۆمپۆزیشن (پێكهاتە)، دامەزراندنی ئاكشنەكانو هەروەها هەڵبژاردنی جۆری هاوێنەكان بۆ هەر دیمەنێك لە دیمەنەكان دابمەزرێنن.

ئەو شەش فرێمەی داهاتوو هێرشو پەلاماری باڵندەكان دەردەخات بۆ سەر منداڵەكان. دیزاینەری بەرهەم (رۆبەرت بۆیل) لە فیلمی (باڵندەكان)دا لە پێنج فیلمدا هاركاریی لەگەڵ هیچكۆكدا كردووە، سەرەتا لە ساڵی ١٩٤٢ لە فیلمی (Saboteur) تێكدەر، سێبەری گومانێك، باكوورییەك لە باكووری خۆرئاواوە، مارین، باڵندەكان. ئەو لەو هەموو كارانەیدا جارێكی دیكە ناوداریو ئاستی هیچكۆك وەك پلاندانەرێكی میتۆدییانە دەردەخات، هەروەها وەك دەرهێنەریكیش دەیەوێ لەگەڵ خەڵكانی بەهرەمەندو بەتوانادا كار بكات. ئەو شێوازە ئاساییەی هەردووكیان لە یەكەمین چاوپێكەوتنەكەیاندا دەستی پێكرد سەبارەت بە پلاندانان بۆ بەرنامەڕێژیی بەرهەم كە بۆ هەر دیمەنێك لە دیمەنەكان رێك خران. هیچكۆك لەوانەیە سكێچەكانی بە شێوەی كورتو تەواو نەكراو كێشابێ، ئەمەش بۆ سوودوەرگرتنو هاریكاریكردن لەسەر كۆنسێپتو بیرۆكەی یەكتر سەبارەت بە كارەكە. هەر لەو یەكتربینینەدا پلان بۆ هەر دیمەنێك لە دیمەنەكان رێك خرا كە هەندێك لەو پلانانە وردترو درێژتر بوون لە هەندێكی تر. (بۆیل) بۆ چەند جارێك بۆردی رووداو، دیزاینی سێتەكانو جلوبەرگو هەروەها كارتێكەرە تایبەتییەكانی بەسەر دەكردەوە كە بۆ گۆڕینی بیرۆكەكان بەرەو راستییەكی سینەماتیكی لە كردە هەرە پێویستەكان بوون.

بەڵام زۆرینەی ئەو كارانە خرانە ئەستۆی نەخشەسازی بۆردی رووداوەكان كە رێنماییو زانیاری لە بۆیلو هەروەها هیچكۆك خۆیەوە پێدەگیشت.

دوابەدوای ئەو وێنەو هێڵكارییە كێشراوانەی سەرنجمان دان، ئەوا ژمارەیەك وێنەو هێڵكاریی زۆر تایبەت كە لەلایەن هیچكۆك خۆیەوە كێشراون لە فیلمی (بەلەمی رزگاركەر) ١٩٤٣ (بڕوانە وێنەی – ١١) كە سێ شوێنی چەسپاندنی وێنەكانی بۆ كراوە لەگەڵ چەند سەرنجو تێبینییەك كە وەسفی حاڵەتی ئاكشنەكان نیشان دەدەنو هێڵی دیالۆگەكان دەخەنە روو.



لەو كارەیەدا هیچكۆك دەستپێكردنی (كیو)ی دیالۆگی دیاریكراو ئەوە دەرخات كە لەمیانەی كامێراوە پرۆسەی مونتاژ (بڕین) ئەنجام دراوە، كە تیایدا بە شێوەیەكی لێهاتووانە ئەو بەكاربردنە سنووردار دەكاتەوە بەهۆی پرۆسەكەوە.

هەوەڵین پانێڵ ئەوە دەردەخات كە هیچكۆك دەستكارییەكی كەمی لە پێكهاتەی دیمەنەكە كردووەو كەمێك دیمەنەكە بەرەو پێشەوە جووڵاوەو كامێراكەش بەلای چەپدا. دیسانەوە تێبینی بكە كە ئاراستەكە (هەموو ئەمانە بەهۆی هاوێنەی نزیكتر دووبارە بكەرەوە) لەلای ئەوپەڕی چەپی دووهەمین پانێڵدا دەردەكەون. رەنگە ئەمە ئاماژە بە فرێمە نوختە نوختەكەی بدات لە دەوری پیاوە سەوڵ بەدەستەكە، ئەمەش دەریدەخات كە هیچكۆك بە شێوەیەكی نزیكترو وردتر پرۆسەی میدیایی جێبەجێ بكات.

لێرەدا هەرچەندە رەنگە چەندین بۆردی رووداوی تر سەبارەت بە دیمەنەكە هەبن، بەڵام هەر تەنیا سەرنجدانی ئەو دوو بۆردی رووداوەی خراونەتە روو گرنگییەتیی بۆردی رووداوەكان دەردەكەوێ وەك میتۆدو شێوازێك لە پێشخستنی بیرۆكەو كۆنسێپتەكان. دیسانەوە تێبینی بكە كە بۆردی رووداوەكان دیاگرامو هێڵكاریی پڕ بەرنامەڕێژیی دیمەنەكە كە لەلای دەستە راستی بۆردەكە كێشراوە، ئەمە لە راستیدا سەبارەت بە هەریەكێك لە سینەماتۆگرافەر، دیزاینەری بەرهەم پرۆسەیەكی یارمەتیدەرە كە پەیوەندی پێویستییە تەكنیكییەكانی دیمەنەكە بدەن، ئەمەش رۆشنبێتیی سێتەكە لە كاتی ئامادەیی چەند هێڵكارییەكی نائاساییو شێواو دەردەخات. هەر هەمان ئەتمۆسفێر لە بۆردی رووداوەكانی (هارۆڵد میكلسن) بۆ فیلمی (باڵندەكان)ی هیچكۆك.

دیزاینەری (باڵندەكان)ی هیچكۆك (رۆبەرت بۆیل) لە سەرەتاكانی ١٩٤٢دا هەماهەنگیی پێنج لە فیلمەكانی هیچكۆكی كردووە، لەمانە: وێرانكەر، سێبەری گومان، باكوورییەك لە باكووری خۆرئاواوە، باڵندەكانو هەروەها مارنی. لەلایەكی دیكە (رۆبەرت بۆیل) جارێكی تر جەخت لەسەر تواناو لێهاتوویيو ناوداریتیی هیچكۆك وەك پلانەرێكی میتۆدییانەو لەلایەكی دیكەش وەك دەرهێنەرێكی باڵا

که بیرۆکەی دەرفەتو کارکردنی لەگەڵ خەڵکێکی بەتواناو بەهرەمەند لای گونجاو بووە. ئەم شێوە کارکردنە ئاساییەی ئەم دوو هونەرمەندە بە سەرەتای هەوەڵین چاوپێکەوتنەکانەوە دەستی پێکرد کە لەمیانەی بەرهەمی بەرنامەڕێژییەتیی کە دەبوو بۆ هەر دیمەنێك لە دیمەنەکان تەباو شیاو بێت.

هیچکۆك رەنگە تەنها چەند سکێچێکی گشتیو کورتو سەراپاگیریی خستبێتە بەردەست بۆ ئامادەکردنی زنجیرە رووداوەکان، بەڵام ئەم پرۆسەیە دیسانەوە مەبەستی بوو کە رێگە بە کاستەکەی خۆی بدات کە بەسەر بیرۆکەی هەر یەکێك لە کاستەکەدا بچێتەوەو ئەگەر گونجا کاریان پێبکات.





**وێنەی ( ١١ ): چەند بۆردی رووداوێك بۆ فیلمی ( باڵندەکان )ی هیچکۆك لەلایەن رۆبرت بۆیل**



**وێنەی (١٢): چەند بۆردی رووداوێك بۆ فیلمی (باڵندەكان)ی ئەلفرێد هیچكۆك لەلایەن دیزاینەر هارۆڵد میكلسن و، دیزاینەری بەرهەم لەلایەن رۆبرت بۆیل**



**كەرەسەكان** – Materials:

بەو پێیەی كە تاكە پێودانگ و مەرجی بۆردی رووداوەكان پێویستە ئاسانیی ئەنجامدان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەیان بێت، ئەوا زۆربەی زۆری بۆردی رووداوەكان ئەمڕۆ خێراو كۆنترۆڵكراون.. كەرەسەو پێویستییەكانیش وەك: قەڵەم دار، مەرەكەب، تۆزی خەڵووزی دارو قەڵەم ماجیك بۆ كارە رەنگییەكان، ئەمانەی خوارەوە یەك لە دوای یەك دەخەینە روو.

**قەڵەم دار:**

ئەمە ئەگەر قەڵەم داری ئاسایی (رەساس) یاخود قەڵەمی خەڵووزی دارین بێت ئەوا یەكێكە لە كەرەسە بنەڕەتییەكانی كێشانی بۆردی رووداو، هەتا تەنانەت ئەگەر بۆردەكە بەهۆی مەرەكەبەوە تەواو كرابێت ئەوا دیسانەوە بە شێوەیەكی گشتی ژێر سكێچەكان بە قەڵەم دار دەكێشرێ. لەلایەكی تر سوودی ئەمە ئاسانی دانە كۆپیكراوەكان كە بە رەشی و تۆخی دەردەچن. قەڵەم دار سوودو گرنگییەتیی زیاتر لە هەر شتێكی دی ئەوەیە كە هیچ سەختییەك بۆ رەشكردنەوەیان نابینرێ، دەتوانین بڵێین كە سەبارەت بە وێنەكێش وەكو پرۆگرامی كۆمپیوتەرێك (Word Processor) وایە. من خۆم قەڵەمی دارم بۆ خستنەڕووی گرتەیەكی كرێنی لەم بەشی كتێبەدا بەكارهێناوەو هەروەك خۆشت دەیانبینی، رەنگە رەشەكان هیچ كاتێك بە تەواوی جوان و سەرنجڕاكێش وەك وێنەی خەڵووزین یاخود مەرەكەبی دەرناكەون.

**مەركەب و خەڵووزی دار:**

ئەمە وا دەردەكەوێ كە كەرەسەیەكی نائاسایی و سەیر بێت بۆ بۆردی رووداو. هیچ جۆرە كەرەسەیەكی تر بەو شێوەیە خێرا ناتوانێ بە ئەندازەی بۆڵە لۆكەیەك لە تۆزی خەڵووز نقوم بكرێ. ئەوەی كە دەكرێ كەمێك دواتر بسڕێتەوەو زۆرتر بمێنێتەوە بەهۆی رەشكەرەوەیەك بە مەبەستی راستكردنەوە یاخود بە مەبەستی

کێشانی هێڵو دەستنیشانکردنیان بە شێوەیەکی روون، بڕوانە وێنەکانی (١١و ١٢) کە ئەوە نیشان دەدەن دەتوانن لە قەڵەم دار باشتر سوود بگەیەنن بەو پێیەی توانای ئەوەی هەیە کە رەنگ‌و تۆنێکی قووڵتر لەسەر بۆردەکە جێبهێڵێ. رەنگە ئەم کەرەسەیە چاکترینیان بێت لەبارەی دیزاینەری بۆردی رووداوەکان، هەروەها تۆش بۆت دەردەکەوێ کە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە دیزاینەرەکانەوە ئەم کەرەسەیە بەکارهاتووە کە لەم کتێبەدا دەردەکەون.

## قەڵەمی رەنگ:

مادیسون ئاڤینیو Madison Avenue قەڵەمی رەنگی وشکی کردە کەرەسەیەك بۆ کاری ریکلام لە بەشی هونەریی وێنەکێشان. ئەم جۆرە قەڵەمانە هەرزانبەهان، هەر خۆیان قەڵەمەکان وشکن‌و پێویستی بە هیچ ئامادەکردنێك یاخود هیچ پاککردنەوەیەك نییە بەهۆی کەرەسەیەکی دیکەی رەنگی. وێنەکێشەکان بۆ کێشانی وێنەی کۆنسێپتوالی ئەوا زۆرجار چەند جۆرە قەڵەمێکی جیاواز پێکەوە کۆ دەکەنەوەو بەکاریان دێنن لەوانە: قەڵەم دار، پاستیل‌و مەرەکەب، ئەمانە بە دڵنیاییەوە چارەسەرو ئەلتەرناتیڤێکی ستاندارد بوون لە ستدیۆی وێنەکێشەکان‌و هەروەها دیزاینەری وێنە روونکردنەوەییەکان، دیزاینەری بەرهەم، دیزاینەری بیناسازی‌و هەروەها دیزاینەری رووی ناوەکی – هەر یەکێك کە پێویستی بە کەرەسەیەکی خێراو شیاو بێت سەبارەت بە بەستنەوەی دیزاینی کۆنسێپتە بنەڕەتییەکان. ئەو قەڵەمانە بۆ جۆری سکێچی کاڵ بەکار نایەن، بەڵکو پێویستیان بە کێشانی رەنگی تۆخ‌و رەش هەیەو هەروا بە ئاسانیش تێکەڵ نابن‌و شوێنی قەڵەمەکان دەتوانن زیاتر بمێننەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا شێوەو حاڵەتی تەکنیکیی قەڵەمەکە وردتر دەردەکەوێ لەوەی کە پێویستە لە بۆردی رووداوەکەو زیاتر لەوەش کە بەهۆی قەڵەمێکی رەنگی ساکارەوە پەسەند کراوە. ئەگەر تۆ ویستت قەڵەمی رەنگی بەکاربێنی ئەوا دڵنیابە کە دەبێ لەنێو ستدیۆیەکی (فول کۆندیشن)دا کار بکەیت.



## نەخشەو هێڵکاریی تەکنیکی کامیرا:

Illustrating Camera Techniques:

رەنگە دیارترین سنووردارێتیی بۆردی رووداو کەمیی توانای بێت لە خستنەڕووی بیرۆکەو کۆنسێپتەکان لە کاری پراکتیکیدا، بەو پێیەی کە ناتوانێت بگۆڕدرێت بۆ ئاکشنێك لەناو فرێمەکەدا کە لەمەدا گرنگترین جووڵەی کامیرایە.


کارتێکەرە وێنەییەکان وەك، فێد، ونبوون دەکەونە نێو مەودای ئەو هێڵکاری‌و نەخشەسازییە، وریاترین لەو چارەسەرییانە لە بەکارهێنان‌و روونکردنەوە بە شێوەی نووسین لەسەر ئەو وێنانەو کێشانی فیگەری بەرنامەڕێژی، ئەمەش بۆ زیاتر ناساندن‌و خستنەڕووی ئەوەی کە ناتوانرێت وێنەی بکێشرێ. هەروەها لەلایەکی تر چەندین تەکنیکی تر هەن کە بەهۆی ئەنیمەیتەرەوە بەکاردێت بۆ نیشاندانی جووڵەی کامیراو هەروەها درێژکردنەوەی ئەو بۆشاییی‌و مەودایەی کە دەتوانرێت لێوەی وەربگیرێ بۆ بابەتی ئاکشن‌و کردارە زیندووەکان. هەوەڵین ئەو بنەمایانەی کە پێویستە بخرێنە بەرچاو بریتیین لە سنووری چوارچێوەی بۆردی رووداو. مەبەست لەمە ئاماژەو دەرخستنی گۆشەنیگایەکە لە سەرجەم بۆشاییی‌و پانتاییەکانەوە هەڵبژێردراوە. هەر بۆ ئەو مەبەستە ئەوەی کە رێگەی پێدراوەو دەگونجێ بریتییە لەوەی کە بتوانێت لە سنووری بۆردی رووداو بچێتە دەرەوەو ئەو سنوورە ببەزێنێ.

لە راستیدا زۆر لە وێنەکێشان وێنەکانیان بە بێ کێشانی هێڵ‌و سنوور لە فرێمدا دروست کردووە، لە دوای ئەوەی ئەو وێنانە سکێچیان کێشراوە لەنێو چەند توخمێکی بنەڕەتیی فیلمەکەوە بۆ دۆزینەوەی پێکهاتەو بنەمایەکی تەواو کە بۆی دەگەڕان. چونکە کامیراو هەروەها سەبجێکت دەتوانن لەناو فیلمدا بجووڵێن، لێرەدا فیلمساز ئەوەی بۆ دەردەکەوێ کە شوێنکردنەوەو دانانی چوارچێوەی بۆردی رووداو لەناو نەخشەو وێنەیەکی فراوانتر تەکنیکێکی بەسوودە بۆ کێشانی شێوە پێکهاتەییەکانی کەرەسەو هۆکارەکان (کارتێکەرەکان)، لەم چەند پانێڵەی داهاتوودا چەندین ستایلی وێنەکێشان هەن لە کاتێکدا ژمارەیەك میتۆد لە کێشانی جووڵەی کامیراو گواستنەوەی کامیرا دەبینرێن.

**گرتەی ( پان )و گرتەی گالیسکەیی:**


The Pan Shot and the Tracking Shot:

یەکەمین پانێل لە وێنەی (١٣)دا هێڵکاریی پیاوێك کێشراوە کە بە دوای پیاوێکی تفەنگچییەوە رادەکات. ئەو پیاوەی لەسەر شەقامەکەیە وەك حاڵەتێکی گرنگ نیشان دراوە بەهۆی ئاماژەیەکەوە بۆ دەرخستنی رێگەی راکردنەکەی.



وێنەی ( ١٣ )

لێرەدا جۆری پانێلەکە دەکرێ وەکو ئاماژەیەك بەکاربێت بۆ نیشاندانی گرتەی پان یاخود گالیسکەیی. لەم ڤێرژنەدا فرێمێکی دیاریکراو دەستنیشان نەکراوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت شوێنی کامیراو ئاکشنەکە بە تەواوی دیارو ئاشکرایە. دەکرێ وێنەگرتنێکی تەواو نیشان بدرێ، هەروەك لەم نموونەیەی داهاتوودا (شوێنکەوتنی ئۆتومبێل) خراوەتە روو، بڕوانە وێنەی (١٤)، فرێم لەنێو فرێمدا پێکهاتەی گرتەکە دەخاتە روو کاتێك کامیرا ئەشکنەکەی لێ دیارە.





وێنەی ( ١٤ )

لەم حاڵەتەدا فرێمی لای چەپ (A) لەگەڵ ئۆتومبێلەکە لە گرتەی (پان)دایە، ئەو نیشانەیەی (←) ژێر فرێمەکە ئاماژەی ئەوە دەدات کە کامیرا گرتەی زووم



ئەنجام دەدا بەرەو قەوارەی فرێمە بچووکەکەی لای راست کاتێك ئۆتومبێلەکە لە راستەوە بەرەو چەپ دەجووڵێت (بڕوانە وێنەکە).



**وێنەی ( ١٥ ): چەند گرتەو بینراوی هەمەجۆری لەم شێوەیە باشترین رێگەیە تا بەهۆیەوە گرتەیەکی ( PAN ) دەربخرێت کە چۆن لەمیانەی مەودایەکی فراواندا کار دەکات. بەڵام لە رێگەی ئەم شێوە هێڵکارییە سەختە روون بکرێتەوە کە ئایا گرتەکە گرتەی گشتی، میدیەم، یاخود نزیکە. هەرچۆن بێت جۆری دیکەو ئەلتەرناتیڤی ئەم شێوە نیشاندانە کە تیایدا ژمارەیەك ( تاك فرێمی ) کەسە مەلەوانەکە بەکار دێنێ ئەوا دیسانەوە ناتوانێت جۆری گرتەکەو هەروەها گۆشەی دیمەنەکەش دەربخات.**

لێــرەدا هــیچ ڕێــسایەکی ســتاندارکراو لــە گۆڕێــدا نییــە بــۆ هــیچ لــەم ئایکۆنۆگرافیانەو، تۆ دەتوانی بەو شێوەیەی کە مەبەستتە دیزاینی کەرەسەکان بکەیت مادامەکی بیرۆکەی جوانت لایە. بەڵام سێهەمین بۆردی ڕووداوی پانۆرامی لە وێنەی (١٥)دا خراوەتە ڕوو کە نیشانی ئەوە دەدات چۆن دەتوانرێ فرەهێڵکاریی وێنەیی ئاماژە بە گرتەی (پان) بدا کە بەسەر مەودای درێژی مەلەوانێکدا ئەنجام دراوە، کە لە پێشەوە مەلەوانەکە لە ڕووی سەری سەرەوە دەبینرێ‌و پاشان لە کاتی خۆهەڵدانەکەیدا کاتێك کامیرا بەسەریەوەیەتی تا ئەو ئانەی دەکەوێتە نێو مەلەوانگەکە (بڕوانە وێنەی ١٥).

**گرتەی زووم‌و گرتەی جێگۆڕ – Dolly and Zoom Shots:**


بۆ فیلمی ئەنیمەیشن دەکرێ پانێلێکی گەورە بکێشرێ‌و ئەنجا چەند شوێنێکی بچووك لەسەر تەواوی وێنەکە فرێم بکرێ بە مەبەستی دەستکەوتنی گرتەیەکی (میدیەم) یاخود (نزیك) یاخود (زۆر نزیك). ئەم حاڵەتە لە فیلمی کارتۆن پێی دەوترێت (فیلدکەت – Field Cut)، ئەمەش بە مانای ئەوەیە تا بتوانرێت زۆرترین ژمارەی گرتە لە تەنها بەشێك یاخود پارچەیەك وێنە دەست بکەوێت بەهۆی وێنەگرتنی ئەو فیگەرە لە چەند جۆرە فرێمێکی قەوارە جیاوازدا هەروەها ئەم شێوازە لە چەشنی شێوەی چوارچێوە لەناو چوارچێوەدا نیشان دراوە‌و ئایکۆگرافییەکەش وەکو ئاکشنێکی زیندووی بۆردی ڕووداوێك کێشراوە بۆ ئاماژە پێکردن‌و کێشانی گرتەی زووم (Zoom) یاخود گرتەی جێگۆڕ لە ڕووی دەرەوە یاخود ناوەوە.

هەر بۆ ئەو مەبەستە چەند ئاماژەیەك لە چەشنی (←)دا کێشراوە‌و بە دوو چوارگۆشەوە لێکدراوە، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە گۆڕین لە قەوارەی گرتەکان لەمیانەی جووڵەوە هاتۆتە بەرهەم نەوەك بەهۆی بڕینەوە (Cut). باوترین ڕێگەو چارەسەر بۆ نیشاندانی بڕینی وەهمی لە وێنەی (١٥)دا دیارە کە گرتەی جێگۆڕ یاخود زووم نیشان دراوە، بێگومان لێرەدا گرفتەکە ئەوەیە کە پێویستە وێنەکە



دوو جار بکێشرێ‌و ڕوونکردنەوەی زیاتریشی پێویستە. لێرەدا سوودی فرێمی زیاتر بۆ ئەوەیە کە یەکانگیری لە کاتی گرتەی نزیك زۆر کاریگەرتر دەتوانرێ نیشان بدرێ‌و بگوازرێتەوە.


شێوازی فرێم لەناو فرێمدا دیسانەوە دەکرێ بۆ نیشاندانی کۆنسێپت لە کاتی جووڵەی زۆری کامیرادا بەکار بێت، هەروەك لەم وێنەیەدا دیارە، بەکاربێت.




**وێنەی (١٦): لێرەدا جووڵەی کامیرا بۆ لاساییکردنەوەی جووڵەی زەوییەکە بەکارهاتووە، هاوار لە ڕووی کەشتییەکە، یاخود هەر جۆرە جووڵەیەکی تر لەلایەن سە بجێکت یاخود لە ڕووی پانتاییەوە دەتوانرێ بەهۆی بەکارهێنانی فرێم لە ناو فرێمدا نیشان بدرێت.**

**جووڵە و گواستنەوە لە نێوان گرتەکاندا – Transitions Between Shots:**

لەم چەند پانێلانەی داهاتوودا لە وێنەی (١٧)دا دەبینین کە چۆن جووڵە‌و گواستنەوەکان وەك ونبوونی هێواش، یان تەڵخ (فێد)بوون دەتوانرێ نیشان بدرێن‌و بخرێنە بەردەست. ئەم شێوە تایبەتییە لە ڕێکخستن لە ڕاستیدا لە کاری بۆردی ڕووداوی فیلمە ئەنیمەیشنەکانەوە وەرگیراوە، ستایلەکان زۆر بە کزی متمانە دەخەنە سەر فیلمی ئەنیمەیشن، بەڵام لە وێنەی (١٧)دا سوودی مەوداو بۆشایی نێوان پانێلەکان نیشان دەدات.




دیالۆگ/ گێڕانەوە بۆ سەرەوە
کارتێکەری دەنگی بۆ خوارەوە دەڕوا





**وێنەی (١٧): ئەنیمەیتەرەکان بۆشایی لە نێوان فرێمەکان بەکاردەهێنن بە مەبەستی جووڵە لە نێوان گرتەکان**

**گرتەی کرێن** – The Crane Shot:

ئەم دواهەمین نموونانە سەبارەت بە بەردەوامییەتیو تەکنیکی نیشاندانی فیگەرەکان لە وێنەی (١٨)دا برێتین لە زنجیرە گرتەی تەواو کە تیایاندا جووڵەی کرێن بەکارهاتووە، هەرچەندە لێرەدا یانزە پانێل لە بۆردی ڕووداوەکە هەن کە باس لە گرتەیەکی تاکو تەواوی بێ (بڕین) دەکەن.






کامیرا لە جووڵەی خۆی بەردەوامە بەرەو خوارەوە لە ژێر سەبەتەکە، تا ئەو کاتەی ژنەکە دوور دەکەوێتەوە.

سەبەتەکە خێراتر دەکەوێتە خوارەوەو لە کامیرا تێدەپەڕێ.

کامیرا لەگەڵ سەبەتەکە گرتەی پان دەگرێ.

باوکەکە لە خوارەوە چاوەڕێ دەکا، کاتێك ئاگرو گڕو دوکەڵ لەژێر سەبەتەکە لە پەنجەرەکەوە دێتە دەرەوە.

**وێنەی (١٨ – ١)**




**وێنەی (١٨ – ٢): کۆتایی ڕووداوەکان**



**فۆرماتو نیشاندان** – Format and Presentation:

لێرەدا ژمارەیەك ڕێگەی جیاواز هەن بۆ خستنەڕوو، یاخود کێشانی بۆردی ڕووداو، ئەمەش بە پێی قەوارەی هەر پانێلێك. قەوارەی میدیەم نزیکەی (٤ × ٦) ئنیج دەبێت، بەڵام ئەمە بە زۆری دەکەوێتە سەر بۆچوونی وێنەکێشەکە. لێرەدا هەندێك هەن پێیان وایە کە کارکردن لەسەر ڕوویەکی فراوان باشترینیانە. ئەگەر هاتو وردەکاریی زیاتری لێداواکرابوو بۆ ڕوونکردنەوە، یاخود کێشانی وێنەکە، پاشان دەتوانرێ بۆردەکان بەم شێوەیە بەکار بهێنرێ یاخود قەوارەکە بۆ قەوارەیەکی گونجاوتر بچووك بکرێتەوە، ئەمەش لە کاتی کۆپیکردن یاخود دووبارە کێشانەوەی وێنەکە.

بۆردی ڕووداو بە شێوەیەك دەبێ بکێشرێ کە بتوانرێت بۆ چەند بەشو لایەنی بەرهەمەکە بگونجێ لە کاتی پرۆسەی بەر لە دەستپێکردن. هەندێك لە دیزاینەری بەرهەمی فیلمەکان وا بە چاك دەزانن کە بۆردی ڕووداوەکانیان بە دیوارەوە هەڵواسن، یاخود بەهۆی هەڵواسینی بۆردی تێبینی بە دیواری بەشی هونەری وێنەکێشانەوە. لە نموونەکانی کاری (دیزنی)دا زۆر پانێلی گرنگ دەتوانرێ لەمیانەی کۆبوونەوەی کاستی بەرهەمەکە ببینرێن، ئەمەش لە ڕاستیدا جێگەی وەبیرهێنانەوەیە بۆ دەستەبەرکردنی بۆچوونی گرنگو سەرەکی بۆ گرتە پێویستەکان. بەڵام ئەمە سەبارەت بە پرۆسەی وێناکردنی گرتەی ڕوونو ئاشکرا بۆ گرتەی نارۆشنو درێژکراوە شیاو نابێت. هەروەها لە لایەکی دیکە بۆردی بچووکتر دەتوانێ (٦) تاکو (١٠) پانێل بەخۆوە بگرێ، کە دەکرێ لە کیسەیەکی تایبەتدا هەڵبگیرێ، لە کاتێکدا هەندێ لە دەرهێنەران بینینی گۆڤاری ستایلی پانێلەکانیان لا پەسەندە، کە قەوارەی هەر یەکێکیان دەگاتە (٨ × ١٠) ئینچ کە دەتوانرێ لە دووتوێی فایلێکدا بپارێزرێ.

سوودی بەکارهێنانو هەبوونی دەفتەری تێبینی ئەوەیە کە هەر پانێلێك بە تەنیا دەتوانرێ تەماشا بکرێ لەو کاتەی لاپەڕەکە دەگۆڕرێت بۆ وێنە یاخود دەگوازرێتەوە بۆ کۆنسێپتێك. ئەمە ڕێگە بە بەرێوەبەری هونەری دەدا کە زووتر

بیر لەوە بكاتەوە كە زنجیرە رووداوی تەواو ئەنجامدراو لەسەر رووی سكرین چۆن‌و بە چ شێوەیەك دەردەكەون‌و چۆن دەنوێنن، چونكە لێرەدا دەتوانێت كە خێراییەكە چەند جۆر بكاتەوە لەمیانەی هەڵدانەوەی لاپەڕەكانی تێبینییەكە ئەمەش بە مەبەستی لەچاوكردنەوەو دامەزراندنەوەی ریتمی پرۆسەی بڕینەكەو، لە لایەكی تر تاك پانێل دەتوانرێ بە ئاسانی زیادەكاریی بۆ بكرێت‌و هەروا بە ئاسانیش لا ببرێ یاخود بە هەمان ئەو رێگەیەی كە مۆنتێرێكە پرۆسەی گۆڕین لە فیلمێكی سینەمادا بەكاری دێنێ، دووبارە رێك بخرێتەوە.

### هێڵكاری‌و نەخشەی بۆردی رووداوی ئاسانكراو:

Simplified Storyboard Illustration:

بۆردی رووداو دوو جۆر زانیاری دەگوازێتەوە: وەسفكردنی حاڵەتی فیزیكییانەی زنجیرەی رووداوەكان وەكو (دیزاینی كەرەسە، شوێن)و هەروەها وەسفكردنی چۆنیەتیی روونكردنەوە وێنەییەكانی رووداوەكە وەكو (دامەزراندنی دیمەن)و گۆشەی كامیرا، هاوێنە، جووڵەی هەر بەشێك لە گرتەكە.

كاتێك كە دیزاینەری بۆردی رووداو سەرقاڵی گواستنەوەو دەرخستنی ئەتمۆسفێرو رووناكی‌و حاڵەتەكانە، ئەوا دەرهێنەریش لە توانایدایە كە كۆنسێپتەكان بۆ دامەزراندنە بنەڕەتییەكانی كامیرا بگوازێتەوە بەهۆی كێشانی وێنەی شێواز ساكار. لەم چەند وێنانەی داهاتوودا چەند جۆرە نیشانداندێكی وردو گرافیكییانە دەخەینە روو كە بە جۆرێكی خێراترو ئاسانتر بەڕێوە دەچن‌و مامەڵەیان لەگەڵدا كراوە. لە وێنەی (١٩)دا ژنێك لەسەر شەقامێك رادەكات، ئێستا بەهۆی سەرەكیترین میتۆدو شێوازی پەیوەندیكردن دەست بە كارەكە دەكەین، ئەمەش بەهۆی بەكارهێنانی روونكردنەوەی نووسراوو هەروەها بەهۆی كێشانی ئاماژەی (→) بۆ دەستنیشانكردنی شێوەو ئاراستەی سكرین لە بابەتی گرتەیەك یاخود لە جووڵەیەكی كامیرادا.




گۆشەی پێچەوانە: كاتێك ژنێك دەكەوێتە بەر شەوقی ئوتومبێلێك.
كامێرا بەرەو (گ.ن – CU) دەجووڵێت.


ژنێك لە بەردەم ئوتومبێلێكدا دەڕوات.
ئێمە (بینەر) لە رووی دواوە سەرنجی دەدەین.

**وێنەی (١٩): وەسفی بۆردی رووداوی نووسراو لەنێو چوارگۆشەیەكدا ئاسانترین شێوەی بۆردی رووداوە**


لەو كاتەوەی ئەم پرۆسەیە زۆر بە ساكاری دەردەكەوێ‌و دەبێتە یارمەتی‌و پاڵپشتییەكی بچووك لە دیزاینكردنی زنجیرەی رووداوەكان. لە دیمەنی (٢٠)دا دوو جۆر لە كێشانی سكێچ نیشان دراون، یەكەم: گرتە لە بۆشایی ئاسمانەوە كە بە ئاشكرایی شوێنكردنەوەو دانانی كامیراو ئاراستەی ئاكشنەكان دەخاتە روو. دووەم: جووتە وێنەی چوارچێوەكان لە وێنەی (٢٠)دا شێوازی بەرزكردنەوەی كامیرا كە تیایدا بەرزایی كامیراكە نیشان دەدات.




به خێرایی ئاوڕ دەداتەوە. به لایتی سەیارەکە سەری دەسوورێت



ژنێك دێتە ژوورەوە







**وێنەی (٢٠): چەند وێنەیەكی پلانی**

پرۆسەی بەرنامەڕێژی یارمەتیدەرە بۆ پلان‌و داڕشتنی رێكخستنی دیمەن، بە شێوەیەك كە گرتەكان لەسەر شوێنەكانیانەوە وێنەی فۆتۆگرافی گیرا بن. لەو كاتەدا بەو شێوەیە زۆر لە گرفتە لۆجیكییەكان چارەسەر دەكرێن. ئەوا بە


شێوەیەکی گشتی ئەمە پەیوەستە بە دۆزینەوەی باشترین ڕێگەچارە بۆ گواستنەوەی کەرەسەو ئەکتەرەکان. تەکنیکی شێوەی گرتەی ئاسمانی ڕەنگە ئەوە نیشان بدات کە ئەگەر ئامێری گواستنەوەی کامیراکە بە مەبەستی وێنەگرتنی دواهەمین گرتە بەر لە کاتی حەسانەوەی نانی نیوەڕۆ لەوێدا دامەزرا. ئەوا لەو حاڵەتەدا ڕێگەی ئەو ئوتومبێلانە دەگرێت کە دەبێ لەوێوە بجووڵێن. لەو کاتەوەی کە بەرنامەڕێژیی تەکنیك بە تەواوی وەسفی شوێنی کامیرا دەکات ئەوا ئەو بەرنامەڕێژییە ئاماژەیەکی بچووکی قەوارەی گرتەکان دەخاتە روو، یاخود حاڵەتی ویژدانی، یان چۆنیەتیی جووڵەی گرتەکان نیشان دەدا. یەکێك لە ئەلتەرناتیڤەکان ئەوەیە کە تۆ وێنەی چەسپێنەر بەکاربێنی بە مەبەستی گواستنەوەی شوێنی وێنەکانو هەروا ئاراستەی ئاکشنەکان. دوو لەو روونکردنەوانە لە وێنەی (٢١)دا نیشان دراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە روونکردنەوە وێنەییەکانی (وێنەی چەسپی) ئەوەیە کە ناتوانێت بەرزایی کامیرا نیشان بدات.




گرتەی میدیەم



گرتەی گشتی



بەرەو گرتەی نزیك



گرتەی فراوانی ژنەکە


**وێنەی (٢١): چەند وێنەیەکی چەسپاو بێ هەبوونی بیرۆکەی پێشوو**



لەو کاتەوەی کە حاڵەتەکە لە سەرجەم کاڵیو ساکارێتی ئەو وێنانە دیاری نەکراوە، لە راستیدا ئەو چوار پانێلە پانێلی پێشکەوتوونو دەتوانرێ بە کەمتر لە دەقیقەیەك وێنە بکێشرێن، لەگەڵ ئەمەشدا لە توانای پانێلەکاندا هەیە کە کارێکی شایستەو گەورەمان بۆ روون بکەنەوە کە چۆن هەریەك لەو جووتە وێنانەی ئەو چوار فرێمانە هەموو تێکرا دەخرێنە نێو پرۆسەی بڕین. دەرهێنەر دەتوانێ کە قەوارەی گرتەی رووداوەکان بە چاکی دووبارە رێك بخاتەوە. ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانو کێشانی چەند فیگەرێك کە ئاڵۆزتر نەبن لەو فیگەرانەی خراونەتە روو، لەگەڵ کەمێك کاری زیاتر لەنێو چەند ئاماژەیەك (→) کە بەهۆی خستنەڕووی کۆنسێپتێکەوە وێنە کێشراونو وەك کارێکی تۆکمە خۆیان دەرخەن سەبارەت بەو گۆشەنیگایەی کە دەرهێنەر مەبەستێتی سەرنجی لێبدات. بڕوانە وێنەی (٢٢).




گەڕانەوە بۆ گرتەی میدیەمی نزیك، جێگۆڕ بۆ نزیك



گرتەی میدیەم: گرتەی فراوانی گۆشەی بەرزی ژنەکە


**وێنەی (٢٢)**

لە فیگەری (٢٣)دا چارەسەرێکی شیاو خراوەتە روو کە دەکرێ وەکو روونکردنەوەی کۆنسێپتو ڤێرژنی کامیرا، یاخود بابەتی گرتەکە، یان بۆ هەردووکیان بەکاربهێنرێ. تیشکەکان (→) رێگەی دوای یەك کەوتنی ئوتومبێل نیشان دەدەن، یاخود دەتوانرێ لە چەند وێنەیەکی تەکنیکی بەرنامەڕێژیدا نیشان بدرێن، ئەمەش بۆ دەرخستنی شوێنی کامیرا لە گرتەی رووداوێکدا.




**وێنەی (٢٣): چەند ئاماژەی لەم شێوەیە (→) وەکو ڕێگەیەکی یەکجار گونجاو دەتوانن گۆشەی کامێراو جووڵەی کامێرا بناسێنن، بەهۆی پراکتیکێکی کەم ئەم مەبەستە بە ئاسانی دەپێکن**

جیاوازکارییەکی تر وێنەی چەند ئاماژەیەکی سەرەکی لە وێنەی (٢٤)دا دەخاتە روو، بۆ مەبەستی بەوێنەکردنی ئەمانە، دەرهێنەر لاپەڕە وێنەی ئەو تیشکانە (ئاماژە) دەپارێزێ وەك ئەوەی کە دەبینرێ، یاخود بەڕێوەبەری هونەریی چەند جۆرێکی جیاواز لەو وێنانەی تایبەت بە خۆی بۆ دەرهێنەر دەستەبەر دەکات بە شێوەیەك بتوانێ کۆپییان بکات تاکو هەرکاتێك بیەوێ بیانخاتە شوێنی وێنەکەوە.




**وێنەی (٢٤): ئاماژەکان شوێن جێگەی خۆیان لەسەر بۆردی ووداوەکە جێ دێڵن**



ڕەنگە ئەمە بۆ دەرهێنەر کاتێکی زۆر دەستەبەر بکات، کاتێك هەوڵ دەدات کۆنسێپتو بیرۆکەکان روون بکاتەوە، لێرەوە خودی فرێمەکە دەتوانرێت وەکو ئاماژەیەك (→) بەکار بهێنرێ بۆ نیشاندانو دەرخستنی ڕێگەی کامیرا لە سەرووی دیمەنەکەوە.


لەلایەکی دیکە ژمارەیەك فرێمی کێشراو لەسەر یەکتر دەتوانێ خزمەت بە هەمان مەبەست بگەیەنێ، ئەگەر لە حاڵەتێکدا هێڵی نێوان فرێمە سەر یەك کەوتووەکان کە لەناو فرێمەکە جێماون دابنرێن. ئەمە مانای ئەوەیە کە لێرەدا کامیرا لە کاتی جووڵەو گواستنەوەیدا وەستێنراوەو پاشان جارێکی تر بە جووڵە خراوەتەوە.




**وێنەی (٢٥): بڕوانە پانێلە سەر یەك کەوتووەکان دەتوانرێ وەك ئاماژەیەك بۆ گرتەی جووڵاو بەکار بێت (A). سەرجەم فرێمەکە دەکرێ وەك ئاماژەیەك (→) بکێشرێ بۆ دەرخستنی ڕێگەی سە بجێکتی جووڵاو (B). دیزاینەرەکە سنووری فرێمەکان بۆ مەبەستی جووڵەی کامیرا بەکاردێنێ کە وەك (→) نیشان دراون.**

بە چاوگێڕانەوە بە گرفتی نیشاندانی ئەو کۆنسێپتە وێنەییانە بەهۆی فیگەرە چەسپیوەکان، ئەوا تاکە ڕێگە ئەوەیە کە یەکالا بکرێنەوە بۆ سێ – ڕەهەندی ساکاری شێوە سندوقی، ئەمەش بە مەبەستی نیشاندانو خستنەڕووی گۆشەی

کامیرا. وێنەی (٢٦) گۆشەی نزم نیشان دەدات کە بێ ئەو سندوقانە ناتوانرێ بایەخ بە بەرزێتی شوێنی کامیرا بدرێت. چەند جۆرێتیو جیاوازکاری لە وێنەی (٢٦)دا گۆشەی نزمی تەواو، هەروەها گۆشەی بەرز نیشان دەدات، بڕوانە وێنەکە. لێرەدا ئۆتومبێلەکە لە چەشنی سندوقێك مامەڵەی لەگەڵدا کراوە بە مەبەستی وەسفکردنو پێناسەکردنی ئەو فیگەرە وێنەییانەو کۆنسێپتەکان.





**وێنەی (٢٦): چەند بۆکسێکی گۆشەنیگاییانە کە بەسەر چەند فیگەرێکی هەڵواسراوەوە وێنە کێشراون بۆ ئاماژەکردن بە گۆشەی کامیرا**

هەتا تەنانەت لەم چەند نموونە ساکارانەدا تەکنیکی سندوقەکان یارمەتیی زانینی شوێنی کامیرامان (وێنەگر) دەدەن. بەهۆی خستنەسەرو زیادکردنی شێوەو بەرگ بۆ فیگەرە ساکارەکان دەتوانین چارەسەرو دیدگەی باشتر بۆ پەیوەندییە روونکردنەوە وێنەییەکان دەستەبەر بکەین. بۆ نموونە، لە دوای چەند بەشێکی فراوانو گەورەی سکریپتێك کە لەسەر رووی بۆردێك کێشراون، لێرەدا دەرهێنەر لە توانایدا دەبێ کە ئەو هەڵچوونو لێشاوە دراماتیکییەی بەسەرهاتەکە ببینێ بە شێوەیەك کە سیناریۆ لە توانایدا نابێت بیخاتە روو، سەرەڕای ئەمەش پرۆسەی



بەوێنەکردن لەسەر کاغەز تەکنیکێکە بۆ بەرهەمهاتنو لەدایکبوونی کۆنسێپتەکانە، نەوەك هەر تەنها دامەزراندنو بونیاتنانی پلانو رێگەو شوێن بۆ کاستی بەرهەمی فیلمەکە بۆ جێبەجێکردنو شوێنکەوتنی کەرەسەکان. ئەم پرۆسەیە زۆر بەسوودتر دەکەوێتەوە کاتێك دەرهێنەر لەسەر وێنەو فیگەرەکانی خۆی کار بکات، لێرەدا بە راستی هیچ رێگەیەك لەئارادا نییە بۆ زیادو بەنرخڕاگرتنی گرنگیی دەستبەکاربوونت لە رێگەی بەکارهێنانی وێنەی زهنی، ئەوا ئەگەر تۆ بە راستی دەتەوێ کار لە دەرهێنانی فیلمێکدا بکەیت.



**وێنەی (٢٧): زیادکردنی قەوارە لە چەسپاندنی فیگەرەکان زیانیارییەکی گەورەو فراوان سەبارەت بە (گواستنەوە) دەبەخشێت.**

**کاری رەشنووسکاری:**

ئەگەر تۆ خۆت توانای کێشانی فیگەرو وێنەکانت هەیە، ئەوا هیچ هۆو بیانوویەك نامێنێتەوە کە کارو پرۆسەی بۆردی رووداوەکەت نەگاتە بەرزترین ئاست. لەنێو پانتاییو بواری ئەم کتێبەدا دەکرێ کۆنسێپتێك بگوازرێتەوە، کە بە شێوەیەکی تایبەت گرنگیەتیی زۆری بۆ دیزاینەری بۆردی رووداو هەیە. لە راستیدا سەبارەت بە دیزاینەری بۆردی رووداو ساکارێتیی شێواز لە بابەتی چێژ لە پێشترەو

خەمو بەهەند هەڵگرتنێکی پێویستە، تەنها لە حاڵەتە دەگمەنەکاندا کە کات لە بەردەستدایە بۆ کێشانی چەند وێنەیەك بەوپەڕی وردەکارییەوە بۆ هەر دانە پانێلێك. لەلایەکی تر ئاسانکراوترین ستایلی وێنە یارمەتیی دەرهێنەر دەدات بە شێوە دانانی دیمەنێك.

شێرمان لوبی بۆ فیلمی (Beverly Hills Cop II) چەند سکیچێکی یەکجار خێرای کێشاوە، ئەو جۆرە مەرەکەبەو سکێچە ساکارە بە شێوەیەکی ئاسایی لە کاتی چاوپێکەوتنی دەرهێنەری بەرهەمەکە وێنە کێشراون. هەر فرێمێك لەوانەیە تەنها یەك تاکو سێ دەقیقەی خایاندبێ. ئەمەش مانای ئەوەیە کە سەرجەم زنجیرە رووداوەکانی فیلمەکە دەکرێ لە ماوەی تەنها سەعاتێکدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت. هەرچۆنێك بێت، رەنگە بیرکردنەوەیەکی هەڵە بێت کە لە حاڵەتی وێنەکێشاندا بە کەمی بیر لە کێشانی بۆردی رووداوەکان بکرێتەوە. لە راستیدا، زۆرجاران کارکردنێکی زۆر ئەنجام دەدرێ لەسەر بیرۆکەیەك بۆ دیمەنێك لە دیمەنەکان کە بڕیار دەدا چەند بە خێرایی رووداوێك دەخرێتە سەر کاغەز. بە شێوەیەکی گشتی، ئەو نەخشەو هێڵکارییانەی لە فیلمی (Bevery Hills)دا هەن لەلایەن دیزاینەری بۆردی رووداوەوە بەکارهاتووە وەك چەند تێبینییەك بۆ زۆر لە نواندنو رێکخستنە تەواوکراوەکان لە کاری فیلمێکدا، کە دواتر کاریان پێکرا.

**ئەتمۆسفیر** – Mood:

زنجیرە بۆردی رووداوێکی تر لەلایەن شێرمان لابی (Sherman Labby) لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەردەکەونو دواهەمین شێوەی ئەو لە چیرۆکێکی وێنەییدا لە سەرەتای دیمەنی فیلمی (Blade Runner)دا دەردەکەوێت، یەکێك لەو دوو دیمەنانەی کە هەرگیز وێنە نەگیراون. ئەمە لە راستیدا نموونەیەکی جوانە لە بەکارهێنانی ئەتمۆسفیر بۆ دامەزراندنی تۆنی فیلم. لەم حاڵەتەدا ئەو بەکارهێنانە ئایرۆنیکییە لە بێدەنگیو هێمنیدا، هەروەها لە دیمەنو دامەزراندنێکی لادێییانە. سەرەتای کردنەوەی گرتەکە بە کاراکتەر هاریسون فورد (Harrison Ford) دەست




پێدەکات کە لەوێدا ئامێری درۆینەکەی لەناو کێڵگەدا دادەگرێ.

ئەم چەند فرێمە تەنها چەند شێوەیەکی ساکار لەخۆ دەگرن لە بیرهێنانەوەی ئەو حاڵەتەی کە ئایا ئەمە جۆرێکی ئاساییەو نۆرماڵە لە چیرۆکە زانستییەکانی ساڵی چلەکاندا.


**کاراکتەر** – Character:

ئەو چەند بۆردی رووداوانەی داهاتوو کە لەلایەن فرێد لەکی (Fred Lucky) کێشراون نیشانی ئەوە دەدەن کە چۆن کاراکتەرە گرنگەکان یارمەتیی دروستکردنو ئەنجامدانی مەبەستو خواستی دیاریکراو بۆ هەر رێکخستنێك رۆشن دەکەنەوە. فرێد نەخشەو سکێچەکانی خۆی دەستکاری کردووەو هەروەها لەگەڵ بەکارتۆنکردنی تواناو سکیڵەکانی خۆی لە بەشی ئەنیمەیشن لە ستدیۆکانی والت دیزنی بەرلەوەی دەست بە ئاکشنە زیندووەکانی بکات وەکو نووسەرێکی دەمکوتکراو. ئێستا بۆ چەند ساڵێك دوای ئەمە فرێد کاری بۆردی رووداوەکانی بەوپەڕی ئازادییەوە دەکێشێ بۆ چوار یاخود پێنج فیلم لە ساڵێکدا، لە توانای ئەویشدایە کە تەفسیرو هەروەها کاری کۆمیدیو زنجیرەو رووداو بۆ فیلمی ئاکشن بنووسێت.





وێنەی ( ٢٨ ): بۆردی رووداو بۆ فیلمی ( Blade Runner ) لەلایەن ( شیرمان لابی )







وێنەی ( ٢٩ ): بۆردی رووداو بۆ فیلمی ( هەڵاتووی ئازا ) لەلایەن ( شیرمان لابی )





**وێنەی ( ٣٠ ): بۆردی ڕووداو بۆ فیلمی ( هەڵاتووی ئازا ) لەلایەن ( شیرمان لابی )**







**وێنەی ( ٣١ ): بۆردی ڕووداو بۆ فیلمی ( هەڵاتووی ئازا ) لەلایەن ( شیرمان لابی )**





وێنەی ( ٣٢ ): بۆردی رووداو بۆ فیلمی ( هەڵاتووی ئازا ) لەلایەن ( شیرمان لابی )






وێنەی ( ٣٣ ): بۆردی رووداو بۆ فیلمی ( هەڵاتووی ئازا ) لەلایەن ( شیرمان لابی )





**وێنەی (٣٤): بۆردی رووداو بۆ فیلمی (هەڵاتووی ئازا) لەلایەن (شیرمان لابی)**



**لێکدانەوە** – Interpretation:

لە هەموو ئەمانەش بترازێ بۆردی رووداو لێشاوی گرتەکان لە دیمەنێکدا دەگوازێتەوە، کە تێکەڵەیەکە لە دیزاینێکی دراماتیکیو گرافیکییانە. لە حاڵەتی ئامادەیی باشترین دیزاینەری وێنەکان، ئەوا دیسانەوە دەتوانێ ئەتمۆسفیرو هەروەها تۆن – حاڵەتی ناوەوەی فیلمەکە بگوازێتەوە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی زیاتر پراکتیکییانە قسە بکەین ئەوا دەبێ بڵێین سوودی گۆشەنیگا، بینینی هاوێنەکانو هەروەها جووڵەی ناراتیفی ئەوا یەکجار گرنگن. باشترین نموونە بۆ هەموو ئەوانەی باسمان کرد بۆردی رووداوی (هارۆلد میکڵسن)ە لە فیلمی (The Graduate)دا.




**وێنەی (٣٥): یەکێك لە پانێلەکانی لەلایەن فرێد لەکی ئەنجام دراوە**

هەتا تەنانەت بە بێ هەبوونی هیچ زانیارییەك لەسەر چیرۆکەکە ئەوا ئاکشنی سەر بۆردەکان بە ئاسانی دەتوانرێ بخوێندرێنەوەو بڕین لە ریتمو تێمپۆکان بە ئاشکرایی دروست بووە. پانێلە تاکەکانو یەك بە دوای یەکەکان بە شێوەیەکی تایبەتی چەند پانێلێکی وردن. لەگەڵ ژمارەیەك لە کارتێکەرەکان کە بە مەبەستی ئەنجامدانو پێکهێنانی پەیوەندیمان لەگەڵ کاراکتەرەکان هاوکاری دەکەنو بۆ

مەبەسـتی گوزارشـتکردن لـە گۆشـەنیگای کاراکتـەر (بـێن)و زینـدە خەونـەکانی. بەکارهێنانی فرەگۆشەیی لە فرێمەکاندا وردو دیاریکراونو بە تـەواوی کاریگـەریی چـۆنیەتیی ڕێکخـستنو دامەزرانـدنی ئەکتـەری لەسـەرە. بـەو پێیـەی روونـاکیی باکگراونـدی دراماتیکییانـەو سـێیبەرەکە کاریگـەری دەخەنـە سـەر ئاوەکـە. ئەمـە چیرۆك گێڕانەوەیەکی ڤیژوەڵە لە پلەو ئاستێکی زۆر بەرزدا.

پەردە هەڵدانەوە لەسەر هێڵو حاڵەتە پێکهاتەییەکە هەرگیز وەکو کۆتاییـەك لەناو خۆیاندا بەکار نەهاتوون، بەڵام لـە هارمۆنییـەکی تـەواودان لەگـەڵ مەبەسـتی سەبجێکتو چیرۆکەکە. ئەمە ڕەنگە بتوانێ بە دڵنیاییەوە وەکو وانەیەکی نـاڕەزایی لە وێنەو هێڵکاریی بەردەوامییەتی خزمەت بگەیەنێ.




**وێنەی ( ٣٦ ): بۆردی ڕووداو لەلایەن فرێد لەکی**




**وەرگرتنو خواستن – Adaptation:**

لە ڕاستیدا سەرجەم بۆردی ڕووداوەکان خواستراون، بەو پێیەی کە لەمیانـەی سـیناریۆیەکدا دەگوازرێتـەوە، بـە پێـچەوانەی شـانۆگەرییەك یـاخود ڕۆمانێـك. هەرچـۆنێك بێـت ئـەوا سـیناریۆ وەك بەیەکگەیەنـەرو ناوەنـدێك وێنـای کـراوەو، شـوێنپەنجەو کاریگـەرێتی سـەبارەت بـە کەرەسـەی دروسـت بـەو جـۆرەی کـە بەسەرهاتەکە دەردەکەوێت. لێرەدا سیناریست هەوڵێکی فراوان دەدات کە ئەمـە بـە ڤیـژوەڵی دەربکـەوێتو بکەوێتـە نـاو پرۆسـەی بینینـەوە. لـە ڕاسـتیدا ئـەوەی کـە دەبیـسترێتو دەبینرێـت دەبـێ بـە تـەواوی جێگـەی تێگەیـشتن بێـتو، لـە ڕووی تیۆرییەوە دیزاینەری بۆردی ڕووداو بیرۆکەو کۆنـسێپتەکان لـەنێو سـیناریۆکانیاندا بە وینە دەکەنەوە. بەڵام لە ڕاستیداو لە پراکتیزدا ڕەنگە بۆردی ڕووداو زۆر نزیـك بێت لەوەی کە وەك کێشەیەك لـە سـیناریۆیەکی دیکەدا دەربکـەوێت تـەنها ئەگـەر ژمارەیەك لـە بیرۆکـەکان دەسـتکاری بکـرێن بـە هـەمان شـێوەی کـە سیناریـستەکان بنەماو توخمە ڤیژوەڵییەکان وەسف دەکەن.


هەنـدێك لـە دیزاینـەری بـۆردی ڕووداوەکـان بیرۆکـەی زیـاتر ئەدەبییـەکان لا پەسـەندەو، هـەروەها دیمـەنی ریفـۆرمکراو، زیـادکردنی بنـەماکانی چـیرۆكو هەماهەنگییەتیی دیالۆگ. بۆ ئـەوەی بێتـە سـەر ئـەو بـاوەڕەی کـە چـۆن چـیرۆکێك یاخود بیرۆکەیەك بۆ دیمەنێك ڕێك دەخرێـت ئـەوا چاوێك بـە شـێوازی دەرهێنـەر ستیڤن سپیلبێرگدا دەگێڕێن، کە دوو دیمەن لە دیمەنەکانی جەی. جـی. بـالارد، کـە خۆی ڕۆمانێکی سەرگوزەشتەییە بـە نـاوی (ئیمپراتـۆری خـۆر). لێـرەدا سـپیلبێرگ ئەوپەڕی بەرپرسیارێتیی ناوەرۆکی کۆنسێپتوالی چیرۆکەکەیە.

بۆ خۆشبەختی، ئێمە لێرەدا ژمارەیەك لەو قۆناغانەمان لا دەست دەکەوێت بۆ مەبەستی بـەراوردکردن. ڕۆمانەکـەو هـەروەها لەگـەڵ دوو ڕەشنووسـی سـیناریۆکە، هەوەڵین ڕەشنووس لە مانگی جانوەری ٧ی ١٩٨٦دا لەلایەن شانۆنووس تۆم سـتۆپارد Tom Stoppard نووسراوەو، ئەوەکەی دیکەش لە مانگی ١٢، ١٩٨٦دا لە لایـەن منیـۆ مایجێس Menno Meyjes، بێگومان بۆردی ڕووداوەکەش لەلایەن دایڤیـد جونـاس David Jonas لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەخرێنە ڕوو.





وێنەی ( ٣٧ ): بۆردی رووداو لەلایەن دیڤید جوناس لە فیلمی ئیمپراتۆری خۆردا







وێنەی ( ٣٨ ): بۆردی رووداو لەلایەن دیڤید جوناس لە فیلمی ئیمپراتۆری خۆردا




**وێنەی ( ٣٩ ): بۆردی ڕووداو لەلایەن دیڤید جوناس لە فیلمی ئیمپراتۆری خۆردا**






**وێنەی ( ٤٠ ): بۆردی ڕووداو لەلایەن دیڤید جوناس لە فیلمی ئیمپراتۆری خۆردا**



**وێنەی (٤١): بۆردی رووداو لەلایەن دیڤید جوناس لە فیلمی ئیمپراتۆری خۆردا**



**رۆمانەکە** – The Novel:

رۆمانەکـە بـە دوای رووداوی بـەکارهێنانی کـوڕێکی تەمـەن یـازدە سـاڵیی بـەریتانی دەسـت پێـدەکات (جـیم) کـە لەگـەڵ دایـكو بـاوکێکی دەوڵەمەنـد لـە شەنگەهای ژیان بەسەر دەبات. کات ساڵی (١٩٤١)ە کە تـازە ژاپـۆن شـەنگەهای داگیر کردووە. هـەوەڵین دیمەنەکـەمان لـەو فیلمـەدا لـە ژووری (جـیم) لـە ئـوتێلی پـالاس دەست پێدەکات. لـە رۆمانەکـەدا جـیم تـازە لـە خـەو هەڵساوەو جلی قوتابخانـەی لەبەر کردووە، جیم بەرەو پەنجەرەکە دەجووڵێتو سـەرنج لـەو ئـاوەی شـەنگەهای دەدات کە بەسـەر رووبـاری یـانگتز (Yangtze)ەوە دەڕوانـێ. جـیم سـەرنج لـە دوو کەشتی دەدات لەناو ئاوەکەدا کـە پـڕە لـە سـەربازی ژاپـۆنیو بەسـەرییەوە بەلـەمی ئـەمریکاییو بـەریتانی بـار کـراوە، کەشـتییەکە لایتێـك بـۆ بەلـەمی شـەڕکەرەکە دادەگیرسـێنێ وەك ئـەوەی هـەواڵێکی پێبـدات. لێرەدا جـیم هـەوڵ دەدات ئاماژەکـە بکاتـەوە ئەمـەش بـەهۆی جوولانـدنی قۆڵـەکانی کـە هـەرگیز ئەمـە لـە مەشـقی قوتابخانەیـدا فێـری نـەبووە. لـە چـەند چرکەیەکدا بەلەمـە جەنگییەکـە هێـرش دەکاتە سەر کەشتییە بەریتانیاییەکەو تۆپبـارانی دەکـات. جـیم بـە پەشـۆکاوییەوە دەچێتەوە ناو جێگەکەی. ئەمە سەرەتای داگیرکردنی شەنگەهای بوو، وە لەمیانـەی چەند دەقیقەیەکەوە میوانەکان لە ئوتێلەکە دەردەچنو نامێنن. باوکی جـیم دێتـە ژووری خۆیو بە کوڕەکەی دەڵێ کە لە ماوەی سێ دەقیقەدا دەبێ بڕۆنو ئوتێلەکە جێبێڵن. جـیم لەسـەر جێگەکـەی دانـشتووەو بـیر لـەوە دەکاتـەوە کـە ئـەو ئێـستا بەرپرسە لەوەی کە ژاپۆنییەکان شەنگەهایان داگیر کردووە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئەو شەڕەکەی هەڵـگیرساندووە بـەهۆی ئـەو هەڵـەی دەسـتهەڵبڕینەی لـە پەنجـەرەی ژوورەکەداو بەو شێوەیەش ئەفسەرە ژاپۆنییەکـە بـە شـێوەی هەڵـە ئـەو ئاماژەیـەی (جیم)ی تەفسیر کردووە.

**سیناریۆکە** – Screenplay:

لـەم سـیناریۆیەدا سـوودوەرگرتنی تـۆم سـتوپارد دەردەکـەوێ هـەر لـە هـەمان دیمـەنی روومانەکـەدا. دیمەنەکـە لەسـەر ژوورێکـی جـیم لـە ئوتێلەکـەدا دەسـت

پێـدەكات. بـەڵام ئـەمجارە جـیم خـەوتووە. سـەرلەبەیانییەكەی زوو لـە دەنگـی هـەڵفڕینی فڕۆكەیـەك بێـدار دەبێتـەوە. لـە جێگەكـەی دێتـە دەرەوەو بـەرەو پەنجەرەكەی دەڕوات.

ئەو ئاكشنە درێژە سەبارەت بە مارێنزی ژاپۆنی بە چەند كەشتییەكەوە، وەك ئەوەی لە رۆمانەكەدا هاتووە لە سیناریۆكە كورت كراوەتـەوەو گۆڕدراوە بـۆ ئـەو حاڵەتەی كاتێك جیم سەرنج لە بەلەمە جەنگییـەكانی ژاپۆنییـەكان دەدات لەنێو رووبارەكەدا. لە پەنجەرەكە دەگەڕێتە دواوەو دەچێتەوە لای جێگەكەی.

گرتەیـەكی دەرەكیـی ئوتێلەكـە ئـەو رووناكییـەمان پێنیـشان دەدات كـە لـە پەنجەرەی ئوتێلەكەوە دەردەكەوێت. ئێمە دوای ماوەیەكی كورت گرتەكە دەبـڕین. لێرەدا جیم جلی قوتابخانـەی پۆشیوەو، بـە دوای ئەمـەدا بـە دیمـەنێكی دەرەوە لـە پەنجەرەكەوە سەرنجی ئـەوە دەدەیـن كـە دەڕوات. دیـارە كـە بەلەمـە جەنگییەكـەی ژاپۆنییەكان ئاماژە بۆ بەلەمێكی دیكە دەكات لە ناوەڕاستی رووبارەكە. جیم بەرەو لای جێگەكـەی دەگەڕێتـەوەو لایتەكـەی هەڵدەگرێ. بـڕین بـۆ گرتەیـەكی نـوێ لـە دەرەوەی ئوتێلەكـە. ئەمـە گرتەیـەكی فراوانـی ئوتێلكەكەیـەو لەگـەڵ رووبـارو هـەروەها بەلەمـە جەنگییەكـە. لـە بەرەبـەیانێكی لێڵـدا لایتەكـەی جـیم لـە پەنجەرەكەوە تیشك دەداتـەوە. لـە دوای ماوەیـەك لـە دواوەی بەلەمـە جەنگییەكە ئاماژەیەكی رووناكی لە ژوورەكەی جیم دەداتو رووناك دەبێتەوە. جیم دەكەوێتـە دواوە. لەمیانـەی چـەند چركەیەكدا بـاوكی جیم بـە پەلـە رادەكاتو بـانگی جـیم دەكات:

جیم

مەبەستم ئەمە نەبوو.. گاڵتەم كرد!

ئێـستا ئەگـەر سـەرنج بـدەی رەشنووسـی یەكـەمو سـێیەم لـە سـیناریۆكە لـە بنەڕەتـەوە هاوچەشـنن. ئێمـە دەتـوانین ئەمـە لەگـەڵ بـۆردی رووداوەكـە بـەراورد بكەین، كە مەیلەو رێكخستنێكی ساكارو راشكاوە لە سیناریۆكە. گۆڕانی سـەرەكیو گـرنگ، ئـەو گۆڕانەیـە كـە بتوانـێ دیمەنەكـە بـە راسـتی بگۆڕێـت بـۆ دیمـەنێكی سینەماتیكی راستەقینە، ئەوا خراوەتە سەر فیلمەكە.



( ٤ )

# بەوێنەكردن: كەرەسەو تەكنیك
# *VISUALIZATION: TOOLS AND TECHNIQUES*

**بۆردی فۆتۆیی** – Photoboards:

تـەنها بـۆردی رووداو تاكـە رێگـەی بەوێنـەكردن نییـە بـۆ گـۆڕینی بیرۆكـەو كۆنسێپتەكانی تۆ بۆ فیلم. لەم كتێبەدا رێگەیەكی تر دەخەینە روو كە بریتییە لـە بـۆردی فۆتـۆیی.. سوودی ئـەو بـۆردە فۆتۆییانـە ساكارێتیی ئەنجامـدانو هـەروەها هاوكاریی كەرەسە گرافیكیو چاوەكییەكانی وێنە جووڵاوەكان (سینەما) دەكەن.

قووڵێتیی لێكۆڵینـەوەو تواناكـانی (چـەقی دووری) دەكـرێ هـەموو ئەمانـە بـە شێوەیەكی ورد لە چەند بۆردە وێنەییەكدا بەراورد بكـرێن، هـەروەها دەشكرێ بـە هاوسەنگییەتی تیایاندا فراوان بكرێن. بەڵام زیانی ئـەم شێوازە ئەوەیـە كـە قووڵە پێویستو گرنگەكان هەروەها دیمەنەكان دەبێت رێك بخرێنو بخرێنـە نـاو كـارەوە. هەرچۆن بێت ئـەوا رێـژەی سوودو گرنگییـەتیی بـۆردە فۆتییـەكان پەیوەندییـەكی قـووڵی لەگـەڵ زنجیـرە رووداوەكانـدا هەیـە كـە ئامـادە كـراونو بـە پێچەوانەشەوە. دیمەنێكی بچووكی دراماتیكی لەگەڵ كاستێكی كەمو سنووردار سـەبارەت بـە بـۆردە فۆتۆییەكان نموونەییە، لە كاتێكدا رێكخستنی رووداوێكی ئاكشنی بـۆ ژمارەیـەكی زۆر لە ئەكتەران زۆر ئاسانتر بەهۆی روونكردنەوە وێنەییەكانەوە ئەنجام دەدرێن.

**ڤیدیۆ** – Video:

پێشكەوتنی تەكنەلۆجیای ڤیدیۆ هۆم (Video Home) لەم دە ساڵەی دواییـدا چەند هەوڵو دەرفەتێكی فراوانی خستە بەردەم فیلمسازەكان كـە هـەر پێـشوەختە ئایـدیاكانیان بخەنـە روو لـە نزیكـەی هـەمان ئـەو شـێوەیەی كـە دوای هـەموو

پرۆسەیەکدا وێنە دەگیران. کامیرای ڤیدیۆیی (Camcorder) شێوەی مونتاژی سەر کامیرای بە جۆرێك هەرزان بەهاو کارئاسانە، کە مونتاژێکی خاوێن دەستەبەر دەکەن. هەموو ئەمانە بە جۆرێك دەست دەکەون کە پرۆسەی مونتاژی دیمەنو رووداوە ئاڵۆزەکان دەتوانرێت بە ئاسانی بەیەکەوە بکلێندرێن، بێگومان دەرەنجامی ئەمە لە زۆر رووەوە بوارو دەرفەتی چاکسازیکردنو دەستکاریی زیاترە لەوەی کە لە رێگەی بۆردی رووداوێکەوە ئەنجام دەدرێت. هەرچۆن بێت، دیمەنەکان بە هەمان شێوەی بۆردە فۆتۆییەکان پێویستە بۆ کامیرای ڤیدیۆیی رێك خرابن هەروەها وێنەگرتنی ڤێرژنەکان بە کاسێتی ڤیدیۆیی بە دڵنیاییەوە زۆر ئاڵۆزترو سەختتر ئەنجام دەدرێت لە گۆڕینی بۆردی رووداو سەبارەت بە نەخشەکێشێك.

بەکارهێنانی کاسێتی ڤیدیۆیی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی بەوێنەکردن بە دیاریکراوی بۆ دەرهێنەرە سەربەخۆکانو ناپەیوەنددارەکان بە دەزگاو کۆمپانیاکانەوە شیاوترە، ئەمەش چونکە ئەکتەرو بەشداران بە بێ پێدانی پارەو خەرجییەکی زۆر بەشدار دەبن.

هەر لەو کاتەوەی کە ئەکتەرەکانت سەرقاڵی مەشقکردنن ئەوا تۆ هاوکات دەتوانی بیرۆکەو کۆنسێپتە ڤیژوەڵییەکان تێست بکەیتو بەسەریان بکەیتەوە. خۆ دەشتوانیت بەهەرحاڵ کامیرایەکی تایبەتی (کەسی) بکرێت ئەگەر لە حاڵەتێکدا نەتبوو.

بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی کارەکەت بە هەنگاوێك زیاتر، ئەوا لە پێشەوە دەتوانیت گرتەکانت هەر لەسەر کاسێتی ڤیدیۆکەت ببڕیو بیانگۆڕیت بۆ چەند زنجیرە رووداوێك (تێبینی: لێرەدا تەنها پرۆسەی بڕین، واتە پرۆسەی توانەوە Dissolve دەستکاری نەکەیت).

### ڤیدیۆ دێسکتۆپ – Desktop Video:

ئێستا فرەمیدیاکان گۆڕاون بۆ هەنووکەییترینو گەرمترین بابەتی نێو کۆمپیوتەرە تایبەتییە کەسییەکان (PC) کە ئاماژە بە دەنگ، وێنە، وشە دەدات، کاتێکیش ئەمە وەك جۆرێك پێشبینی دێتە بەرگوێ ئەوا کار دەکاتە سەر



چۆنیەتیی پەیوەندییەکانمان.

پرۆگرامێکی کۆمپیوتەری دیکە کە دوابەدوای ئەمە دێت بریتییە لە پرۆگرامی (Publishing Boom) ئەوا لێرەوە ڤیدیۆ دێسکتۆپ Desktop Video بریتی دەبێ لە دەنگو وێنە کە بەشێکن لە فرەمیدیاکان Multimedia. لەو کاتەوەی کە (Desktop Publishing) بەهۆی پرینتەری (Laser)ەوە ئەنجام دەدرێ. ئەوا دێسکتۆپ لە راستیدا کاری کردۆتە سەر تەکنەلۆجیای نوێ وەك: گرافیكو هێڵکاریی کۆمپیوتەریو، (Compact Disc - CD) لەنێو سیتەمێکی ئاڵۆزو گرانبەهای کۆمپیوتەرییەوە بەرەو سیستەمەکانی کۆمپیوتەرییە تایبەتییە کەسییەکان گوازراوەتەوە.

لێرەدا پرسیارەکە ئەمەیە کە (دێسکتۆپ) دەتوانێ چی بکات؟ بەگوێرەی پرۆسەی (بەرچاوکردن – Visionaries) لە کۆمپیوتەری ماکنتۆش، کە ئێستا بەکارخەری پرۆگرامی (DTV)یە لە رووی هەموو شتێکەوە. هەر لەو کاتەوە کە مۆسیقا، وێنەی فۆتۆیی، ڤیدیۆ، روونکردنەوە وێنەییەکانو هەروەها کاری فیلم دەکرێ هەموویان دیجیتایز بکرێنەوەو بخرێنە ناو زمانێکەوە کە کۆمپیوتەر بتوانێ بەکاریان بێنێ. کۆمپیوتەرە تایبەتییە کەسییەکان دەکرێ ببنە کونسۆلێکی (Consol) پرۆسەی بڕینو سایزەرکردنی مۆسیقاو وێنەکێشانی سەر بۆردو هەروەها چاپکردنی رۆژنامە.

وێنەی ئۆرجنەڵ دەکرێ بەهۆی کۆمپیوتەرەوە ئەنجام بدرێ یاخود لە چەندین سەرچاوەی دیکەی جیاوازەوە بگوازرێتەوە وەك: ڤیدیۆ، فیلم، دیسك، فۆتۆگراف، روونکردنەوەی وێنەیی، تێکستو، هەر کاتێك وێنە یاخود هەر دەنگێك خرایە سەر کۆمپیوتەرەکە ئەوا دەتوانرێ لەگەڵ هەر ژمارەیەکی زۆر لە پرۆگرامەکانی (سۆفتوێر)ی فرەمیدیایی بەکار بهێنرێ کە ئێستا بە ئاسانی دەست دەکەون. تۆ خۆت دەتوانی کاسێتی VHS بە ئاسانی بخەیتە سەر کۆمپیوتەرەکەت، ئینجا لەگەڵیدا تایتڵی بخەیتە سەر، یاخود وێنەی پێوە بلکێنی لەگەڵ بەکارهێنانی کارتێکەرە تایبەتییەکان، یان بە بەکارهێنانی ئەنیمەیشن.




CAR EXITS FRAME .... (CUT TO)

TB-13B

SC.52 B



NT CAR.. JIM'S MOTHER.. "WHAT ARE WE GOING TO DO?"
IM'S FATHER "PERHAPS THERE'LL BE A BOAT.. I'M SORRY YOU TWO...
MAX WAS RIGHT." (CUT TO)

TB-14

SC 52 C





وێنەی (٤٢)






SC 52-






وێنەی (٤٣)




وێنەی (٤٤)






وێنەی (٤٥)

( ٥ )

## بازنەو زنجیرەی بەرهەمی فیلم
## *THE PRODUCTION CYCLE*

بەرهەمهێنانی فیلم لە چەشنی شەمەندەفەرێکی درێژ، پارچە یەك لە دوا یەکەکانی کەرەسەو سوارییەکان دەگوازێتەوە، کاتێك شەمەندەفەرەکە وێستگەیەك جێدێڵێو دەگاتە یەکێکی دیکەو بەم شێوەیە... ئەم حاڵەتە هاوتایە لەگەڵ پرۆسەی بنەما سەرەتاییە سەرەکییەکانی هونەری فۆتۆگرافی سەبارەت بە فیلم.

ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە رووی پلانو بەرنامەکان پرۆسەیەکی سەختە تەنها زەمەنو کاتێك کە دەرهێنەر بتوانێ بێ هیچ فشارو تەنانەت هیچ گرفتێك ئاراستەی فیلمەکە بگۆڕێت بەر لە خەملاندنی پارەی تەرخانکراوو بەر لە ئامادەکردنی کاستی بەرهەم. ئەوا ئەو کاتە تەنها دەرهێنەر، بەرهەمهێن، سیناریست، هەروەها دیزاینەری بەرهەم لەسەر پرۆژەیەك لە کاردا دەبن، هەر لەم بنەمایەوە دەرهێنەر پێویستە متمانەی بخاتە سەر پرۆسەی بەوێنەکردن تا ئەو کاتەی دوابڕیار لەسەر بەرهەمەکە دەدرێت. هەرچەندە ئەمە زۆر سەختە گۆڕانکاریی تیا بکرێت بە تایبەتی کە کاتێ قۆناغی دەستپێکردنی وێنەگرتنەکە نزیك دەبێتەوە کە بۆ هەر فیلمسازێك گرنگە درك بکات کە چۆن بەوێنەکردنی تایبەتیو کەسیی خۆت لەنێو پرۆسەی هەماهەنگییەتیی بازنەی بەرهەمدا کۆ دەکەیتەوەو پەیوەندی بەرهەم دێنیت. کردارو ئاکشنی زیندووی فیلم زیاتر لە هەر شتێکی تر لە گۆڕانی بەردەوامدایە، ئەمەش خەسڵەتو سیفەتێکی ئیبداعییانەو توانایەکی پراکتیکییە. سیفەتی چاکێتیی ئەمە لەوەدایە کە هەر ناچاوەڕوانکراوێك سەبارەت بە هونەرمەندو لە دواییشدا سەبارەت بە بینەر



بەچێژە. لێرەدا بەرپرسیارێتی خاڵێکی گرنگە بۆ پارە تێچوون لە فیلمێکداو هەروەها ئاڵۆزیەتیی بەرهەمهێنان کە دەکرێ بگۆڕدرێن بۆ بەربەستێکی گەورە کاتێك پلانەکان بەو شێوەیە بەڕێوە نەچن کە نەخشەیان بۆ کێشراوە.

پرۆسەی بەوێنەکردن یەکێك لەو چارەسەرو رێگەیانەیە کە بەهۆیەوە ئەو بەربەستو رێگرە کەم بکاتەوە، هەتا تەنانەت ئەگەر دەرهێنەر کارەکەی گەیاندبێتە قۆناغی تەواوبوون، ئەمەش بەهۆی پێشخستنی زیاتر بۆ کۆنسێپتەکانو پلاندانان بۆ جێبەجێکردنیان بەر لە دەستپێکردنی یەکەمین گرتەی فیلم. لێرەوە فیلمساز لە توانایدایە کە کاتو هەروەها سەرنجی خۆی ئازاد بکات تا بتوانێ وەڵامێك بەرهەم بێنێت بۆ ئەو دەرفەتە ناچاوەڕوانکراوو ناڕۆشنە کە لەمیانەی بەرهەمهێنانەوە لە سەرەتای یەکەمین رۆژی نووسینی فیلمەکە سەرهەڵدەدەن تا دەگاتە کۆتایی دوا پرۆسەی بڕین.

خشتەی کاری بەرهەمهێنانی تەواوی فیلمێك، فیلمێکی سەربەخۆ (لە دەرەوەی هولیوود) لەگەڵ فیلمێکی ئاسایی کە رێڕەوو ئاراستەیەکی ئاساییانەی هەبێت، لە پەیوەندییەکاندا هاوچەشنن سەرەڕای پلانو خشتەی کاری تایبەتی دیاریکراوو هەروەها جیاوازیی فرمانو ئەرکەکانی دەرهێنەر لەگەڵ پرۆژەو هەروەها بڕو رادەی بەشداریو پەیوەندیکردن کە فیلمساز بە شێوەیەکی گشتی لە پرۆسەی بەوێنەکردندا دەستی کەوتووە. سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەوا دیسانەوە دەرهێنەر بە شێوەیەکی گشتی بەرپرسیارە لە بڕیارە ڤیژوەڵییەکان کە کاری دامەزراندنو دانانی کامیراو خولقاندنی ئەتمۆسفیری شانۆیی دەگەیەنێ. بەڵام نەخشەو دیزاینی جلوبەرگ بەرپرسیارێتیی دیزاینەری بەرهەمن کە ئەمەشیان دیسانەوە لەلایەن دەرهێنەرەوە لە رووی کۆنسێپتو هەروەها پلانو رێکخستن بە تەواوی رێنمایی کراوە.

لە هەموو ئەمانە گرنگتر دەرهێنەر بە مەبەستی بەکاربردنو پراکتیزەکردنی تواناو خاڵە بەهێزەکانی پێویستە شێوازو ستایلی خۆی لە کارکردندا بدۆزێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەش لەم بەشەدا تەوەرەی کاری بەرهەمهێنانی فیلم وەکو چوارچێوەی کارێکی لاستیکیو ناجێگیر دەخاتە روو کە فیلمسازەکان بتوانن سوود

له پرۆسەی (خواستن‌و سوودوەرگرتن) بۆ کارەکانیان وەربگرن، ئەمەش دیسانەوە دەبێتە ڕێنماییەکی پراکتیکییانە بۆ پرۆسەی داهێنان مادامەکی بزانین کە فیلمسازی هونەرێکی باڵای پراکتیزەکردنە. پرۆسەی بەوێنەکردن بە دوو ڕێگە کاری پێدەکرێ: یەکەمیان: پێکهاتووە لە پێکهاتەی سەرجەم بەرهەمی فیلم کە تیایدا بابەت‌و ناوەرۆکی فیلمەکە خرابێتە ڕوو ئەنجا بیرۆکەکان دەستەبەر کرابن‌و کۆ کرابێنەوەو لە کۆتاییشدا پارێزرابن.

دووهەمیان: پرۆسەی ئاسانکاری بە هەمان پرۆسەی بینین پێش خرابێ‌و تەنها چاکترین بنەما کۆنسێپتە پەیوەندیدارەکان بە دەست لێنەدراوی دەپارێزین. هەتا تەنانەت ئەگەر پرۆژەکەت بودجەیەکی چڕ یاخود بەرهەمێکی سەربەخۆی بچووك بێت، ئەوا ئەم دوو جۆرە پرۆسەی بەوێنەکردنە بەسەر پێنج قۆناغی بەر لە بەرهەمهێنان ورد دەکرێتەوە:

* سیناریۆ.
* دیزاینی بەرهەم.
* شیکردنەوەی سکریپت.
* سینەماتۆگرافی.
* مەشق‌و ڕاهێنان.

**قۆناغی یەکەم** – PHASE ONE:

**سیناریۆ** – SCRIPTWRITING:

یەکێك لە بەرچاوترین‌و کاریگەرترین فۆرم لە فیلمدا بریتییە لە (سیناریۆ)، ئینجا دابەشکردنی کارەکانی تر دێت لە ستدیۆ، ئەمەش بەهۆی پۆلێنکردن‌و جیاکردنەوەی چیرۆك‌و ڕووداوی فیلم، ئینجا بەهۆی پێکهاتە ڤیژوەڵییەکانەوە ئەنجام دەدرێن سەبارەت بە هەموو ئەو هۆکارە دیارو بەرچاوانەی بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە خراونەتە ڕوو، ئەوا لە دواهەمین شیکردنەوەکاندا هیچ یاساو بنەمایەکی هاوکات‌و زبر لە ڕووی خستنەڕووی چۆنیەتیی سیناریۆو هەروەها




وەزیفەی سیناریۆ بۆ ئەنجامدانی فیلمێك لە ئارادا نییە. ئەم چەند دێڕەی دایڤید بێرن David Byrne کە لە سەرەتای سیناریۆ چاپکراوەکەی بۆ فیلمی (چیرۆکە ڕاستەقینەکان) نووسراوە وەسفێکی شیاوە بە جۆرێك کە چۆن دەکرێ شارستانیەتی‌و پرۆسەی نووسین پێکەوە ببەسترێن:

(ئەو شێوازەی فیلمەکەی لەسەر بونیاد نرا، سوودو بەهرەم لە ڕۆبرت وڵسن بینی، ئەو زۆرینەی سەرەتای کارەکانی لە ڕێگەی پارچە شانۆگەرییەك ئەنجام دەدا ئەمەش بەهۆی چەن بیرۆکەو کۆنسێپتێکی بەوێنەکراوو هەروەها لەمیانەی شێوەی تۆنی دەنگ‌و دیالۆگدا. من هەمان شێوازی ئەوم لە کارەکەمدا پیادە کرد. سەرەتا هاتم‌و دیوارێکم بەهۆی چەند وێنەو تابلۆیەك بە تەواوی داپۆشی کە زۆربەیان بەسەرهات‌و ڕووداوی جۆراوجۆریان دەخستە ڕوو لە شارۆچکەیەکی بچووکدا، ئەنجا وێنەو تابلۆکانم بۆ چەند جارێك دووبارەو سێبارە ڕێکخستەوەو وێنەی دیکەم خستە پاڵیان تا ئەو کاتەی سەرجەم وێنەکان لە چەشنی زنجیرەیەك یاخود لێشاوێك لە وێنەی جۆراوجۆر دەرکەوتن).

لە ڕاستیدا ئەم ستایلە زۆر تایبەتی‌و کەسییەو، لەسەر ئەو بنەمایەوە سەرچاوەی گرتووە کە دیڤید بێرن هەرخۆی نووسەرو دەرهێنەری فیلمەکەی بوو. ئەو سکریپتەی ئەو نووسیبووی مەبەستی ڤایلکردنی ستدیۆکان نەبووە. کەوابێ ئەو لە داڕشتنی ڕووداوەکان ئازادییەکی تەواوی هەبوو، هەربۆیە بەرهەمەکە سینەماتیکییانەتر دەرکەوت ئەمەش بەهۆی دانان‌و کەرەسە ڤیژوەڵی‌و دەنگییەکان بە ڕێژەیەکی یەکسان.

فیلمەکە بەرهەمێکی تەقلیدی ستانداردی هولیوود نەبوو، ئەمەش بووە هۆی یەکسانبوون‌و هاوتابوونی ستایلی بەرهەمەکە بە دەرەنجامەکەی. تێبینی‌و رامان مەبەست‌و ئامانجی سەرەکییە. لە فیلمی (چیرۆکە ڕاستەقینەکان) بێرن بە دوای ئەو کەرەسانەوە بوو کە بە ڕۆشنی کەرەسەی ڕیپۆرتاژییانە بوون‌و خستنییە ناو شێوازو ستایلی خۆیەوەو بە کاری هێنان. مەبەست لەمەدا کۆنسێپتی بڵاوو تەقلیدی لە کاری سیناریۆدا کە وشە پێش وێنە دەکەوێ، تاکە ڕێگەی نووسینی سکریپت نییە.



**وێنەی (٤٦)**



### یاداشتو لێکۆڵینەوە – Memory and Research:

ئەو دەرهێنەرەی کە خۆی سکریپت بۆ بەرهەمەکەی خۆی دەنووسێت ئەوا دەتوانێ دەفتەرێك، یاخود فایلێك بۆ وێنەکانی هەر دیمەنێك لە دیمەنەکان ئامادە بکات کە لە راستیدا ئەم کەرەسەیە دەتوانێت وەك کەرەسەو پاڵپشتێك بەکار بهێنرێت بە مەبەستی دیاریکردنی شوێنی رووداوی فیلم، یاخود بە شێوەیەکی گشتی بە مەبەستی وەبیرخستنەوەو نوێکردنەوەی یادەوەریو وەگەڕخستنەوەو بزواندنی هەستو یاداشتەکان بەکار بهێنرێت.

ئەم پرۆسەیە سەبارەت بە پێشخستنی ناوەرۆکی بەسەرهاتە دراماتیکییەکانی فیلمەکە پرۆسەیەکی ئاساییەو، وەك سەرچاوەو کەرەسەیەکی ماددی بۆ دیزاین، کۆنسێپتی فیلم لە ساتی بەر لە دەستپێکردنی فیلم بەکار دێت، بۆ نموونە:

ئەگەر چیرۆکێك سەبارەت بە منالانەوە نووسرابێت ئەوا چەند وێنەیەکی شوێنی خەوتنی منالەکە ئەو بیرۆکەو وێنانە لەخۆ دەگرێ کە دنیای ئەو منالە دەخاتە روو کە تەنها بەهۆی سکریپتەوە (دەق) ناتوانرێت ئەمانە نیشان بدرێن. لێرەدا پێویست نییە وێنەی ئەو گرتانە نیشان بدات کە دەرهێنەر بەنیازە لە فیلمەکەیدا بەکاریان بێنێت، بەلام دەتوانرێ پەیوەندیکردنی ناوەرۆكو تۆنی دیمەنێك بۆ دیزاینەری بەرهەم یاخود بۆ سینەماتۆگرافی بەکار بهێنرێت.

کەوابێ لێرەوە چەند گرتەیەك لە سندوقی کەرەسەی یاریی منالەکەو هەروا ئەو پۆستەرو وێنانەی کە لەسەر رووی دیواری ژووری منالەکە هەلواسراون، یاخود حالەتی ئەو شلەژاویو شەپرێوەی دۆلابی جلوبەرگ لە ژووری منالەکە ئەو وردەکارییانە لەخۆ دەگرێ بە بێ وێنەگرتنی فۆتۆگرافی، ئەوا لەوانەیە بە ئاسانی لەبیر بکرێو نەتوانرێ لە کاتی پێویستدا بە بیر بێتەوە.

نووسەران بە شێوەیەکی گشتی لایەنی باکگراوند یاخود بایۆگرافی گەشە پێدەدەن بۆ ئەو کاراکتەرانەی کە بەسەرهاتو رووداوی ژیانی تایبەتییان دەخەنە روو، ئەمە بەر لە دەستپێکردنی دانانی چوارچێوەو سنووری کات لە چیرۆکەکەدا.

بەهۆی پێکهێنانی کاراکتەری تەواو (بازنەیی) لەمیانەی نیشاندانو

خستنەڕووی رابردووی ئەو کاراکتەرانە، ئەوا نووسەر زۆر بە ئاسانی دەتوانێ ساتی (ئێستا) دابمەزرێنێو هەروەها دەشتوانێ لە دیمەنێکدا پێشبینیی سروشتییەتیی هەڵسوکەوتی ئەو کاراکتەرانە بکات. وێنە فۆتۆگرافییەکان، وێنەی سەر گۆڤارو سەرەمانشێتی رۆژنامە، پۆستکارتو لاپەڕە وێنەییەکانی خوێندنگا بەرزەکان هەموو ئەمانە دەتوانن شێوەی باکگراوندی بینراوی بەسەرهاتەکە داڕێژن، چونکە ئەو ژیانە راستەقینەی ئەوانە کە یارمەتیت دەدەن لە بەوێنەکردنی چڕێتیو ئەو حاڵەتە تێکەڵەی کە لە ناو چیرۆکو بەسەرهاتەکە روو دەدەن، ئەمەش بەهۆی تەرخانکردنی ئەو کاتە فراوانەوە بەرهەم دێت کە رۆژانە لە بەردەم کۆمپیوتەرەکەت یاخود پرینتەرەکەت دەیبەیتە سەر.

**پەیوەندییەکان** – Connections:

میتۆدو شێوازێکی راستەقینە لە رێکخستنو دامەزراندنی ستراکچەری سکریپتێك (دەقی نووسراوی فیلم) بریتییە لە بەکارهێنانی شێوە کارتی ئەلفەباتیکی بە ریز، واتە بە شێوەی رێکخستنی بنەمای پیتە یەك لە دوای یەکەکان. ریزە کارتێك هەر یەکێك لەو کارتانەی کە دیمەنێك لە چیرۆکەکە دەخەنە روو لەسەر رووی بۆردێك نیشان دەدرێت. ئەمە رێگە بە نووسەرەکە دەدات کە هەموو بنەماکە بە یەك جار بخاتە بەرچاوی خۆی. رێکخستنی تری هاوشێوە، ئەمەشە بەهۆی بەکارهێنانی چەند وێنەیەك بە جۆرێك لەگەڵ هەر دیمەنێك لە دیمەنەکان گونجاو بێتو هەماهەنگی هەبێت. رەنگە لێرەدا تۆ تابلۆیەك لە تابلۆکانی (دیڤید هوکن) یاخود وێنەی کامیرایەکی کۆداك بەکار بێنیت کە لەگەڵ هاورێکەتدا لەسەر کەناری دەریایەك وێنەت گرتووە، ئەگەر کارێکی لەم شێوەیە هەستو یادەوەرییەکانت هان دەداتو دیمەنێکت دێنێتەوە یاد.. ئەمە پوختەی کارەکەیە. تەکنیکی تری هاوشێوە کە تیایدا ئەو وێنانە بەکار دێت کە بیرۆکەی دیمەنێك لە سکریپتەکەت دەخاتە روو، بەڵام ئەمە بریتی نابێت لە روانینێکی دیاریکراو لە خودی دیمەنەکە.



جۆن هوستن (John Huston) لە فیلمی شاژنی ئەفریقیایی ئەم شێوە پەیوەندییە راستەوخۆیەی بەکارهێنا کاتێك رێنمایی بە ئەکتەر (کاترین هیپ برن) دەدا، بەڵام لە کۆتاییدا بە شێوەی بیرۆکەو کۆنسێپتی کاترین ناقاییل بوو لەمیانەی رۆڵی (رۆزا)دا. رۆزا قەیرەیەکی مەسیحی مزگێنیدەر بوو. جۆن هوستن لێرەدا پێشنیاری کرد کە کاترین پێویستە رۆڵەکەی ببینێ وەك ئەوەی خۆی (ئیلینەر روزفیلت) بێت. ئەمە لە راستیدا رێنماییەکی گرنگتر بوو لە گفتوگۆیەکی درێژخایەن بۆ گەڕان لە دوای چەند رێگەیەك بۆ دامەزراندنی تاکە رێیەك. لێرەدا وێنە یاخود فۆتۆگرافێك هەردووکیان دەتوانن بە یەکسانی ببنە هاندەرو هەروەها وەك بیرخەرەوەیەك لە وەسفکردنی تۆنو ئەتمۆسفیری دیمەنێك کار بکەن، بۆ نموونە:

ئەگەر لە سکریپتێکدا باسی دوو پیاو بکەیت لە یانەیەکی ئەورووپای ناوەڕاست لە ساڵانی ١٩٥٠دا، لێرەدا ئەو وێنە فۆتۆگرافییەی گوزارشت لە (بەرمیلی شەراب) دەکات کە بگەڕێتەوە بۆ ئەو زەمەنەو ناوچەیە، بە شێوەیەك دەتوانێ وەسفی حاڵەتی ئەو شوێنە بکات کە سکریپتەکە ناتوانێ گوزارشتی لێبکات.

**دەنگو میوزیك** – Sound and Music:

پرۆسەی بەوێنەکردن تەنها نیشاندانی وێنەو خستنەڕووی حاڵەتەکان ناگەیەنێ، بەڵکو مۆسیقاو دەنگ دەبنە بەشێك لە پرۆسەکە چونکە هەر بەهۆی ئەمانەوە وێنەکان دەخرێنە روو.

زۆرێك لەو فیلمسازانەی دەیانناسم خۆیان کاری مۆسیقای فیلمییەکانیان نووسیوە. بێگومان ئەمە یارمەتییان دەدا لە بەوێنەکردنی ریتمو ئەتمۆسفیری دیمەنەکەو هەروەها لە بەوێنەکردنی پلەی خێرایی بەرهەمەکە. هەندێك لە فیلمسازەکان زنجیرە رووداوەکان بۆ ئەو مۆسیقایانە دەبڕنو وەلای دەنێن کە ئامادەیان کردووە، هەرچەندە لە دواییدا بەهۆی دانە ئۆرجینەڵەکەوە دەخرێنە شوێنی دیمەنەکەوە.

کاری مۆسیقا ڕێگەیەکی بەرزی پەیوەندیکردنە بە ریتمو بەرەوپێشچوونی ڕووداوی لەسەرخۆی دیمەنەکە بۆ دیزاینەر، یاخود مۆنتێر، ئەمەش گرنگییەتیی خۆی هەیە هەتا تەنانەت ئەگەر چاوەڕوانی ئەمەش نەبیت کە لە دیمەنێکدا مۆسیقای تێدا بەکار بێنیت. سینەماتۆگرافەرو دیزاینەری بەرهەم ڕەنگە هەمووکات هەستی لەم شێوەیە بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. بە بۆچوونی من کاری فیلم بریتییە لە پرۆسەی پەیوەندیکردن بۆ دەرخستنو نیشاندانی ئەوەی کە تا چەند دەتوانرێ ئەزموون بەوێنە بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئامادەیی دەرهێنەر لە پشت کامیراوە یەکێکە لە پێویستییەکان.

کامیرای جۆری (سوپەر ٨ – Super 8)و کامیرای ڤیدیۆو هەروەها کاسێت ڕێکۆردەرو کامیرا بۆ هەموو بودجەکان گونجاون کە لێرەدا دەرهێنەر هیچ پاساوێکی بۆ نامێنێتەوە تا بەوپەڕی دروستییەوە پراکتیزەی هونەرو پیشەکەی خۆی وەك دەرهێنەرێك نەکات. لەلایەکی تر وێنەو دەنگی تۆمارکراو دەتوانێ وەکو خوێندنەوەو هەروەها شیکردنەوەیەك خزمەت بە دەرهێنەر بگەیەنێت، بەڵام دیسانەوە مەشقو ڕاهێنان بۆ وروژاندنی هەستو کارکردنی توانای بینین لای دەرهێنەر ڕێگەو چارەسەرێکی ترن کە گرنگییەتیی لەوەی پێشوو کەمتر نییە. بێجگە لە هەر نرخو بەهایەکی تر کە دەرهێنەران دەستەبەریان کردووە، ئەوا سکێچی وێنەیی کۆتایی پرۆسەکەش دەگرێتە خۆ، هەروەها کۆتایی وێنە دۆکیومێنتەکانی شێوەی بینینی تایبەتیی تۆیە، لەمەش گرنگتر، کۆتاییە سەبارەت بە کەرەسە بینراوەکان. کارتێکەرە دەنگییەکانیش کاریگەرێتیو بەهای خۆیان هەیە.

جەنجاڵیی شەقامێكو دەنگدانەوەی دەنگی ئۆتۆمبێلێکی دوور دەتوانن شەقامەکانی شارێك بخەنە ڕوو کە لەلای نووسەرێکەوە لەمیانەی نووسین، تایپکردنی حاڵەتی ئەو گەڕەكو ناوچەیەی تیایدا دەژی بەرهەم دێت. لەلایەکی تریشەوە بەکارهێنانی کاسێتی تۆمارکردن قەوارەیان بچووکەو ئاسان نییە ڕووداوەکانی ئەو شوێنەو گفتوگۆکان بگوازێتەوە، یاخود بتوانێ ژاوەژاوی ئۆفیسێك



یاخود خشپەخشپی جەنگەڵێك لە وەرزی هاویندا تۆمار بکات. لێرەدا ئەکتەر دەتوانێ بەو دەنگانە بڵێت (کاڵ)، یادەوەریی هەستەکانو، بەشێك لە فێربوونو زانینی ئەوەی کە چۆن نواندن ئەنجام بدرێت، بریتییە لە فراوانکردنو زیادکردنی هەست ناسکی لە ڕووی دنیا، ئەمەش لەمیانەی تێبینیو ڕامانو وردەکارییەکانەوە دێتە بەرهەم، دەرهێنەرانیش پێویستە هەمان شت ئەنجام بدەن.

**دەفتەری سکێچی ڤیژوەڵی** – A Visual Sketchbook:

لەو کاتەوەی کە دەرهێنەر پێویستە سەرنجو بینینەکانی خۆی بگۆڕێت بۆ دەنگو وێنە، ئەوا تەرخانکردنی کاتێکی زۆر بە ڕوانین لەمیانەی چاوی کامیراوە ڕێگەیەکە لە پێشخستنی بەهرەو تواناکانی. کاری فیلم پابەندبوونە بە دەرخستنو ئاشکراکردنی ئەوەی کە چۆن ئەزموونەکان بگۆڕدرێن بۆ وێنەی بینراو. ئامادەیی تۆ لە پشت کامیراوە یەکێکە لە پێویستییەکانو، ریکۆردکردنی دەنگو وێنەکان دەتوانن وەك پشکنینو بەدواداچوون خزمەت بکەن، بەڵام لەلایەکی دی دەتوانی وەك مەشقو پراکتیکێك سەبارەت بە فراوانکردنی چاوی بینینت سوودی خۆیان هەبێت، لەمەش بترازێ لەوانەیە بەهاو گرنگیی دیکەی پراکتیکی دیکەی هەبێ.

سکێچە ڤیژوەڵییەکان دەبنە کۆتاییەكو سەرەنجامێك لەنێو خۆیاندا، هەروەها دەشگۆڕێن بە بینراوە دۆکیومێنتەرییەکانی بینینی تایبەتی خۆتو لە هەمووشی گرنگتر شتە بینراوەکان.

**قۆناغی دووەم** – PHASE TWO:

**دیزاینی بەرهەم** – PRODUCTION DESIGN:

هەرچەندە سیناریۆ وەڵامی زۆر لە پرسیارگەلێکی چەشنی (چی) لەبارەی ڕووداوی فیلمەکە دەداتەوە، بەڵام دیزاینی بەرهەم وەڵامی پرسیاری وەك (لە کوێ)و هەروەها (چۆن) لە پرۆسەی ئەنجامدانو جێبەجێکردندا لەخۆ دەگرێ. گەڕانو لێکۆڵینەوە لە هەردوو ڕووەکانی ڤیژوەڵیو زارەکی کە دەرهێنەر لە کاتی

نووسیندا کۆیان دەکاتەوە، دەبنە کەرەسەی خاو بۆ بنەماو توخمی پلاستیکیی دیزاینی فیلم، هەموو وێنە ناتەباو ناپەیوەنددارەکان کە فیلمساز لە فایلو دەفتەری یاداشتی خۆی کۆی کردوونەتەوە ئێستا دەبنە بونیادنەری ئەتمۆسفیری پڕ وردەکاریی فیلمێکی تەواو.

لە زۆر حاڵەتی دەگمەندا کە فیلمساز هەست بە کەمیو بێتوانیی بودجەی کارەکەی دەکات ئەوا بە هاوکاریی دیزاینەری بەرهەم خۆی هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی نەخشەو دیزاینی کارەکەی خۆی، ئەمەش بە ڕێکخستنی چەند دانشتنێك لەگەڵ دیزاینەری بەرهەم، بە شێوەیەك کە هەر دیمەنێك وەکو ئەوەی کە خۆی دەیبینێ وەسفی لێوە بکات.

ئەگەر دەرهێنەر توێژینەوە لە کەرەسەو ماتریاڵەکانی خۆی بکات لە کاتی پرۆسەی نووسیندا، ئەوا دەتوانێ هەر لەم ڕێگەیەوە کارێکی گەورەی کەرەسەکان بۆ دیزاینەر ئامادە بکات تاکو چاویان پێدا بخشێنێتەوە.

**لیستی سکریپتی فیلم** – Script Breakdown:

زۆرجار دەرهێنەر کاتێکی زۆر تەرخان دەکات بۆ دۆزینەوەی چەند چارەسەرە ڕێگەیەك کە لە رووی بودجەکەوە هەندێ شت وەلانێنو لایبەرن. بەو پێیەی کە پێشبینیی چەند بنەماو پێکهاتەی دراماتیکییانەی وێنەی فیلمەکان دەکەن ئەوا تایبەتمەندو پرۆفیشنەڵەکان راهاتوون کە چۆنێتیی بەڕێوەچوونی کارەکان بخەنە بەرچاویان، بێئاگا لەوەی کە چەند ڕێگەچارەی تری داهێنەرانەتر هەن کە لەبەر تێچوونی زۆری پارەو دارایی پشتگوێیان خستووە.

بەڵام راستی ئەمە پێچەوانەی بیرکردنەوەی تۆیە، کە بودجەی فیلم هەموو کات شوێنی پێشەوە لە پرۆسەی داهێناندا داگیر ناکات، زۆرجاریش بەرهەمی فیلمێك دەچێتە سەرووی بودجەکەی خۆیەوە، ئەمەش سەبارەت بە دەرهێنەرە کە هەتا تەنانەت هەندێ جار بەشی بەرپرس لە بودجەی فیلمێك لەو باوەڕەدایە کە تەرخانکردنی پارەی زۆر رەنگە کارو پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلمەکە باشتر بکات.



هەرچۆن بێت ئەم پرۆسەیە بێ گرفتو ماندووبوون بەرهەم نایەت. لە سەرەتای بەر لە ئەنجامدانو دەستپێکردنی بەرهەم، یاریدەدەری دەرهێنەرو بەڕێوەبەری بەرهەم لیستێك بۆ سکریپتی فیلمەکە ئامادە دەکەن. ئەم کارە بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەوڵێکی پراکتیکیو پێشبینییەکی داراییە بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەکە. لەلایەکی تر ئەو لیستە بەرپرسیار دەبێ لە ورووژاندنی چەند پرسیارێکی بنەماییو گرنگ.

ماوەی زەمەنیی ئەنجامدانی فیلمو ڕێژەی تێچوونی پارە؟ لەو کاتەی کە کاستەکە سەرقاڵی کارکردنن لەسەر پلانو نەخشەیەکی دیاریکراو، ئەوا لیستەکە گۆڕانکاریی تێدا دەکرێت. بەڵام سەبارەت بە کۆی تێچوونی پارەکە ئەوا بە دەستلێنەدراوی دەمێنێتەوەو هەر زیادکردنێك لە روویەکی بەرهەمەکە ئەوا مانای کەمکردنەوەیە لە لایەنو رووی تر. لیستی سکریپتو هەروەها خشتەی کاری بەرهەم باشترینو دیارترین چەندوچوون هەڵدەگرن سەبارەت بەوێنەکردن. بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو حاڵەتەکاندا فیلمەکانی دیکە لە دەرەوەی پرۆسەی بەردەوامییەتەوە بە مەبەستی پاراستنو پاشەکەوتکردنی پارە گرتەکان دەگرن، ئەمەش ئەو لۆجیکەیە کە لیستەکەی لەسەر بونیاد نراوە.

ئێستا هەر ئەکتەرێك یان هەر شوێنێك هەڵبژێرە، یاخود هەر سەرچاوەو کەرەسەیەك بێت کە بتوانرێ لە رۆژێکدا دەستەبەر بکرێ، لەو کاتەوەی ئەکتەرەکان ئامادەی کاری رۆژانەی خۆیان بن، ئەوا زۆر بێبایەخو ناگرنگ دەکەوێتەوە کاتێك ئەکتەرێك ئامادە بکەیت بۆ وتنەوەو ئاداکردنی چەند دێڕێك لە دیالۆگێکی سێ دیمەنی، کە هەر گرتەیەك لەم سێ گرتەیە لە رۆژێکی جیاواز ئەنجام بدرێت. زۆرجاریش لیستی خشتەی کار پێویستی بەوە دەبێت کە ئەکتەر لە تەنها رۆژێکدا هەموو دیالۆگەکانی خۆی بۆ هەر دیمەنێك لە دیمەنەکان ئامادە بکات ئینجا دەرهێنەریش زۆرجار دەکەوێتە حاڵەتی ئەوەی کە گرتەی هەر دیمەنێك لە ناوەڕاستی فیلم یاخود لە کۆتاییدا هەر لە هەمان رۆژدا تەواو بکرێت، تاکە ڕێنمایی لەمیانەی ئەو گەمە (وێنە پارچەپارچەییانەدا) تەنها سکریپتە.

کەسی چاودێری سکریپت بەرپرسیارە لە پارستنی سەرجەم تۆمارکردنی وێنە یەك لە دوای یەکەکانی دیمەنێك، بەڵام ئەم تۆمارکردنە تەنها تۆماری گرتە گیراوەکانە نەوەك ئەو گرتانەی کاریان تێدا نەکراوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بۆردی رووداو یاخود شێوازو کەرەسەی دیکەی بەوێنەکردن، زۆر گرنگن هەتا تەنانەت ئەگەر خزمەت بە هاندانی دەرهێنەر بگەیەنێ بۆ ئەنجامدانی گرتەی نوێ لەسەر دیمەنو کەرەسەکان. کەوابێ دەرهێنەر لە توانایدایە سەرجەم کردەو ئاکشنی رووداوەکان تەماشا بکات.

**دیزاینی پراکتیکی** – Pictorial Design:

دوو جۆر دیزاینی ڤیژوەڵی هەن کە پێویستە دەرهێنەر بیانخاتە بەرچاو: دیزاینی پراکتیکی، رێکخستنی یەك بە دوای یەکی.

ئەوەی یەکەمیان، کەرەسە، جلوبەرگ، ئێکسسوار، ماکیاژ، یاخود هەر جۆرە کەرەسەیەکی تر کە پەیوەندیی بە شوێنەوە هەبێت دەبێ پێکبهێنرێ، هەتا ئەگەر ئەو کەرەسانە دەستکرد یاخود ئامادەکراو بن. دیزاینی (ڤیژوەڵ) بریتییە لە ئەتمۆسفێری فیلمو، بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیو سازانێکی فراوان لەگەڵ دیزاینی شانۆییو بیناسازیدا هەیە کە بەرپرسیارییەتێکی دیاریکراوە لە بەرپرسیارییەکانی بەرێوەبەری هونەری. ئەم رێگەیە بە شێوەیەکی بەرزو رەها ئەو هونەرەی تایبەتمەن کردووە کە بە تەواوی لە توانای رێکخستنی هونەریی یەك بە دوای یەکخستنی نووسەرو، هەروەها دەرهێنەر، یاخود سینەماتۆگرافەرو مۆنتێرەوە جیاوازە. کاستی هەر بەرهەمێك بە جیاواز لە بەرهەمی فیلمێکی دیکە کاری خۆی ئەنجام دەداتو، دەرهێنەرو بەرهەمهێن بنەماکانی هاریکاریو بەرپرسیارێتیی دابەشکردنی کار لەئەستۆ دەگرن.

دەرهێنەر دەبێتە خاوەن خواستی دیاریکراو سەبارەت بە دیزاینی ڤیژوەڵییانە لە کاتێکدا بەرێوەبەری هونەری بەلایەنی زۆر رێگە پێدراوە کە مامەڵە لەگەڵ هێڵی پانی جوگرافییانە (Latitude)دا بکات لەژێر رێنمایی دیزاینەری فیلم.



ئاراستەو شێوازی بەرهەمێك لە پرۆسەیەکی بەردەوامدا کە لەلایەن دەرهێنەرو دیزاینەری بەرهەمو بەرامبەر بەرهەمەوە بریاری لەسەر دراوە ئەوا لە دوای گفتوگۆو پیاچوونەوەیەکی درێژ روونکردنەوە وێنەییەکان دەستپێدەکەن بە مەبەستی ئەوەی بیرۆکەو کۆنسێپتەکانی بتوانن لەمیانەی، وە هەروەها لەگەڵ کاستی بەرهەمەکە گەشە بکەن.

دیزاینەری بەرهەم (پاتریکا ڤون بروندێتین Patrica Von Brondentein) بۆ زۆر لە فیلمە ئاڵۆزو گەورەکان کاری کردووە، لەوانە (ئامیلیا)و (بەهێزەکان)، ئەم نموونەیە ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ گرنگیو بنەڕەتییەتیی شوێنو هەروەها راستییەکی فیزیکییانەیە سەبارەت بە پانتایی لە پرۆسەی دیزاینکاریدا لە بەردەم کامیرا. هەرچەندە پاتریکا هونەرمەندێکی ناوادارەو لە کاتی پێویست بە بەرهەمهێنانی تابلۆو وێنە کۆنسێپتوالییەکان خەریك دەبێت، بەڵام لەو باوەڕەشدایە کە کارکردن لە دیزاینی بەرهەمێکدا کارێکی شیاوە، یاخود وەك دیزاینەرێك سەردانی شوێنی رووداوی فیلمێك بە هاوکاریی دەرهێنەرو سینەماتۆگرایو پلاندانانی گرتەو دامەزراندنی حاڵەتەکان شیاوترە. ئەو بریارانەی لە کاتی سەردانو بینینی شوێنی رووداوی فیلم دەدرێ، رەنگە بەهۆی سکریپتەوە تۆمار بکرێن ئەمەش وەکو لیستی گرتەکان، یاخود بەهۆی بۆردی رووداوێکی زبر ئەمە ئەنجام بدرێت. بەڵام لایەنە سینەماتیکییەکانی دیمەنێك بە زوویی لەسەرو، بە پێی شوێنی رووداوەکە دادەمەزرێ. لە یاسای فیلمە بودجە سەربەخۆکاندا، ئەوانەی لە دەرەوەی ستانداردێتیی هولیووددا کار دەکەن، ئەوا بە شێوەیەکی گشتی پارەو بودجەکانی بەرهەم بە نزمترین ئاست دەپارێزرێو کەرەسەکانیش بە شێوەیەکی بەرز گرانبەهان. لەم حاڵەتەدا دیزاینەرانی بەرهەم ناچارن لەمە بچنە دەرەوەو شوێنی گونجاو بدۆزنەوە بۆ کارکردن، بە جۆرێك بەرهەمەکەیان بە کەمترین پارە دەرباز بکەن.

**دیزاینی بەردەوامییەتی** – Continuity Design:

دیزاینی بەردەوامییەتی پێکهاتەی تاکە گرتەکانو ڕێکخستنی ئاکشنەکانو هەڵبژاردنی هاوێنەی کامیراو هەروەها دانانی گرتەکان پێکدێنێ. لێرەدا بۆچوونی من ئەوەیە (هەموو ئەو بڕیارانە پێویستە بەرپرسیارێتیی دەرهێنەر بن). دیزاینی بەردەوامییەتی بە شێوەیەکی گشتی بە گرنگییەوە دەستپێدەکات کاتێك ژمارەیەك بڕیار وەرگرتن سەبارەت بە شوێنی ڕووداوەکان ئەنجام درابن. هەموو دەرهێنەرێك حەز ناکات کە سەرجەم وردەکاریو پلانی گرتەکان بەکاربێنێ. هەندێك لە فیلمسازەکان تەنانەت لەو باوەڕەدان هەموو هۆکارەکان تەنها لە خزمەت تۆمارکردنی دیمەنێکدا بن، بەڵام هەندێکی دیکە نایانەوێ تەکنیکە ئیمپرۆڤایزەکانیان سەبارەت بە دیمەنێك یاخود کەرەسەکان بخەنە ڕوو. لە کاتێکدا هەندێك لە فیلمسازان هێشتا بە سادەیی بەرپرسیارێتی بۆ دیمەنی بینراوی فیلمێك لەخۆ ناگرنو بڕیاری بەردەوامییەتی بۆ دیزاینەری بەرهەمو سینەماتۆگرافەرەو مۆنتێر جێدێڵن. بەڵام هەرچۆن بێت بۆردی ڕووداو دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی ئەو کێبڕکێیە، بەڵام ئەگەر تۆ وەك دەرهێنەرێك لەگەڵ ئەو ئامێرو تەکنیکە ڕێك ناکەویت ئەوا پێویست ناکات کاریان پێبکەیت.

**دۆزینەوەو پشکنینی شوێنی ڕووداو** – Location Scouting:

هەوەڵین هەنگاو سەبارەت بە بەردەوامییەتیی دیزاینی فیلم بریتییە لە ڕێکخستنو بڕیاردانی ئەوەی کە دیمەنە تەنهاکان پێویستە لە کوێدا بگیرێن. بەو بڕیارەشەوە کە ئەگەر گرتەکە لە ستدیۆ یاخود لە دەرەوەی ستدیۆ وەربگیرێ. لە کاتی پرۆسەی بەر لە بەرهەمهێنان، دەرهێنەر کاتێکی زۆر لەگەڵ بەرهەمهێن، دیزاینەری بەرهەمو هەندێ کاتیش سینەماتۆگرافەر خەرج دەکات ئەمەش بەهۆی سەرنجدان لە گرتەکان کە لەوەوبەر بەهۆی گەڕانو ئەنجا دۆزینەوەی شوێنی ڕووداوەکانی فیلم هەڵبژێردراوە ئەمەش بە دوا دڵنیابوون لە بەرهەمەکە. دەرهێنەر ئاکشنە بنەڕەتییەکانی دیمەنێك لە شوێنی ڕووداو لەگەڵ کاستی



بەرهەمەکە تاووتوێ دەکات کە ڕەنگە ئەمە سینەماتۆگرافیو بەرهەمهێن یاخود دیزاینەری بۆردی ڕووداویش بگرێتەوە. ئەو کۆنسێپتانەی کە ڕەنگە لەنێو پرۆسەیەکی نموونەیی بەرزدا بنو هەروەها ئەو دانانو کەرەسە خەیاڵییانەی نێو سکریپتەکە لەوانەیە لە شوێنێکی دروستی ڕووداوی فیلمەکەدا پراکتیکی نەبێت. زۆرجاریش بیرۆکەو کۆنسێپتی نوێ لە ناوەرۆك لە دەرەوەی وردەکارییەکانی ناوەرۆکی بابەتەکەو هەروەها حاڵەتی ڕاستەقینەی شوێنەکە دێتە بەرهەم.

ئەگەر دەرهێنەر خۆی ستایلستێکی وریا بێت، لەبری یەکێك کە بە تەنیا پشت بە کاستی بەرهەمەکە دەبەستێت بە مەبەستی دامەزراندنو ئامادەکردنی ڕوانینێك لە فیلمەکەدا. لێرەدا دەرهێنەر دەتوانێ لەو خاڵەوە وێنەی فۆتۆگرافی بگرێو گۆشەو کۆمپۆزیشنو هاوێنە جیاوازەکانیش تاقی بکاتەوە.

**سکریپتی ڕوونکردنەوە وێنەییەکان** – The Illustrated Script:

کاتێك زۆربەی شوێنی ڕووداوەکان دۆزرانەوەو ئامادە کران، ئەوا لەو باوەڕەدام لەم قۆناغەدا بۆ دەرهێنەر زۆر گرنگە پەرە بە وەسفە بنەڕەتییەکانی فیلمەکەی بدات. ئەو ڕێگەیەی کە لەمیانەیەوە ئەوەی تیا ئەنجام بدرێ ئەوەیە کە بۆ ئەو مەبەستە وێنەی فۆتۆگرافی تەرخان بکەیتو سکێچی بیرۆکە لە سکریپتەکە دابمەزرێنی ئەمەش بۆ خستنەڕووی هەر بینراوێك لە هەر دیمەنێکدا، چونکە پرۆسەی بەر لە بەرهەمهێنان لە بڕێکی زۆرو فراوانی ناوەرۆكو وردەکارییەکان بەرهەم هاتووە.

بە شێوەیەکی گشتی دەرهێنەران چاو لە باری ئەتمۆسفێرو هەنگاونانو هەروا شێوەی کەوانەیی بینراوی چیرۆکێك دەپۆشن کە بە شوێنی ڕووداوەکانەوە پەیوەستن، ڕەنگە شوێنی ڕووداو بە جیا بە جۆرێکی زۆر جیاواز دەرکەون لەو کاتەی لە سکریپتەکە بە ڕیزبەندی ڕێك خراون. سکریپتی ڤیژوەڵی تاکە ڕێگەیە بۆ هاوکاریکردنی دەرهێنەر لە دەستەبەرکردنی بەردەوامییەتیی وێنە لە تەواوی فیلمەکە.

### **چاوپێکەوتنەکان** – Overview Meetings:

من بیرۆکەی ئامادەیی کاستێکی بەهرەمەندو داهێنەرم لا مەبەستە کە لەو شوێنەدا یەکتر دەبینین کە کەرەسە توێژینەوەکانی دیمەنێك تیایدا لەسەر رووی ئەو شوێنەدان، یاخود لەسەر رووی یەکێك لە شوێنەکانی کارکردنەوە بێت، بە جۆرێك هەموو کەسێك پێویست بکات دەستی پێبگات بە مەبەستی دووبارە رێکخستنەوەی وێنەکان.

ئەمە لە چەشنی دەزگاو کۆلیژێك دێتە بەرچاو بۆ توێژینەوەی کەرەسەکان: مێزی قاوەخواردنەوە، کتێبە، گۆڤار، پۆستەر، وێنەی جێگەکانو هەروەها سکێچی کۆنسێپتەکان. هەموو ئەمانە پێویستن، ئەویش چونکە ئەم شێوە تەماشاکردنە لە رووی بیرۆکەکان کاستەکە هان دەدات بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییە ناکاوو ناچاوەڕوانکراوەکانی نێوان کاستی بەرهەمەکە. بێگومان ئەو دۆزینەوە وێنەییانە کاریگەرییەکی راستەوخۆیان لەسەر ناوەرۆکی دراماتیکییانەی بەرهەمەکە دەبێ.

### **قۆناغی سێیەم** – PHASE THREE:

### **شیکردنەوەی سکریپت** – SCRIPT ANALYSIS:

هەموو فیلمسازێك شێوازی خۆی لە وێنەگرتن لەنێو کاری سکریپتدا دەدۆزێتەوە. هەندێکیان لە کاتی کارکردندا بۆردی رووداوەکان بەکار دێنن. لەو کاتەوەی هەندێکی تر لیست بۆ گرتەکانیان ئامادە دەکەن، یاخود گرتەیەك لە (هێڵی بەیانی) بۆ شوێنی فیلمەکە دەکێشن. ئەمەش بەهۆی دەستنیشانکردنی شوێنی کامیرا، لێرەدا زۆر رێگەچارەی جیاواز بۆ گۆڕینی سکریپت بۆ زنجیرە رووداوەکانی فیلم هەیە. رەنگە رێگەی کارکردنی تۆ لەگەڵ جۆری پرۆژەکەتدا دەربکەوێت، ئەو بیرۆکەو پێشنیارانەی دوابەدوای نیشاندانی چەندین میتۆدو شێواز دێن لە دۆزینەوەی پلانو چۆنیەتیی گرتەکان. یاخود لە دەرخستنی بۆردی رووداو بۆ دیمەنێك بتوانن وەکو زنجیرەیەك زیندەخەون بە باشترین شێوە وەسف بکرێن.



لێرەدا چەند شێوازێکی جیاواز لە پلانی گرتەکان دەخەینە روو بۆ سکرپیتێکی (گریمانەیی) (Hypothetical) کە ناوەرۆکی دەقەکە (ئەپۆماتۆکس) لە خۆبەدەستەوەدانی (روبرت ئی لیو) بۆ (ئەلیس) لە کۆتایی جەنگی ناوخۆدا کە دادگای (ئەپۆماتۆکس) کۆتایی پێدێت.

لە دوای چەندجارە بەسەرکردنەوەی سکریپتەکەو کارکردن لەسەر دوا پرۆسەی پاکنووسی نووسەر، دەرهێنەر بۆچوونی چۆنیەتیی رێکخستنی زۆربەی گرتەکان کە چۆن ئەنجام بدرێن، لا مەبەستەو لای گەلاڵە دەبن. هەروەها تێبینیو پێشنیاری خۆی لەسەر سکریپتەکە دەنووسێت کە تیایدا بیرۆکە دیاریکراوو تایبەتەکانی بە وردەکارییەوە تۆمار دەکاتو لە کۆتاییشدا هەموو ئەو تێبینییانە دەخاتە سەر دەفتەرێكو دەیاننووسێتەوە، لەگەڵ وێنە فۆتۆگرافییەکانو هەروەها سکێچو چەند کەرەسەو سەرچاوەیەکی تر کە کۆی کردوونەتەوە. دواتریش سەردانی شوێنی رووداوەکە دەکات کە کەوتووەتە (دادگای ئەپۆماتۆکس)، ئەنجا چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافی دەگرێ بۆ هەر شوێنێك لەو شوێنانە. ئێستا دەرهێنەر بۆ کارکردن لەسەر پلانی گرتەکانو دیمەنەکان ئامادەیە. رێکخستنو ئامادەکردنی پلانی گرتەکان مانای وەسفکردنی ئاکشنەکان دەگەیەنێو لەلایەکی دی ئاماژەیە بۆ قەوارەی گرتەکانو هەڵبژاردنی هاوێنە هەروەها گۆشەی کامیرا. ئەگەر دەرهێنەر لیستی گرتەکانیشی بەکارهێنا ئەوا لەوانەیە بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە:

گرتەی فراوان Wide Shot: ئەمە بەهۆی بەکارهێنانی هاوێنەی چڕ لەسەر باری درێژی بۆ فۆکس خستنەسەرو چڕکردنەوەی رووی پێشەوەو دواوەی وێنەکە. لێرەدا رووی کامیرا دەڕوانێتە خوارەوە لەسەر هێڵێکی یەکگرتوودا لە گۆشەیەکی بەرزی کەمەوە لەگەڵ چەند درەختێك لە شوێنی رووی پێشەوەی دیمەنەکە دادەنرێت. کامیرا گرتەی (پان – Pan)ی ئەسپ سوارێك وەردەگرێت کە لەلای راستی فرێمی شوێنەکەوە دەردەکەوێ. ئەمانە چەند وەسفگەلێکی تەقلیدییانەی چەند شێوەیەکی گرافیکییانەیەو هەروەها چەند جۆرێك لە وێنە فۆتۆگرافییانەی گرتەکەن. هەرچۆنێك بێت دەرهێنەر لە کۆتاییدا گرنگی بەو خاڵە دەدات کە چۆن

شێوەی فۆتۆگرافیی گرتەیەك بڕیار لە کاریگەرێتیی چیرۆكو ڕووداوی دیمەنێك دەدات. ئەم چەند مەشقو ڕاهێنانەی خوارەوە ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ پێشخستنی وریایی تۆ لە پەیوەندیی نێوان شێوەی بینراو لەگەڵ توخمە دراماتیکییەکاندا بەهۆی نووسینەوەو داڕشتنەوەی گرتەی ئاسایی لە چەند تێرمێکی هونەریی دراماتیکیدا بە شێوەیەکی جیاواز، وا لەم چوار جۆرەی داهاتووی شێوەکانی پراکتیكو کەرەسەکانی ناو بابەتی چیرۆكو بەسەرهاتەکە کە لە چەشنی چەند پرسیارێك خراونەتە ڕوو، لە کۆتاییدا تەباو هاوجۆر دەبن:

١) گرافیك – کامیرا بەرەو کوێ نێردراوە؟

ڕووداو – کارەکە لە گۆشەنیگای چ کەسێکەوە گوزارشتی لێکراوە؟

٢) گرافیك – قەوارەی گرتەکە چەندە؟

ڕووداو – دووریی مەودای ئێمە لە سەبجێکتەوە بۆ دیمەنەکە چەندە؟

٣) گرافیك – گۆشەنیگای ئێمە چییە؟

ڕووداو – پەیوەندیی ئێمە لە ڕووی سەبجێکتەوە چییە؟

٤) گرافیك – ئایا کامیرا دەگوازرێتەوە؟

ڕووداو – ئایا گۆشەنیگاکان بەراورد دەکەین؟

هەموو ئەو پرسیارانە بە شێوەیەك لە شێوەکان پەرەیان پێدراوە، بەڵام وەڵامدانەوەی هەر یەکێك لە پرسیارەکان بە جیا تەکنیکێکە کە فشار دەخاتە سەر تۆ تاکو کەرەسەکان بە ڕێگەی تازەو جیاواز ببینی. ئێستا دەتوانین لەمە بگەین کە پوختەیەك (Excerpt) لە سکریپتەکە چۆن خراوەتە ڕوو.

**پلانی گرتەکان، یەکەمین ڕەشنووس** – Shot Plan, First Draft:

دوابەدوای ئەوەی کە دەرهێنەر بۆ دووەم جار سەردانی شوێنی ڕووداوەکانی کرد هەڵسا بە ئەنجامدانی چەند چارەسەرێکی پێشوەختە بۆ بەرهەمەکە، ئەمەش بە پێی ئەو بودجەیەی بۆ کارەکە تەرخان کراوە، ئەنجا دەست بە داڕشتنی پلانی گرتەکان دەکات کە بچێتە سەرووی بیرکردنەوەیەکی ئومێدبەخش بۆ بەرهەمەکە.



لێرەدا دەرهێنەر – فیلمساز – بە ئامادەکردنی چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافیی شوێنەکە، یان هەر کەرەسەیەکی دیکەی توێژینەوە دەستپێدەکاتو ئەو کەرەسەو فۆتۆگرافە دۆکیومێنتەرییانە لە کاتی کارەکردندا بەکار دەهێنێو، دواتر لیستێکی وێنە ئامادە دەکات (نەوەك لیستی گرتەکان) کە لەو کۆنسێپتانەوە سەرچاوەی گرتووە لە کاتی خوێندنەوەی سکریپتەکە دێتە خەیاڵمان. لێرەدا دەرهێنەر دەتوانێ هەموو ئەمانە لە کارتێکی ئەلفاتیکیدا تۆمار بکاتو کۆیان بکاتەوە بە جۆرێك کە هەر وێنەیەك بۆ کارتێك تەرخان کرابێت یاخود بە پێچەوانەوە.

ئەو بڕە مەشقو ڕاهێنانە بە مەبەستی ئازادکردنو فراوانکردنی هاریکارییەو دەشتوانین هەستو سەرنجی دەرهێنەریش لەبارەی کاراکتەرەکانەوە لە وەستانو سەرنجدانیانو هەروەها شێوەو بینینی شوێنەکە بەخۆوە بگرێ. هەندێك جاریش ئەزموونو شارەزایی کەسێك پەیوەنددار بە باتەکەوە دێتە خەیاڵمان، بۆ نموونە: ڕەنگە دەرهێنەرێك دیمەنی ئەو شەڕەی ڕوو دەدات لە نێوان قوتابیانی قوتابخانەیەکی سەرەتایی لەیاد بکات، یاخود ئەو سەرنجە سۆزدارییەی لەسەر ڕووی یەکێك لە هاوڕێکانی لە خەیاڵیدا نەمێنێت، لەم حاڵەتەدا دەتوانێ ئەم تێبینییە بخاتە سەر کارتێکی ئەلفاتیکیو تۆماری بکاتو، دوابەدوای هەموو ئەمانە دەرهێنەر گرتە دیاریکراوو تایبەتەکان، یاخود بیرۆکە بنەڕەتییەکان، یاخود سکێچە سەرەکییەکان دەخاتە سەریو تۆماریان دەکات، ئەمە ئەگەر دەرهێنەرەکە خۆی بەهرەو توانای وێنەکێشانی هەبێت.

**ڕەشنووسی دووەم** – Second Draft:

ئێستا دەرهێنەر وەك کەسێکی زیاتر تایبەتو دیاریکراو دەردەکەوێ، ئێمە لێرەدا نموونەی سکریپتی فیلمی (Appomatoox) دەخەینە ڕوو بۆ نیشاندانی ڕێگەیەك کە ڕەنگە دەرهێنەر کاری لەسەر بکات:

١) دیمەنی دەرەوە، شوێن: بەشی باکووری کەنداوی ئەپوماتۆکس، کات ناوەڕاستی ڕۆژێکە، ئێمە لەودیو سنووری ئەستووری جەنگێکین کە کەوتووینەتە

سەرووی سوپاکەوە. سوپاکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بێدەنگن. لە کاتێکدا سەرجەم ریزی پیاوەکان لە دوورەوە سەرنج لە نزیککەوتنەوەی چوار ئەسپ سوار دەدەن کە بە خۆیانو ئاڵاکانیان لە کێڵگەیەکی فراواندا دەردەکەون. یەکێك لە سوار ئەسپەکان جەنەراڵێکە بە ناوی (ئی. لی — E. Lee)، لێرەوە ریزی سوپاکە پەیتاپەیتا لەت دەبێ تاکو سوارەکان بتوانن لێیەوە تێپەڕن، سەربازەکان ئاوڕ دەدەنەوەو تەماشای (لی) دەکەن کە بەرەو لێژاییەك لە دوای سەربازەکانی دیکەوە شۆڕ دەبێتەوە بەنێو چەند درەختێك کە بوونەتە سنوورو لێوارێك بۆ کەنداوەکە. ژمارەیەك لە سەربازەکان چەند مەودایەکی کەم بەرەو لێژاییەکە دەبڕن بۆ بینینی سوارەکان لەنێو ئەو تیشکە خۆرە پچڕپچڕەی کە لە کەلێنی درەختەکانەوە دەردەکەونو ون دەبن. لێرەدا ئاکشنەکە وەسفی هەوەڵین قۆناغی خۆبەدەستەوەدانی جەنەراڵ (لی) دەکات بۆ سوپاکە. وا دیارە لەم دیمەنەدا مەبەستی سیناریست بینینی رووداوەکانە لە گۆشەنیگای سەربازەکانی باکوور، ئەمە لە راستیدا چارەسەرێکی گونجاوە لە هەمان کاتیشدا وەڵامی یەکەمین پرسیارەکانی ئێمە دەداتەوە:

★ دەبێ گۆشەنیگای کێ گوزارشتی لێبکری؟

پاشان دێینو وەڵامی پرسیاری دووەم دەدەینەوە:

★ پێویستە قەوارەی گرتەکە بە ئەندازە چەند بێت؟ فراوان، میدیەم، یان نزیك. یاخود بە تێرمێکی چیرۆکئامێزانە: دەبێ دووریو مەودای ئێمە لە کاراکتەرو سەبجێکتەوە چ جۆرێكو چۆن بێت؟ لە راستیدا ئەمە پێویستی بە چەند روونکردنەوەیەك هەیە، من پێم باشە کە لەنێو چەند زاراوەو تێرمێکی وەك (مەودایی)دا بیر لە قەوارەی گرتەکان بکرێتەوە، کاتێك قەوارەی گرتەکە هان دەدات لە چەشنی فرێمی وێنەیەك کە دەوری کاراکتەر — سەبجێکتی داوەو، لەو کاتەوەی کە ئێمە چوارلای فرێمەکە دەبینین، ئا لەو کاتەدا هەست بە مەوداو نێوانەکە دەکەین لە رووی بابەتەکە. لە فیلمی ناراتیڤیدا نێوانو مەودای فیزیکییانە گۆڕانی بەسەردا دێت بۆ مەودای عاتیفیو، کاتێك ئێمە باس لە




قەوارەی گرتە دەکەین ئەوا مەبەستمان لە پەیوەندییە عاتیفییەکانی خۆمانە لەگەڵ ئاکشنەکانی سەر رووی سکرین. لێرەدا کامیراکە دیمەنێکی ئاشکراو دیاری دەست دەکەوێت بۆ (لی)، ئەمە لەو کاتەی کە لە گرتەیەکدا زۆرێك لە سەربازەکان کۆ دەکاتەوە.

لەو مەودایەی کە (لی) دەردەکەوێتو بەرەو ریزی سەروو دەجووڵێت کە لێرەدا رەنگە لە چەند سەربازێکدا بە شێوەی تاك گرتەکان وەربگیرێ لە کاتێکدا کە وشەکان لەوێدا دەبیسترێ کە (لی) نزیك دەکەوێتەوە، بەڵام دیمەنەکە زۆر فۆرمەڵو بە بایەخەوە دەبێ بچێتە پێشەوەو ئەنجام بدرێ، ئەنجا گرتەی رووداوەکانی سەر کرێن کە بەهۆی کامیراوە ئاراستەی نێو سەربازەکان لە رووی خوارەوە دەکرێت بۆ سەرنجدانێکی نزیك بەرلەوەی بەرەو سەرەوە بجووڵێن، کاتێك کە (لی) تێدەپەڕێت رەنگە رێگەچارەیەکی باش بێت، لەگەڵ ئەم دواهەمین بڕیارە دەرهێنەر ئەمەش یەکلا دەکاتەوە کە دیمەنەکە بە چ شێوەیەك بگرێ.

کامیرا لەنێو سوپای سەروودا لەسەر ئامێری کرێن، یاخود ئوتومبێلی جێب چەسپ کراوە، گۆشەنیگای کامیرا لە درێژایی رووی سەربازەکانە. ریزی بینراوی سوپاکە بۆ (لی) لەو کاتەی لەو مەودایەدا نزیك دەکەوێتەوە، لێرەدا کامیرا بە شێوەو ئاستێکی نزمدا لەنێو سەربازەکان دەجووڵێت تا بەرزایی نزیکەی ١٥ تاکو ١٨ پێ، لەو کاتەوەی کە (لی) تێدەپەڕێ گرتەیەکی (پان — Pan) لەگەڵ (لی) دەجووڵێتو هەروەها چەند سوارێکی تر لە کاتی نزیکبوونەوەیان، ئەنجا چەند گرتەیەکی دیکەی زیاد...

هەر لەو کاتەوەی دەرهێنەر بڕیاری بەرجەستەکردنی گۆشەنیگا دەکات لە هەوەڵین گرتەی (یەکەی سەربازەکان) قەوارەی گرتەکە مەوداو نێوانی عاتیفی ئاماژە بە کاریگەرێتیو هەڵچوون جیابوونەوەی سەربازەکان دەکات لە جەنەراڵ (لی) کە پێویستە وەکو کەسێکی داخراو، کپکراو (Inscrutable) بمێنێتەوە. پێویستە بینەریش وا بکات کە ئەو هەڵچوونە لە روویدا بخوێندرێتەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەمە پێویستە مەوداو نێوان ئامادەیی هەبێت. ئێستا دەرهێنەر گۆشەی بینینەکە

دەخاتە بەرچاوی خۆی، ئەویش بە ئەنجامدانی (مەوداو گۆشەنیگا). ئەو لەمە ئاگادارە کە دەبێ کامیرا بخرێتە ئەو شوێنەی کە بە درێژایی ریزی سەربازەکان چاوەڕوانی (لی) دەکەن. ئەگەر لێرەدا کامیراکە لە گۆشەیەکی نزمدا بێت ئەمە رەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی چەند گرفتێکی پراکتیکییانە، چونکە سەربازەکان بەردەم کامیراکە دەگرنو دایدەخەن، بەلاّم لە هەمان کاتیشدا دەرهێنەر ئەزموونی ئەو پیاوانە لە بەرچاو دەگرێ کە لە ریزەکەدان تاکو بگۆڕێن بۆ حاڵەتی شێوە دەستە جەمعی، گروپی، کە هەموویان بە مەبەستەوە باری سەرنجیان دەخەنە سەر (لی)و بەشداری هەمان گرفتو ناخۆشیی ئەو دەکەن، لێرەوە دەبێ مامەڵەی کامیرا لەگەڵ سەربازەکان مامەڵەیەکی دەستە جەمعی بێت، ئەویش دەرهێنەر دەزانێ کە پێویستە کامیراکە بکەوێتە سەر گۆشەیەکی بەرزی میدیەم بە ئەندازەی، یاخود بە نزیکەی بەرزیی حەوت تا هەشت پێ لەسەر رووی زەوییەوە. چەند گرتەیەکی پیاوەکە لە کاتی ئەنجامدانی چەند چالاکیو جووڵەیەکی جیاواز لەودیوی ریزەکە وەك ئەوان ئاگادارن کە (لی) خەریکە نزیك دەبێتەوە، وێنەی (٤٧) لەگەڵ ئەو سەرنجو تێبینییانە یەك دەگرێتەوە.




**وێنەی (٤٧)**



هەروەك سەنج دەدەیت کە نەخشەو هێڵکاریی وردەکاری بە سەختی دەتوانێ هەر خۆی گرتەی (پان – Pan) لەگەڵ گرتەی (کرێن) بەرەو ئاراستەی پێشەوە ئەنجام بدات، کوریۆگرافیای کامیراو سەبجێکت لە کاتی گرتەی Panو دانانو رێکخستنی شوێنی کامیرا کاتێك (جەنەراڵ لی) تێدەپەڕێتو ... هتد. ئەمانە بە بێ نووسینەوەی تێبینی ناتوانرێت هەر تەنها لە رێگەی هێڵکارییەوە بخرێنە روو. هەرچۆن بێت ئەوا هێڵکاریی پڕ وردەکاری یارمەتیی هەریەکێك لە سینەماتۆگرافەر، بەڕێوەبەری بەرهەمو، لە دواییشدا دەرهێنەری یاریدەدەر دەدات کە کاست ستافی فیلمو، هەروەها کەرەسەو کەلوپەلەکان بە گونجاوی بخەنە شوێنی خۆیان.

ئەم پلانە لە راستیدا هەموو ئەو گرفتانە دەخاتە روو کە تیمی کارو هەروەها تیمە دەزگاییەکان پێویستە بیزانن. ئەمە هەوەڵین پلانی ئێمەیە بۆ سکریپت.

ئێستا وا پلانێکی دیکە دەخەینە ناو بازنەی کارکردنەوە.

٢) دیمەنی دەرەوە، کێڵگەیەك – باکوور:

(ئێستا ئێمە لەلایەکی ریزی شەڕکەرەکانین کە لە ئانوساتی بەگژداچوونن لەگەڵ چەکدارەکان کاتێك تەنها ماوەی سەعاتێك هەواڵی شەڕ وەستاندن درا. ریزی پێشەوەی شەڕکەرەکان لەنێو کێڵگەکەو لە لێواری ریزە دارێکدا دانیشتوون کە رووبەڕووی شەڕکەرە شینپۆشەکانن کە لەسەر لێواری هەردوو دیوی رێگەیەکی خۆڵاوی بە دووریی سەد هەنگاوێك دانیشتوون.

یەکێك لە سەربازەکان بە شیشی تفەنگەکەی یاری بە شارە مێروولەیەك دەکاتو کات بەسەر دەبات).

ئەمجارە دەرهێنەر دیمەنەکە لێکناداتەوە بەڵکو لەبری ئەمە ئەو ئاکشنە دەنووسێتەوە کە لە سکریپتەکەدا هەیە، ئەو لێرەدا دەیەوێت ژمارەیەك گرتە پێکەوە بخاتە نێو پرۆسەی بڕینەوە لەبری ئەوەی کە رووداوی گرتە بەکاربێنێ:

گۆشەیەکی نزم بەسەر چەکدارەکانی نێو کێڵگەکە کە رووبەڕووی ژمارەیەکی هاوتای خۆیانن لە جەنگاوەرانی (چاکەت شین). کامیرا لەلای یەکە سەربازییەکەیە

که وێنەی دواوەی ژمارەیەك لە سەربازەکان دەگرێت، لە گرتەیەکی هەرە رووی پێشەوەدا، چاکەت شینێکی یەکجار گەنج سەرنج دەداتە ژمارەیەك مێروولە کە لە شیشی تفەنگەکەی ئاڵاون.. مێروولەی زیاترو زیاتر دێنە دەرەوە. هەر لەناو کێڵگەی شەڕەکەدا شەڕکەرێکی دیکەی چاکەت شین لە نزیکی ئەمدا لە نزیکەوە تەماشای دەکات، ئێستا جەنگاوەرە گەنجەکە سەری بەرز دەکاتەوەو دوو سەرباز سەرنجی دەدەن. هەر بە مەبەستەوە سەربازەکە چەکەکەی لەسەر شارە مێروولەکە دێنێتەوەو شارە مێروولەکە تێکدەدات. (بڕین – Cut) بەرەو گرتەیەکی نوێ لە پشت چەکدارە میلیشیاکانەوە کە لەو کاتەدا دەیبینن سەربازەکە تفەنگەکەی بەرز دەکاتەوەو لەو باوەڕەدان کە ئەم ئاماژەیە جۆرێکە لە وریاکردنەوە. تفەنگەکەی هەڵدەگرێتەوەو لە تەنیشت خۆیەوە دایدەنێت. راستەوخۆ ئاوڕ لە سەربازێك دەداتەوە، سەرنجێك، خەندەیەك.

لیستی گرتەکان:

١) گرتەیەکی پرۆفایل. جەنگاوەرە چاکەت شینەکە گەمە لەگەڵ شارە مێروولەکە دەکات.

٢) گرتەیەکی نزیك (CU) بۆ سەر شارە میروولەکەو شیشی تفەنگەکە.

٣) گرتەیەکی فراوانی سەرووی شان بۆ سەربازە میلیشیاکانو جەنگاوەرە چاکەت شینەکە لە باکگراوند.

٤) گرتەیەکی سەرووی شان. جەنگاوەرە چاکەت شینەکەو میلیشیاکە لە باکگراوند.

**ئامادەکردنی بۆردی رووداو – Preparing a Storyboard:**

پلانو نەخشەی ئەو گرتەیەی کە لەلایەن دەرهێنەرەوە ئامادە کراوە تا رادەیەك بە دروستی ئەنجام دراوە. ئێستا دەرهێنەر ئامادەیە کە ئەمە بۆ بۆردی رووداو بگۆڕێت. رێگەیەك بۆ دەستپێکردنی ئەمە کە پلانی گرتەکان بنووسێتەوە




لە بۆردی رووداوەکان. بەڵام بە بێ کێشانی هیچ وێنەیەك لەسەریان، ئەمە وا لە دەرهێنەر دەکات کە بە شێوەی زنجیرەی رووداو بیر لە کارەکە بکاتەوە لەبەر هۆیەك ئەویش، لیستی گرتەکان زیاتر سینەماتیکی دەردەچێت – نزیکترە لەوەی کە لەسەر سکریندا دەبینرێت، ئەگەر وەسفی هەر گرتەیەك لەمیانەی سنووری چوارچێوەکەدا دەربکەوێ. چوارچێوەی بۆردی رووداوی ئەم شێوەیە بۆ پلانی گرتەکە لە وێنەی (٤٨)دا دەردەکەوێت.

| ١ | ٢ |
| --- | --- |
| گرتەی پرۆفایلی<br>پاڵتۆ شینەکە<br>رێبڵەکان لە باکگرواندان | گرتەی نزیك<br>بەسەر گردەکەوە |
| ٣ | ٤ |
| گرتەی سەرووی شان بۆ<br>رێبڵەکان. پاڵتۆ شینەکە<br>لە باکگرواندایە | گرتەی سەرووی شانی<br>پاڵتۆ شینەکە<br>رێبڵەکە لە باکگراوندایە |

**وێنەی** ( ٤٨ )

ئینجا دەرهێنەر وێنەی فۆتۆگرافی یاخود چەند وێنەیەکی کێشراو دەخاتە سەریان کە رەنگە پوختەی سکریپتەکە یاخود وێنەی کامیرای کۆداك بگرێتەوە.

ئێستا دەرهێنەر گرتەی نزیك (Close-up)، میدیەم (Medium)، گرتەی درێژ (Long Shot)ی ئەکتەرە سەرەکییەکانی دەستەبەر دەکاتو بەکاریان دێنێ بۆ مەبەستی بۆردی رووداو، پانێلی بۆردی رووداوەکەش بە چەند پەڕەیەکەوە دەلکێنێ تاکو رێکخستنو رێکوپێکیی گرتەکان بتوانرێن بگۆڕدرێن. وێنەی (٤٩) کە رەنگە دەرهێنەر بەم شێوەیە دایڕێژێ.



**وێنەی (٤٩): ئەمە دوایین بۆردی رووداوەکە لە پرۆسەی لێکدانەوەی سکریپتەوە بە ئەنجام گەیەندراوە**

کاتێك لەنێو دیمەنێکی دراماتیکیدا کار دەکەین، رەنگە دەرهێنەر دیالۆگی پرۆڤەو مەشقەکان لای خۆی تۆمار بکاتو لە کاتی دارشتنو دیزاینی دیمەنێك گوێیان لێبگرێتەوە. لەوانەیە ئەم پرۆسەیە چەند جارێك دووبارە ببێتەوە تاکو لە کۆتاییدا بە فراوانی یاداشتە ڤیژوەرلییەکانی خۆت پێش بخەیتو پەرەیان پێبدەیت، ئەمەش بەهۆی کارکردنت لەگەڵ پیشە جۆراوجۆرەکاندا. بەڵام توانای تۆ لە بەوێنەکردن لە کۆتاییدا پەرە پێدەدرێو نوێ دەکرێتەوەو زنجیرە رووداوە ئاڵۆزو درێژەکان ئاسانتر دەبێتو، بۆت دەردەکەوێت کە توانای تۆ سەبارەت بە پێودانگو هەڵسەنگاندنەکانی ئەوەی کە بێسوود یاخود بەسوود (بێگومان بۆ تۆ) بە شێوەیەکی فراوان گەشەی سەندووە.



**قۆناغی چوارەم** – PHASE FOUR:

**سینەماتۆگرافی** – CINEMATOGRAPHY:

سەبارەت بە سینەماتۆگرافەرێکی سەرقاڵ ئاساییە ئەمیش بچێتە ریزی کاستی بەرهەمی فیلمەکە بە چەند هەفتەیەك بەر لە وەرگرتنی فۆتۆگرافییە سەرەکییەکانو دەست بە وێنەگرتنی بکات. ئەمە مانای ئەوەیە کە پێویستە زووتر دەستبەکار بێت بۆ دەسکەوتنو زانینی پێویستییەکانی بەرهەمی فیلمەکە، کە رەنگە بە شێوەیەکی گشتی بە چەند مانگێك بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان بێت. لە کاتی هاوکاریکردنی سینەماتۆگرافەر بۆ کاستەکە، هاوکات دێتو سەردانی شوێنی رووداوەکان دەکات بە هاوکاریی دەرهێنەر بۆ پێداچوونەوەی بۆردی رووداوو، وێنەگرتنی هەر کەرەسەو جلوبەرگێك کە رەنگە هەر تەنها بۆ مەبەستی تاقیکردنەوە وێنەیان بگیرێت، هەرچەندە ئەم پرۆسەیە لە فیلمێك بۆ فیلمێکی تر جیاوازە، بەڵام هەرچۆن بێت بەرپرسیارییەتیی گەورەی سینەماتۆگرافەر بریتی دەبێ لە دارشتنو دامەزراندنی رووناکیو ئەنجامدانی فرێم دارشتنو جووڵەی کامیرا کە لەلایەن دیزاینەری بەرهەمو دەرهێنەرو خودی سینەماتۆگرافەر رای لەسەر دراوە، لەلایەکی دی پەیوەندیی نێوان دەرهێنەرو سینەماتۆگرافەر لە راستیدا پەیوەندییەکی بنبەستەوە، هەندێ لە دەرهێنەران وێنەی فۆتۆگرافیو وێنە کێشراوەکان، یاخود هەر توخمێکی تری وێنەیی نیشانی سینەماتۆگرافەرەکان دەدەن بۆ روونکردنەوەو هەروا ئەو حاڵەتەی لە هەوڵداندا بۆ بەرجەستەکردنی پرۆسەکە بە شێوەیەکی ستایلستانە بەرهەم دێت.

زۆرجار یاداشتی وەسفێك بریتی دەبێ لە سەرجەم ئەو کەرەسانەی کە پێویستمانن تاکو ئەو روونکردنەوەیە بۆ بەرێوەبەری بەرهەم دەستەبەر بکەین کە بە شێوەیەکی ئاسایی پێویستییەتی، ئەمە دەبێتە هۆی وروژاندنی ئەو گفتوگۆ ناتەبایانە بەو پێیەی کە چارەسەرو کۆنسێپتە نوێکان نادروستو قەڵپ دەردەکەون.

هەر لە دواهەمین هەفتەکانی بەر لە وێنەگرتن دەرهێنەر پێویستە تێگەیشتی دیارو بەرچاوی هەبێت سەبارەت بە ناوەرۆكو ئەتمۆسفیری چیرۆکەکەو

هەروەها کەرەسەو شتومەکە قەوارە گەورەکان، مکیاژ، جلوبەرگ، رووناکی، وێنەی فۆتۆگرافی، کە لەو کاتەدا دەکرێ بەهۆی تاقیکردنەوەو وێنەگرتنی لایەنی کاریگەریتیی هەریەك لە توخمەکانی دیزاین، کە لە هەر شوێنێك پێویستی بە دووبارە رێکخستن‌و دارشتنەوە هەبێت.

### قۆناغی پێنجەم – PHASE FIVE:

### مەشق‌و پرۆڤە – REHEARSAL:

لەمیانەی ئەو چێژو خۆشنودییەی کە لە کاتی خوێندنەوە یاخود لە سەیری بەسەرهاتی فیلمێکی درامیدا دەستمان دەکەوێت، لە راستیدا کۆمەڵێك وردەکاریی نائاسایی‌و چەند ساتێکی کورتخایەنی رۆژانەی ژیانمان پێکدێنن کە ئێمە زۆرجار لە یادیان دەکەین تا ئەو کاتەی بەهۆی کتێبێك یاخود لەسەر پانتایی سکرینێك جارێکی دی چاومان پێدەکەوێتەوە.

دەرهێنەرو ئەکتەر هەردوولایان ئەو کاریگەرییانە لەمیانەی تێبینیی بەردەوامەوە لای خۆیان دەپارێزن‌و، ئەمە یەکێك لەو دیاردانەیە کە تۆ بەنیازیت بە هاوکاریی هی ترەوە بتوانیت بیانخەیتە روو، وە فشارو هاندانی پرۆسەی وێنەگرتن لە رێگەی ئەم دیاردەو شتە بچووکانەوە پەیدا دەبن کە ئەکتەر پێویستە بە بیرتیژی بەشداری بکات. کاتێکیش ئەمە روو دەدات ئەوا ئەکتەرو دەرهێنەر بە روونی پەنا دەبەنە بەر چارەسەرە هونەرییەکان. یەکێك لە ئەرکەکانی دەرهێنەر کە کەشوهەوایەکی ئەوتۆ دابمەزرێنێ تیایدا ئەکتەر بتوانێ پەیوەندی لەگەڵ حاڵەتە سەرکێشییەکانی خۆی دروست بکات‌و بتوانێ حاڵەتە ناکاوو ناتێبینی کراوەکان لە کارەکەیاندا بدۆزێتەوە.

ئەم دیاردەیە زیاتر لە هەر شتێکی دی هاوکاریی دامەزراندن‌و بونیادنانی پرۆسەی فیلم‌و هەموو رووەکانی دیکەی نواندن دەکات، هاوکات کە ئەکتەر لەگەڵ خۆیدا ناوازەیی‌و ناسروشتییەتیی هەر رۆژێك لە رۆژەکان لەناو خۆیدا جێ دەکاتەوەو دیانگۆڕێ بۆ ئاکشن‌و کرداری تایبەت بە خۆی، لێرەدا دەرهێنەر پێویستە تەنها لە دووتوێی چوارچێوەکەیدا تۆماریان بکات‌و شوێنیان بکاتەوە.



### سەرنجدانی پێشوەختەی دیمەنەکان – Previewing Scenes:

لەو کاتەوەی کە ئەکتەرەکان ئامادەی مەشق‌و پرۆڤەکانیانن لەسەر دیمەنەکان، ئا لەوێدا (ڤیدیۆ) وەك کەرەسەیەکی زۆر بەنرخ لە پرۆسەکەدا دەردەکەوێ، هەتا تەنانەت تۆمارکردنی گۆشەنیگایەك لە کاتی مەشق‌و پرۆڤەکەدا ئەوپەڕی گرنگییەتیی خۆی هەیە. کێشانی فریم لە دەوری ئەکتەرەکان چۆنیەتیی دامەزراندنی دیمەنەکان دەگۆڕێت، بە شێوەیەك کە دەرهێنەر بتوانێ گرفت‌و کێشەکان بدۆزێتەوەو هەروەها ئەو دەرفەت‌و هەلانەش بقۆزێتەوە کە لەوەوبەر ئاشکرا نەبووبوون. لەلایەکی دی ستراکچەرو هەنگاونانەکانیش دەتوانرێ لەنێو مونتاژکردنێکی ساکاری دیمەنە ماستەرییەکاندا نزیك بکرێتەوە. پرۆسەی بڕین، یاخود مونتاژێکی سەخت‌و ئاڵۆز بۆ دوو یان سێ دیمەنی یەك لە دوای یەکی بێ پچڕان ئەوا دەتوانرێ بە ئاسانی هەموو چەند رۆژێك بەهۆی بەکارهێنانی سیستەمێکی مونتاژی هەرزان بەها کۆ بکرێنەوە، مادامەکی چەند جۆرە گواستنەوەیەکی دروست‌و گونجاو وەك: ونبوون، سڕینەوە... هتد، هەروەها لەگەڵ ئامێری مۆسیقایەکی کاتی دەتوانرێ بە ئاسانی بخرێنە سەری. لێرەدا فیلمساز دەتوانێ مانایەکی دروست لە لێشاوە دراماتیکییەکانی فیلمێك دەستەبەر بکات.

بەهۆی متمانە خستنەسەر جۆری فیلمەکەو بە پێی بەرهەمەکە دەتوانرێ درێژترین برگە لە فیلمەکەدا ببەسترێتەوە. ئاشکراشە کە بەهێزکردنی دیمەنەکان لە کورتە فیلمێکدا ئاسانترە لە فیلمێکی ئاڵۆز، بەڵام لەبارەی منەوە ئەوا پاڵنەرە بنەڕەتییەکانی دراماتیکی نواندن دەکرێ سەرنجی پێشوەختەیان بدرێت. لێرەدا سەختی لە رووی باشکردنی سکریپت‌و نواندن لەمیانەی بەرنامەیەکی چڕو ئاڵۆز سەبارەت بە بەرهەمی فیلمێکی جووڵەییدا یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە بەڕێوەبەری بەرهەم (ئیرڤینگ تالبیرگ) کارەکەی ئەنجام دا، بە دوای ئەویشەوە پێشنیارەکەی (گرکو مارکس) کە وایکرد (مارکس) حاڵەتە رۆتینەکان لەسەر شانۆ تاقی بکاتەوە بەر لە دەستپێکردنی وێنەگرتن لە فیلمی (شەوێك لە ئۆپیرا). لە حاڵەتی سەرنجانە پێشوەختییە بنەما دراماتیکییەکاندا، گۆشە دیاریکراوەکانی

کامیراو ڕێکخستنی ئەکتەر دەکرێ دیسانەوە باشکردنی تێدا بکرێتو، ئەگەر کرا ئەوا کارکردن لەنێو شوێنی ڕووداوە ڕاستەقینەکاندا زۆر گونجاوترە بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا یەکێك نییە لە پێویستییە بنەڕەتییەکان. ئەگەر پانتاییو شوێنی مەشقکردن بەکارهێنرا ئەوا ئەو کاتە دەکرێ زەوییەکە بەهۆی تێپ – چرێشێکەوە نیشانە – بکرێت ئەمەش بۆ دەستنیشانکردنی ڕێگەو هەروەها تاقمی ناومال بە جۆرێك کە ئەکتەرەکان ماناو هەستێکی گشتییان لا دروست ببێت سەبارەت بە شوێنی ڕووداوەکەو، ئەگەر کەرەسەو تاقمی ناوماڵەکە ئامادە بوون ئەوا باشترە چونکە ئەکتەر بەهۆی ئامادەیی وردەکارییەکانەوە هان دەدرێتو، هەر کەرەسەیەکی تر دەتوانرێ بە ئاسانی بخرێتە سەریو بەکاربهێنرێ ئەمەش تاکو حاڵەتێکی ڕاستەقینە بە مەشقەکە ببەخشێت، بۆ نموونە: ئەگەر دیمەنێك لە کاتی نانی ئێوارەدا بێت ئەوا دەتوانی لە کاتی حەسانەوەتدا ئەو شوێنە ببینیتو، باوەڕیش ناکەم کە هیچ کەس هەبوونی کامیرایەکی ڤیدیۆیی ئاسایی ڕەت بکاتەوە کە وەك یاریدەدەرێك کارەکانت ئاسان دەکات.

سەبارەت بەو دیمەنانەی کە ڕوو دەدەن لە: ئۆتومبێلێك، ژووری نوستن، پارکێك، یاخود لە ئۆفیسی پارێزەرێکدا، یان هەر شێوە ڕێکخستنێکی تری ساکاری لەو شێوەیە بە ئاسانی تۆمار دەکرێن. دیسانەوە بەکارهێنانی کامیرای ڤیدیۆ بۆ سەرنجدانی پێشوەختەی دیمەنەکانت ڕێگەیەکی یەکجار گونجاوە تاکو لە ڕێگەیەوە ئەکتەرەکان بتوانن بیرۆکەکان سەبارەت بە سکریپتەکە بەرەو پێشەوە بەرن. هەر کاتێکیش دێڕی دیالۆگێك یاخود ئیمائەیەك تۆمار کرا ئەوا دەتوانرێ ئەو کاتە بخرێتە سەر سکرینەکەو زیاد بکرێت.

ئەگەر بۆ ئەنجامدانو دروستکردنی چەند بۆردێك سکێچی چەند وێنەکێشێکت بەکارهێنا ئەوا ڕەنگە لەم حاڵەتەدا ئەمە پرۆسەیەکی بەسوود بێت تاکو جارناجارێك سەرنج لە پرۆڤەکانی سەر کاسێتی ڤیدیۆکە بدەیت.

# بەشی دووەم

## بنەماکانی ستایلی بەردەوامییەتی

## *Elements of the Continuity Style*

## (٦)

## دامەزراندنی گرتەکان:

## پەیوەندییە قەوارەییەکان

## *COMPOSING SHOTS: SPATIAL CONNECTIONS*


**قەوارەی گرتە** – Shot Size:

ئێمە دەزانین کە ڕێسا جیهانییەکان بۆ گرتەکان پێکهاتووە لە: گرتەی گشتی Full Shot، گرتەی میدیەم Medium Shot، گرتەی نزیك Close-up Shot. ئەو جۆرە گرتە جیاوازانە لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونو گەشەسەندنی بەردەوامییەتی ستایلەوە بەرهەم هاتووە، کە پانتایی – بۆشاییەکان بەسەر یەکەوە کەڵەکە دەکەنو کۆ دەکەنەوە، ئەمەش هەر تەنها لە ئەنجامی پەیوەندیی هەر پارچەیەك بە هی تریانەوە مانا دەبەخشن. بەم شێوەیە ئەو گرتەو پارچانە پێکەوە بەکارهاتوون بە مەبەستی دامەزراندنو خوڵقاندنی چەند ڕووداوێکی شوێنی، کاتی چەسپاوو نەگۆڕ. هەرچەندە دەکرێ ئەمانە بە مەبەستی دەرخستنو ڕوونکردنەوەی چەند پانتاییەك بەکار بێن کە بە ئەندازەی فراوانی کۆمەڵەی خۆر، یاخود بچووك بە ئەندازەی سەرە دەرزییەك نیشان بدرێن. لێرەدا هەمیشە دەگەینە بەو باوەڕەی کە شوێن یاخود ناوچەیەك لە کاتی بەکارهێنانی ئەم زاراوانە چەندە سنووریان بۆ کێشراوە، ئەمەش چونکە گرتەکان لەگەڵ بابەتەکاندا هاوسەنگ کراونو پەیوەندیی هەریەکەیان لەگەڵ ئەوی دیکەیان پەیوەندییەکی گونجاوە، بۆ نموونە:

گرتەی گشتی لە سەنتەری بازاڕێکی بازرگانیی جیهانی لە مانهاتن، ئەوا



هەردوو تاوەرە یەکسانەکە بەشێکی فراوان بەخۆوە دەگرن، کەچی گرتەیەکی میدیەم بۆ ساختمانێك بەشێك لە نهۆمەکانی خوارەوە ناگرێتە خۆیو دەیانبڕێ بەڵام گرتەی نزیك ڕەنگە تەنها پەنجەرەیەکی بیناکە لەخۆ بگرێ. لە ڕاستیدا هیچ ڕێساو بنەمایەکی چەسپاوو کۆنکرێتی سەبارەت بە چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەو زاراوەسازییانە لەئارادا نییە، چونکە ئەمانە جۆراوجۆرنو گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.




**وێنەی** (٥٠)

گۆڕینی قەوارە لە گرتەیەك بۆ گرتەیەکی دیکە جیاوازە، بەڵام هەمدیس بەهۆی پێناسەو ناسینەوەیەکی سنووردارەوە خراوەتە روو، وە بڕیاری لەسەر دراوەو مادەماکی ئێمە دەزانین کە هەر گرتەیەك ئەنجامی کەڵەکەبوونی بەش‌و پارچەی گرتەیەکی گشتییە ئەوا کەوابێ دەکرێ گۆڕین لە رووی هاوسەنگییەوە ئەنجام بدرێت.

گۆڕین، یاخود جووڵان لە گرتەیەکی گشتییەوە بۆ گرتەیەکی نزیك لە راستیدا سەبارەت بە بینەری سینەما لە هەوەڵین پەنجا ساڵی تەمەنییەوە لە رووی بیرۆکەی فیلمەکان گۆڕانێکی رادیکاڵانەو بەرفراوان بوو، تا ئەو کاتەی گرتەی ناوەڕاست دامەزراو کەوتە نێوانیانەوە. دەرهێنەرانی هولیود بۆیان نەبوو گرتەیەکی فراوان لەگەڵ گرتەیەکی نزیك وەکو دوو گرتەی کۆنستانت پێکەوە پەیوەست بکەن ئەمەش تاکو نەبێتە هۆی تێکەڵبوون‌و شێواندنی بینەر، بەڵام ئەمڕۆ لە دوای تێپەڕینی چەند دە ساڵێك لەگەڵ تێگەیشتن‌و ئاشنابوون بە بنەماو رێساکانی هولیوود بینەر بە ئاسانی قەبوڵی ئەپەڕی گۆڕان لە رووی هاوسەنگیی نێوان گرتەکانەوە بکات.

رەنگە ئەو بنەماو یاسا موحافیزکارانەی رابردوو لە تێگەیشتن‌و روانینی بینەر چەند بنەماو رێسایەکی سست‌و جێماو بن. لەلایەکی دی ناسینەوەو درکپێکردنە ڤیژوەڵییەکانی نێوان گرتەکان هەرچۆن بێت ئەوا هەر تەنها بریتی نییە لە پلان‌و ستراتیژی بەردەوامییەتی ستایل، زۆرجار پەیوەندیی نێوان گرتەکان دەبێتە ئەنجام.

گرتەی گشتی پیاوێك کاتێك لە دەرگایەك نزیك دەبێتەوە، ئەم گرتەیە دوا بە دوای بڕینی (Cut)ێك لە گرتەیەکی زۆر نزیکی پیاوەکەوە دێت کاتێك قفڵی دەرگاکە دەجووڵێنێ، تەنانەت ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا قفڵی دەرگاکە زۆر بچووکتر بێت لە گرتەیەکی گشتی کە سەرنجامن راکێشێت، ئەوا تێدەگەین کە ئەم دیمەنە پەیوەستە بە دیمەنی پێشووەوە کاتێك بۆ دیمەنێکی گونجاو دەیگۆڕێت‌و، رەنگە لەو کاتەدا سەرنجمان خستبێتە سەر رێگەی بەردەم دەرگایەکی تر لە کات‌و شوێنێکی تری جیاوازدا.



لۆژیکی ناوەرۆك‌و چیرۆك‌و هەروەها پەیوەندیی ڤیژوەڵیی نێوان گرتەکان پێکەوە هاریکاریی دامەزراندن‌و خولقاندنی حاڵەتێك لە پانتایی‌و بۆشاییەکی بەردەوامدا دەکەن. ئەم دوو بیرۆکەیە هۆکارو ئەنجام لەگەڵ بەهاو ناسینەوەی حاڵەتی کاتیی چەند بنەمایەکی رێکخراو لە بەردەوامییەتیی ستایل دەستەبەر دەکەن.

گرتەی گشتی‌و میدیەم‌و نزیك دەتوانن باس‌و وەسفی هەر سەبجێکتێك یان هەر شوێن‌و جێگەیەك نیشان بدەن بەڵام زۆربەی کاتەکان گرتەکان بۆ وەسف‌و خستنەڕووی شێوەو فیگەری ئینسان بەکارهاتووەو هەروا بەکار دێن بۆ ئەو تێرم‌و زاراوانەی سەبارەت بە مانایەکی تایبەتییەوە لەم جۆرە پەیوەندیکردنە. لێرەدا گۆڕین لە هاوسەنگیی نێوان گرتەکان بە تەنها بە لۆژیك یاخود نرخ‌و بەها ڤیژوەڵییەکانەوە پەیوەست نین، بەڵکو بە شێوەی ئەو فرێمدانانەی کە لەمیانەی رێکەوتن‌و یاساکانی پۆست – رینسانسەوە دروست بوون، یاخود ئەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی پەسەند کراوەو دەبێتە مایەی چێژ بەخشین‌و بەلانسکردنی بنەماکانی.

### **گرتەی نزیك** – The Close-up:

بە شێوەیەکی گشتی ئامێری تەلەفزیۆن بەکارهێنانی جۆری گرتەی نزیکی بەرفراوان کرد، ئەمەش بۆ قەرەبووکردنەوەی بچووکێتیی قەوارەی سکرینەکەی گرتەی نزیك بە مەبەستی ئاشناکردنی بینەر بەکاردێت لەنێو پەیوەندییەکی نزیکتر لەگەڵ رووداو یاخود لەگەڵ ئاکشن، بەڵام سەبارەت بە دایەلۆگ گرتەی سەرشان، یاخود گرتەی (سەر) گۆڕاوە بۆ جۆرە بەکارهێنانێکی باو. ئەو بەرهەمهێنانەی هەوڵ دەدەن کەمترین بڕی پارە بۆ کارەکانیان تەرخان بکەن ئەوا گرتەی بچووك لایان شیاوترە، ئەمەش چونکە تیایدا بەکارهێنانی رووناکی ئاسانترەو دەتوانرێ بە هەر گرتەیەك دیکەوە پەیوەست بکرێ، ئەمەش بەهۆی کەمکردنەوەو بار سووکترکردنی روونکردنەوە میدیاییەکان. دەرەنجامی گرتەیەکی نزیك کاریگەرێتیی بەسەر شێوەو بونیادی فیلمەکەوە هەیە، هەروەك زۆر لە

دەرهێنەران بڕوانامەی کاری تەلەفزیۆنییان وەدەست هێناوەو پاشان چوونەتە دنیای سینەماوە.


جین لەك گۆدارد (Jean-Luc Godard) دەڵێ:

سروشتیترین پرۆسەی بڕین (Cut) ئەوەیە کە لەمیانەی تەماشاکردنەوە ئەنجام دەدرێ. بەهێزترین پێشنیار بۆ ئیمائە یارمەتی تەفسیرکردنی فیلمێکی سۆزداری خۆشەویستی دەدا، ئەمەش تەنها بەهۆی نیشاندانی چاوتروکانێك یاخود بەهۆی نیگایەکەوە، یان بەهۆی دڵۆپە فرمێسکێك، گوزارشتێکی قیناوی، یاخود هەر دەربڕینێکی دیکەی زمانەوانی بێت کە تیایدا چاو دەبێتە نیشاندەرو گەیەنەری ئەو هەستانە. رەنگە فراوانترین گوزارشت لە ئینساندا بەهۆی چاوەوە بخرێتە روو، چونکە (چاو) زۆر بە هێمنی ئەو پەیوەندییە دادەمەزرێنێ کە زۆر بە سەختی (دەم) دەتوانێ لە رێگەی دەربڕینی دەنگ‌و وشەوە بیگەیەنێ. تەنها تەماشایەك دەتوانێ پێمان بڵێ کە سەبجێکتێك – ئەکتەرێك – یاخود هەر شتێکی دیکە، تەنانەت لە دەرەوەی فرێمیشدا بێت دەتوانێ گرنگییەتیی خۆی بۆ بینەر بگوازێتەوەو، دەشتوانێ ئەمە نیشان بدات کە ئەو کەرەسەیە، یاخود ئەو کەسە کەوتۆتە کوێوە.

ئاراستەی چاو بە شێوەیەکی گشتی – بینینی سەبجێکتێك – ئەکتەرێك – دەتوانێ پەیوەندییە شوێنییەکان لە بۆشایی‌و مەودای دیمەنێکدا بینەری سینەما لە رووی کەرەسەو شتە ناوازەکان زۆر هەستیارن، چونکە ئەو کەرەستانەی کە ئاراستەکانیان رووبەڕووی یەکن‌و لە یەك دەڕوانن لە زۆر حاڵەتدا دەتوانرێ تێبینییان بکرێت کاتێك گوزەرکردنی بینینی چاو پەیتاپەیتا بە شێوەیەکی نزمی تەواو کۆتایی پێهاتووە. گرتەی نزیك دەتوانێ بەرەو پەیوەندییەکی دۆستانە بمانگوازێتەوە بۆ سەبجێکت‌و کەرەسەکانی دیکەی رووی سکرین. هەندێ جار ئەم توانایە بە مەبەستی گەڕان‌و پشکنینە، کە دەکرێ بچێتە ئەودیو سنووری خۆیەوە. لێرەدا گرتە نزیکەکە دەبێتە سنووربەزێنی ئەو تایبەتمەندییە ئەمەش بەهۆی فشار خستنە سەر شێوەی ئەو ئولفەت‌و حاڵەتە دۆستییەی کە تەنها دەکرێ لە



رێگەی رێگەپێدانەوە بەش بکرێت بەڵام هەرچۆن بێت ئەوا کامێرا داوای ئەو (رێگەدانە) ناکات بە شێوەیەکی تایبەتی، ئەگەر توانرا تیایدا هاوێنەی تەلیفۆتۆ بەکار بێت.




**وێنەی** (٥١)


کامیرامان – وێنەگر لە کاری دەنگوباسی تەلەفزیۆنیدا زۆرجار دەچێتە نێو دنیای ژیانی خانەوادەکانەوە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی گرتەی زۆر نزیك. لێرەدا بینەر رەنگە بە ناڕەحەتییەوە سەرنجی ئەو دیمەنانە بدات لەوەی کە بە جۆرێکی ئاسایی ئەو ئامادەییەی تێدا بێت بۆ پشتگوێخستنی ئەو حاڵەتانەو لەیادکردنیان لە ژیانی رۆژانەیدا.

هەر کەلتورێك تایبەتمەندێتیی خۆی هەیەو، هەروەها پەیوەندییە فیزیکییەکان یاخود کردارو هەڵسوکەوتی شیاو لەمیانەی ئەو مەودایەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە نێوان خەڵکاندا لە حاڵەتی جیاواز جیاوازدا رێگەیان پێدراوە. فیلمساز دەتوانێ بۆ تۆمارکردنی ئەو نێوانە کۆمەڵایەتییانە کامیرا بەکاربێنێ بە شێوەیەك کە بتوانین کاردانەوە لە رووی ئەو مەوداو نێوانە کۆمەڵایەتییانە لامان دروست بن وەك ئەوەی لەمیانەی حاڵەتێکی تایبەتیو کەسێتیی خۆمانەوە روویان دابێت. لەلایەکی دی ئێمە دەتوانین بەشدارییەکی عاتفیانە لەگەڵ بەسەرهاتو رووداوەکانی سەر سکرین دروست بکەین، ئەمەش لە رێگەی بەکاربردنی مەوداو نێوانو هەروەها هاوێنەی کامیراکە. وێنەی (٥١) بریتییە لە هەشت گرتەی نزیك کە لە سێ بەشدا نیشان دراون. ئەو فیگەرو وێنانەی کە بە شێوەی جوت نیشان دراون لەبەر هۆی هاوسەنگیەتی، یاخود ناهاوسەنگیەتیی هەر فریمێك لە فریمەکان کە بە پشتبەستن بەو گرتەیەوە کێشراوە کە لە پێش یاخود لە دوایەوە دێت، لە یەکەمین دوو وێنەکەدا بابەتەکان کەوتوونەتە سەنتەرەوە. لە کاری فیلمدا بەکارهێنانی گرتەی دوور لە چەقی سەنتەر دەبێتە شێوازێکی بلاو کاتێك سکرین فراوانتر بێت، بەڵام تۆ رێگە مەدە ئەم حاڵەتە ئاستەنگ بخاتە پرۆسەی ئەزموونگەریتو، ئەگەر هاتو لەگەڵ خەیاڵو هەستی دیزاینی ئەواندا یەکی نەگرتەوە ئەوا لێرەدا هیچ پاساوێك لەئارادا نابێت کە فیلمساز ئەو سنووردارییەتییە لە رووی کارەکەیدا قەبوڵ بکات.

زۆجار ئەندامی وەك: چاو، گوێ، دەم، لە رێگەی گرتەی زۆر نزیکەوە بە تەنها وێنە دەگیرێن، ئەمەش بۆ دەرخستنو هەروەها پێشخستنی بەشێکی دیاریکراو لە رووداوی فیلمەکە، بۆ نموونە:



گرتەی کچێك لە شەودا بە تەنها بەرەو ماڵەوە دەگەڕێتەوە. لێرەدا رەنگە گرتەیەکی (زۆر نزیك) بۆ چاوەکانی ترسێکی زۆر دەربخات (بڕوانە وێنەی ٥٢).



وێنەی (٥٢)

لە هەموو حاڵەتەکاندا (گۆشەنیگا – Viewpoint) لە رووی پێشەوەی یاخود لایەکی دەموچاوەکەدا گیرساوەتەوە، ئەمەش بە زیاتر نیشاندانو هەروەها پەسەندکردنی سیما، یاخود دڵنیابوونەوە لە شێوەی کەسەکەیە. ئەمە تەنها رێگەیەکی ناسراوە کە تیایدا پێویست نییە شێوازی خۆت لە کارکردندا بەهۆیەوە سنووردار بکەیتو دیسانەوە دەکرێ گۆشەنیگا نائاسایی دەربکەوێتو قەوارەی گرتەکان بە مەبەستی دەرخستنی شێوەی کێشانی پۆرترێتەکان بەهۆی دەستکاریکردنییانەوە لەگەڵ رووناکی شێوازو ستایلی بێ سنوور ئەنجام بدرێت، بەڵام دیسانەوە ئەمە مانای لەدەستدانو وازهێنانی شێوەی ترادیشنی ناگەیەنێ. بێگومان هەموو ئەمانە متیۆدی ماندوونو دەکرێ سەرسوڕهێنەرو کاریگەر، یاخود وەك شێوازێکی دوور لە پارێزگاری، یاخود وەك تەکنیکێکی ئەوپەڕی ئەبستراکت دەربکەوێ.

## **گرتەی میدیەم** – The Medium Shot:

بەرلەوەی ئامێری تەلەفزیۆنی چارەسەرێكی شیاو لە نێوان گرتەی نزیكو گرتەی زۆر نزیك بدۆزێتەوە، ئەوا گرتەی میدیەم بە شێوەیەكی فراوان بۆ مەبەستی ئەنجامدان دیمەنە دیالۆگییەكان لەمیانەی مەوداو نێوانی دەنگەوە بەكار دەهێنرا بۆ ئاوێتەكردنو كۆكردنەوەی چۆنیەتیی حاڵەتی گونجاو بۆ گرتەی گشتی. هێشتا گرتەی نزیك بە فراوانی لە كاری تەلەفزیۆنیو فیلمە ناراتیڤەكاندا كاری پێدەكرێ.

گرتەی گشتیو گرتەی میدیەم بۆ دەرخستنی سیماو ئیمائە (گوزارشتی دەموچاو)ی ئەكتەر، یاخود بۆ زمانی جەستەیی ئەكتەرەكە دەتوانرێت بەكار بێت، بەڵام هێشتا ئەو بەكارهێنانە سنووردارو بەرتەسكە لە دەرخستنی وردەكارییەكان كە گوزارشت لە سیمایەك بكات. لەگەڵ ئەوەی كە گرتەی ناوەڕاست لە كۆمەڵەیەك گرتەی گشتی پێكهاتووە كە مەبەستی دیالۆگی بەخۆوە دەگرن، لەلایەكی دی لە حاڵەتی گرتەكانی وەك: دوو گرتەیی، سێ گرتەیی، چوار گرتەیی، یاخود پێنج گرتەیی ئەوا هەموو ئەم گرتانە ژمارەیەك گرتەی نموونەیین كە بەهۆی زیاد لە پێنج ئەكتەر لەنێو سنوورێكدا بەكار دێن. لێرەوە لەم حاڵەتەدا پێویستە كامیرا دوورتر بەرەو دواوە بڕوات بۆ وێنەگرتنی گرتەی گشتی، ئەمەش بۆ دەرخستنی هەر یەكێك لەناو سنووری وێنەكە، ئەمە ئەگەر لە حاڵێكدا كەسەكان (ئەكتەرەكان) بەردەمی یەكتریان دانەپۆشیبێت.

## **گرتەی گشتی** – The Full Shot:

لە دوا بیست ساڵی كۆتاییدا گرتەی گشتی وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ گرتەی میدیەمو گرتەی نزیك كەوتە نێو بازنەی بێبایەخییەوە، ئەمەش بەهۆی كەمكردنەوەی بەهاو نرخی گرتەیەكی پێویست بۆ پەیوەندیكردن بە كاراكتەرو هەروەها ئەو شوێنەی كە تیایدایە لەنێو تاكە گرتەیەكدا.

یەكێك لەو هۆكارانەی كە گرتەی گشتی كەمتر بەكار بێت ئەوەیە كە پێویستی بە




دیمەنی دیالۆگی زیاتر دەبێت لە گرتەكانی دی لە فیلمێكدا، ئەمەش چونكە گرتەی گشتی سنوورو چوارچێوەی هەموو كاراكتەرە قسەكەرەكان لە دیمەنەكەدا دەگرێتە خۆیو، شێوازی بڕین لە گرتەی میدیەمو نزیك پرۆسەیەكی ناپێویست دەبێتو، ئەگەر گرتەیەكی درێژ لەگەڵ ئەو دوو فرێمە تەسكەدا بەكار هات ئەوا شێوازی ئامادەكردن یاخود بڕین بە شێوەیەكی گشتی بەرەو نزیكی دەجووڵێتو جارێكی دی ناگەڕێتەوە باری گرتەی گشتی. لەو كاتەوەی گرتەی گشتی یاخود گرتەی ناوەڕاست دەتوانێت ئاكشنی دیمەنێك بگرێتە خۆ بە بێ دووبارە رێكخستنەوەی بۆ گرتەیەكی نزیكی دیكە، یاخود گرتەیەكی میدیەم، یان بۆ گرتەیەكی گشتی ئەمەش بە مەبەستی دابینكردن یاخود ئەنجامدانی پێویستیو هەروەها داواكارییەكانی رووداوەكە لە دیمەنێكدا. یەكێك لە كاریگەرترین سوودەكانی گرتەی گشتی ئەوەیە كە تیایدا رێگە بە ئەكتەر دەدرێ زمانی دیالۆگی بەكاربێنێ.

## **هێڵی ئاكشن لە فیلمدا** – The Line of Action:

مەبەستو ئامانجی گشتی لە نووسینی ئەم كتێبە پێشخستنی ئەو چارەسەرییانەیە كە دەبنە هۆی فراوانكردنی مەوداو بەهێزكردنی بواری پێویستییەكانی دەرهێنەرێك. بەشێك لەو چارەسەرییانەی دەخرێنە روو پلانو نەخشەی بەنرخیان لەخۆ گرتووە. بەڵام سەرنجو بینینی تایبەتیی دەرهێنەر لە هەر كاتێكدا بێت ئەوا لە توانایدایە بچێتە ئەودیو سنوورو یاساو سیستەمەكانی كاری فیلمو هەروەها سنووری پراكتیزەكردنی گونجاوو بیری تەقلیدیی نەریتەكان ببەزێنێ. بە وتنی ئەوەی كە: ئێمە دەتوانین لە بنەڕەتیترین بنەماكانو یاساكانی شوێنی كامیرا بڕوانین كە ستایلی بەردەوامییەتی ناوی ناوە هێڵی ئاكشن.

ئامانجی هێڵی ئاكشنەكان روونو ئاشكرایە، كە بریتییە لە رێكخستنو دامەزراندنی گۆشەی كامێرا بۆ مەبەستی هێشتنەوەو پاراستنی ئاراستەو بۆشایی جێگیری سكرین، كە هەمدیس بە مەبەستی رێكخستنو ئامادەكردنی پلانی گرتەكانە، چونكە وا پێویست دەكەن كە كەرەسەكان بۆ هەر جارێك، جارێكی تر

سەرلەنوێ دابمەزرێنەوە لە کاتی گواستنەوەی کامیرا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کە دەبێتە بابەتی بەنرخو گرنگی ئەو کۆمەڵە گرتەیەی هەمان گۆشەی دیمەنیان لەخۆ گرتووە تاکو بتوانرێت لە یەك کاتدا وێنەیان بگیرێت.





**وێنەی (٥٣): بالآنسی فرێم**

دەتوانین هێڵی ئاکشن وەکو هێڵێکی جیاکەرەوە، یاخود لە چەشنی دیوارێکی وەهمی لەنێو بۆشایی بەردەم کامیرادا دابنرێت. لە بنەڕەتەوە ئەو هێڵە بۆ مەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە ئەگەر هاتو چەند گۆشەیەك لە دیمەنێکدا وێنە گیرا، ئەوا بتوانرێ پێکەوە پرۆسەی بڕین ئەنجام بدرێت بێ ئەوەی ببێتە هۆی تێکەڵبوونو سەرلێشێواندنو ئەمدیوو ئەودیوکردنی بۆشاییو مەودای لای ڕاستو لای چەپی سکرین.




لە ڕاستیدا ئەم ڕێگەیە دەبێتە هۆی بزواندنو جووڵە لەناو سنوورو چوارچێوەکەی خۆیدا لە تەنها گرتەیەکدا، ئینجا لەسەر هەمان ئاراستە گرتەکان بەردەوام دەبن لەنێو زنجیرەیەك گرتەی ترداو، دەتوانین هێڵی ئاکشن وەك (تەوەرەی ئاکشن) یاخود یاسای ژمارە (١٨٠) ناو بەرین کە لە وێنەی (٥٤)دا دیارە. ئەمەش بە مەبەستی ئاراستەی دیمەنێکی وەستاو بۆ دوو کەسی دانیشتووی سەر مێزێك، هەروەها بەردەوامییەتیی ستایل ئەمە دەخاتە ڕوو کە هێڵی وەهمیی ئاکشنێك لە نێوانیاندا کێشراوەو، ئاراستەی هێڵەکە دەتوانرێت لە هەر شوێنێکدا بێت بکێشرێت کە دەرهێنەر هەڵیببژێرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هێڵی بینینی نێوان بابەتو کاراکتەرەکان لە دیمەنەکەدا کێشراوە، هەر کاتێك کە هێڵەکە دەکێشرێ ئەوا بۆشاییو مەودای کارکردنی پلەی (١٨٠) (وێنە بازنەییە ڕەساسییەکە) کە بۆ هەر دیمەن یاخود ڕووداوێك تەنها شوێن جێگەی کامیرا ڕێگەی پێدراوە کە لەنێو ئەو نیوە بازنەیەدا دامەزراوە (وێنەی ٥٤).




**وێنەی (٥٤)**

ئەنجامەکەش ئەوەیە: ئاراستەی سکرین بۆ هەر گرتەیەك کە لەلایەکی هێڵەکەدا وەدەست هێنراوە ئەوا لە کۆتاییدا لەگەڵ یەکتردا جێگیر دەکرێن، ئەمەش لە وێنەی (٥٥)دا ڕوون کراوەتەوە کە تیایدا گرتەکان لە کامیراکانی (A, B, C)دا دامەزراون.



**وێنەی ( ٥٥ )**



**وێنەی ( ٥٦ )**

لە وێنەی (٥٤)دا شوێنو جێگەی ئەو کامێرایانە دامەزراون کە لە دەرەوەی نیوەبازنەکەدا جێگیر کراون بە شێوەی درێژایی هێڵەکە یاخود لەسەر رووی هێڵەکەدان، لە وێنەی (٥٦)دا ئەوە نیشان دەدات کە چی روو دەدات ئەگەر کاتێك بمانەوێ چەند گرتەیەك لە هەردوو تەنیشتی هێڵەکە دابمەزرێنین، ئەوا لەم حاڵەتەدا هەردوو کامێرای (F, A) تیایاندا بەکار دێن، ئەو کاتە شوێنی پیاوەکە بە جۆرێك دەردەکەوێت وەك ئەوەی سەرنج لە پشت سەری ژنەکە بدات.

**سیستەمی سێگۆشەیی** – The Triangle System:


کاتێك هێڵی ئاکشن لە کاردایە ئەوا شێوە کارکردنێکی تر، یاخود سیستەمی سێگۆشەیی، یان شوێن جێگەی کامیرا رێگەیەکی دیکەی کورتکراوەو گونجاوە بۆ ئەم مەبەستە. بۆ وەسفو جێگیرکردنی جێگەی کامیراکانو دامەزراندنیان لەلایەکی هێڵەکەدا، ئەوا ئەو سیستەمە دەریدەخات کە هەموو گرتە بنەڕەتییەکان دەشێن بۆ هەر کەرەسەو بابەتێك بەکار بێن، یاخود هەر سەبجێکتێك کە لە سێ خاڵەوە لەمیانەی سیستەمی جۆری مەوداو پانتایی ١٨٠ پلەییدا دەستەبەر دەکرێن. لە ئەنجامی بەیەکەوە گرێدانی سێ خاڵ ئەوا سێگۆشەیەکی بگۆڕو ناجێگیر لە شێوەو قەوارە دێتە بەرهەم، ئەمەش بە پێی ئەو شوێنەی کامیراکەی لێوە دانراوە.




لە سیستەمی دامەزراندنی سێگۆشەییدا دەتوانرێت هەر گرتەیەك بە گرتەیەکی ترەوە بلکێندرێ، لێرەدا ئەو سیستەمە هەموو قەوارەی گرتە بنەڕەتییەکان دەگرێتەوە. بۆ مەبەستی دیمەنە دایەلۆگییەکان ئەوا گۆشەکانی کامیرا لە بەردەوامییەتیی ستایلدا بەکار دەهێنرێت. بە شێوەیەکی گشتی سیستەمی سێگۆشەیی دەگۆڕێت بۆ چەندبارە دانانی کامیرا لە فیلمدا، مادامەکی ئامادەکردنی نواندنی چەندبارەو جووڵەی کامیرا تیایدا پێویست نەبێت، ئەمە رەنگە بۆ جووڵەی کامیرایەك گرفت دروست بکات لە بەردەم کامیرایەکی تر. لێرەدا پێنج جۆر جێگیرکردنی بنەڕەتیی کامیرا هەن کە دەتوانرێ لەنێو سێ گۆشەدا بەکار بێت:

شێوەی لار (گرتەی میدیەم یاخود گرتەی نزیك)، گرتەی سەرەکیو گرتەی شان، گۆشەنیگا (میدیەم یان نزیك) گرتەی پرۆفایل. لە وێنەی (٥٧)دا شوێنی کامیرای (A, C) دوو گرتەی لاری دوو ئەکتەر دەگرن کە لەمبەرو ئەوبەری مێزێکدا دانیشتوون، شوێنی کامیرای (B) بریتییە لە گرتەی دوانەییو کێشانی فرێمەکان لەگەڵ هەریەکێك لە شوێنی کامیرامان بەرامبەری یەکترن، کە رەنگە بێگومان گۆڕانیان بەسەردا بێت بۆ گرتەیەکی گشتی.

وێنەی (٥٨) بریتییە لە دووهەمین دانانی سێگۆشەیی بۆ گرتەی سەرووی شان، کامیرای (A, C) بەرەو شوێنی سەرووی شانەوە جووڵاون، بەڵام کامیرای (B) بە زۆری مامەڵە لەگەڵ جووتە گرتەکاندا دەکات، بڕوانە وێنەکان.




**وێنەی ( ٥٧ )**





**وێنەی ( ٥٨ )**




### گرتەی سەرووی شان:

لەو شێوە ڕێکخستنەی لە وێنەی (٥٩)دا نیشان دراوە، کامیرای (A, C) بەرەو نزیکەی ناو هێڵی ئاکشن جوولاون، یاخود بە شێوەیەکی روونتر، چوونەتە نێو هێڵی بینینی ئەکتەرەکەوە. شوێنی کامیرای (A, C) ئێستا گرتەی نزیك بۆ گۆشەنیگای هەر ئەکتەرێك لە ئەکتەرەکان دەگرن، لەم حاڵەتەدا ئەو ئەکتەرەی کە وێنەی نەگیراوە بەرەو دەرەوەی هێڵەکە جوولاوە تاکو جێگەی کامیرا بکاتەوە. ئەمەش وەك (هێڵی تێکشکاو) ئاماژەی بۆ کراوە.




**وێنەی ( ٥٩ )**

لە وێنەی (٦٠)دا دواهەمین شێوە دانانی کامیرا نیشان دەدا لەمیانەی شێوازی سێگۆشەیی‌و هەروا گرتەی پرۆفایل. بە بەکارهێنانی کامیرای (A, C) بە شێوەیەکی ئاسایی‌و گۆشەی تەواوی گرتەکە بونیادو هەروەها قەوارەی گرتەکە شێوەیەکی ناجێگیرو بگۆڕیان هەیە لەنێو سێ گۆشەکەدا چونکە دزە لە هێڵی ئاکشنەکەدا نەکراوە.





**وێنەی (٦٠): گرتەی پرۆفایل**

### دامەزراندنی هێڵێکی نوێی ئاکشن لەنێو هێڵی نوێی بینیندا:

تەنها جارێك کە کامیرا ڕێگەی پێبدرێ هێڵی ئاکشن ببڕێو بێتە ژوورەوە، ئەو کاتەیە کە هێڵێکی نوێ دامەزرابێ تاکو بتوانی ئەمە بکەیت ئەوا بڕوانە وێنەی (٦١). لەم وێنەیەدا هێڵە کۆنەکە لە نێوان ئەو دوو ئەکتەرەدا کێشراوە کە لە بەردەم مێزەکەدا دانیشتوون. دووهەمین پیاو دێتو لە مێزەکە نزیك دەکەوێتەوە، ئەنجا کەسە دانیشتووەکە سەرنج دەداتە پیاوەکە، ئەو هێڵە نوێیە هێڵێکی نوێی ئاکشن دروست دەکاتو دەگۆڕێ بۆ شوێنی ١٨٠ پلەی پانتایی کارکردنی کامیرا، ئەمە لەنێو سێ گۆشە ڕەساسییەکە ئاماژەی پێکراوە، بڕوانە وێنەکە.






**وێنەی (٦١): دامەزراندنی هێڵێکی تازەی نواندن**

بە شێوەیەکی گشتی دامەزراندنی هێڵی نوێ لەمیانەی وێنەگرتنی ئەو ئەکتەرەوە دامەزراوە کە سەرنجی بۆ لای ئەو شوێنە یاخود ئەو کەسە دەگوازێتەوە کە کەوتووەتە ناو چوارچێوەکەوە.

ئەم شێوە گرتە تەوەرەییە (Pirot) هەردوو هێڵی ئاکشنەکە پێکەوە دەلکێنێ. کاتێك کە هێڵی ئاکشن دادەمەزرێ کامیرا دەتوانێ بە درێژایی هێڵی کۆنی ئاکشنەکە بۆ هەر شوێنێك بجوولێت لەمیانەی پانتاییەکی تازەی کارکردنەوە (مادامەکی هێڵە بینراوەکە لەگەڵ دوو ئەکتەرەکە دەمێنێتەوە).


ئێستا تێبینیی ئەوە بکە کە ئەو بۆشاییە ژنەکەش دەگرێتە خۆی، هەرچەندە ئەمە لە ژێر سیستەمی ١٨٠ پلەییدا ڕێگەی پێدراوە، بەڵام کامیرا نابێت بکەوێتە نێو چارەکە بازنەکەوە بۆ وێنەگرتنی ژنەکە.

لە داهاتوودا ژنەکە لەنێو گرتەیەکدا بینراوە، لێرەدا کامیرا بە پێی هێڵی کۆنی ئاکشنەکە شوێنی بۆ تەرخان دەکرێت ئەمەش پێی دەوترێت (دووبارە دامەزراندنەوەی گرتە).

شێوازو ستایلی ئاسایی‌و باو یارمەتیی دووبارە بەکارهێنانی هێڵەکانی ئاکشن دەداتو، کامیرا بە جۆرێك دادەمەزرێ کە بایەخو گرنگیی بۆشایی چەسپاو (نەگۆڕ) لەمیانەو بەهۆی دووپاتبوونەوە کاریگەرترو بەتواناتر دەبێت، کاتێك کە شێوازی

بنەڕەتیی پرۆسەی (بڕین)و گرتەی جوگرافیایی دامەزرا، ئەوا ئەو کاتە گەڕانەوە بۆ هێڵی کۆنی ئاکشن پێویست ناکات بەهۆی گرتەی (خاڵی تەوەرە – Pirot Shot)وە پەرەی پێبدرێتەوە، هەر لەو کاتەی تەماشاکار هەستێکی گشتی بۆ پەیوەندییە شوێنییەکانی نێوان ئەکتەرەکان لا دروست دەبێ.

کاری گۆڕینی هێڵەکان بە شێوەیەکی بەرچاو ئاڵۆزیی کەمتر لە کاتی کارکردندا بەخۆوە دەگرێ، پلانی وێنەگرتن بە شێوەیەك ڕێك دەخرێ کە هەموو گرتەکان لە گۆشەیەکی دراوەوە بەهێزو کاریگەر کراون، هەتا تەنانەت ئەگەر دایەلۆگ گرتەیەکی دەرەوەی کارەکە بێت. دواتر، ئەو گرتانەی کە ئامادە کراون و خراونەتە سەر کاغەزێك لەنێو زنجیرە ڕووداوە دراماتیکییەکان لەسەر ڕووی سکرین، ڕەنگە گۆڕینی هێڵی ئاکشن بە جۆرێك دەربکەوێت کە دوای بنەمای بابەتێکی یەکجار ئاڵۆزتر لە بابەتە ڕاستەقینەکە بکەوێ.





وێنەی (٦٢)




هەر کاتێك پیاوەکە پەیوەندی تەماشاکردن لەگەڵ ژنەکە لە هەنگاوی دووەم جارێکی تر دادەمەزرێنێتەوە ئەوا هێڵی تازەی ئاکشن بە دڵنیاییەوە دامەزراوە. هێڵی تازە هێڵە کۆنەکە ڕەت دەکاتەوە، ئەو هێڵە کۆنەی کە چیتر کاریگەرێتیی نەماوە، جارێکی تر بۆشایی کارکردووی ١٨٠ پلەیی دامەزرا. تاکە پێویستە بۆ ئەو پلانە بریتییە لەوەی دووبارە دانانەوەی پێویستە بە ئاشکرایی لە گرتەیەکدا ببینرێت، بە شێوەیەك کە ڕێگە بە بینەر بدات دووبارە شوێنی خۆی وەك بینەر ڕێك بخاتەوە.

فاکتەرێکی تر بۆ هێنانە بەرچاوی ئەوەی کە لە کاتی دامەزراندنی هەر هێڵێکی نوێ، لەوەی کە کامە لا بۆ کامیرا یاخود بۆ وێنەگرتن بەکار بهێنرێت. وێنەی (٦٣) وێنەی ڕێکخستنێکی تر وەك ئەلتەرناتیڤێك لە وێنەی (٦٢)دا نیشان دەدات. ئەمجارە بۆشایی کارکردنی کامیرا دەکەوێتە ڕووی بەرامبەری هێڵەکە. (یەکێك لەو چارەسەرییانە دەگونجێ کاری پێبکرێ مادامەکی بۆشاییە نوێکە لەگەڵ گرتەی خاڵی تەوەرە ڕێك دەکەوێ لەمیانەی هێڵی ئاکشنی پێشوو) ئەمەش لە وێنەی (٦٤)دا خراوەتە ڕووی.



وێنەی (٦٣)




**وێنەی (٦٤): پانتایی دیکە بۆ کارکردن**

بەشی یەکەم هێڵی ئاکشنەکەو شوێنگرەوەی بۆشایی کارکردنی نیوە بازنەکە بۆ کامیرا نیشان دەدات، ئەم هێڵە نیوە بازنەییە دەکاتە دوو لەتی یەکسانەوە بریتییە لە هێڵێکی نوێی ئاکشن کاتێك دامەزرابێ کە پیاوەکە بەرەو حاڵەتێکی تری (وەستان) دەجوولێت کاتێك رووبەڕووی ژنەکە دەوەستێ. بەشی دووەم لە وێنە هێڵکارییەکە بۆشایی کارکردنی ١٨٠ پلەیی نیشان دەدات، ئەمەش کاتێك بەکاردێت ئەگەر هاتو شوێنی کامیرای (B) بۆ گرتەی تەوەرەیی بەکارهاتبێ، بەڵام بەشی سێیەم بۆشایی کارکردنی ١٨٠ پلەیی کاتێك بەکاردێت کە کامیرای (A) بۆ گرتەی تەوەرەیی بەکاربێت.

وەك رێسایەك، شوێنی کارکردن بۆ هەر هێڵێکی نوێی ئاکشن بەکار هاتووە وا دەکات کە کامیرا لە ناوەڕاست – سەنتەری گروپەکە بمێنێتەوە، کاتێك وێنەگرتنی دیالۆگەکان لە پشت مێزەکەوە دەبێت، یاخود دەکەوێتە نێو بۆشاییە بەرتەسکو بچووکەکە.



**جووڵەی کامیرا لە سەرووی هێڵەکەوە:**

Moving the Camera Over the Line:

بێجگە لە ئەکتەر، ئەوا کامیراش بە هەمان شێوە دەتوانێ بە جووڵەی (پان – Pan) یان جێگۆڕ، یاخود بەهۆی کرێن بەرەو بۆشاییەکی نوێو هێڵێکی نوێی ئاکشن بجوولێت، ئەمە بە ئاسانی ئەنجام دەدرێت مادامەکی جووڵەی کامیرا پێشی نەگرتوون. لەم حاڵەتەدا ئاراستەی چاو دانامەزرێو کامیراش دەتوانێ لەلایەکی نێوان هێڵی بینینەکەوە بەرەو لایەکی تر بجوولێتو لە نێوان دوو ئەکتەرەکە بێ ئەوەی هیچ جۆرە پەشێویو تێکەڵبوونێك روو بدات. وێنەی (٦٥) حاڵەتێك لەم پلانە دەخاتە روو لەگەڵ رێگەیەکی بازنەیی کامیرا (ئەوەی کە بە هێڵی رەش کێشراوە).



**وێنەی (٦٥)**

**گرتە گەیەنەرو خێراکان** – Cutaways and Bridge Shots:

رێگەیەکی تر بۆ بڕینو تێپەڕین لە هێڵ بۆ بەشێکی تری دیمەنەکە بریتییە لە چوونە ناوەوەو دزەکردن بۆ نێو جوگرافیا یاخود شوێنی رووداوەکان بەهۆی گرتەیەکەوە کە بە روونی پەیوەندیی بە ئاکشنەوە هەبێت، بەڵام ئەمە شوێنو جوگرافیای خودی دیمەنەکە ناگرێتەوە، بۆ نموونە: ئەگەر بڵێین ئێمە لە دیمەنێکدا هێڵی ئاکشنەکەمان دانەمەزراوە لەنێو پۆلی قوتابخانەیەکدا. لێرەدا

دەمانەوێ کە هێڵەکە ببڕین، بەڵام هیچ یەکێك لەو ڕێگەیانەی کە ئێمە لە نموونەکانی پێشوودا تێبینیمان کردوون لەمیانەی ئاکشنی دیمەنەکە ناتەبایەو کارناکات، لەم حاڵەتەدا وێنەیەکی فۆتۆگرافیی نزیکی دەفتەری قوتابییەك دەگرین، یاخود هەر کەرەسەیەکی تر بێت بۆ ئەم مەبەستە. ئەم جۆرە گرتە جیاوازو خێرایە خزمەت بە هەمان ئامانج دەگەیەنێ کە گرتەی تەوەرەیی ئەنجامی دەدات.

کاتێك دەشگەڕێینەوە سەر ئاکشنە سەرەکییەکە ئەوا کامیرا دەکرێ لە سەرووی هێڵەکەوە بجوڵێنرێ‌و پاشان بخرێتە سەر هێڵێکی دیکە. ئەم چارەسەرە بە شێوەیەکی گشتی وەکو چاککردنەوەیەکی خێرا لە پرۆسەی بڕین بەکار دێت، کاتێك گرفت‌و کێشەکانی بەردەوامییەتی دەردەکەون.

**هێڵی ئاکشن بە مەبەستی جووڵە و گواستنەوەی سەبجێکت‌و گواستنەوەی خودی ئاکشن** – The Line of Action for Moving Subjects and Action:

سوودی فراوانی هێڵی ئاکشن کاتێك دەردەکەوێت کە ئەگەر بۆ مەبەستی ڕێکخستن لە وێنەگرتنی ڕووداوە دیالۆگییەکان بەکار هات کە بەهۆی چەند ئەکتەرێکەوە ئەنجام دەدرێن، هەرچەندە ئاراستەی سکرینەکە وەکو ئاراستەیەکی گرنگ‌و یەکلاکەرەوە دەربکەوێ، ئەمەش بە مەبەستی تێگەیشتن لە جووڵەی خێرایی ئەکتەر، بۆ نموونە:

لە ڕووداوی شوێنکەوتنی ئۆتومبێلدا، دڵنیایی لە بە گرنگزانینی هێڵی ئاکشن ڕەنگە شوێنی ڕێکخستنی گرتە سەرنجڕاکێشەکان بگرێتەوە. ئەمەش چونکە بەردەوامییەتیی پرۆسەی بڕین تاکە ڕێگەی ڕێکخستنی دەرکەوتەکانی فیلم نییە، بەڵکو لە پاڵ ئەمەدا ژمارەیەك شێوازی دیکە هەن وەك: بزواندن‌و جووڵە، یاخود بڕینی شیکارییانە. ڕەنگە لە گەمەیەکی دژیەکدا بێت لەگەڵ بەردەوامییەکی وردا، هەروەها هێشتا دەتوانێ چارەسەرێکی تر بۆ گرفت‌و کێشە هونەرییەکان فەراهەم بکات، بەڵام وریا بە لەوەی کە ئەنجامی زیاتر دینامیکی ڕەنگە لە چەند





ڕووداوێکدا کاری پێبکرێ ئەگەر هات‌و توانرا هێڵەکە ببڕدرێ‌و ئاراستەکەش نیشان بدرێ. دواتر ئێمە سەرنج لە چەند شێوەیەکی تر لە پرۆسەی جێبەجێکردن دەدەین، بەڵام ئێستا بەردەوام دەبین لە دەرخستن‌و نیشاندانی هێڵی ئاکشن، ئەمە بزانەو لە خەیاڵتدا بیپارێزە کە هەمیشە ڕێگەچارەی ترو ئەلتەرناتیڤی تر هەن بۆ دامەزراندنی ڕێکخستنی گرتەکان.

**ڕیزبەندیی ئاکشنەکان** – Action Sequences:


لە ئاکشنی ڕووداوەکاندا هیچ هێڵێکی بینین بۆ دامەزراندنی هێڵی ئاکشن لەئارادا نییە. لەم حاڵەتەدا هێڵی ئاکشن شوێن جووڵەی ئاسایی سەبجێکت یاخود کەرەسەی گرتەکە دەکەوێ، ئەگەر ئۆتومبێلێك بە دوای ئۆتومبێلێکی تر کەوت ئەوا هێڵەکە بەهۆی ئۆتومبێلەکانەوە دەبڕدرێ، هەروەك لە وێنەی (٦٦)دا نیشان دراوەو، ئەگەر دوو ئۆتومبێلەکە کەوتنە ئەملاو ئەولای یەکتر وەکو دوو هێڵی تەریب، ئەوا لەو حاڵەتەدا دەتوانرێ هێڵێکی ئاکشنی زیادی تر (هێڵی وێنەگرتن) لە نێوانیاندا دابمەزرێ، ئەم حاڵەتە بە (هێڵی بینینی ئاماژەیی) ناو دەبەم، چونکە تەنانەت ئەگەر شۆفێری ئۆتومبێلەکانیش لە گرتەکەدا دەرنەکەون ئەوا ئۆتومبێلەکان خۆیان دەبنە ئاماژەی حاڵەتی شۆفێرەکان‌و هێڵی بینینی ئەوان. ئەم شێوەیە تایبەتە بە ئۆتومبێل، کەشتی، فڕۆکە، یاخود هەر ئامێرێکی تری جێگۆڕ کە بەهۆی شۆفێرەوە بهاژورێت، هەردوو هێڵەکە لە وێنەی (٦٦)دا نیشان دراوە. بڕوانە وێنەکان.

دەبێ ئەمەش بڵێین کە حاڵەتی (هێڵی بینینی ئاماژەیی) حاڵەتێکی تایبەتەو کاتییە، کاتێك دەچێتە ئەودیو هێڵی جووڵەکەوە پشتگوێی دەخات. بە مانایەکی تر: هێڵی جووڵە تەنها بریتییە لە ڕێسایەکی ئاساییو، لەو کاتەی کە ڕەنگە ئەوە وەکو جۆرێك لە چارەسەر دەربکەوێ کە ڕێسای ١٨٠ پلەیی بۆ مەبەستی ڕێگەگرتن داهێنراوە، ئەمەش لە ڕاستیدا شێوە بڕینێکی ئاساییو نۆرماڵە، هەتا تەنانەت لە دیمەنە دیالۆگەکانیشدا کاتێك هێڵێکی جووڵەو هێڵێکی بینینی ناوەوە لەئارادا بن.



گرتە لە شوێنی کامێرای C



گرتە لە شوێنی کامێرای A

**وێنەی ( ٦٦ ): دوو هێڵی ئاکشن**



**بڕینی هێڵ لە رووداوی ئاکشن :**

Crossing the Line in Action Sequences:

پلانو ستراتیژیەتی سەبارەت بە (تەواوێتی) بڕینی هێڵ لە حاڵەتی نادیالۆگیدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی هاوتایە لەگەڵ ئەو روونکردنەوە وێنەییانەی بۆ دیمەنە دیالۆگییەکان وێنە دەکێشرێن. بە سەرەتای دەستپێکردن لە وێنەی (٦١)دا تاکە جیاوازی بریتییە لەوەی کە هێڵی بنەڕەتیی جووڵەکە لەگەڵ هێڵی بینینەکە ئاڵوگۆڕی پێکراوە. هەر بە مەبەستی یادهێنانەوە سێ رێگەی بنەڕەتی هەن بۆ دامەزراندنی هێڵێکی جووڵەی نوێ:

١) سەبجێکت – ئەکتەر: ئوتومبێل، ئەسپ، کەسێك، دەتوانن هێڵەکە ببڕنو هێڵێکی تازەی نوێ دابمەزرێنن، ئەمەش بەهۆی دەستەبەرکردنی ئاراستەی هێڵێکی نوێی جووڵە.

٢) کامێرا دەتوانێ هێڵەکە ببڕێ بە جۆرێك، یان ئەوەتا شوێنی (سەبجێکت – ئەکتەر) بکەوێ بەرەو بۆشاییو شوێنی دیمەنێکی تر، یان بە تەنها بەرەو چەند حاڵەتێکی جیاوازی وردی گرافیکییانە بۆ گۆشەنیگایەکی نوێ بڕوات.


٣) سەبجێکتێکی نوێ دەتوانێ بچێتە ناو فرێمەکەو ببێتە هێڵێکی دیاری جووڵە بە جیاواز لەوەی پێشوو، ئەمە لەگەڵ ئەو حاڵەتەی کە لە وێنەی (٦١)دا نیشان دراوە هاوشێوەیە، کاتێك کاراکتەرێکی نوێ دێتە ناو دیمەنەکەوەو هێڵێکی نوێی بینین دادەمەزرێنێ.

**بڕینی هێڵەکە کاتێك لەسەر هێڵێکی تردایە :**

Crossing the Line While on the Line:

ئێستا کامێرا کەوتۆتە سەر هێڵێکی ئاکشن، ئەم پرۆسەیە سەخت دەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی ئەمە دەربکەوێت لەو کاتەوەی کە کامێرا هێڵەکەی بڕیوە. لە وێنەی (٦٧)دا، شوێن کامیرای (A, B) لەسەر هێڵی ئاکشندان، کەوابێ کاتێك پێکەوە یەکتری دەبڕن ئەوا ئاراستەیەکی پێچەوانە لە سکریندا دادەمەزرێت، ئەم شێوەیە رەنگە شەست ساڵ لەمەوبەر کاری پێنەکرابێو دەستی لێهەڵگیرابێ، بەڵام ئەمڕۆ

بینەرو تەماشاکەران گرفتێکی لەو شێوەیەیان نییە بۆ تێگەیشتن لەم شێوە بڕینە. ئەم شێوازە پێچەوانەیەو هەرچییەك بێت ئەوا پرۆسەیەکی زیاتر سەرنجراکێشترە لەوەی کە هەندێ جار وێنە دەگیرێ کاتێك وێنەگرتنەکە لەسەر هێڵەکە بێتو سەبجێکتەکەش لە حاڵەتی پرۆفایلیدا بێت. کاتێك هێڵی بینینی سەبجێکت دەبێتە هەمان هێڵی ئاکشنەکە، ئەوا ئەو کاتە ئێمەی رووی پێشەوەو دواوەی دیمەنەکەمان دەست دەکەوێت کە ئەمەش یارمەتیی بینەر دەدات کە جیاوازی لە نێوان گرتەکاندا بکات لە کاتی وێنەگرتندا ئەوا دەردەکەوێ کە بە دەگمەن پێویست دەکات بچێتە نێو وردەکاریی دانانو ڕێکخستنی دیمەنەکانو شیکردنەوەیان بۆ دۆزینەوەو دامەزراندنی هێڵێکی نوێی ئاکشن. باوەڕی بنەڕەتیم ئەوەیە کە ئەگەر فیلمساز تێگەیشتنی بۆ جوگرافیای سینەماتیکی هەبێتو بینینی پێشوەختەی بۆ دیمەنەکان لەلای گەڵاڵە بووبێو، توانیبێتی لەمیانەی تێبینیو سەرنجەوە لە رووی ئەوەی کە وێنەی چی دەگرێو هەروەها وێنەی چی گرتووە، ئەوا ئەو کاتە باوەڕ ناکەم تووشی هیچ گرفتو گرژییەك بێت لەگەڵ پرۆسەی بەردەوامیدا.




**وێنەی (٦٧): هێڵی ئاکشن، کاتێك پێکەوە بەستراونەتەوە، گرتەکان بە کامیرای A، B لە حاڵەتی ئاراستەی سکرینی پێچەوانەدا گیراون**



**سەرەنجام** – Conclusion:

ڕێسای ١٨٠ پلەیی تەنها ڕێسایەکە ئەگەر تۆ بێ هیچ پرسیارێك قەبوڵت بێت، بۆچوونی من ئەوەیە، زیادەڕەوی زیاد لە پێویست دەکەن سەبارەت بە پەیوەندییە شوێنییەکان لە فیلمەکاندا لەوەی کە متمانەیان پێدراوە. دەرهێنەرانی وەك ئۆزو (Ozu)، بریسۆن (Bresson)، درێیەر (Dreyer) تەکنیکی ناراتیڤییان پێش خست کە زۆرجار پێچەوانەی نەریتو ستانداردی فیلمسازی بەردەوامییەتی دەکەوتەوە، ئەمەش بە مەبەستی هێنانەدیی ئامانجەکانیان، هەرچەندە لە زۆر لایەنی ترەوە وەکو پرۆسەیەکی پڕ داواکاری دەهاتە بەرچاو، بەڵام بینەر بەهۆی ئەو شێوازە ڤێژوەڵییە فریوی نەخوارد.

بە پێچەوانەیشەوە (Godard)و هەروەها بزوتنەوەی دیکەی رادیکاڵی، ئەو دەرهێنەرانە هیچ کاردانەوەیان لە رووی ستایلی بەردەوامییەتیی فیلمو چارەسەرییە ڤێژوەڵییەکاندا نەبوو سەبارەت بە گرنگیو بایەخە بابەتییەکانیان کە زۆرجار جیاوازو تایبەتی بوون لەنێو ستایلی ستانداردی کۆندا.

( ٧ )

## برین: پەیوەندییە زەمەنییەکان
## *EDITING: TEMPORAL CONNECTIONS*

ساڵی ١٩٢٠ فیلمسازو تیۆریستی سۆڤیەتی لیڤ کۆلۆشۆڤ (Lev Kuleshov) بەرهەمێکی ئەزموونگەرییانەی ناوداری ئەنجام دا، ئەمەش بە نیشاندانی ئەوەی کە ماناو ناوەرۆکی گرتەکان دەتوانرێ لە شێوەی ریز سەرجەمیان لە ریگەی پرۆسەی برینەوە جێبەجێ بکرێت. کۆلۆشۆڤ لەم بەرهەمەیدا گرتەی نزیکی بۆ سیما فلاتو بێگوزارشتەکەی (مۆزخین) بەکار هێنا. ئەمە وەك گرتەیەکی کاردانەوەیی (Reaction Shot) لەنێو سێ زنجیرە رووداوی جیاوازدا: کاردانەوەی ئەکتەر (مۆزخین) لە رووی قوتووی سابونێك بینرا، ئەنجا ژنێك لەنێو تابوتێكو لەولاشەوە منالێك گەمە لەگەڵ فیلە لاستیکییەکەیدا دەکات.

بینەر بەوپەری سەرکەوتووییەوە سەرنجی ئەو دیمەنەیان داو هەروەها لەگەڵ ئەو نواندنە هەستیارەی مۆزخین کە لە هەموو حاڵەتەکاندا هەر هەمان گرتەی نزیك تیایدا بەکارهاتبوو، بەو پێیەی کە تواناو وزەی پرۆسەی برین بۆ دامەزراندنی مانا نکوڵیی لێناکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە داهێنانەی کۆلۆشۆڤ حاڵەتێکی تایبەت بوو.

لە زۆربەی فیلمە ناراتیڤەکاندا، گرتەکان زۆر بە کەمی کراونەتە بناغەو بنەمای کارەکە وەك ئەوەی لەم نموونەیەدا ئەنجام دراوە، بەڵام دیسانەوە ئەم گرتانە بە شێوەیەك دامەزراون کە گوزارشت لە بیرۆکەو کۆنسێپتێکی دیاریکراو بکەنو ناوەرۆکەکە بە گوێرەی (سکریپت) سیناریۆکە بخەنە روو.

سەرجەم گرتەکان بە هاوکاریی کارتێکەری دەنگەکان زانیاریی گرافیکییانەو



ناراتیڤییان لەخۆ گرتووە کە پێشوەختە بریارە سەرەکییەکان ریك دەخاتەوە وەك گرتە یەکبەدوایەکەکانو گرتە درێژەکان. ئەم شێوە بینینە سەبارەت بە پرۆسەی برین جەخت لەسەر رۆڵی دەرهێنەرو هەروەها نووسەر دەکاتەوە لە دامەزراندنو رێکخستنەوەی ئەو لۆجیکە ناوەرۆکییەی لەو بنەماو رێسایانە لە رووی هەر بریارێکەوە دەستەبەر دەکات کە (مۆنتێر) بە ئەنجامیان دەگەیەنێ.

کاتێك ئێمە قسە لە لۆجیکی گێرانەوەی ناوەرۆکەکان دەکەین ئەوا لە راستیدا مەبەستمان ستراکچەری گرتەو دیمەنو زنجیرە رووداوەکانە.

بونیادو ستراکچەرەکان کۆنترۆڵی رێکخستنەکان (Staging) دەکەن بەو جۆرەی کە ناوەرۆکی چیرۆك، دەق بە بینەر دراوە. پرۆسەی گێرانەوەی دەق لەسەر سکرین زۆر گرنگە بە ئەندازەی گرنگییەتیی ئەو زانیاریو ناوەرۆکە راستەقینانەی خراونەتە روو. لەو کاتەوەی کە ستراکچەری فیلمەکان دەتوانرێ لە رێگەی بۆردی رووداوەوە نیشان بدرێ بە جۆرێك کە سیناریۆ لە توانایدا نییە دەریانبخات، ئەوا پرۆسەی بەوێنەکردن وەك بەشێك – پارچەیەك لە پرۆسەی نووسینو هەروەها لە کۆتاییشدا وەك پرۆسەیەکی برین دەتوانرێ لە بەرچاو بگیرێ.

### تواناو پاڵنەری ناراتیڤی – The Narrative Impulse:

ئی. ئێم. فۆرستر (E. M. Forster)ی نۆڤلیست، زۆرجار پێناسەی (پلۆت – Plot)ی وەك شوێنێکی گونجاو وەسف کردووە بۆ تێگەیشتن لە جۆری لۆجیکیی ئەو ستراکچەرەی کە جۆری هەڵبژاردنی برینەکان دیاری دەکاتو توانایان پێدەبەخشێ. فۆرستر لە سەرەتادا بە وەسفکردنی ژمارەیەك رووداو دەستی پێکرد کە لە راستیدا رووداوی پلۆتی نەبوون وەك: شا مردو شاژنیش بە دوایەوە مرد، بەڵام هەروەك فۆرستر ئاماژەی پێکرد ئەگەر وتمان شا مردو شاژنیش لە مەراقدا مرد ئەوا ئێمە لەم حاڵەتەدا پلۆتەکەمان خستۆتە روو چونکە لێرەدا پەیوەندییەکی هۆکاری لەگۆرێدایە. لەبارەی هەر ناوەرۆكو دەقێکەوە پەیوەندیی ئەم هۆکارو دەرەنجامە دەبێتە پلانو رێگەچارەیەکی گرنگ سەبارەت بە خوێنەر،

ئەمە دەكرێ بەوەی داوا لە بینەر بكرێ كە بەشداری لە ئەنجامدانی پەیوەندییە لۆجیكییەكاندا بكات كە دەكەونە نێوان رووداوەكانەوە. ئەمەی فۆرستر بە نموونە ئاسان كراوەتەوە، ئەمەش تاكو مانایەك ببەخشێتو هەروەها ئەوەشمان نیشان نادا كە چۆن نووسەرێك پەیوەندیی نێوان شاو شاژنەكە دەردەخات. بۆ نموونە: لە سەرەتای كتێبەكەدا (شاژن) بە شێوەیەك وەسف كراوە كە جیاواز بێت لە مردنی شا، كاتێكیش بەسەرهاتەكە بەرەو پێشەوە دەچێت ئەوا نووسەر هەندێ وردەكاری كە وەسفی شاژنەكە دەكات بە شێوەیەك دەردەخات كە تاجو دەسەڵاتەكەی رێگە نادات هەستی ئەو بێتواناییەی شاژن بۆ دەستو پێوەندو خەڵكەكە دەربكەوێت، یاخود ئێمە خۆمان رەنگە ئەمەمان لە بەشی یەكەمەوە بۆ دەربكەوێت كە شاژن مردووە بەڵام ئەمە تا دوا پەڕەی چیرۆكەكە ئاشكرا نابێت كە هۆكاری نەخۆشییەكەی بۆتە هۆی مردنەكەی. لە هەردوو حاڵەتدا گەمە لەگەڵ هەستی بینەردا كراوە بەهۆی رێكخستنو هەروەها شێوازەوە بەوەی كە پلۆتەكە خراوەتە روو هەرچەندە كە هەمان رووداوە بنەڕەتییەكان لە هەر بەشێك لە بەشەكانی چیرۆكەكەدا پەیوەست كراون.

لە چیرۆكە فیكشنەكاندا زۆربەی جار هۆكارو ئەنجام لە چەشنی پلانی پرسیارو وەڵام رێك دەخرێن كە بەهۆیەوە بەشداریی بینەر بەهێز دەكات. كۆتاییەكی كراوە لە چیرۆكێكی بەشبەشكراودا، لەو شوێنەی كە وەڵامی ئەو پرسیارەی كە: لە زنجیرە رووداوی داهاتوودا چی روودەدات؟ نموونەیەكە لە بەكارهێنانی ئەوپەڕی زیادەڕەوی لەم جۆرە شێوەو كەرەسانەدا. ئەو چیرۆكو رووداوانەی كە ستراتیژیەتی پرسیارو وەڵامی تیادا بەكاردێت ئەوا دەكرێ لە چەندین رێگەوە رێك بخرێن. رەنگە پرسیارێك لەمیانەی كۆكردنەوەی ئەو وردەكارییانەی لە سەرووی دەیان لاپەڕەی چیرۆكەوە بەرهەم بێت، یاخود رەنگە بۆ كورتیو پوختی وەڵام بدرێنەوە. لە راستیدا دەرخستنی وردەكاری لەبارەی پرسیارو وەڵامەكان بە شێوەیەكی گشتی لەمیانەی هەر لاپەڕەیەك لە لاپەڕەكانی چیرۆكەكە لەنێو ژمارەیەك ئاستی هاوشێوەدا روو دەدات. ئەمە بە ئەندازەی



ئەوەی كە لەبارەی سیناریۆ یاخود فیلمەوە راستە، ئەوا بۆ نۆڤڵو كورتە چیرۆك بە هەمان شێوە دەگونجێ، بەردەوامییەتیی پرۆسەی بڕین لەسەر بنەمای ستراتیژیەتیی ئەم جۆرە پرسیارو وەڵامانە سەرچاوەی گرتووە، هەرچەندە ئێمە وەكو چەند پەیوەندییەك لێیانەوە دەدوێین. ئەمانەی خوارەوە سێ بنەمای هەرە سەرەكیی پەیوەندییەكان نیشان دەدەن لە بڕینی بەردەوامییەتیدا:

★ پەیوەندیی زەمەنی: ئێمە پرۆسەی (بڕین) لەسەر ئەو پیاوە ئەنجام دەدەین لە كاتی خستنە خوارەوەی گلاسەكەی دەستی لە گرتەیەكو كەوتنی گلاسەكە بەسەر زەویدا لە گرتەی دووەمدا.

★ پەیوەندیی قەوارەیی: ئێمە پرۆسەی (بڕین) لە گرتەیەكی بەرینی كۆشكی سپی ئەنجام دەدەینو، بۆ رووی پڕ وردەكاریی ناو كۆشكەكە لە گرتەیەكی نزیكتر، بۆ نموونە: دەرگای گەورە، یاخود كۆڵەكەی كۆشكەكە.

★ پەیوەندیی لۆجیكی: ئەمجارە پرۆسەی (بڕین) لە گرتەیەكی بەرینی (فراوانی) كۆشكی سپییەوە ئەنجام دەدەین بەرەو گرتەیەكی سەرۆكی ئەمەریكا كە لە ئۆفیسەكەیدا دانیشتووە. هیچ پەیوەندییەكی زەمەنی یاخود قەوارەیی لەم كۆكردنەوەیەدا پێویست نییە. ئەگەر ئێمە توانیمان كۆشكی سپی بناسینەوەو پاشان سەرۆك، ئەوا لێرەدا پەیوەندییەكی لۆجیكی بەرهەم دێنین كە ئەو (سەرۆك)ە لە ئۆفیسەكەیدا لە كۆشكی سپی دانیشتووە، هەتا ئەگەر تەنانەت هیچ زانیارییەكی ئەوتۆی دیاریكراویش نەبێت كە ئاماژە بە ئامادەیی ئێمە بدات لە كۆشكی سپیدا.

هەروەك بینیت، ئەم جۆرە پەیوەندییانە خەیاڵی دنیایەكی راستەقینەی فیزیكییانە بەرهەم دێنن. رەنگە ئێمە وەكو چەند پەیوەندییەكی باكگراوندییانە سەرنجیان لێبدەین كە ئەتمۆسفێری فیلمەكە دادەمەزرێنن، بەڵام دەكرێ دیسانەوە ئەمە بۆ مەبەستی دامەزراندنی (پلۆت – Plot)و هەروەها بۆ ناوەرۆكی دراماتیكییانەش بەكاربێت.

**جووڵەی ناراتیڤی** – Narrative Motion:

بۆ ئەوەی بتوانین پرۆسەی ناراتیڤی بەرەو پێشەوە بەرین ئەوا پێویستە نەوەك هەر بە تەنها پرسیار بەڵكو پێویستە چاوەڕوانكراوەكانیش دابمەزرێنین. بۆ نموونە، لە حاڵەتی دوو گرتەی كە بە مەبەستی دەرخستنی خستنە خوارەوەی گلاسێكدا ئەنجام دەدرێ، ئەوا لێرەدا پرسیارو وەڵام تەنها بە مەبەستی وێنەكردنی ئاكشنەكە دەكرێ. هەرچۆنێك بێت ئەگەر زانیمان یەكێك لەو خواردنەوانە لە ئاهەنگێكدا زەهری تێكراوە ئەوا لەم حاڵەتەدا گەمە لەگەڵ بینەردا دەكرێ بەوەی كە هەموو جۆرە پرسیارێك لامان دروست دەبێت، وەك: (كێ)، (چی)، (كەی)، (لە كوێ)و هەروەها (لەبەر چی) لە رووی زەهرەكەدا دروست دەبێت.

لەو كاتەوەی كە ئێمە هەموو جۆرە زانیارییەك دەستەبەر دەكەین‌و تاقییان دەكەینەوە لەبارەی هەر چیرۆكێكەوە دەیخوێنینەوە یان تەماشای دەكەین، ئەوا ئێمە لەم حاڵەتەدا وەڵامی گونجاو لە رووی هەموو پرسیارە بەرهەمهاتووەكان كۆ دەكەینەوە.

دەتوانین بڵێین كە نزیكەی سەرجەم ستراتیژییەكانی (بڕین) لە فیلمە ناراتیڤەكاندا بە مەبەستی رێكخستن‌و دامەزراندنی چوارچێوەی كار سەبارەت بە رووداوە هاتووەكان لەنێو زنجیرەیەك گرتەدا دروست بووە. دەرەنجامی ئەمەش بریتییە لە بەرهەمهاتنی ئەوەی پێی دەڵێین (جووڵەی ناراتیڤی).

ئەمە لە رێكخستنی گرتەكاندا شێوە رێگەی بنەڕەتییە لە پرۆسەی بڕین لە فیلمدا هەتا تەنانەت مۆنتاژی دیالەكتیكی كە فیلمسازی سۆڤیەتی (سیرجی ئیستەنتین) بەكاری دەهێنا بریتی بوو لە ئەلتەرناتیڤێك سەبارەت بە پرۆسەی بڕینی هۆكارو دەرەنجام. جووڵەی بەكارهاتووی ناراتیڤی بەهۆی رێكخستنی رووداوە چاوەڕوانكراوەكان‌و ورووژاندنی پرسیار دروست دەبێ.

لە گرتە دیالەكتیكەكانی ئیستەنتین سەبارەت بە (بیرۆكە، دژەبیرۆكە، فرەبیرۆكەیی) (Thesis, Antithesis, Synthesis). لە یەكەمین دوو گرتەدا پرسیاری ئەوە دەكەن كە: پەیوەندیی نێوان ئەم ئایدیایانە چییە؟ وەڵام: ئەوەی



كە لەلایەن نووسەرەوە لە گرتەی سێهەمەوە دەستەبەر كراوە بریتییە لە فرەبیرۆكەیی Synthesis. لەم شیكردنەوەمۆنتاژییەی سۆڤیەت‌و شێوەی بڕینی بەردەوامییەتیی هولیووددا بە تەواوی پێچەوانە نییە تەنها سەبارەت بە هەمان پرەنسیپی ستراتیژیەتیی پرسیارو وەڵامەكان.

**شێوازی پرسیارو وەڵام** – Q&A Patterns:

ساكارترین پرسیارو وەڵام لەبارەی شێوازی بڕین تەنها پێویستی بە دوو گرتەیە، بۆ نموونە: گرتەی كەسێك كە سەرنجی دەرەوەی سكرین بداتو ئەنجا گرتەیەكی دی لەو شتە – كەرەسەیەی كە ئەكتەرەكە سەرنجی دەدات. شێوازەكان بەهۆی درێژییانەوە دیاری ناكرێن‌و لەوانەیە هەر بۆ ئەمە پێویستییان بە دەیان گرتە بێت بۆ تەواوكردنی بازنەی پرسیارو وەڵامێك، یاخود دەتوانرێ شێوازەكان بەهۆی گۆڕینی جۆری رێكخستنی گرتەكان جیا بكرێنەوە، هەرچەندە ئێمە لێرەدا بەهۆی ئەم رێگەیەوە قسە لەسەر شێوەی گێڕانەوەكە ناكەین، كە زۆرترین سوپاسگوزاری‌و ئەو سەرسامییانەی لە رووی فیلمەكانی وەك: (بانویل، هیچكۆك، گۆدارد، وێلز، ترێ فۆت)دا هەمانە، لەو حاڵەتانەوە دەردەكەوێت كە ئەو دەرهێنەرانە ئەو شێوازی پرسیارو وەڵامانە پێش دەخەن كە بتوانن سەركێشی‌و بەربەرەكانی لە رووی (بینەر)دا بكەن.

**كۆنتێكست (مانا)** – Context:

مانای هەر جۆرە شێوازێك لە شێوازی (Q, A) دەتوانرێ فراوانتر بكرێتەوە بەهۆی گۆڕینی ئەو مانایەی (كۆنتێكستەی) كە لەخۆی گرتووە، بۆ نموونە: لە كارو ئەزموونەكانی كولۆشۆڤدا تێگەیشتنمان بۆ كاردانەوەی ئەو پیاوە لە رووی قوتوویەكی سابووندا، تابوت، یاریكردنی منداڵێك لەگەڵ فیلە لاستیكییەكەیدا، بەهۆی هەڵسەنگاندنی ئێمەوە شێوەی وەرگرتووە كە پیاوەكە بەوپەڕی راستگۆییەوە بەرەو هەر دیمەنێك لە دیمەنەكان جووڵاوە. ئەگەر هاتو دیمەنێكی

نوێی خرایە سەرو زیاد کرا ئەوا مانای ئەوەیە کە پیاوەکە وەڵامو کاردانەوەکانی جۆرێك ساختەیی بەخۆوە دەگرن، ئەنجا ئێمەش زنجیرە رووداوە دانسقەکە بە شێوەی جیاواز تەفسیر دەکەین. لەو کاتەوەی ئەمە وەك جۆرێك لە پلۆتکردن لەسەر زانیاریی سەرەتایی دەردەکەوێت، بەکارهێنانی ئەم شێوانە سەبارەت بە بنەماکانی ناراتیڤ بوونەتە رێگەیەکی نکوڵیلێنەکراوو حەتمی بەو رێگەیەی کە ئەلفرێد هیچکۆك گومانی تیا دامەزراند، یاخود ئەو رێگەیەی کە بەستر کوتن (رووداوی گاڵتەجارانە – gag)ی تیا دامەزراند.

**بەکارهێنانی شێوازەکان** – Using the Patterns:

بە بۆچوونی من بایەخی سەرەکیی دەرهێنەر بریتی نییە لە بنەماو توخمە پراکتیکییەکانی گرتەیەك، یاخود زنجیرە رووداوێك، بەڵکو بریتییە لە بونیادو ستراکچەری زنجیرە رووداوەکان، یاخود بە مانایەکی دیکە، بریتییە لەوەی کە بینەر لە چی ئاگادارەو لە چ کاتێکدایە. هەروەك دەردەکەوێ بیرۆکەو کۆنسێپتی پێکهاتەی بەچێژ، بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی داهێنانی ناراتیڤیدا بەرهەم دێن نەوەك لە ئەنجامی چەند ئەزموونێکی بوێری وێنەیی. ئەم زنجیرە نموونانە ئەوە دەردەخەن کە چۆن ماناو سیاقی چیرۆكو هەروەها شێوازی پرسیارو وەڵامەکان خوێندنەوەمان لە رووی دیمەنێکدا دیاری دەکات.

**نموونەی یەکەم**:

سیاقی چیرۆك: دیمەنەکە کەوتۆتە نێو دارستانێك لە رۆژێکی گەرمی هاویندا.

لۆرای کچە هەرزەکار لە دوای براگەورەکەی (تۆم) دەگەڕێ.

لەم خاڵەوە لەنێو چیرۆکەکە هێشتا ئێمە (تۆم)مان نەبینیوەو هەر بۆیە نازانین کە کوڕێکی چۆنە.

گرتەی A: لۆرا دەچێتە ناو دارستانەکە.

پرسیار: کوا تۆم؟



گرتەی B: لۆرا بۆ چەند هەنگاوێك بە دوور لە نێو دارستانەکە.

پرسیارێکی نوێ: لۆرا چیی بۆ دەرکەوت؟

گرتەی C: تۆم لەگەڵ کچێکی رووت لەسەر رایەخێك راکشاوە.

پرسیار: لۆرا براکەی دۆزییەوە؟

ئەمانە چەند شێوازی پرسیارو وەڵامێکی ئاسایین کە بینەر بە ئاسانی دەتوانێ بەشداری لە دەرەنجامەکەیدا بکات. ئەگەر لە نموونەی داهاتوودا کەمێك لە سیاقەکەمان گۆڕی بە جۆرێك کە بزانین تۆم کوڕێکی چۆنە، ئەنجا گرتەی C دەبێتە وەڵامێك بۆ گرتەی A بە شێوەیەکی یەکسان، لێرەدا پرسیارێکی نوێ بەرهەم دێت.

**نموونەی دووەم**:

گرتەی A: لۆرا دەچێتە ناو دارستانەکە.

پرسیار: کوا تۆم؟

گرتەی C: تۆمو کچێك بە رووتی لەسەر رایەخێك راکشاون.

وەڵام: تۆم لێرەیە.

پرسیاری نوێ: ئایا لۆرا براکەی دەدۆزێتەوە؟

گرتەی B: لۆرا بە چەند هەنگاوێك لە شوێنەکەی ئەوان دوور دەوەستێ.

وەڵام: لۆرا براکەی دەدۆزێتەوە.

ئێستا ئەگەر ئێمە ئەو کاتەمان درێژ بکردبایەوە بەر لە گەیشتنی لۆرا لە گرتەی (B)دا، ئەوا لەم حاڵەتەدا بینەر ئاگاداری ئەو نهێنییەی دەرهێنەرەکە دەبوو بە زانینی ئەوەی کە تۆم نزیکە لەوەی مەسەلەکە چارەسەر بکات، ئەم شێوازی برینە وەڵامێك دەخاتە پێش پرسیارەکەو بەهۆی ئەمەشەوە گومانێك دادەمەزرێنێ. دەتوانین ئەمە بەهۆی گۆڕینی شێوەی گرتەکانو هەروەها بەهۆی دەستکاریکردنو رێکخستنی سیاقی – ناوەرۆکەکە – ئەنجام بدەین.

**نموونەی سێیەم**:

ئێستا با ناوەرۆکی چیرۆکەکە جارێکی دیکە بگۆڕین. ئەمجارە ئێمە دەزانین کە خوشکی تۆم لە دوای تۆم دەگەڕێ، هەرچۆن بێت ئێمە تا ئێستا لۆرامان لەنێو رووداوەکەدا نەبینیوەو ناشزانین کە لۆرا کچێکی چۆنە، ناوەرۆکەکە لە دیمەنەکەی پێشوودا رێکخراوە، شوێنی تۆم هێشتا نەناسراوەو، کاتێک دیمەنەکە دەست پێدەکات ئەوا ئێمە یەکەمین وەڵاممان دەستکەوتووە.

گرتەی C: تۆمو کچەکە بە رووتی لەسەر رایەخێك راکشاون.

وەڵام: تۆم لێرەیە.

گرتەی A: کچێك دێتە ناو دارستانەکە.

پرسیار: ئایا ئەمە لۆرایە؟

گرتەی B: لۆرا بە چەند هەنگاوێك دوور لێیانەوە دەوەستێ.

وەڵام: ئەمە لۆرایە.

بە دەرکەوتنی (تۆم) لە حاڵەتێکی شەرمەزاریدا لە سەرەتای گرتەکەدا، حاڵەتە گوماناوییەکە بۆ مەبەستی وەبیرهاتنەوەی دیمەنەکە دامەزراوە، کاتێك لۆرا لە گرتەی دووهەمدا دێتە ناو دارستانەکەوە روون دەبێتەوەو، ئێمە بۆمان دەردەکەوێت کە چاوپێکەوتنێکی پڕ شەرمەزاری روو دەدات.

هیچکۆك زۆرجار کارەکانی بەم شێوەیە رێك دەخات کە تیایدا بینەر دەخاتە شوێنێکی گرنگەوەو لە هەمان کاتیشدا دەیخاتە نێو پەشێوییەوە، ئەمەش بەهۆی خستنەڕووی ئەو زانیارییانەی کە پاڵەوانەکە بەوپەڕی توندییەوە پێویستی پێیەتی بەڵام ناتوانێ دەستی بکەوێت. لە دوای جوانکردنو برەوپێدانی هەمان بیرۆکە ئەوا رەنگە ببێتە هۆی بێهێزکردنی پێشهاتەکانمان بەهۆی ئەوەی کە رێگەمان بە لۆرا داوە کە کچو کوڕێکی دیکە لەناو دارستانەکەدا ببینێ بەرلەوەی تۆمو کچەکە ببینێت.

ئەم رێکەوتە پێشووییانە بە جۆرێك دیزاین کراون کە بۆ چەند ساتێکی زۆر کەم هانمان بدات کە باوەڕ بکەین کە لۆرا براکەی بینیوە بەرلەوەی ئێمە بۆمان



ئاشکرا بێت کە کچو کوڕەکەی تر بە لۆرا ئاشنا نین. رەنگە ئەمە لە رووی بۆچوونی دووەم سەبارەت بە چیرۆکەکە تووشی گومانمان بکاتو هەروەها لەلایەکی تر ئاسانتر بەهۆی ئەو رێکەوتە سەرسام بین کە لە بینینە راستەقینەکەوە بەرهەم دێت. لە حاڵەتی ئەوەی کە ناوەرۆكو سیاقی چیرۆك لەلایەن خودی فیلمسازەوە بەرهەم هاتبێ، ئەوا لێرەدا بینەر ئەگەرو بۆچوونێکی دیکەی یەکلاکەرەوە لە رووی تێگەیشتنمان سەبارەت بە هەر دیمەنێك رێك دەخات کە فیلمساز بەکاریان دێنێ. رەنگە ئەم پێوەندانگانە بە شێوەیەکی فراوان هەڵگری چەند بیرۆکەیەك بن لە مۆرالیتیو ئاشنایەتی لەگەڵ نەریتو ستانداردی خستنەڕووی چیرۆك. فیلمساز دەتوانێ گەمە لەگەڵ ئەو ئەگەرانەدا بکات بەهۆی یارمەتیدان یاخود بەهۆی گرنگی پێنەدان.

هیچکۆك لەم بارەیەوە لە فیلمی (Psycho)دا بەوپەڕی سەرکێشییەوە دژی ئەو رێسایە وەستا، ئەمەش بەهۆی کوشتنی ئەو کەسەی سێ یەکی کاتی فیلمەکەی برد، کە بینەر لەوێدا کەسە کوژراوەکەی بە پاڵەوانی فیلمەکە تێگەیشت. ئەمە لە راستیدا بە تەواوی سنووربەزاندنێکی ناچاوەڕوانکراوی هەموو رێساو یاساکانی ناراتیقی بوو. دەرەنجامەکەشی ئەوەیە کە بینەر بە تەواوی هەست بە جۆرێك لە پشتگوێخستنو وەلانان دەکات، کە لە راستیدا بەم شێوەیەش بوو! وە بە پێی هەر جۆرە هۆکارێکی مۆراڵی لە دنیایەکی خەیاڵیدا سەرنجی فیلمەکەیان دەدا. مەبەست لەم نموونانە ئەوەیە کە: شێوازەکانی بڕینو هەروەها ناوەرۆكو سیاقی چیرۆك، رووداوی چیرۆکەکە بە شێوەیەکی یەك بە دوای یەکی زەمەنیی ئاساندا ( Simple Chronological) لەخۆ ناگرن.


**جۆری دیکە لە شێوازی پرسیارو وەڵامەکان** – More Q&A Variations:

لە حاڵەتی گۆڕینی شێوە رێکخستنی پرسیارو وەڵامەکاندا، ریتمو دامەزراندنی کاتی دانانی شێوازەکان دەگرێ بەهۆی پاراستنو هێشتنەوەی هەندێ یاخود سەرجەم زانیارییە چاوەڕوانکراوەکانی ناراتیقی بۆ چەند گرتەیەك یاخود بۆ

ژمارەیەك لە دیمەنەكان بگۆڕێت.

هەروەها دیسانەوە دەگونجێ كە زیاتر لە وەڵامێك یاخود پرسیارێك لەنێو تەنها تاكە گرتەیەكدا لە لات دروست ببن یاخود بەهۆی بەكارهێنانی سیناریۆیەكی (توندوتیژی) كە لەمەوبەر سەرنجیان دەدەین، یەك بگرنەوە:

★ دەكرێ پرسیارێك لەنێو تەنها گرتەیەكدا دەركەوێت‌و دوای چەندین گرتەی تر وەڵام بدرێتەوە وەك لەم زنجیرە گرتەیەدا دیارە:




لەم حاڵەتانەدا سەرنجدانمان لە یەكەمین گرتە دەكرێ بە شێوەیەكی ئاسایی وەڵام بدرێتەوە بەهۆی نیشاندانی گرتەی دەمانچەیەك، هەرچۆنێك بێت وەڵامەكە دواخراوە لەو كاتەوەی كە گرتەی (٢)و گرتەی (٣) ئەوە دەردەخەن كە پیاوەكە گڵۆپەكە دادەگیرسێنێت.

★ دەكرێ وەڵامێك لە گرتەیەكدا دەركەوێ‌و پرسیارەكەی دواتر بخرێتە ڕوو.



لەم ڤێرژنەدا پرۆسەی برین لەسەر دەموچاوەكە گۆڕاوە بە جۆرێك كە بەر لە دەموچاوەكە ئێمە (كەرەسەی سەرنجەكە) دەبینین.

★ دەكرێ پرسیارێك لەمیانەی ژمارەیەك گرتەوە دەركەوێ بەرلەوەی لەنێو تاكە گرتەیەكدا یاخود لەنێو ژمارەیەك گرتەدا وەڵام بدرێتەوە.




پرسیارەكە لەم چەند گرتەیەدا بێگومان ئەوەیە ئەو كەسە كێیەو لەبەر چی



لە دەرگاكە دێتە ژوورەوە. بەشێكی وەڵامەكە بۆ ئەمە ئەوەیە كە (پیاوێكە)، هەروەها لە فرێمی (٣)دا دەبینین كە پیاوەكە پەنجەیەكی لەدەست داوەو، لە فرێمی (٤)یشدا بۆمان دەردەكەوێت كە بۆ مەبەستی دۆزینەوەی دەمانچەكە لەوێیە.

★ دەكرێ زیاتر لە پرسیارێك لەنێو گرتەیەكدا یاخود لەناو چەند گرتەیەكدا دەركەون، لە كۆتاییشدا زیاتر لە وەڵامێك لەنێو گرتەیەكدا یاخود لەنێو چەند گرتەیەكدا دەخرێنە ڕوو.



لە فرێمی (١)دا دوو پرسیار سەر هەڵدەدەن: كێ لە دەرگاكەوە دێتە ژوورەوەو دەستی كێ لەودیوی دەرگاكەوە دەردەكەوێ؟ كاتێك كەسەكە لە فرێمی (٢)دا دێتە ژوورەوە ئەوا ئێمە بەشێك لە وەڵامەكەمان پێدەگات، دەزانین كە ئەوەی دێتە ژوورەوە پیاوێكە، بەڵام فرێمی (٢) بە هەمان شێوە پرسیاری ئەوەی لێدروست دەبێت كە لەبارەی گرنگییەتیی ئەو دەریاچەیەی بە مەرەكەبی ڕەش لەسەر زەوییەكەدا دروست بووە. لە فرێمی (٣)دا پیاوەكە دەست دەخاتە سەر پەڕە كاغەزێك، ئەمە وەڵامی پرسیارێك لە ڕووی ناسنامەی پیاوەكە دەداتەوە، ئێستا ئێمە دەزانین كە ئەوە پیاوە پەنجە قرتاوەكەیە، بەڵام دیسانەوە لێرەوە پرسیارێكی دیكە دروست دەبێت: لەبەر چی پارچەیەك لە كاغەزەكە لێكراوەتەوە؟ لە كۆتاییشدا لە فرێمی (٤)دا بۆمان دەردەكەوێت كە دەمانچەكە لەسەر زەوییەكەیە، بەڵام هەرچۆنێك بێت لێرەوە پرسیارێكی نوێ لەدایك دەبێت: ئەو ژنە كێیە كە بەسەر دەمانچەكەوە وەستاوە؟

ئێستا لەگەڵ نموونەكەی پێشوو ئەمە بەراورد بكە، ئەم دوا زنجیرە ڕووداوانە زانیاریی زیاتریان بەخۆوە گرتووە لەنێو هەمان ژمارەی گرتەدا. ئەمە جۆرێكی زیادەڕەوییە لە شێوازی (پرسیارو وەڵامەكان – Q&A)، بەڵام بەكارهێنانی

دیاریکراوی ئەم جۆرە ستراتیژییەتە لەلایەن بیرگمان، کوروساوا، درایرو زۆرێك لە فیلمسازەکانی تر بەکارهاتووە بە مەبەستی دامەزراندنی خەیاڵێکی سایکۆلۆژیو تێوەگلاندنی بینەر بۆ ناو گرفتێکی ئەخلاقییانە.

ئەگەر هەوڵمان دا ئەو خستنەڕووە گرافیکییانەیەی پەیوەندیی نێوان پرسیارو وەڵامەکان وێنا بکەین کە لەمەوبەر سەرنجمان لێداون، ئەوا گرتەکان لەو حاڵەتەدا بە شێوەی پەیوەنددار کۆتایی – بۆ – کۆتایی دەرناکەون هەروەك چۆن مۆنتێر پارچەکانی فیلمێکی تەواو ڕێك دەخاتەوە.

**سنوورو ئاستەکانی ڕۆشنێتی** – The llmits of Clarity:

بەو پێیەی تەکنیکی پرسیارو وەڵامەکانی شێوەی دەرخستنی چیرۆکەکان زۆرجار زانیاریی سەبارەت بە جێگەیەك لەخۆ دەگرن، ئەم ناڕاستەوخۆییە ڕەنگە بە تێکەڵێتی بۆ خەڵکێکی ساکار دەربکەوێ کاتێك لە ڕێگەی سیناریۆ، یاخود بۆردی ڕووداوەوە وەسف دەکرێ.

سیناریستو مۆنتێرو دەرهێنەرەکان ڕەنگە هان بدرێن بۆ دوورکەوتنەوەو وەلانانی شێوازی نائاسایی پرسیارو وەڵامەکان (Q&A)، چونکە ئەمە بە هەڵەیی دان بەوە نراوە کە دەرەنجامەکان بۆ بینەر ڕۆشن دەبێتەوە، نموونەی ئەمەش شێوە ڕێکخستنی گرتەی کلاسیکییە لە سەرەتای دیمەنێکدا، بۆ نموونە: دیمەنێك لەو شوێنەدا کۆتایی پێدێت کاتێك بۆمان دەردەکەوێت کە (ئەکتەری یەدەگ) لە شانۆگەرییەکدا بەرەو شانۆکە دەڕوات تاکو شوێنی ئەکتەرێکی ناساغ بگرێتەوە.

لە گرتەی دەستپێکردنی دیمەنی دووەمدا ئێمە شانۆکە دەبینین. ئەم شێوازە بڵاوە بە دەگمەن نیشانمان دەدات کە چاوەڕوانی چی دەکەینو یەکەمیش بۆچوونو پێشهاتەکانمان دەورووژێنێ، یاخود دەبێتە هاوکارێك سەبارەت بە جووڵەی ناراتیڤی. هەرچۆنێك بێت ئەگەر سەرەتای شانۆگەرییەکە بە شێوەی چەند گرتەیەکی جیاواز ڕێك خراو دامەزرا بە جۆرێك کە بتوانێ چەند پرسیارێك بەرهەم بێنێت، ئەوا ئەو کاتە بینەر بەشداری لە پەیوەندیی ئەو



بەشانە دەکات بۆ پێکهێنانی ڕوونکردنەوەو حاڵەتێکی مانادار.

ئێستا بیر لەم زنجیرە گرتانە بکەرەوە لە ناساندنی شوێنی شانۆگەرییەکە:

گرتەیەکی نزیك بۆ چەند پرۆگرامێکی شانۆیی تێکچڕژاو لەسەر زەوی

+ گرتەیەکی نزیکی پێڵاوی مەشقی شانۆیی لەنێو تەنەکەی خۆڵەکە

+ گرتەیەکی نزیك لە کیسەیەکی بەتاڵ کە زۆربەی نامەکانی ناوی دڕاون

= بینراوێکی نزیککراوە.

ئەمە بریتییە لە ئەڵتەرناتیڤی گێڕانەوە کە بۆ گرتەیەکی ئامادە کە ڕووی پێشەوەی شانۆیەك نیشان دەدا بەهۆی نیشانەی نووسێنێکی سەر دەرگاکە (داخراوە). هەردوو ڤێرژنەکە ڕێگەو ستراتیژیەتی ناسراونو لێرەدا دەرەنجامەکە بریتی نییە لە چارەسەرێکی دیاریکراو، بەڵکو بریتییە لە سەرجەم ئەو بیرۆکەیەی کە (ناوەڕۆك) لەمیانەیدا پێویستە لە هەموو ڕوویەکەوە بینەر بە خۆیەوە خەریك بکات.

بەو پێیەی کە شێوازەکانی بڕینی ناراتیڤی زۆر ئاڵۆزو سست بووە، ئەوا زۆر سەختە بە بێ ئامادەیی پلانێکی شایستە بە ئەنجامیان بگەیەنێ هەروەك ئەوەی بینیمان. لە ڕوو وەستانی ئەو شێوازانە زۆرجار مانای ئەو پرسیارو وەڵامانەیە کە گرتە لە دوای گرتە کەڵەکە دەبن. ئەم هاوپەیوەندییە دیاریکراوەی نێوان گرتەکان مەبەستیەتی چارەسەرییە بڕینەکان سنووردار بکاتەوە بۆ پلانێکی دیزاینکراوی پڕ وردەکاری. لەلایەکی تر ئەو حاڵەتە بڕینانەی کە لابراون نزیکەی سەرجەمیان هەموو کات چەند چارەسەرییەکی سنووردارن، بەو مانایەی کە پرۆسەی ستراتیژیەتی بڕین بە ئاسانی زۆر بە ڕوونی جێگۆڕکێیان پێدەکرێ، چونکە پەیوەندیی وابەستەیی سەبارەت بە ستراتیژیەتی پرسیارو وەڵامەکان ئامادەیی نییە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە بابەتی وەك خستنەڕووی ئاکشنەکانەوە.

**برِینی کامێرا رووبەڕووی زانیارییەکان:**

Camera Cutting vs. Coverage:

لە رووی تیۆرییەوە بۆردێکی رووداوی تەواو پێشکەوتوو دەتوانێ هەموو ئەو گرتانە نیشانی دەرهێنەر بدات کە بۆ دیمەنێك پێویستی پێیەتی. ئەگەر دەرهێنەرو سینەماتۆگرافەر ئەو گرتانە بگرن کە خراونەتە سەر بۆردەکە هەتا تەنانەت درێژیی گرتەکان دەکرێ هەڵبسەنگێنرێ. دواتر مۆنتێر پێویستە تەنها لێرەو لەوێ گرتەکان ببڕێت تاکو سەرجەم گرتەکان بەیەکترییەوە بگونجێنێ. ئەم میتۆدە سەبارەت بە وێنەگرتن پێی دەوترێت (برِین لەناو کامێرا)و هەروەها گریمانی پێشوەختەیی (Presuppose) سکریپتێکی تەواوو جێبەجێکردنێکی تەواوی گرتەکانیش دەکات. لێرەدا دەکرێ بڵێین گەشبینی حاڵەتێکی گونجاوە، بەڵام بۆ وەلانانی ئەو شتانەی کە لەگەڵ پرۆسەی فیلمسازیدا ناتەبا دەبن – کە لە راستیدا ژمارەیان زۆرە – ئەوا سەرکێشییەکی گێلانەیە. پرۆسەی برِین بەهۆی کامێراوە مەترسییەکەی وەك گەمەکردنە لەسەر پەتێکی هەوایی بێ ئامادەیی هیچ تۆڕێك لە ژێرت.

دیمەن‌و بینراوی ئەلتەرناتیڤ ئەوە دەردەخات کە (دروستێتی) دەستەبەر ناکرێت‌و، بەو شێوەیەش شایانی ئەوە نییە کە لە یەکەمین شوێندا شوێنی بکەوین.

ئەو دەرهێنەرانەی باوەڕیان بەمە هەیەو هەروەها لە نادڵنیایی ئەوەی کە چۆن پرۆسەی بەوێنەکردنەکانیان ئەنجام بدەن‌و هەروەها چۆن زنجیرە رووداوەکانیان وێنە بگرن بەهۆی دووبارە رێکخستنەوەیان بۆ فۆرمۆڵەکردنێکی بەرنامەڕێژکراو لە دامەزراندن‌و دانانی کامێرا. ئەم سیستەمی بە شێوەیەکی گشتی لەسەر شێوە سیستەمی سێگۆشەیی شوێنکردنەوەی کامێرا سەرچاوەی گرتووە کە پێی دەوترێت (کۆکردنەوەی زانیارییەکان). بۆ ئەو مەبەستەش ژمارەیەك لە رێکخستنی کامێرا بۆ هەر ئاکشنێك لە ئاکشنەکان بەکار دەخات بە دڵنیابوون لەوەی زنجیرە رووداوە لۆجیکییەکان دەکرێ لە پرۆسەیەکی برِیندا پێکەوە ببڕدرێن.



هەڵبژاردەیەکی فۆمۆڵەکراو لە گرتەی فراوان‌و میدیەم‌و نزیك کاریگەرییەکی گەورە لە رووی جەختکردنەوە سەبارەت بە هاریکاری مۆنتێر جێ دێڵێ. لەو کاتەوەی کە کۆکردنەوەی زانیارییەکان رێگەچارەیەکی زۆر دڵنیاکەرەوەیە بۆ وێنەگرتن بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا خاڵییە لە بەهرەو توانا، چونکە ستراتیژییەکانی ڤیژوەڵی بۆ مەبەستی ئەو پێویستییە دیاریکراوانەی بۆ دیمەنێك دیزاین کراون چەند ستراتیژییەتێکی ورە رووخێنن، تەنها ئەو کاتەی هەموو گرتە ئەڤەرجەکان لە پێشەوە جێبەجێ کرابن.

بە دڵگرانییەوە، تەنها کاتێکی دیاریکراو لەمیانەی بەرنامەو پلانی وێنەگرتن سەبارەت بە گرتەی کۆڤەرجدا هەیە، بەو دەرەنجامەی کە زۆرێك لە بیرۆکە ڤیژوەڵییە بەرچاوەکان هیچ کات هەوڵی تەواویان بۆ نەدراوە.

هەر شێوازو میتۆدێك، برِینی کامێراو کاڤەرج بێگومان سوودو زیانی خۆی هەیە، هەروەها زۆر بە دەگمەن بە شێوەیەکی تایبەتی لە کاری ستانداردا بەکاردێت، بۆ ئەو مەبەستە گەیشتن بەو حاڵەتە دەتوانێ نەك هەر تەنها ئاماژە بۆ سیستەمی شوێنی کامێرا بدات، بەڵکو دەتوانێ بە مەبەستی گرتەی زیاتر (بێجگە لە بۆردە رووداوە کێشراوەکان) کار بکات، ئەگەر کات بوار بدات، یاخود ئەگەر دەرهێنەر سەرکێشی لەسەر بیرۆکەیەکی دیمەنێکدا کرد. هەر کاتێك سێتەکە رووناکی کەوتە سەری‌و داخرا، هەروەها گرتە بنەڕەتییەکان پێویستیان بەوە بوو کە ئەو بەسەرهاتە بگوازنەوە کە وێنەی فۆتۆگرافییان گیراوە، ئەوا شێوازو هەڵوێستی دەرهێنەرو سینەماتۆگرافی بە شێوەیەکی گشتی (ئێمە لێرەین، کەوابێ لەوانەیە لە کاتی پێویستدا چەند گرتەیەك یەدەگی ترمان دەست بکەوێت).

هەر فیلمسازێك لەوە دەگات کە ئەمە حاڵەتێکی چەند تایبەتە، لەو کاتەوەی کە جووڵەی کامێرا بەرەو لەخۆگرتنی چەند گۆشەیەکی زیادە لەکاردایە ئەوا ئەمە بە گونجاوی ئەنجام دەدرێ، ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو کاتەی کە تیایدا تەرخان دەکرێت بۆ رووناکی خستنەسەر سێتەکەو داخستنی دیمەنەکە.

زۆرجاران دەرهێنەرەکان لە هەوڵی ئەوەدان کە ژمارەیەکی زۆری گرتە دەستەبەر بکەن بەر لە کوژاندنەوەی رووناکی‌و جووڵان بەرەو دیمەنی نوێ. جگە

لەمەش تێچوونی فیلم بە شێوەیەکی ڕێژەیی گرانبەهایە، بە بەراورد لەگەڵ سەرجەم تێچوونی بەرهەمەکە بۆ وێنەگرتن لە ڕۆژێکی تەواودا، هەتا تەنانەت لە کاتی بەکارهێنانی بۆردی ڕووداودا، ئەوا هەمان بەکارهێنان بەکار دێت، هەروەها چەند لە گرتەی زیاد وێنەیان گیراوە بە پشتبەستن بە متمانەو باوەڕ بەخۆ بوونو ئامادەیی ئەزموونو شارەزایی لای دەرهێنەر. لە هەموو ئەمانەش بترازێ فاکتەری (خولیاو حەماس) ڕۆڵی بەرچاوی خۆی دەبینێ.

زۆرێک لە دەرهێنەران مەبەستیانە تەنها وێنە بگرن، هەتا تەنانەت دوای هەموو ئەو گرتە پێویستانە کە خراونەتە نێو کامێراوە. ئەگەر کەشوهەوا لەبار بێت یاخود ئەگەر ڕووناکیو کەرەسەکان گونجاو بن.

یەکێک لە سوودە هەرە گرنگەکانی (کاڤەرج – Coverage)، زۆربەی ئاکشنەکان بە تەواوی ئەنجام دەدا بۆ زۆربەی ڕێکخستنەکان هەتا تەنانەت ئەگەر دەرهێنەر مەبەستی بێت کە تەنها بەشێکی بچووک لە گرتەیەکی دیاریکراودا بەکاربێنێ، ئەمە لە کاتی وێنەگرتنی دیمەنی دیالۆگیدا گرنگییەکەی زیاترە. بۆ نموونە، لە دیمەنێکدا باوکێک قسە بۆ منداڵەکەی دەکات بە شێوەیەک بۆردی ڕووداوەکەی بۆ کێشراوە کە هەموو پرۆسەی قسەکردنەکە لەلایەن باوکەکەوە ئەنجام دەدرێ، لە بۆردی ڕووداوەکەدا باوکەکە خراوەتە ناو سێ گرتەوە کە تیایاندا گرتەی گالیسکەیی بە دوای منداڵەکان دەکەوێ تا ئەو کاتە لە گرتەیەکی نزیکدا بۆ پیاوەکە – باوکەکە – کۆتایی پێدێت.

سەرجەم دیمەنەکە لەمیانەی یەک تەیکەوە (Take) ئەنجام دراوە، هەرچەندە هەر یەکێک لە کاستەکە ڕەنگە لەگەڵ ئەمەدا بێت کە ئەمە ئەو ڕێگەیە کە پێویستە لەمیانەیەوە وێنەکان بگیرێو، دەکرێ کە ڕێگەیەکی کاڵو ناڕیزانە بێت کە متمانە بخەیتە سەر ئەو جۆرە گرتەیەو کاردانەوەی گرتەی منداڵەکان بە هەند هەڵنەگریت لە هەمان کاتدا.

ئەو کاتە دەرهێنەر دەکەوێتە ناو ئەو حاڵەتەی کە گرفتێک هەیە لە ئەنجامدانی گرتەی گالیسکەیی کە لە ڕاستیدا ئەم گرفتە دەرناکەوێ تا ئەو کاتەی فیلمەکە بە تەواوی نەبینرێ.



ئێستا با وا دابنێین کە لەبری بەکارهێنانی گرتەی گالیسکەیی درێژ کە لە ناو چیرۆکەکەدا ئاماژەی پێدراوە، ئەوا دەرهێنەر لە شوێنی ئەمە کامیرا، گرتەی کۆڤەرج بەکاردێنێ، ڕەنگە لێرەدا گرتەیەکی میدیەمو گرتەیەکی نزیک لە باوکەکەو هەروەها لە هەمان حاڵەتی منداڵەکانیش وەرگرێ، کە هەموو ئەمە دەکاتە نزیکەی شەش گرتە. هەروەها دەکرێ دیسانەوە دەرهێنەر سێ گرتەی جۆری سەررووی شان بۆ منداڵەکانو گرتەیەکی پێچەوانەی سەررووی شان بۆ باوکەکەش وەربگرێ، کە سەرجەم گرتەکان دەکاتە هەشت گرتە، ئێستا بڕی تەرخانکراوی کاتەکە بۆ ڕووناکیو وێنەگرتنی هەموو ئەو دیمەنانە دەکرێ مانای ئەوە بدات کە دەکرێ گرتە گالیسکەییەکە وەلا بنرێو لەناوی بەرێت. ئەمە چارەسەرێکی پراکتیکییە لە نێوان کۆڤەرجو بڕینی کامیرا.


لەم نموونەیەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هاوسەنگیی نێوان دوو شێوازو میتۆدی جیاواز دەکەوێتە سەر جۆری حاڵەتەکە، هەندێ دیمەن بە شێوەیەکی سروشتی وێنەگرتنیان ئاسانترە لە هەندێکی دیکەیان لەبەر هۆی تەکنیکیو دراماتیکییانە. هەندێک جار دەکرێ کە کۆڤەرجێکی شیاو لەگەڵ جووڵەیەکی ئاڵۆزی گالیسکەیی یاخود ڕێکخستنە کاتبڕدووەکان. هەرچۆنێک بێت ئێستا دڵنیابە کە زۆرێک لە گرتەکان لەنێو ڤێرژنێکی مونتاژکراودا بەکار نایەن. بەشێک لە فێربوونی پیشەو هونەرەکەی خۆتو کەسی بەوێنەکەر (Visulizer) بریتییە لە ئامادەیی ئەو هەستەی کە بەر لە بەکارهێنانی کامیرا دەبێ چی بکرێ.

هەموو دەرهێنەرەکان چەند پەراوێزێک بۆ مەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان جێ دێڵن، بەڵام زانینی ئەوەی کە پێشوەختە دەبێ چی بکرێ ئەوا دەتوانرێ بخرێتە ناو ئاستێکی بەرزی وێنەگرتنەوە. لێرەدا سوودو پاداشتەکە بریتی نییە لەو پارەیەی بۆ وێنەگرتنی چەند گرتەیەک تەرخان کراوە، بەڵکو بریتییە لە دەستکەوتنی ئەو کاتە زیادەیەی کە دەکرێ بە مەبەستی ئەنجامدانو بەکارهێنانی گرنگترین دەرفەتی هونەرییانە لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێکخستنو گرتەو نواندندا دەست بکەوێت.

**بڕین لە کاتی جووڵەدا** – Cutting On Movement:

هەروەك لە سەرتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێدا (خاڵەکانی بڕین) خراونەتە نێو گرتەکەوە یاخود بەلای کەمەوە لەلایەن دەرهێنەرەوە لە دامەزراندنی ئاکشنەکاندا کاری پێکراوە. لێرەدا سێ ڕێگە هەن لەوەی کە پرۆسەی بڕینێك بە مەبەستی پاراستنی بەردەوامییەتیی ئاکشن دەتوانرێ ئەنجام بدرێ کاتێك دوو یاخود ژمارەیەك ڕوو – بینینی سەبجێکتێك پێکەوە بەستراونەتەوە.

ئێستا گریمان گرتەیەکمان هەیە کاتێك کوڕێك لە بەردەم ماڵەکەیاندا ڕادەکاتو بەسەر پەرژینێکدا باز دەدات هەروەك لە وێنەی (٦٨)دا خراوەتە ڕوو.




**وێنەی** (٦٨)

ئەم یەکەمین گرتەیە سەرجەم درێژیی ئاکشنەکە لەخۆ دەگرێ، ئێستا بڕیاری ئەوە دەدەین کە لە شوێنێك گۆشەیەکی نوێ بڕین بۆ یەکەمین گرتە. لێرەوە ڕێگەچارە بۆ ئەمە لەئارادان:

١) دەتوانین لەو شوێنەوە گرتەکە بڕین کاتێك کوڕەکە دەگاتە پەرژینەکەو دەست بە بازدان دەکات.

٢) یاخود دەتوانین لە کاتی گرتەکە بۆ گرتەیەکی نوێ بڕین.




٣) یان دەتوانین لە کاتێکدا قاچی کوڕەکە لە دوای بازدانەکە دەگاتە سەر زەوی گرتەکە بۆ گرتەیەکی نوێ بڕین.

ئەمانە سەرجەمیان خاڵی بڕینی شیاون، بەڵام بڵاوترینیان لەنێو ستایلی بەردەوامییەتی ئەوەیە کە پرۆسەی بڕینەکە دەکەوێتە شوێنێك لەناو ئاکشنەکە لەبری ئەوەی بکەوێتە پێشی، یاخود دوای ئەوەی زەوییەکە جێ دێڵێ. مەبەستی دروستو بنەڕەتی لە (بڕین) دەکەوێتە سەر سەبجێکتو هەستی جووڵە لەلای مۆنتێر.

بڕین لە کاتی ئاکشندا بە شێوەیەکی پراکتیکی لەنێو هەموو جۆرە زنجیرە ڕووداوەکاندا دۆزراوەتەوە جا ئایا ئەو سەبجێکتە – ئەکتەر لە گرتەکەدا پێکێك عەرەق بۆ لێوی دەبات یاخود زۆر بە دەگمەن ئاوڕ دەداتەوە، یاخود چاوەکانی دەجووڵێنێ. فیلمسازەکان وریای ئەو شێوە بڕینەن کە ئاکشنەکە دادەمەزرێنێ بە جۆرێك کە خاڵی بڕینە بەشدارو هاوکارەکان لەنێو گۆشەکانی کامێرادا کۆ دەکاتەوە.

**دەرچوون، هاتن** – Exits and Entrances:

کاتێك کە سەبجێکتی گرتەیەك بەرەو ناو، یاخود دەرەوەی فرێم دەجووڵێت ئەوا ئەمە پراکتیزەیەکی بڵاوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی بڕین. لەو کاتەوەی کە هێشتا سەبجێکت بەشێکی ناو فرێمەکەیە. وێنەی (٦٩) شوێنی سەبجێکت لەنێو گرتەیەکی هاتوو – ڕۆیشتوودا نیشان دەدا، شێوەی ناو سکرین بۆ ئەوەیە کە پرۆسەی بڕینەکە گونجاوتر دەربکەوێتو هەروەها خێرایی بە لێشاوی ئاکشنەکان ببەخشێت.





**وێنەی** (٦٩)

## **خاڵیکردنەوەی فریم** – Clearing the Frame:

ئەمە ئەلتەرناتیڤێکە بۆ شێوەی بڕین لە کاتی جووڵەدا کاتێك ژمارەیەك گۆشەی جیاواز لە هەمان سەبجێکتدا بە یەك دەگەن لەبری بڕین لە کاتێکدا سەبجێکتەکە هەر لەنێو فریمەکەدا بێت، ئەوا ڕێگە بە سەبجێکتەکە دەدرێ لە فریمەکە دەرچێت بەر لە ئەنجامدانی بڕین بۆ گرتەیەکی نوێ.

پاراستن‌و هێشتنەوەی فریمێکی خاڵی لە گرتەیەکی ڕۆیشتوودا بۆ چەند ساتێك وەك شێوازێکی بڵاو دەردەکەوێ، وێنەی (٧٠) نموونەیەك لەم شێوەیە دەخاتە ڕوو. لە گرتەیەکی ڕۆیشتوودا باڵندەیەك بەرەو ناو فریمەکە دەفڕێت، کە لێرەدا ئاکشنێك بۆ تەماشاکردنی بە ئێمە دەبەخشێت لەو کاتەوەی بۆ چەند ساتێك فریمە بەتاڵەکە بەو شێوەیە دەهێڵێنەوە لە کۆتایی گرتەکەدا (لەم دیاگرامەدا دواهەمین فریم، فریمێکی سیمبولییە لەوەی کە ٢٤ یاخود زیاتر لە ٢٤ فریمی دروست دەبەخشێت).




**وێنەی (٧٠)**



لێرەدا ژمارەیەك بڕیار هەن بۆ بڕین لەنێو گرتەی هاتوودا لە دوای خاڵیکردنەوەی فریم، ئەمەش دەکەوێتە سەر ئەوەی کە تا چەند ئەو فریمە خاڵییە بەو شێوەیە دەمێنێتەوە. چارەسەرێکی دیکە سەبارەت بە گرتەی هاتوو (A) ئەوەیە کە سەرەتای گرتەکە بە بێ ئامادەیی سەبجێکت لەنێو فریمدا دەست پێبکەین، ئەم شێوە دەستپێکردنە لەوانەیە لە درێژیدا بگۆڕێت بە پشتبەستن بە جۆری ئاکشنەکە لەناو گرتەکەدا بەر لە گەیشتنی سەبجێکتی سەرەکی. ئەگەر گرتەیەکمان لەناو پارکێکی جەنجاڵدا دەست پێکرد یاخود لەناو دارستانێکدا، ئەوا لەو حاڵەتەدا گرتەی دەستپێکردن خزمەت بە دامەزراندنی گرتەیەك بۆ سەبجێکت دەبەخشێت کە تازە هاتۆتە ناو فریمەوە، بەڵام ئەم جۆرەیان وەکو ئەوەی پێشووتر پراکتیکێکی بڵاو نییە لەنێو ستایلی بەردەوامییەتی، مادامەکی حاڵەتەکە کتوپڕە.


سێهەمین ئەلتەرناتیڤ بریتییە لەوەی کە بڕین لەسەر بەشێکی سەبجێکتەکە بکرێ لەنێو فریمەکە هەروەك لە وێنەی (٦٩)دا نیشان دراوە.

خاڵیکردنەوەی فریم دەکرێ لە دوو ڕێگەوە سەرنجی لێبدرێ: یەکەمیان، میتۆدێکە لە بەیەکگەیاندنی گرتەکان بۆ هەمان سەبجێکت، بەڵام لەمیانەی باکگراوندی جیاوازدا، لەم حاڵەتەدا هەمان ئەو وەزیفەیەی هەیە کە هاوتایە بە پرۆسەی توانەوە (Dissolve)و دەستنیشانی بازنەی کات دەکات. بەڵام دووهەمیان وەك ئاڵوگۆڕێکە بۆ بڕینی سەر ئاکشن بە جۆرێك گرتەی هاتوو – ڕۆیشتوو کاتی هەمیشەیی دەخەنە ڕوو.

بە شێوەیەکی گشتی خاڵیکردنەوەی فریم پرۆسەیەکی ئاسانە بۆ ئەو دەرهێنەرانەی لە ڕووی پاراستن‌و هێشتنەوەی پرۆسەی بەردەوامییەتی سستن، مادامەکی تا ڕادەیەك هەڵە لە ڕووی پرۆسەی بەردەوامییەوە ڕوو بدات بەهۆی ئەم تەکنیکەوە، لە ڕاستیدا ئەمە بڕینێکی فرەبوارە کە دەکرێ بە مەبەستی بەیەکگەیاندنی گرتەکان لە هەردوو ڕووی هێڵی ئاکشندا بەکار بهێنرێت.

دوا ستراتیژیەت لەم ڕووەوە لە وێنەی (٧١)دا خراوەتە ڕوو. لەم ڤێرژنەدا گرتەی ڕۆیشتوو بە شێوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ سەبجێکتەکەی ناو فریمەکەدا کۆتایی

پێدێتو، گرته هاتووەکەش کاتێك دەست پێدەکات بەرلەوەی سەبجێکتەکە دەربکەوێ لەناو فرێمەکەدا بەر لە هاتنی سەبجێکتەکە بەلای کەمەوە بۆ چەند ساتێك دەمێنێتەوە (جارێکی تر فرێمی خاڵیکراوە لەنێو دایەگرامەکەدا شێوەیەکی سمبولییانەیان هەڵگرتووە لەنێو زۆر فرێمی بەتاڵو خاڵیی تردا).



**وێنەی (٧١)**

**پرۆسەی بڕینو بەوێنەکردن** – Editing and Vsualization:

یەکێك لە بایەخو گرنگیەتیی پراکتیزەکردنی بڕینی ئاساییو باو بریتییە لەوەی کە خاڵو شوێنی دەرچوون لە فرێمدا بە فیلمساز دەبەخشێت کاتێك سەرقاڵی بەوێنەکردنە، ڕێکخستنو دانان بە شێوەیەکی تایبەتی بەهۆی وشیاریو ئاگاداریی جۆرەکانی جووڵە ئاسانتر کراوە کە دەرفەت سەبارەت بە پرۆسەی بڕین دەرەخسێنێ. لە هەر دیمەنێکدا ئەوا فیلمساز ئەوە بە وێنە دەکات کە بۆ چەند ئاکشنە گرنگەکان دەبێ سەرنجیان لێبدرێ بەر لە گۆڕینیان بۆ گرتەیەکی نوێ، دوای ئەوەش ئینجا دەرهێنەر هەوڵی پلانی ئاکشنی لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە



پرۆسەی بڕینەکە بە شێوەیەکی ڤێژوەڵییانە پاڵپشتی کردووە.

دەکرێ ئەمە میکانیکییانەتر دەرکەوێ لەوەی کە هەیەو، ئەگەر ئەو ڕێسایانە ببەزێنرێن لەپێناو دەستەبەرکردنی بیرۆکەو هەوڵی باشتر. بایەخ لە تێگەیشتنی پرۆسەی بڕین ئەوەیە کە ڕێگە بە دەرهێنەر دەدات کە چەند ڕێکخستن دامەزراوێکی پێویستی کامیرا چەندجارەی بەوێنە بکاتەوە، دیسانەوە ڕێگەی پێدەدات کە سەرنجی خۆی بخاتە سەر پێویستییە دراماتیکییەکانی دیمەنێك.

# بەشی سێیەم

## لابۆر

## *The Workshop*

( ٨ )

# پێویستییە پراکتیکییەکان

## *THE BASICS APPLIED*

**لێشاوی گرتەکان** – Shot Flow:

لێشاوی گرتەکان، تێرمێکە دراوەتە پاڵ کارتێکەری جووڵەیی رووداوی گرتەکان، ئەمە لە راستیدا وەسفێکی گونجاوە لەو شوێنەی کە دەبێتە هەژاندنو بزواندنی وێنەی رووبارێك کە رەنگە شڵەژاو، یاخود ئارام، یان بە پێچوپەنا بێت، تەنانەت رەنگە بەرەو ئاراستەی رووی خۆی بگەڕێتەوە.

رووداوی گرتەکان زۆرجار ریتمی ئاڵۆزو دژوار دەگرنە خۆ کە لە چەشنی رووبارێك، کاتێك دەچێتە ناو تاکە سەرچاوەیەکی سەرەکییەوە، ئەمەش گرنگ نییە کە چەندە پەیوەندیی نێوان گرتەکان ئاڵۆز دەکات. لێرەدا دوو توخمو پێکهاتەی کاریگەر هەن سەبارەت بە بۆچوونو تێگەیشتنی ئێمە لە رووی پرۆسەی بەوێنەکردن:

١) قەوارەی گرتە. ٢) گۆشەی کامیرا.

هەروا زۆر جۆری دیکە لە توخمو فاکتەرە پێکهاتەیەکان هەن کە ئاشنان سەبارەت بە هونەری فۆتۆگرافی، یاخود هونەری وێنەکێشانەوە کە هاوبەشی زنجیرە رووداوەکان دەکەن، بەڵام گۆشەی کامیراو قەوارەی گرتەکانو هەروەها لەگەڵ گۆڕانە فیزیکییە بەرچاوو دیارەکان کە دەستنیشانی لێشاوی گرتەکان دەکەن. پەیوەندیی بنەڕەتیی نێوان گرتەی فراوانو میدیەمو هەروەها گرتەی نزیك لەگەڵ گۆشەی بینین رۆشن دەبێتەوە ئەگەر توانیمان ئەو زنجیرە رووداوانە بنیاد بنێین کە دەبنە هۆی دامەزراندنی سەبجێکتێك لە شوێنێکدا.



لە بەر رۆشنایی ئەم نموونەیە بە ئاسانی دەتوانین لە هێڵکاریو دیزاینی گرافیکییانەی فرێمەکە بە وردی بڕوانین. ئامانجو مەبەست لەم مەشقەی یەکەم ئەوەیە کە هۆشو ئاگاییمان سەبارەت بە بواری چۆنیەتیی حاڵەتە جووڵەییەکان فروان بێت کە رەنگە لەمیانەی چەند گرتەیەکی ساکارەوە بەرهەم بێن.

| | |
|---|---|
| گرتەی زۆر نزیك | ECU – Extreme close-up |
| گرتەی میدیەمی نزیك | MCU – Medium close-up |
| گرتەی نزیك | CU – Close-up |
| گرتەی میدیەم | MS – Medium shot |
| گرتەی فراوان | WS – Wide shot |
| گرتەی درێژ | LS – Long shot |
| گرتەی زۆر درێژ | ELS – Extreme long shot |
| باکگراوند | BG (bg) – Background |
| فۆرگراوند | FG (fg) – Foreground |
| گرتەی سەرووی شان | OTS – Over the shoulder |
| گۆشەنیگا | POV – Point of view |

**دامەزراندنی ( شوێن ) بەهۆی جیاکردنەوەی قەوارەی گرتەکان:**

Extablishing a Location By Varying Shot Size:


هەڵسەنگاندنو تاقیکردنەوەی توانای خۆت لە رووی نرخاندنی جیاکردنەوەی دیزاین لە زنجیرە رووداوێکدا یارمەتیت دەدا لە فراوانکردنی تێگەیشتنو بینینت لە رووی سایکۆلۆژیو هەروا لە رووی گۆشەنیگاو ریتمو خێراییو مەودای عاتفییانە، پاشانیش وا دەکات لە مەبەستی دراماتیکییانە لە حاڵەتە نێرەتیڤییەکان بگەیت. لەم زنجیرە وێنەییەدا خانوویەك (شوێن) دامەزرێنین، ئەمەش بە مەبەستی تاقیکردنەوەی چۆنیەتیی ئەنجامی قەوارەی گرتەکان، لێرەدا سێ رێگەچارەی بەردەوامییەتی هەن کە بۆ وەسفی شوێن گونجاون.

کامیرا دەتوانێ بەرەو رووی خانووەکە بجووڵێت، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی

گرتەی فراوان، یاخود دەتوانێ لە گرتەیەکی نزیکەوە بگوازرێتەوە بۆ وێنەگرتنی وردەکارییەکانی خانووەکە ئەمەش بە مەبەستی دەرخستنی تەواوی خانووەکە، یاخود دەتوانێ بە بەکارهێنانی زنجیرەیەك گرتەی نزیك کە بتوانێت هەموو حاڵەتەکان نیشان بدات:

### ڤێرژنی یەك – Version One:

لە یەکەمین دوو کۆمەڵە فیگەردا (١ – ٣)و (٤ – ٦)، دەتوانین بەراوردی پەیوەندیی گرافیکییانەی نێوان گرتەکان بکەین کاتێك هاوسەنگییەکە دەگۆڕدرێن. هەر یەکێك لەمانە جووڵەیەك دادمەزرێنێ. لێرەدا تۆ وریای گۆڕانکاریو جیاوازیی خێرایی هەر وێنەیەك لە وێنەکان بکە کە بەهۆی گۆڕانێکی کەمو سنووردار لە نێوان (١) تاکو (٢) رووی داوە، تا ئەو کاتەی لە وێنەی (٣)دا خانووەکە جەمپێك بەرەو پێشەوە دەدات (بڕوانە کۆمەڵە وێنەی ١ – ٣ی وێنەی ٧٢).




**وێنەی (٧٢)**

بەڵام لە وێنەکانی (٤ تاکو ٦)دا، کەمێك داینەمیکییانەتر دەردەکەون چونکە لێرەدا شەشەمین وێنە چوارچێوەکە – فرێمەکە بە تەواوی لەخۆ دەگرێ، هەروەها دەتوانین هەڵسەنگاندنێك لە رووی کاریگەرێتیی ئەو (گەڕانەوە بۆ دواوە)یە لە بابەتێکدا بکەین ئەمەش بەهۆی خوێندنەوەو شیکردنەوەی بۆردە فۆتۆییەکان بە




شێوەیەکی پێچەوانە، واتە لە راستەوە بۆ چەپ.

با پێکەوە بۆ چەند ساتێك خوێندنەوەو شیتەڵکاری بخەینە لاوە، ئینجا سەرنجی هەر بەشێك بە جیا لەو وێنانە بدەین وەك (روونکردنەوەیەکی تەواو). پێشخستنو هەروا گەشەپێدانی هەستی درککردن تەواوی کارتێکەرە کۆنسێپتوالییەکان سەبارەت بە وێنەیەك بریتییە لە یەکێك لە تواناو شارەزاییە پێویستییەکانی پرۆسەی بەوێنەکردن. ئێستا هەوڵ بدە وێنای رووداوێك – چیرۆکێك بۆ ئەو وێنانەی بەردەستت دابمەزرێنی بە یارمەتیی دەنگو مۆسیقا، ئینجا چاوەکانت بخەرە سەر وێنەکان هەروەك ئەوەی تۆ لەلای خۆتەوە مۆنتاژیان بکەیت. ئەمە لە راستیدا ئەو بەهرەو توانایەیە کە پێویستت پێدەبێ تاکو بتوانی تێکستی سکریپتێك بگۆڕیت بۆ بۆردی رووداو.

### ڤێرژنی دوو – Version Two:

لە کۆمەڵە وێنەکانی (وێنەی ٧٣)دا زنجیرەیەك لە گرتەی تەواو درێژکراو دەبینین. لە نموونەکانی پێشوودا هەر بەشێك نیشانی نزیکبوونەوەی خانووەکەی دەدات، بەڵام هیچ زانیارییەکی نوێ نەخراوەتە روو.




**وێنەی (٧٣)**


ئێستا گرتەی نزیکی راستەقینە لە وێنەی (٣)دا زیاتر کراوە، کە نیشانەی (بۆ فرۆشتن – For Sale) لە رووی خانووەکەدا هەڵواسراوە. لێرەدا گۆڕان لە هاوسەنگیدا گۆڕانێکی تەواو نییە، لەگەڵ جووڵەی کامیرا بۆ نزیکەی (١،٤ میل).
ئێستا هەوڵ بدە بە لەپی دەستت وێنەکانی (٢ – ٥) داپۆشیت و ئەنجا تەماشایەکی گرتەکانی وێنەکانی (١ تاکو ٣)و (٤ تاکو ٦) بکە، دەتوانیت هەست بەوە بکەیت کە جەمپێکی چەندە فراوان رووی داوە کە لەمیانەی بۆشاییەوە لە کاتی پاراستن و هێشتنەوەی پەیوەندییە شوێنییەکاندا ئەنجام بدرێ.

**ڤێرژنی سێ** – Version Three:

لە وێنەکانی (وێنەی ٧٤)دا، کامیرا بە چوار شێواز گرتەکانی خۆی نیشان دەدات، یەکەمین شێواز تیایدا کامیرا مامەڵەیەکی ئاساییانە لە گۆڕانی قەوارەکاندا دەکات لە (گۆشەی ئەوپەڕی بەرزەوە)، بڕوانە فریمەکانی (١ تاکو ٣). لە فریمەکانی (٤ تاکو ٦)دا جووڵەیەکی بازنەیی بۆ گرتەکە زیاد کراوە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێك لە قەوارەی گرتەکان رووی دابێت. دووەمین شێواز تیایدا ئێمە ئەو شێوانە پێکەوە دەبەستینەوەو تێکەڵیان دەکەین، نزیککەوتنەوە لە چەشنی توولە رێگەیەکی بازنەیی هەروەك لە وێنەکانی (٧ تاکو ٩)دا نیشان دراوە. دواهەمینیش، لە وێنەکانی (١٠ تاکو ١٢)دا سێ شێوە سێ روو دەگوازینەوە، لە پێشدا رووەو زەوی، ئەنجا نزیکترو پاشانیش لە دووریی خانووەکە.
لە کۆتاییشدا لە فریمەکانی (١٠ تاکو ١٢) ئێمە بەهۆی سێ روو وێنەکان دەگرین:

بەرەو خوارەوە، نزیکترو پاشان لە شێوەی نیوە چەماوەیەك لە دەوری خانووەکە.






**وێنەی** (٧٤)

**ڤێرژنی چوار** – Version Four:

لەم دوو مامەڵەیەی ئەمجارەدا ئێمە لە گرتەی نزیکەوە بەرەو گرتەیەکی گشتی فراوان دەڕۆین، یاخود بە شێوەیەکی روونتر، بەهۆی جووڵەی گەڕانەوە بۆ دواوە ئەمە ئەنجام دەدەین. لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەردوو گۆشە راستەوانەکە لەگەڵ گرتەیەکی (هەوایی – ئاسمانی) سێ گۆشەیی، کە دەبێتە هۆی دەستکەوتنی

شێوە مۆنتاژێکی زۆر داینەمیکییانە، ئەم شێوە دژیەکە ڤیژوەڵییە لە جووڵەکەدا دەبێتە کاریگەرییەکی گرافیکییانەی بەنرخ، کە هێزو وزەی گۆڕانێکی ساکار لە گۆشەکەدا دەخاتە روو.

لە هەردوو نموونەی پێشوودا یەکەمین دوانە گرتەکان بۆ هەر یەکێکیان هێڵێك لە جووڵە دادەمەزرێنین، بەڵام لە سێیەم وێنەدا چاوەڕوان دەکەین تا هێڵی راستەوانەی جووڵەکە لە دەرگای دەرەوەی خانووەکە بگەڕێنینەوە دواوە، بەڵام لەبری ئەمە جەمپێکی گەورە لە رووی هاوسەنگیو گۆشەوە روو دەدات، بڕوانە وێنەکانی وێنەی (٧٥).




**وێنەی ( ٧٥ )**

### ڤێرژنی پێنج – Version Five:


لە وێنەکانی (وێنەی ٧٦)دا هەوڵ دەدەین تا رادەیەك بە شێوەیەکی جیاواز وێنەکان بخەینە روو. بەدیارخستنو دانانی شوێنەکان بە درێژیو هەروا لەو خاڵەشەوە کە بینەر لێیەوە دەتوانێ هەردوو دیمەنەکە لای خۆیەوە دابمەزرێنێ. ئەمە پشت دەبەستێت بە حاڵەتی دژباو (Iconographic)و هەروەها خەیاڵی تەجریدی، بۆ ئەمە مەبەستە ئێمە بە لیستی یەك لە دوای یەکی گرتەکانو ناوبردنیان دەست پێدەکەین، هەروەها بە پێی ئەو بیرۆکەیەی سەبارەت بە چۆنیەتیی پێکهاتەی خانووەکان بە مەبەستی یارمەتیی ئەوەی کە فۆکس بخەینە سەر وزەو تواناکانمان. وا لێرەدا چەند ناوەرۆکێکی چیرۆکییانە بە نموونە دەخەینە روو:

لە گرفتو کێشەی جیابوونەوەی دوو هاوسەر، خێزانەکەیان دابڕاونو، خانووەکەیان لەسەر فرۆشتنە، ئەمانەی خوارەوە لیستێك لە وێنەی جیاجیا کە بە



باوەڕی من دەتوانێ گوزارشت لە حاڵەتی جیابوونەوەی ئەم خێزانە بکات:

* پاسکیلێکی ژەنگاوی جێهێڵراو لە دەرەوەی خانووەکە.
* کەوتنو شکانی سندوقی پۆست لە بەردەگا.
* کەوتنی کاغەزو نامەی پەرشوبڵاوی بێسوود لە داڵانی حەوشەکەیاندا.
* پەنجەرەی شکاو.
* چەند ژوورێکی خاڵی (کە لە پەنجەرەکەوە نیشان دراون).
* نیشانەی بۆ فرۆشتن لە بەردەم خانووەکەدا.
* ئالیاری پچڕاوی تەلەفزیۆن.
* نووسینی لابەلا لەسەر دیواری حەوشەکەیان لەلایەن مناڵانەوە.
* دەسکاریو تێکدانی خانووەکە.
* تەنەکەی خۆڵی رژاوی بەسەریەکدا کەوتوو... هتد. (بڕوانە وێنەی ٧٦).




**وێنەی ( ٧٦ )**

### گرفتی ناراتیڤی یەکەم: گرتەی جێگیر:

Narative Problem One: The Static Shot:

فیلمساز بۆ دیمەنی سەرەتایی فیلمەکەی بە دوای شوێنێکدا دەگەڕێ کە پشتبەستراو بێت بە ئەزموونی تافی مناڵیی خۆیەوە. دیمەنەکە داوای گەڕەکێکی ناوخۆیی دەکات، دەرواتو بەلایەکی شەقامەکە تێدەپەڕێ بە جۆرێك ریزی درەختەکان شێوەی دەرکەوتنی تیشکی خۆر کە بەسەر شۆستەی شەقامەکە پەرش

دەبێتەوە، لە ئۆتومبێلەکەی دادەبەزێو بە لاڕێگاکەدا دێتە خوارەوە بەرەو خانوویەك کە زۆر لەو خانووە دەچێ بۆ یەکەم جار خێزانەکەیان تیا دەژیا.


وەستانێك لەسەر رووی لێواری پێشەوەی چیمەنەکە، ئا لێرەوە بە وێناکردن، دەستپێکردنی دیمەنی یەکەمی فیلمەکەی رێك دەخات. ئەم دیمەنە کە فیلمساز لە بنەڕەتەوە نووسیویەتی، باسی بەیانییەکی کۆتایی هەفتەیەك دەکات. کاتێك وەك هەر کاتێکی تر دواهەمین کەس لە خێزانەکەیان لە خەو هەڵدەستێ، زۆربەی ئاکشنەکان لە مەتبەخەکە روو دەدەن بەهۆی دیالۆکێکی کورتەوە، بەڵام کاتێك فیلمساز لە بەردەم خانووە راستەقینەکەی دەوەستێ یادەوەریو خەیاڵی تازە رووی تێدەکەن. ئێستا دایكو باوکی بە خەیاڵدا دێتەوە. تووڕەبوون بەهۆی بێباکیو پشتگوێخستنی هەمیشەیی خۆیەوە، بە خەیاڵ هاتنەوەی ونکردنی چاکەتو بلوزەکەی لە قوتابخانە، یاخود جێهێشتنی دەفتەرەکانی لەسەر کورسیی پاسێك، هەموو ئەو بیرەوەرییانە هی کاتێکن کە ئەو تەنها تەمەن دە ساڵ بووە.

### ڤێرژنی یەکەم – Version One :

لەم یەکەمین زنجیرە رووداوەدا، (وێنەی ٧٧)، دەرهێنەر بڕیار دەدا تەنها کامێرای چەسپاو بەکاربێنێ لەگەڵ بەکارهێنانێکی کەم لە گرتەی (پان – Pan) بۆ تەواوکردنی ئاکشنەکە. لێرەدا بە گرتەیەکی ئاسایی گشتی (Full Shot) بۆ خانووەکە دەست پێدەکات لە وێنەی (١)دا. لە دوای چەند ساتێك باوکەکە لە دەرگای خانووەکە دێتە دەرەوەو بەرەو گەراجەکە دەڕوات. گرتەیەکی تر لە دیمەنی (٢)دا پەنجەرەی ژووری کوڕەکە نیشان دەدات بە شێوەیەك کە ئێمەی بینەر بتوانین سووچی قەرەوێڵەی مناڵەکە ببینین ئەو کاتەی کە باوکەکە دەچێتە دەرەوە، بەتانییەکە لەسەری دەخزێو گۆرەوییەك لەسەر جێگەکەی دەکەوێتە خوارەوە. لێرەدا ئێمە ئەم دیمەنە (Cut) دەکەین بۆ وێنەی (٣) کە تیایدا مناڵەکە لە گرتەیەکی زۆر نزیکی پێشەوەییدا نیشان دراوەو باوکەکەش لە دەرەوەیە، لێرەوە فیلمساز دەوەستێ بەو پێیەی کە پرۆسەی پێکهێنانو رێکخستنی ئەو چەند



دیمەنە باشو بە شێوەیەکی گونجاو دەرناکەوێ، هەربۆیە هەست دەکات کە دیمەنی (١) پێویستە خانووەکە بە ناوەرۆکێکی فراوانترەوە نیشان بداتو هەروەها هەست دەکات کە دیسانەوە وێنە – دیمەنی پەنجەرەکە شێوەیەکی نادیارو ناڕاستەوخۆی وەرگرتووە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەوا دەرهێنەر ئەو وێنە بڕدراوانە پەسەند دەکات کە تەنها بەشێك لە جێگەی کوڕەکە نیشان دەدات، نەك هەموو جێگەکە (بڕوانە کۆمەڵە وێنەی ٧٧).




**وێنەی ( ٧٧ )**

### ڤێرژنی دووەم – Version Two :

لێرەدا دەرهێنەر – فیلمساز زنجیرە وێنەیەك – دیمەنێکی تر دادەمەزرێنێ بەهۆی گرتەیەکی (گۆشەی بەرز) کە لە ئاکشنەکەدا بە هێواشی دووری دەخاتەوە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە گرتەکە کەمتر سێگۆشەییانە بکەوێتەوە بەڵام بەهۆی گرتنەخۆی ئەو پانتاییو بۆشاییەی دەوروبەر ئەوا مەبەستیەتی کە ژوورێکی بچووکی دڵگیر بدات کە لەگەڵ گرتە بنەڕەتییەکە بەراورد کراوە.

لە وێنەی (١)دا باوکەکە دەچێتە دەرەوەو، کاتێك بەرەو گەراجەکە دەڕوات، شتێك لەناو چیمەنەکەدا دەدۆزێتەوە، لەو کاتەدا خۆی دەچەمێنێتەوە، ئێمە ئەو دیمەنە دەبڕین بۆ وێنەی (٢) (بڕوانە زنجیرە وێنەی ٧٨).


ئێستا ئەوەی کە دۆزیویەتییەوە بریتییە لە کاڵایەك، سەری رادەوەشێنێو پاشان بە چەند هەنگاوێك بەرەو کامێراکە بەهۆی (گرتەیەکی میدیەم) دەجووڵێو ئاهێك هەڵدەکێشێ.




وێنەی (٧٨)

ڤێرژنی سێیەم – Version Three:

لەم ڤێرژنە تازەیەدا، فیلمەکە (فێد – Fed) دەبێت بۆ گرتەیەکی نوێ لە رووی پانتاییەکی پرتەقاڵیی کۆلارەیەك کە سکرینەکە داگیر دەکات لەناو فریمەکەدا (بڕوانە وێنەی ٧٩)، کە لەو بەیانییەدا دەفڕێو دەلەرێتەوە. لێرەدا کامیرا بۆ دواوە دەگەڕێتەوەو ئێمە تێبینیی ئەوە دەکەین کە سەرنجی کۆلارەیەکی دڕاو دەدەین کە بەسەر دارێکەوە گیری خواردووە بە روونی لە بەرهەتاوی درەوشاوەی ئەو خۆرەدا دەبریقێتەوە. لەوێوە (با) کۆلارەکە لەگەڵ خۆیدا دەرفێنێو دەکەوێتە نێو فریمێك و ئەنجا لەوێوە خانوویەك دەردەکەوێ کە کەوتۆتە ژێر کۆلارەکە (فریمی 1a).





وێنەی (٧٩)

لە فریمی (1b)دا (وێنەی ٨٠)، باوکەکە لە خانووەکە دێتە دەرەوەو دەچێتە ناو گەراجەکە. لە فریمی (٢)دا گرتەکە (Cut) دەکرێو دەچێتە سەر کوڕەکە لەناو جێگەکەیدا. دەنگی کردنەوەی دەرگای گەراجەکە دەبیسترێو دەچێتە دواوەی خانووەکە لە فریمی (٣)دا، باوکەکە بەرەو ئۆتومبێلەکەی دەڕواتو گرتەکە جارێکی تر (Cut) دەبێتو دەگەڕێینەوە لای کوڕەکە لەناو جێگەکەدا لە فریمی (٤)دا. کوڕەکە لەسەر جێگەکەی دەسووڕێو لێرەوە دەتوانین قاچێکی کوڕەکە بە گۆرەوییەکەوە ببینین کە دەکەوێتە نێو پەنجەرەکەوەو پاشان پێیەکەی تری



دەچێتە دواوە، ئێمە لەناو پەنجەرەکەوە باوکەکە دەبینین کە ئۆتومبێلەکەی بۆ دواوە دەجووڵێنێ.




وێنەی (٨٠)


لێرەوە فیلمساز هاوکات دەستکارییەك لە رووی فریمی (٤)دا دەبینێت بەهۆی بچووکترکردنەوەی فریمی (٥). ئەو ساتەی دوای ئەوەی ئۆتومبێلەکە بە بەردەم پەنجەرەکەدا تێدەپەڕێ. ئا لەوێوە زیرەی ئیستۆپی ئۆتومبێلەکە دەبیستین، (Cut) بۆ گرتەیەکی گۆشە نزم بۆ سەر ڕێگەی ئۆتومبێلەکەو ئۆتومبێلەکە خۆی، کە بە دووریی چەند پێیەکەوە لە پێڵاوی کوڕەکە دووره کە کەوتۆتە ژێر تایەی ئۆتومبێلەکە. دەرگای ئۆتومبێلەکە دەکرێتەوەو لەوێوە کامیرا زۆر لەسەرخۆ بە ئەندازە ئەوەی تەنها پێی باوکەکە بکەوێتە نێو فریم، کاتێك لە ئۆتومبێلەکە دادەبەزێ لە فریمی (٦)دا.

دەرهێنەر جارێکی تر لەو خاڵەدا دەوەستێ تاکو دووبارە بیر لە دواهەمین ئەو ناوەرۆك و دیمەنە بکاتەوە. ئێستا دەرهێنەر چەند بیرۆکەیەکی بەرهەم هێناوە کە خۆی دەیەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێویستییان بە چەند دووبارە ڕێکخستنەوەیەکی تر هەیە، یەکەمیان: دەرهێنەرەکە بڕیاری دا کە وەزیفەی کۆلارەکە وەك خۆی بهێڵێتەوەو بیپارێزێو بەرەو گۆشەنیگایەکی نزمتر بجووڵێت، لەم حاڵەتەدا دەتوانێ بەرلەوەی گرتەکە بخاتە سەر خانووەکە وێنەی دەوروبەری

خانووەکەی بگرتایە. دووەمیان: دەرهێنەر درك بەوە دەکات کە ڕووداوەکە سەرنجی زۆری خستۆتە سەر کوڕەکەو باوکەکەی، لێرەدا دیەوێ چەند ئەندامێکی دیکەی خێزانەکەش بگرێتەوە لەو بەیانییە سەرقاڵەدا. ئەمە پێویستی بە تانوپۆی چەند کاراکتەرێکی نوێ هەیە، کە یارمەتیی لابردنی ئەو سەرنجە (فۆکسە) قووڵە دەدات کە کەوتووەتە سەر پێڵاوی کوڕەکە، (بڕوانە وێنەی ٨٠).

### ڤێرژنی چوارەم – Version Four:

لەم دواهەمین ڤێرژنەدا، فیلمساز چەندین توخمی جیاوازی لەگەڵ یەکدا کۆ کردووەتەوە، ئەمەش بۆ پێکهێنانی زنجیرە ڕووداوێکی تەواو.




گەڕانەوە لە (CU)ی کۆلارەکە، ڕەشەبا کۆلارەکە بەرەو خوارەوە دەفڕێنێ. کامیرا لەوێوە گرتەی (Pan)ی کۆلارەکە دەگرێ تا دەگاتە خانووەکە.

باوکەکە لە دەرگای پێشەوە دەچێتە ژوورەوە ئەنجا بەرەو گەڕاجەکە دەڕواتو لەوێ دەوەستێو پاشان بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە.

دایك دەچێتە ناو کادرەوەو جانتایەك هەڵدەگرێو دەرگای پێشەوە دەکاتەوە.

وێنەی (٨١)





ژنەکە چاوەڕێی باوکەکە دەکات کاتێك دەگەڕێتەوە بەسەر پەیژەکانداو جانتاکەی دەباتەوە.


باوکەکە بە شەرمەزارییەوە بەسەر پەیژەکاندا دێتە خوارەوە. دایك بەرەو ڕووی کامیراکە دێتە دەرەوە.

کوڕەکە خەوتنەکەی تەواوی فرێمەکە داگیر دەکات.

دایك لە مەتبەخەکەیە، قاپو قاچاغەکان کۆ دەکاتەوە، بانگی کچەکەی دەکات: (پیتەر لە خەو هەستاوە؟).

گۆشەی کامیرا لە خوارەوەی جێگەکەیە، قاچی چەپ بە گۆڕەوییەوە لەژێر جێگەکەدا دەردەکەوێ، ئینجا قاچە ڕووتەکەی تری دەردەکەوێ، باوك ئۆتومبێلەکەی دەگەڕێنێتەوە.

وێنەی (٨٢)




باوك لە ئوتومبێلەكە دێتە دەرەوە. پێلاوەكە كەوتووەتە پشت سەیارەكەوە.



دایك دەرگای تەوالێتەكە دەكاتەوە. پیتەر لە خەو هەستاوە؟
كچەكە دەڵێ: من لە كوێ بزانم؟
زەنگی دەرگا. دایك دەردەچێتو فرێمەكە جێدێڵێ.



دایك دەرگای پێشەوە دەكاتەوە. باوكەكە دەبینێ بە سەیارەكەی دەردەچێت. تەماشای خوارەوە دەكاو تەماشا دەكا پێڵاوەكە لە بەردەرگای ماڵەكە كەوتووە.



گرتەیەكی (پان) لەسەر رێگەی سەیارەكە. سەیارەكە كۆلارەكە رادەكێشێ كە بەسەر رێگەكەوە گیری خواردووە.



سەیارەی باوكەكە دەچێتە ناو فرێم. لە دوای چەند چركەیەك كۆلارەكە دەردەكەوێ.
(كۆتایی دیمەنەكان).

**وێنەی (٨٣)**



**خوێندنەوەو شیكردنەوەی دەرهێنەر** – The Filmmaker's Analysis :

دەرهێنەر لەم خاڵەوە دەوەستێ، چونكە ئەگەرو تواناكانی ئەم دوا بیرۆكەیەی لە رووی واڵابوونەوەی ئەم دەستپێكردنەدا پەك خست، زۆر لە كۆنسێپتو بیرۆكەی نوێ چاكسازیو ئاسانكاریی تیا دەكرا ئەگەر هاتو گرتەی پانو گرتەی جێگۆڕی تیا ئەنجام بدرایە، بەڵام بۆ ئێستا فیلمساز خەمو بەدەنگەوەهاتنێكی زیاتری لە رووی تەواوی تۆنو ئیحساسی ناو دیمەنەكان پەیدا كردووە. لێرەوە هیچ پێویست ناكات كە دووبارە بیرۆكەكان لە رووی ڤیژوەڵییەوە دەستكاری بكرێن ئەگەر لەبەر هۆی خزمەت نەگەیاندن بە ناوەرۆكەوە رەت كرابنەوە. فیلمساز هەست بەوە دەكات كە چارەسەرییەكانو مانا ناوەرۆكییەكەی رووداوەكە كەمێك دەكەونە خانەی دوور لە جیددییەتەوە – هەردوو هێڵی تەریبی پشتگوێخستنی باوكو كوڕەكەی داوی كۆلارەكە – بەڵام گۆشەنیگای كوڕەكە لەنێو دامەزراندنی (پلۆت – Plot)ێكی ئاڵۆزدا ون بووە، بەو پێیەی وەك تاكە تۆوخمو بنەمایەكی لیریكییانە هاتە بەرچاو، ئەوا رەنگە كۆلارەكە هێشتا مانای خۆی ببەخشێت بەڵام دوای دەستپێكردنی گرتەكە – گۆشەنیگای دیمەنەكە پێویستە بەرەو كوڕەكە بجووڵێتو لای كوڕەكە بمێنێتەوە. لێرەوە فیلمساز ئەمە لە دەفتەری یاداشتەكەیدا تۆمار دەكات بۆ دیمەنو رووداوێكی تر لە هەمان دیمەندا.

( ٩ )

## دامەزراندنی گرتە دیالۆگییەکان

## *STACING DIALOGUE SEQUENCES*

لە کاتی دانانو ڕێکخستنی ڕووداوە دیالۆگییەکاندا دوو مەبەستی بنەڕەتی هەن پێویستە دەرهێنەر درکیان پێبکات:

گوزارشتی ڕاشکاوانە لە پەیوەندییەکانی ئینسانو دەرخستنو نیشاندانی ئەو پەیوەندییانە. یەکەمین ئامانج بەهۆی سکریپتو هەروەها نواندنی ئەکتەرەوە ئەنجام دەدرێت. دووەمیان بەهۆی دانان، سینەماتۆگرافی، مونتاژەوە ئەندام دەدرێت. بەهەرحاڵ دەرهێنەر بۆی دەردەکەوێ کە پرۆسەی ئاکشنو پراکتیزەکردنو هەروا پێویستییە دراماتیکییەکانی کامیرا لەگەڵ یەکدا نایەنەوە، لێرەدا هیچ چارەسەرێکی دروست یاخود نادروست بۆ ئەو حاڵەتە پێچەوانە کلاسیکییە لەئارادا نییە جگە لەوەی کە پرسیار بکەین کە ئاخۆ: کامە لە چارەسەرییەکان بۆ دەرهێنەر دەگونجێ.

ڕووبەڕووبوونەوەی ڤیژوەڵی، بۆ دانانو ڕێکخستنی دیالۆگ بە شێوەیەکی بنەڕەتی گرفتێکی قەوارەییە. توانای وێنەو نەخشەکێشانی ئەمە لە سێ پانتایی ڕەهەندییەوە چی ئەنجام دەدات لە تەنها ڕووی دوو ڕەهەندی سکرینەوە؟

کارتێکەری قەوارەیی بۆ ڕووداوی وێنەگیراو زۆر سەختە ڤیژوەڵ بکرێتەوە چونکە ژمارەیەکی زۆر لە توخمی جیاواز جیاواز لەخۆ دەگرێ، لەمانە: گۆڕان لە پێکهاتەی وێنەگیراوەکان کاتێك کامیرا یاخود سەبجێکت لە جووڵەدا بن.

لەنێو دەرهێنەرە سینەماییەکانی ناو مێژوو تەنها چەند دەستەیەك لە فیلمە ناراتیڤییەکان مەشقو پراکتیکی بەرچاویان لە ستایلی دامەزراندنی دیمەنو



ڕێکخستنیان کردووە، ئەمەش وەك توانـاو شارەزاییەکی سەیر هەر بە تەماویو سەرکێشی دەمێنێتەوەو بە زەحمەت دەتوانرێ بە ئەنجام بگەیەنرێ.

لێرەدا گرفتەکە بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆزتر ئەنجام دراوە بەهۆی نائامادەیی ئەو هەوڵو دەرفەتانە بۆ پراکتیزەکردنی ئەو هونەرە.

### شێوازێك بۆ بەوێنەکردنی دامەزراندنی گرتەکان:

A Method for Visualizing Staging:

لە کاری هونەریدا، بە شێوەیەکی فراوان تەکنیك بەشێکی گرنگە لە بەرەوپێشبردنی بیرۆکە. لە مۆسیقادا بریتییە لە فێربوونی ئەوەی کە بە شێوەیەکی ڕۆشنتر بتوانی گوێ بگریت، بەڵام لە کاری فیلمسازیدا مانای بینین بە شێوەیەکی دیارو ئاشکراتر دەگرێتەوە.

(بینین)ی سینەماتیکی بە شێوەیەکی دیاریکراو پشت بەستووە بە یاداشتی قەوارەییو پرۆسەی ناسینەوەو، ئەو شارازاییو توانایانەی کە دەکرێ فێریان بینو بزانرێو هەروەها دەستکاریو چاکسازیی تیا بکرێت، ئەمە دەگونجێ ببێتە ئامانجو مەبەستی ئێمە لە چەند بەشی داهاتووی ئەم کتێبەدا.

لە پێشەوە، ئێمە پێویستمان بە موفرەداتێکی بنەڕەتی هەیە سەبارەت بە گرتەو شوێنی ئەکتەر، هەر سیستەمێك لە سیستەمی پێکهاتەکاندا کۆتایی پێدێتو ڕێگە بە فیلمساز دەدات کە توخمەکانی تیا بەکاربێنێ بە شێوەیەکی چەسپاوو نەگۆڕ. سەبارەت بە ئامانجو مەبەستی ئێمە، ستایلی بەردەوامییەتی لە هولیوود ژمارەیەك چارەسەری شیاو دەخاتە بەرچاو کە بگۆڕدرێت بۆ شێوازی بیناسازی. ئەم بیرۆکە بەرنامەڕێژکراوە هەر چۆنێك بێت مەبەستی نەبوو تاکو چارەسەرێکی شتومەکی بازاڕییانە بخاتە ڕوو، بەهۆی زانینی شێوە بنەڕەتییەکان خەڵکان تیایدا شوێنو شێوازی گفتوگۆکانیان دادەمەزرێنن بەهۆی بەکارهێنانی کامێراو پاشان تۆماریان دەکەن، ئەوا سەرچاوەیەکی پارێزراوت بۆ دەستەبەر دەبێ لەوەی کە بتوانی ئیمپرۆڤایز بکەیت، ڕێساو بنەماکان بدۆزیتەوەو سەرکێشی لە

رووی ئامانجەکانت بنوێنیت. لە کاتی بەئەنجامگەیاندنی بەرپرسیاریەتییە بنەڕەتییەکانت بۆ ئەکتەرەکانو هەروا بۆ سکریپتو بۆ (بینین)ە دەستە جەمعییەکانت.

ئەم بیرۆکە قەوارەییە دەکرێ بە پێنج بواری بنەڕەتییەوە:

★ دامەزراندنی ئەکتەرە جێگیرەکان.

★ دامەزراندنی ئەکتەرە جێگۆڕەکان.

★ بەکارهێنانی قووڵێتیی فرێم.

★ دامەزراندنی جووڵەی کامیرا.

★ دامەزراندنی جووڵەی کامیراو سەبجێکت – ئەکتەر.

هەوڵێن ئەو پێکهاتەو بنەمایەی کە ئێمە لێی دەڕوانین بریتییە لە شێوازی دامەزراندنی رووداوەکانو رێکخستنی دیالۆگ بۆ دوو سەبجێکت – ئەکتەر. لە کاتی گۆشەی کامیرا ئاڵۆزە وێنەگیراوەکان بە کامیرای فۆتۆگرافی، هاوێنەو شێوازی پرۆسەی بڕین بە شێوەیەك بەراورد دەکرێن تاکو بتوانێت کە چۆن ئەو رێکخستنە کەمە دەگۆڕێت بۆ ئەڵتەرناتیڤی تێگەیشتنەکانمان لە رووی دیمەنێك. هەر کاتێك شێوازی دامەزراندنی دوو سەبجێکت ئامادە بوو، ئەوا ئەو کاتە دەتوانین هەمان بنەما گشتییەکان بۆ سێو هەروەها بۆ چوار حاڵەتی سەبجێکت لە بەشەکانی داهاتوودا داوا بکەین بەرلەوەی نموونەکان بخەینە روو، پێویستە لە پێشەوە بەسەر چەند بنەمایەکی شێوەی رێکخستن لە رووی دیمەنێکدا بچینەوە کە لەناو فیلمە ناراتیڤییەکاندا هەیە لەگەڵ تێگەیشتنی ئەوەی کە ئەو رێکخستنانە (Staging) خاڵی دەستپێکردن بۆ چەند بیرۆکەیەکی نوێ دەخەنە روو لەبری سنووردارێتیی ئەوەی کە چی رێگەی پێدراوە کە ئەنجام بدرێت.



**پێشەوەییەتی** – Frontality:

لە شێوازی هونەری رۆژئاواییدا ئەم جۆرە شێوازە بنەڕەتییە کە بە پێشەوەییەتی یاخود بەردەمییەتی (Frontality) ناو براوە، ستایلێکە بەهۆیەوە کەرەسەو ماددەکانی فیلم وا دەخوازن کە روویان بکەوێتە رووی بینەر، یاخود لە حاڵەتی فیلمەکە روویان بکەوێتە کامیرا.

لە راستیدا زۆر لە رێکخستنو دانانەکان لە فیلمدا زیاتر پێشەوەیین بە مانای ئەوەی کە سەبجێکت – کەسەکان روو لە کامیران لەبری ئەوەی روویان لە یەکتر بێت. هەرچەندە لە ژیانی راستەقینەدا چۆنیەتیی رێکخستنو دانانی جەستەکانمان بە بێ ئامادەیی مافی (بەرز راگرتن) ناگونجێت، بەڵام لە کاری فیلمدا ئەوا بە پێی پێویستی کامیرا ئەم حاڵەتە رێك دەخرێ. ئەو دیمەنەی کە ئەکتەر لەسەر شێوازی (پێشەوەیی)دا رێك دەخات ئەوا پێویستە بەهۆی گرتەی (ماستەر)ەوە ئەنجام بدرێت، هەرچەندە ئەگەر یەکێك لە ئەکتەرەکان رووی لە کامیرا وەرگێڕابێ (بە تەواوی یاخود بەشێکی) پێویستمان بە گۆشەی کامیرایەك زیاتر دەبێت تاکو بتوانێ رووی هەردوو ئەکتەرەکە دەربخات، ئەمە دەبێتە نمایندەی دوو شێوازی پرۆسەی مونتاژ بۆ رێکخستنی ئەکتەر، یەکەم: لەوەی کە ئەکتەرەکان لە رووی تاکە کامیرایەکدا وەستاون، دووەم: چەند کامیرایەك گۆشەنیگاکانیان پێکەوە مونتاژ کراوە.

**گرتەی ماستەر** – The Master Shot:

گرتەی ماستەر بریتییە لە گرتەیەکی گشتیی فراوان، کە بەشی ئەوە دەکات هەموو ئەکتەرەکان لە دیمەنێکدا بگرێتە خۆی، هەر ئەمەش بۆ سەرجەم درێژایی ئاکشنەکە دەڕوات. کاتێك دەرهێنەر لەبارەی گرتەی ماستەرەوە دەدوێ ئەوا مەبەستیەتی بڵێ: گرتەی ماستەر بەشێکە لە پلانی وردەکارییەکان کە دانانی کامیرای تر بەخۆوە دەگرێ لە سیستەمێکی سێگۆشەییدا کە لە کۆتاییدا پێکەوە بە پرۆسەی مونتاژدا تێدەپەڕن، بەڵام دیسانەوە کاتێك هەیە کە گرتەی ماستەر تاکە گرتە دەبێ کە دەرهێنەر وەك زەرورەتێك هەستی پێدەکات.

**گرتەی رووداوی دوا بە دوای یەکی – The Sequence Shot:**

بە شێوەیەکی گشتی لە گرتەی ماستەردا کامیرا لە شوێنی خۆیی بە بێ جووڵە دەمێنێتەوە، بە تایبەتی کاتێك پرۆسەی بڕین بۆ گۆشەی کامیرایەکی تر بەشدار بووبێت. ئەگەر گرتەی ماستەر گرتەیەکی جوولاو بێت ئەوا لێرەدا کامیرا بە شێوەیەکی بەردەوامو بێ پچڕان بەهۆی گالیسکەییەوە جارێکی تر دادەمەزرێتەوە لەمیانەی زنجیرەیەك دیمەن، بە شێوەیەکی بنەڕەتی ژمارەیەك گۆشەی کامیرا بەیەك دەگەنو هەموو پێکەوە لەنێو چەند زنجیرە رووداوێکی ئامادەو مونتاژکراودا بەهۆی چەند گرتەیەکی تەنهاوە بەرهەم دێت. ئەم شێوە رێکخستنە بۆ دیمەنو گرتەکان دەتوانین بە گرتەی رووداوی یەك بە دوای یەکی ناوی بەرین کە بە شێوەیەکی گشتی جووڵەی ئەکتەر لەخۆ دەگرێ شانبەشانی کامیرای جێگۆڕ، لەمیانەی هەموو ئەمانەدا دەتوانین بڵێین کە گرتەی رووداو شێوازی گرتەی پێشەوەییەتی (Frontality) لا مەبەستە زیاتر لە زنجیرە رووداوی ئامادەکراو ئەمەش لەبەر هۆی دەسەلاتی پرۆسەی مونتاژو پەیوەندییە رۆتینییەکانو هەروەها ئەو گرتانەی کە پێچەوانەی ١٨٠ پلەن. هاوشێوەو هاوتای گۆڕانی ناو گرتەی رووداوەکان دەتوانین بڵێین کە ئەنجامدانیان بە خێرایی کارێکی مەیلەو مەحاڵە، لەگەڵ ئەوەی کە جووڵەی کامیرا لە رووداوە دیالۆگییەکاندا هەوڵی بەجێهێنانی بینینی گشتیی ئاراستەکان دەدات. لە داهاتوودا زۆر وردتر لەم بابەتە نزیك دەبینەوە.

**قەوارەی گرتە و دووریێتی – Shot Size and Distance:**

تەنها شێوازێك لە گرتەی ماستەر کە بریتی بوو لە دوو گرتەی میدیەمی شێوازو گرتەیەکی زۆر تایبەت بوو بۆ فیلمی ئەمەریکی لە سییەکانو چلەکاندا کە فەرەنسییەکان ناویان نابوو (پلانی ئەمەریکی) یاخود (گرتەی ئەمەریکی). لە سەرەتای سییەکاندا شێوازی دوو گرتەیی بۆ گرتنەوەی تەواوی زنجیرە رووداوە دیالۆگییەکان بەکار دەهات بە بێ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر گرتەی نزیك، ئەمەش



بەهۆی چوونە نێو سەرەتاو دەستپێکردنی دەنگ لە فیلمەکانداو درێژبوونەوەی ئەو دیالۆگانەی کە لەگەڵ ئەو دەنگانەدا دادەمەزران.

ئەو کامیرا نائاساییو ئالۆزەکانی جووڵە پێکردنیان کەمتر بوو لەو کامیرایانەی کە بۆ فیلمە بێدەنگەکانو هەروا بۆ شێوازی فیلمە دوو گرتەییەکاندا بەکار دەهاتن ئەوا پێویستییەکانیان سەبارەت بە جووڵاندنی کامیرا کەم کرایەوە. ئەم سنووردارییەتییە تەکنیکییە بە خێرایی بەسەریدا زاڵ بوون، بەڵام بەکارهێنانی شێوازی دوو گرتەیی بۆ چەند ساڵێك وەك خۆی مایەوە چونکە دەرکەوت کە ئەو شێوازە لە گرتەی دوانەییدا وەك کەرەسەیەکی توانا لاستیکییە (فراوانە) سەبارەت بە خستنە ناو فرێمی کامیراوە، ئەمەش بۆ کاری کۆمیدیاو کاری مۆسیقایی دەگونجا.

من خۆم بە شێوەیەکی تایبەتی جەستەو کاری (ئۆبجێکتیڤیتی)م لا پەسەندە کە لەمیانەی دوو گرتەیی یاخود فیگەری گرتەی تەواوەوە ئەنجام دەدرێ. لێرەدا جەستە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەتوانێ گوزارشتی خۆی بگەیەنێو، هەروەها خەڵکانیش زۆرجاران زمانی جەستەییان بۆ دەستنیشانکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەویتردا بەکار دێنن، بۆ نموونە: بە پێی ئەو ژوورەی کە لە ژوورێکدا وەستاون یاخود بە پێی شێوازی جیاوازی خۆیان بۆ نزیکبوونەوە لە کەسێك، هاوڕێکەت یاخود خۆشەویستەکەنت، ئەو شێوازو رێگەیەی کە کەسێك بەهۆیەوە دەجووڵێت دەکرێ بەهۆی، یاخود بە پێی دەنگی ئەو کەسە جیا بکرێتەوەو هەروەها زۆربەی زۆری ئێمە دەتوانین هاوڕێیەك لە دووریی مەودایەك بناسین ئەمەش بەهۆی چەند ئیمائەیەك لە سیمای یاخود لە چاوییەوە.

جووڵەی جەستەیەکی پڕ گوزارشت لەمیانەی گرتەیەکی گشتیو گرتەیەکی میدیەم دەردەکەوێو دەناسرێتەوەو سەرجەم دیمەنەکان دەتوانرێ رێك بخرێن لەو مەودایەدا بە شێوەیەکی کاریگەر، بە بێ ئامادەیی دووبارە گەڕانەوە بۆ گرتەی نزیك.

**شێوازی گرتەو گرتەی پێچەوانە** – The Shot, Reverse Shot Pattern:

کاتێك ئەکتەران بە نۆرە لەنێو چەند گرتەیەکی نزیکدا بینران، ئەوا گرتەو گرتەی پێچەوانە یەکێکە لە چارەسەرییە هەرە بەرچاوەکان. هیچ پلانو ستراتیژییەکی پرۆسەی بڕین لە ستایلی هولیوود لەم شێوازە باشتر نیشان نەدراون، ناوداریو بڵاویی ئەم شێوازە بریتییە لەوەی کە زنجیرە مونتاژێکی فراوان بەرهەم دێنێت کە لەنێو شێوازی دوو گرتەییدا نییە.

سوودی یەکەم ئەوەیە کە دەتوانین کاردانەوەی وەلانراوو تەنهای سەبجێکتەکە بۆ دایەلۆگ دەبینین، دووهەمیشیان گۆشەنیگا لەنێو دیمەنەکەدا گۆڕانی بەسەردا دێت. لە حاڵێکدا ئەگەر هێڵو ئاراستەی بینین لە نێوان کاراکتەرێكو یەکێکی تردا دەگونجێو یارمەتیی دامەزراندنی مانا بۆ یەکەی قەوارەیی دادەمەزرێنێت.

**هێڵەکانی بینینو پەیوەندییەکانی چاو:**

Sight Lines and Eye Contact:


لە هەر گرتەیەکی یەك ئەکتەریدا ئەگەر هێڵی بینین بەرەو کامیرا ئاراستە کرابێت ئەوا پەیوەندیو نزیکیمان لەگەڵ ئەکتەر بەهێزو زیاد دەبێت ئەمەش بەهۆی پەیوەندییەکانمانەوە. لە حاڵەتە زۆر گرنگەکاندا ئەکتەر دەتوانێ راستەوخۆ رووی بکەوێتە کامیراو پەیوەندیی ڤیژوەڵی لەگەڵ کامیرادا دروست بکات. ئەم پەیوەندییە رووبەڕووییە دەکرێ تەواو سەرسوڕهێن بێت.

زۆرترین بەکارهێنان بۆ پەیوەندییەکانی راستەوخۆی چاو لەنێو رووداوە بابەتییەکانی کامیرادایە بە شێوەیەك وا لە بینەر دەکات کە بتوانێت چەندین شت لەمیانەی چاوی تەنها کاراکتەرێکەوە ببینێت، ئەمە لە فیلمە ناراتیڤەکاندا زۆر بە کەمی روو دەداتو هەروەها لە زۆربەی کاتیشدا گرتەی دایەلۆگی بەهۆی هێڵی بینینی ئەکتەرەکانەوە وێنە دەگیرێ کە بە بڕێکی کەم بەلای چەپ یاخود راستی کامیرادایە. لەم حاڵەتەدا پرۆسەیەکی شیاوو بڵاوە کە هەمان مەوداو دووریتی لە کامیراکەوە دەستەبەر بکەین بۆ هێڵەکانی بینین لە کاتی جێگۆڕکێی گرتە



نزیکەکان بۆ دوو ئەکتەر یاخود زیاتر.

وێنەی (٨٤) بەراوردکارییەکە سەبارەت بە رێکخستنی گرتە نزیکەکان، هەر یەکێك لە وێنەکان هێڵێکی بینینی جیاواز روون دەکاتەوە کە هاوتایە لەگەڵ خودی کامیرادا.



**وێنەی ( ٨٤ )**

هەر کاتێك توانیت هەندێك لە ناوەرۆکە سایکۆلۆژیو دراماتیکییەکان لە رووی هێڵی بینینو پەیوەندیی چاو بێنیتە خانەی پارکتیزەوە، ئەوا ئەو کاتە دەتوانیت چەند گۆڕانێکی ئاشکرا ئەنجام بدەیت لەنێو زنجیرە رووداوێك لەپێناو چارەسەرێکی دراماتیکییانە.

**شێوازی رێکخستنی ئەکتەر** – The Staging System:

تا ئەو کاتەی دەرهێنەر کاتێکی زۆر تەرخان دەکات بۆ مەشق پێکردنی خۆی تا بتوانێ هەموو ئەو رێگەیانە بەکار بخات بۆ بینینی رێکخستنو شوێنی ئەکتەرەکان، دەرهێنەر بە شێوەیەکی گشت پشت دەبەستێ بە سەرجەم مەبەستە ستراتیژییەکان بۆ هەر دیمەنێك لە دیمەنەکان. ئەگەر دەرهێنەر ئازادییەکی فراوانی بەخشییە ئەکتەرەکانی ئەوا رەنگە چەند چارەسەرییەکی پڕ بایەخ لەدایك بن، بەڵام تا ئەو کاتەی دەرهێنەر فرمانو کار سەپاندنێکی توند بگرێتە بەر لە رێکخستن سەبارەت بە کامیرا ئەوا پرۆسەی بەرهەمهێنانەکە لە کۆتاییدا کارە ئەزموونکارییەکەی بێ نرخ دەکات. دەرهێنەر لەگەڵ سینەماتۆگرافەرو بەرهەمهێندا ناتەبا دەبێ کە دەیەوێ بزانێ لەبەر چی دیمەنەکان هەمیشە رێك

دەخاتەوە بەهۆی بێ کاتیو زۆرجاریش بە شێوەیەکی ئاساییو بێ پلاندانان لەگەڵ سەرجەم کاستەکەیدا.

ئەوەی کە دەرهێنەر پێویستە دەستەبەری بکاتو نییەتی بریتییە لە توانای ڤیژوەڵکردنی ئەکتەرەکانو کامیرا لە شوێنی خۆیداو، هەروەها لەو پێکهاتە کۆمپۆزیشنەی کە لە ئەنجامی ئامادەکردنو یەکگرتنی ئەو توخمانە دێتە بەرهەم، ئەمە ئەو شێوازەیە لە پرۆسەی رێکخستنو دامەزراندن بە ئەنجام دێت.

**شێوازی پیتەکان** – Letter Patterns:


سیستەمی رێکخستنی ئەکتەر کە لەو خاڵەوە بەکاری دێنین دوو جۆر لە جۆری وەستانی ئەکتەر پێناسە دەکات: شێواز (Pattern)و حاڵەتی وەستان (Position)و وا لە پێشەوە لەسەر شێواز دەدوێن.

شێواز: سێ جۆرە شێوازی دانانو رێکخستن هەن لەنێو فرێمدا، شێوازی (A)و (I)و هەروەها (L)، ئەم شێوە پیتانە بۆ شێوەو حاڵەتی ئەکتەر، کە هەموو ئەمانە کۆبوونەوەی ئەکتەر لە شوێنی سەرەوە بۆ خوارەوە رێك دەخات.

گرنگیی شێوازەکان لەوەدایە کە بریتین لە ساکارترین رێگە سەبارەت بە ئەکتەرەکان، ئەمەش بە پێی هێڵی ئاکشنەکان، لەگەڵ ئەوەی شێوازی رێکخستنو دانان پەیوەندییان بە شوێنی دامەزراندنی کامیراوە هەیە.

هەروەك لەم وێنانەدا دەردەکەوێ، شێوازی (A)و (L) پێویستییان بە سێ یاخود زیاتر لە سێ ئەکتەر دەبێ تاکو شکڵی ئەو پیتانە تەواو بکەن، تەنها رێکخستن بۆ دوو سەبجێکت بریتییە لە شێوە وەستانی (I)، تەماشای وێنەی (٨٥) بکە هەر سێ شێوەکە نیشان دەدات.







**وێنەی ( ٨٥ )**

شوێن: ئەمە ئاماژە بە ئاراستەی سەبجێکتەکان دەدات کە لەنێو شێوازێکی وەستاندا رووبەڕووی یەکتر بوونەتەوە. بۆ هەر جۆرە شێوازێك، ئەشێ چەند شوێنێکی جیاواز بخرێتە روو.

لە هەموو گرنگتر، شوێنەکان پەیوەندییان بە شێوە پێکهاتنی فرێمەکانەوە هەیە، ئەمە مانای ئەوەیە کە هەر کاتێك کامیرا بۆ شێوازێك دامەزرا، ئەوا دیارترین رێکخستن بۆ ئەکتەرەکان (ئەو ئاراستەیەی کە لەنێو فرێمەکەدا رووبەڕوویان دەبێتەوە) ئەوا بەهۆی شوێنەکانەوە ئەنجام دەدرێ، کەوابێ دەرهێنەری بەتوانا هەمیشە شوێنو شێوازی وەستانەکان بە شێوەیەکی یەکسان لە بەرچاو دەگرێ، بەڵام لە سەرەتادا زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ درکیان پێبکرێ وەك چەند کۆنسێپتو بیرۆکەیەکی جیاواز.

سێ شوێنی وەستانی ئاسایی لە شێوە وەستانی (I)دا لە وێنەی (٨٦)دا نیشان دراون، بڕوانە وێنەکە.



**وێنەی ( ٨٦ ): شوێنی ئەکتەرەکان، بڕوانە هەموو شوێنەکان لە شێوازی ( I )دان**

خاڵێکی تر: شێوازی (I) بۆ دوو ئەکتەر بنەمایەکی سەرەکییە لەم جۆرە سیستەمەی ئێمەدا، ئەمە چونکە هێڵی ئاکشن تەنیا دەتوانرێت لە نێوان دوو ئەکتەردا دابمەزرێت، کاتێك زیاتر لە دوو ئەکتەر دەکەونە ناو دایەلۆگەوە ئەوا هێڵی ئاکشن پێویستە بجووڵێت. لە راستیدا ئەمە ئەنجامێکی باشە مادامەکی ئێمە تەنها پێویستە شوێنو وەستانی دوو سەبجێکت بزانین، چ شێوەیەکیان وەرگرتووەو هەروەها چ جۆرە رێکخستنێکە بۆ کۆمەڵی گەورەو فراوانتر. لە گۆشەنیگای کامێرامانەوە شێوە وەستانی (I) لەنێو شێوازی (A)و (L)دا دەبینرێتەوە کە لە هەر شوێنێك ژمارەیەك گرتەی نزیكو تاکە گرتە پێویست بکات ئەنجام بدرێت.

**دامەزراندنی دایەلۆگ بۆ دوو ئەکتەر:**

Staging Dialogue for Two Subjects:


**حاڵەتی وەستانی یەکەم – Position One:**

**رووبەڕوو – Face-to-Face:**

یەکێك لە بنەڕەتیترین شێوە دامەزراندنی دوو ئەکتەر لە کاتی گفتوگۆدا ئەوەیە کە روو لە یەکتر دەکەنو شانیان تەریب دەبێت. یەکەم چارەسەری بە مەبەستی چوارچێوە دانانی ئەکتەر – کەسەکانە بە شێوەی پرۆفایل، (بڕوانە وێنەی ٨٧)، بە شێوەیەکی کۆمپۆزیشنیانە، ئەم جۆرە دانانە رێگە بە کەرەسە، یاخود دوو ئەکتەری پێچەوانەی بەهێز دەدات کە لە رووی یەکتردا دەربکەون.

لەم دامەزراندنەدا ئێمە ئەزموونی ئەکتەرەکان بە تەواوی نابینین، تەنها ئەگەر حاڵەتەکە زۆر نزیك نەبێت، هەروەك دەکەروتووە. ئەگەر حاڵەتی تەنیا لە گرتەی نزیکدا بەکارهات ئەوا لێرەدا کامیرا بە شێوەیەکی گشتی دووبارە دادەمەزرێتەوە بۆ پێچەوانەکردنەوەو هەڵگێڕانەوەی گرتەکانی سەرروو شان، هەرچەندە پرۆفایلی تاك، شێوە گرتەی نزیك بە دڵنیاییەوە شێوەیەکی پێویستە.






**وێنەی ( ٨٧ ): گرتەکانی رووبەڕوو لە نێوان دوو ئەکتەردا**

**گرتەی سەرووی شان ( گ.س.ش ) – OTS:**

ئەم چەند وێنەیە گرتەی کلاسیکی نیشان دەدات، شێوازی گرتەی پێچەوانە لە سەرووی شانەوە. رەنگە ئەمە تەواوکەرێکی لۆجیکییانەی گرتەکان بێت سەبارەت بە رێکخستنو دامەزراندنی شێوەی پرۆفایل لە لاپەڕەی پێشوودا، هەرچەندە گرتەکانی سەرووی شان بە جۆرێك گیراون کە جووتە ئەکتەرەکان لەگەڵ هاوێنە چەسپاوەکانو هەروەها رێگەچارەکان خستنە ناو فرێم بپارێزن. دووانە تێکەڵبووەکان دەکرێ پێکەوە ئامادەو هەروا مونتاژ بکرێن لە بەردەوامیی

ئاڵوگۆڕکردنی دیالۆگەکاندا، هەرچۆن بێت ڕێکەوتنی دووانەکە شێوەی ئاسایيان وەرگرتووە.

لە خستنە ناو فرێمە بەرتەسکەکاندا دوو شێوازە ڕێگەی گرنگ بۆ گرتەی (س.ش) هەن، بڕوانە (وێنەی ٨٨، فرێمی ٣و ٤)، ڕووی پێشەوەی کەسەکان دەخەنە ڕوو کە تیایاندا (سەر) بە تەواوی دەگرێتەخۆ، لە فرێمی (٥و ٦)دا یەك لە سێ بۆ یەك‌و نیو لە سێی چوارچێوەکە پێشی لێگیراوە کە زۆر بە زەقی ئەکتەرەکە دادەبڕێ‌و ڕوو لە بینەر دەکات (بڕوانە وێنەکان).





**وێنەی ( ٨٨ )**



**هاوێنەی درێژی گرتەی سەرووی شان** – Long Lens OTS :

بەم چەند گرتەیەی وێنەی (٨٩)دا وێنەکانی (١ – ٦) هێشتا شێوازی یەکەم تیایاندا بەکارهاتووە. چەقی درێژی هاوێنەکان لە (١٢٠ ملم)ەوە زیاد کراوە تا (٢٠٠ ملم). لێرەدا ئەنجامەکان بە ئاسانی دەردەکەون. ئێستا تێبینی بکە کە بۆ یەکەم جار کەسەکان لە گرتەیەکی ڕاستەقینەی سەر شانەوەن، لەو کاتەوەی کە ئێمە (بینەر) توانیومانە شان‌و ملی کەسەکە لەناو فرێمەکەدا ببینین، بەڵام ئەم کۆکردنەوەیەی هاوێنەکان فرێم دانانە بەرتەسکە هەستی نزیکی لەلایەن بینەرەوە زیاتر دروست دەکات لەوەی لە ڕێگەی هاوێنەی بەرینترەوە ئەنجام بدرێت.




**وێنەی ( ٨٩ )**

**گرتەی گۆشەی نزمی پێچەوانە – Low-Angle Reverse Shots:**

باسێکی تر دەربارەی گرتەکە بریتییە لە شێوازی گرتەی پێچەوانە، لە شێوازی یەکەمدا کە لەو زنجیرە وێنەیەدا دەبینرێت دەکرێت بە (گرتەی سەرووی جومگە – ئەژنۆ) ناوی بەرین. لێرەدا سێ جۆرە شێوازی گرتەی گۆشەی نزم هەن کە بەرەو ئەوە دەچن کەسەکان بخەنە نێو پەیوەندییەکی ناتەباوە.




**وێنەی (٩٠)**

وێنەکان بریتین لە گرتەی گۆشەی نزمی ناتەواو کە کەسەکان بەو شێوەیە لە یەکتر جیاواز ناکاتەوە وەك ئەوەی لە فرێمەکانی (٣و ٤)دا نیشان دراوە (بڕوانەی وێنەی ٩٠)، کە بەهۆی کامێراوە لە بەرزیی سێ پێوە گیراونو، لە فرێمەکانی (٥و ٦)دا



چەقی درێژیی هاوێنەکە زیاد کراوە تا (١٠٠ ملم)، ئەمەش بۆ ئەوەی حاڵەتی فۆکس لەسەر رووی پێشەوەی کەسەکە کەم بکاتەوە، بەم جۆرە لە باکگراوندی فیگەرەکە دڵنیا دەبێت.

**حاڵەتی وەستانی دووەم – Position Two:**

**شان بە شان** – Shoulder-to-Shoulder:

بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەم شێوازە پێشەوەییە رێگەو چارەسەری زیاترو هەروەها مەودای کارکردن تیایدا لەوانی تر فراوانترە، چونکە لەم شێوازەدا دەتوانرێت رووی ئەکتەرەکان بە تەواوی یاخود بە شێوەیەکی پرۆفایل ببنرێت. لەم نموونانەدا ئەکتەرەکان روویان لە پێشەوەیەو سەرنجی رێگەیەك دەدەن لەسەر نەخشەیەك کە لەسەر بۆنیتی ئۆتومبێلەکە یەکالا کراوەتەوە، بەڵام کاتێك دووانەکە یەکتری دەدوێنن ئەوا بەرەو حاڵەتی وەستانی پرۆفایل دەسووڕێن. ئێستا هەوڵبدە کاتێك سەرنجی وێنەکان دەدەیت وێنای دیمەنێکی دیالۆگی بکەیت.




**وێنەی (٩١)**

رەنگە درك بەوە بکەیت کە قەوارەی گرتەکان کاریگەر دەبن بۆ سەر ئەوەی کە کام جۆرە لە دیمەن دێتە خەیاڵمان، ئێستا خەیاڵی گرتەیەك بۆ دیمەنەکە بکە

لەناو سکریپتەکەدا. فریمەکانی (٤و ٥و ٦) زنجیرە وێنەیەکی تەواو نیشان دەدەن، لە سەرەتاوە بە شێوەی دوو پرۆفایل لە فریمی (٤)دا، ئەنجا بەرەو گرتەی نزیکی پرۆفایل لە فریمەکانی (٥و ٦)دا. ئێستا کامیرا بەرەو حاڵەتی گرتەی نزیك دەچێت، بەڵام هێشتا رەنگە بە درێژایی هەمان گۆشەی بینین ئاراستە بکرێ، هەروەك بۆ گرتەی دواییینەکە کراوە. بە بۆچوونی من ئەم جۆرە بەکارهێنانە بۆ گرتەی نزیك دەبێتە هۆی لەیەکترازانی دیمەنەکە، هەرچەندە لە شێوازی بەردەوامییەتیی ستایلدا بە تەواوەتی بریتییە لە (Cut)یکی گونجاوو دروست.

لە فریمەکانی (٧و ٩)دا بە گرتەی میدیەمی دوانەیی دەستپێدەکەین، بەڵام ئەمجارە گرتەی نزیکی ڤێرژنی پێشوومان بە گرتەیەکی پرۆفایلی دوو گرتەیی ئاڵوگۆڕ کرد ئەمەش بەهۆی جووڵانو گواستنەوەی کامیرا بە دەوری ئەو ناوچەیەداو لە کۆتاییشدا بەرەو گرتەی سەرووی شان پێچەوانەی دەکەینەوە. بەداخەوە وێنەکان بە تەواوی فریمەکان پڕ ناکەنەوە وەك ئەوەی من دەمەوێت. ئەگەر ئەمە بۆردی رووداوەکە بووایە ئەوا هەر زوو دەمزانی کە گرتەکان دەبوو تەسکتر ئەنجام بدرانایە.




**( وێنەی ٩٢ )**



لە کۆمەڵە وێنەکانی (١٠ – ١٢)دا بە گرتەی ماستەر دەست بە پرۆسەی وێنەگرتنەکە دەکەینو بە دوایەوە گرتەی نزیکی دوو گرتەیی دێت. بەڵام ئەمجارە بەهۆی دوو گرتەی چەند گۆشەییەوە بە رووی گرتەکە دەبینەوە. ئێستا کامیراکە چۆتە لایەکی گرتەکەوە، گرتەی نزیکی پێچەوانە. ئەمە لەگەڵ دوو گرتەی نزیکی پرۆفایلی فریمەکانی (٥و ٦)دا بەراورد بکەو ئەنجا تبێنی بکە کە ئەم گرتە نزیکانە ماناو حاڵەتێکی بەهێزتر دەبەخشن، ئەمەش چونکە هەر ئەکتەرێك لەناو گرتەی نزیکدا لە ئاراستەی ئێمە (کامیرا) دەڕوانێ، بە شێوەیەك کە گرتەکە ئێمە بخاتە نێو دیمەنەکەوە.

### حاڵەتی وەستانی سێیەم – Position Three:

ئەم شێوە دانانە وێنەکان لە گۆشەی پلەی (٩٠)دا دادەنێو دابەشیان دەکات.




**وێنەی ( ٩٣ )**

ئەمە چارەسەرێکە لە نێوان شێوە حاڵەتی تەریبیی شان لە شێوازی یەکەم‌و شان بە شان لە شێوازی دووەمداو زیاتر شێوە نیشاندانێکی کاتییەو بریتی نییە لەوەی کە تۆ چاوەڕوانی بینینی دەکەیت. ئەگەر لە حاڵەتێکدا گفتوگۆی دووانەکە نادۆستانە یاخود دۆستانە بێت، ئەوا ئەو پەیوەندییە ئازادە ڕێگە بە دووانەکە دەدات لە کاتی سەرنجدانەکەیاندا ڕوویان لە ڕووی یەك وەرگێڕن‌و شوێن‌و جووڵەی سەریان بگۆڕن‌و جۆراوجۆری بکەن. بڕوانە وێنەی (٩٣) دەبینیت کە لە فرێمەکانی (١و ٢)دا ئەکتەرەکان ڕووبەڕووی کامیرا دەبنەوە لە شوێنێکی گونجاودا. ئەم شێوە ڕێکخستنە گرتەیە لە شێوە گرتەی سەرووی شانەوە نزیکە، یاخود لەگەڵیدا هاوشێوەیەو، چاوەڕوانی بینینی گرتەی پێچەوانە لەلایەن ئەکتەرەکانەوە لە شوێنی دووەمدا دەکەین.

لە فرێمەکانی (٣و ٤)دا گرتەی سەری ئەکتەرەکان دەبینرێ کە دەیانخاتە سەر یەك بنەمای یەکسانەوە، ئەمەش چارەسەرێکی زۆر لۆجیکییانەیە بۆ گرتەی ماستەر ئەگەر لە حاڵەتێکدا هیچ گرتەیەکی نزیك یاخود گرتەی پێچەوانە تیایدا بەکار نەهاتبوو.

چارەسەری ئەلتەرناتیف بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەکتەرەکان لە گرتەی دووەمدا بگیرسێنەوە بە شێوەیەك کە ڕووبەڕووی کامیرا بوەستن، ئەمەش تاکو گرتەیەکی لە شێوەی گرتەی پێچەوانە دەستەبەر بکەین.


بەو پێیەی کە هەر گرتەیەك لە شێوەی حاڵەتی (I)دا دەتوانرێ گرتەی سەرووی شان‌و گرتەی نزیك تیایدا بەکار بهێنرێ، هەرچەندە ئەمە بە شێوەیەك وا لە سەبجێکتەکان دەکات تاکو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆتر لە شێوە حاڵەتی دووەمدا ڕێك بخات.

ڕێگەیەك بۆ بەئەنجامگەیاندنی شێوە دانانی فرەگۆشەیی بەهۆی دامەزراندنی گرتەی دووانەیی، دوو – گرتەیی دەستەبەر دەکرێ کە بە شێوەیەکی زۆر بەرتەسك‌و خاوێن‌و هەروەها نزیکخستنەوەی بۆشایی نێوان سەبجێکت – ئەکتەرەکان. گرتەو گرتەی پێچەوانە لە فرێمەکانی (٥و ٦)دا نیشان دراون.



## حاڵەتی وەستانی چوارەم – Position Four:

بە دەستپێکردنمان بە شێوە حاڵەتی چوارەم ئەوا دەچینە سەر ئەو شێوە ڕێکخستنەی کە حاڵەتی ناخۆشی بەرهەم دێنێت. لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەمە لە ئەنجامی نائامادەیی پەیوەندییەکانی چاوە لە نێوان ئەکتەرەکاندا. لەم چەند کۆمەڵە وێنانەی خوارەوەدا ژنەکە ڕووی لە مێردەکەی وەرگێڕاوەو وەم هەستە لە ناوەڕۆکی گرتەکەدا بە ئاشکرایی دیارە.




**وێنەی (٩٤)**

ئەم شێوە وێنانە بینەر دەخەنە نێو جۆرە حاڵەتێکی تایبەت‌و دەگمەنەوە چونکە ئێمە دەتوانین ئەوە ببینین کە پیاوەکە ناتوانێ کاردانەوەی ژنەکەی سەبارەت بە گفتوگۆی پیاوەکە تێبینی بکات.


ڕێکخستن‌و دامەزراندن بە قووڵێتی بەم شێوەیە، بە ئاشکرایی دەمانخاتە ناو پەیوەندییەکی نزیکتر لەگەڵ یەکێك لە ئەکتەرەکان. ئەمە چارەسەرێکی شیاوە سەبارەت بە گۆشەنیگای کە دەوەستێتە سەر گرتەی پێشەوەییەتی دیمەنەکە. گرتەی پێچەوانە لەم جۆرە دانانەدا زۆر بە سەختی شوێنی گۆشەنیگا دەگرێتەوە، لە حاڵەتێکدا ئەگەر پەیوەندیی سروشتی زیاتر لەگەڵ ئەکتەرەکان داوا کرا، ئەوا ڕەنگە جۆرە ڕێکخستنێکی تر بتوانرێ لەم بارەدا بەکار بێت. هەروەك دەبینیت، من لێرەدا هیچ جۆرە گرتەیەکی پێچەوانەم لەم وێنانەدا بەکار نەهێناوە کە هەر

له بنەڕەتەوە چەند گرتەیەکی پێشەوەیین.

له فرێمی (١)دا گرتەی دووانەی بەهۆی هاوێنەی (٣٠ ملم) نیشان دراوە، لێرەدا ئەنجامەکە ئەوەیە کە گۆڕانێکی کورتخایەنو کاتی دەتوانرێ لە رووی پێشەوەی ئەکتەرەکان ببینرێو هەروەها ئەکتەرەکانیش لە باکگراونددا وا دەردەکەون کە دوورن، هەتا ئەگەر تەنانەت لە باکگراوندەکەدا تەنها بەهۆی قەوارەی ئەو مێزەوە لە یەك جیا کرابنەوە هەروەك لە وێنەکەدا دیارە.

**حاڵەتي وەستاني پێنجەم – Position Five:**

ئەم شێوەیە جۆرە رێکخستنێکی ترە سەبارەت بە لەیەك جیابوونەوەو زویربوون لە یەکتری کە لە نێوان دوو کاراکتەردا روو دەدات (بڕوانە وێنەی ٩٥).




**وێنەی ( ٩٥ )**

لێرەدا زمانی جەستەیی ژنەکە بە جۆرێکە کە هەردوو دەستەکانی خستۆتە باوەشی خۆیو پیاوەکەش دەستەکانی خستۆتە نێو گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە. دەتوانرێ رێکخستنو دامەزراندنی فرێمەکان بە جۆرێك بێت کە بتوانێ چارەسەرەکی گونجاو بۆ ئەو حاڵەتە دراماتیکییە بدۆزێتەوە، بەڵام ئەمە بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئاکشنێکی سروشتییە بەو شێوەیەی کە ئەکتەرەکە نیشانی



داوە. هەروەك لەم وێنانەدا دەردەکەوێ، ژنەکە نایەوێ تەماشای پیاوەکە بکات، بێگومان ئەمە جۆرێکە لە کۆنترۆڵکردنو هەروەها ئێمە لێرەوە دەتوانین بڵێین کە پیاوەکە لە حاڵێکی بێهێزیدا دەبینرێت، دەمانتوانی دیمەنەکە بە شێوەیەك رێك بخەین کە پیاوەکە رووبەڕووی درۆی ژنەکە ببێتەوە، لەم حاڵەتەدا پیاوەکە چۆتە نێو رۆڵێکی بەهێزەوە.

له فرێمی (١)دا گرتەکان بە گۆشەیەکی بەرز دەست پێدەکەین، ئەم جۆرە دیمەنە حاڵەتێکی دابڕانو هەروا زویربوون نیشان دەداتو، لێرەوە دەوروبەرە کراوەکە یارمەتیی سەرکەوتنی ئەو حاڵەتە دەداتو، هەروەها پرۆسەی (Cut) بۆ گرتەی دوانەیی لە فرێمی (٢)دا پرۆسەیەکی لە راستیدا گونجاوە، بەڵام من ئەوە بە باش دەزانم کە ئەکتەرەکان بە شێوەیەکی زیاتر دابڕاو لە یەکتری نیشان بدرێن. لە فرێمەکانی (٣و ٤)دا دوو کەس بەهۆی گرتەی فرەگۆشەیی پێچەوانەوە خراونەتە روو.




**وێنەی ( ٩٦ )**

لە فرێمەکانی (٥و ٦)دا ژنو پیاوێك لە خاوێنترین حاڵەتی گرتەی پێچەوانەدا دەبینین، لەم گرتانەدا خستنە ناو کادر لە رووی ئەو دوو ئەکتەرەدا وێنە – گرتەی نزیكو گرتەی میدیەم پێکەوە کۆ دەکاتەوە، جیاوازیی دیارو ئاشکرای ئەمە بریتییە لەوەی کە فرێمی (٦) رووی هەردوو ئەکتەرەکە نیشان دەدات، لە کاتێکدا فرێمی (٥) بە تەواوی بریتییە لە گرتەی سەرووی شان.

ئەگەر ئەوە پێویست بوو کە گوزارشت لە رووی ژنەکەدا بپارێزین، ئەوا لەو حاڵەتەدا دەتوانین دیمەنەکە لە رووەکەی تری بەرامبەر لە فرێمێکی ئاشکرادا وێنە بگیرێ، لەم حاڵەتەدا ئێمە هێڵی ئاکشنەکە دەبەزێنینو لێی رەت دەبین.

رەنگە ئەم رێکخستنە لە فرێمی (٧)دا بەهۆی گرتەی گۆشەی بەرز جێبەجێ بکەین، بەهۆی بڕینی (٧) بۆ هێڵی (٨)و ئەنجا جارێکی تر هێڵەکە ببڕینەوە بۆ فرێمی (٩). ئەم جۆرەو گرتەی حاڵەتەکان هەموویان گرتەی ئاسایی نین لە پرۆسەی ستایلی بەردەوامییەتیدا، بەڵام ئەمە بە شێوەیەکی فراوان بەهۆی بەربەرەکانی نەکردنی ستاندارد لە شێوەی ١٨٠ پلەییە، هەمیشە هەوڵ مەدە بە ئۆتۆماتیکییانە لە یاساکان لا بدەیت چونکە ئەمە دەبێتە هۆی لادانت لە هێڵەکان، ئەگەر هەست دەکەیت کە ئەمە شیاوە ئەوا کاری پێبکە.


## حاڵەتی وەستانی شەشەم – Position Six:

ئەم شێوە رێکخستنە لەم وێنانەی خوارەوەدا بە شێوەیەکی فراوانو بەرچاو پەیوەندیی بینین (چاو) لە دەرکەوتەو کاریگەرێتی خۆی دەپارێزێ. بەهاو نرخی ئەم جۆرە دامەزراندنە بریتییە لە رۆشنیو ئاشکرایی خۆی، واتە خودی دامەزراندنەکە بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندارە بە گرتەی شان بە شانی دوو گرتەیی، جیاوازییەکە بریتییە لە حاڵەتی دانانو رێکخستنی قووڵێتی کە وامان لێدەکات رووی پێشەوەی ئەکتەرەکە بناسێنین.

بۆچوونی من دەربارەی ئەمە، پرۆسەی بڕین زیاد لە پێویست یەکپارچەیی دیمەنەکە لەبار دەباتو تێکی دەشکێنێت. لە فرێمی (١)دا گرتەیەکی فراوان بۆ دیمەنەکە دەبینین، بەڵام لە فرێمی (٢)دا رەنگە باشترین مەوداو بۆشایی نێوان ئەکتەرەکان بێت بۆ گرتەی ماستەر، لەم جۆرەیاندا ئەکتەری دواوە مەوداو بۆشاییەکەی لە بەردەستدایە تاکو لێوەی یاخود بەرەو رووی بجووڵێت، ئەمەش بەهۆی هەنگاوێك یاخود ئاوڕدانەوەیەك دەتوانێ دەستبەجێ لە فرێمەکە بێتە دەرەوە. فرێمەکانی (٣و ٤) بە جۆرێك دەرکەوتوون کە تیایاندا بتوانرێ ئەو



ناساندنە بەهۆی پەیوەندیی نزیکی ئێمە لەگەڵ پیاوەکە دەستەبەر بکرێ، ئەگەر پرۆسەی بڕین تیایاندا بەکار هات ئەوا هەردوو ئەکتەرەکە لە فرێمەکانی (٥و ٦)دا بە گرتەی نزیك گیراون، ئەوا حاڵەتی ئەو جیابوونەوەیە دەپارێزن لە دیمەنەکەدا.




وێنەی ( ٩٧ )

## حاڵەتی وەستانی حەوتەم – Position Seven:

لەم شێوەیەکدا ئێمە لە دابەشکردنی ئەکتەرەکاندا بەردەوام دەبین کە پەیوەندیی چاو لە نێوانیاندا ئەنجام نادرێ، واتە سەرنجی یەکتر نادەن، چونکە هەردوو ئەکتەرەکە لە ژیانی کاراکتەرێتیی خۆیانەوە دەڕواننە دوو ئاراستەی جیاواز. لێرەدا سەرنجی بینەر دابەش بووە بەسەر رووی پێشەوەو رووی دواوەی

ئەکتەرەکان. ئەم حاڵەتە مەسەلەیەکی دراماتیکییانەی لەسەرخۆی هاوکات بەرهەم دەهێنێت. بڕوانە وێنەکە.



وێنەی (٩٨)


لێرەدا تێبینی بکە کە ئەکتەری دواوە سەرنجی پشتەوەی ئەکتەرەکەی پێشەوە دەدات، ئەمەش سەرنجی بینەر بەرەو لای پێشەوەی ئەکتەرەکە ئاراستە دەکاتو گرتەکان یەك دەخات.

تۆ ئەم زنجیرە بەراوردکارییەی گرتە نزیکەکان بێنە بەرچاوی خۆت، گرتەی نزیکی ناوەڕاست بۆ پیاوەکە نموونەیەکی بەرچاوە لەوەی کە چۆن قەوارەی گرتە هەماهەنگی یەکە قەوارەییەکانی زنجیرە رووداوەکان دەکات. هەوڵ بدە کە چاوت بخەیتە سەر وێنەکان بۆ ئەوەی لێیان ورد ببیتەوە. خوێندنەوەی شیکردنەوەی بۆردی رووداو پەیوەنددارە بە پرۆسەی بڕین لە ڕێگەی چاوی خۆتەوە، ئەمە ئاسانتر دێتەوە کاتێك تۆ دیمەنێکی دروستو تەواوت هەبێ تا وێناو خەیاڵی ئەو دیمەنە بکەیت.



## حاڵەتی وەستانی هەشتەم – Position Eight:

ئەم وێنانە، (بڕوانە وێنەی ٩٩)، چەند جۆرێکی جیاوازی دیکەن لە شێوە ڕێکخستنی پێشوو. هەروەك نیشانمان دا ئەکتەرەکان کەوتوونەتە نێو پەیوەندییەکی گۆشەی دەستی راستەوە، بەڵام ئەمجارەیان ئەکتەرەکەی دواوە تەماشای شوێنێکی تری ئەکتەرەکەی تر دەکات. ئەم نموونانە ئەوە دەردەخەن کە چۆن پەیوەندیی بینەر بە ئەکتەرەکان پەیوەندییەکی ڕێگە پێدراوە.




وێنەی (٩٩)

لە فرێمەکانی (١و ٢)دا ئەکتەرە ژنەکە رووی لە ئێمەیە بە کەمێك لادانەوە، وەك ڕێسایەکی گشتی لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو ئەکتەرەی زیاتر چاوەکانی لە بینەرەوە دیار بێت، ئەوا ئەو ئەکتەرە کۆنترۆڵی گرتەکە دەکاتو، بەو پێیەی کە لەوەوپێش بینیومانە ڕێکخستنو دانانی قووڵێتی یارمەتیی ناساندنمان لە رووی

ئەکتەرەکانی رووی پێشەوە دەدات، لە کۆتاییشدا گرتەی فرەگۆشەیی (٥و ٦) هاوسەنگیو باڵانسی وێنەکان دەکەن، چونکە هەردوو ئەکتەرەکە روویان لە کامیراکە وەرگێڕاوە.

### حاڵەتی وەستانی نۆیەم – Position Nine:

لەم چەند نموونەیەی وێنەی (١٠٠)دا، وەك دیارە ئەکتەرەکان بە تەواوی پێچەوانەی یەکتر وەستاونو بەرامبەر یەکیشن، ئەمەش بە شێوەیەك دەردەکەوێ وەك ئەوەی ئەکتەرەکان بە تەواوی ئاگاداری یەکتر بنو هەریەکەشیان شێوە وەستانێکی بەرگرییان وەرگرتووە.





**وێنەی (١٠٠)**

ئێمە دەتوانین ئەم رێگەیە زۆر بە ئاسانی بگۆڕین ئەگەر بێینە سەر ئەو باوەڕەو، هەروەها وێنای ئەوە بکەین کە دیمەنەکە لەسەر هێڵی ئاسنین وێنە گیراوەو پیاوەکەش بە کرێ گیرابێت تا بە دوای ژنەکە بکەوێت. لێرەدا پیاوەکە بەرەو ناو خەڵکەکە دەڕواتو ئینجا لەوێ دەوەستێ لە کاتێکدا پشتی کەوتۆتە



ژنەکە، لەم حاڵەتەدا زیاتر بۆ کاری ترس دەبێت نەوەك کۆمیدیا.

بە بەراوردکردنی ئەم دامەزراندنە لە فرێمەکانی (١ – ٤)دا ئەوا دەتوانی بە هەر جۆرێك بێت ئەو شێوە وەستانە ستایلکراوە ببینی کە لە فرێمەکانی (١و ٢)دا هەیە، کەمتر وەك کارێکی دەستکرد دێتە بەرچاو لە فرێمەکانی (٣و ٤)دا.




**وێنەی (١٠١)**

من خۆم فرێمەکانی (٥ – ١٠) (بڕوانە وێنەی ١٠١) بە سەرکەوتووترین شێوە رێکخستن دادەنێم لەنێو ئەو چەند وێنانەدا. هەر شەش فرێمەکە خاڵی دەکرێتەوە

بۆ مەبەستی ئەوەی کە سووڕانەوەی سەر تیایاندا ئاماژە بەوە دەدات کە شێوەی ئەکتەرەکان گوێ لە بەسەرهاتێك دەگرن، لە حاڵەتێکدا ئەمە وەك شێوەیەکی زارەکیی پرۆسەی بڕین بێت لە ڕوانینەکەدا.

### حاڵەتی وەستانی دەیەم – Position Ten:

لەم سێ زنجیرە وێنانەدا (بڕوانە وێنەی ١٠٢)، ڕێکخستنەکە بەسەر چەند جۆرە بەرزییەکی جیاوازدا ڕێك خراوە. ئەمە بە شێوەیەکی ئاسایی مانای ئەوەیە کە گرتە دوانییەکە بە شێوەی گۆشەی خوارەوەو سەرەوە خراوەتە نێو فرێمەکەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو خستنە ناو فرێمە کارێکی پێویست نییە.




**وێنەی (١٠٢)**

لەم چەند وێنانەدا هەروەك دیارە هیچ گرتەیەکی پێچەوانە نیشان نەدراوە، هەرچەندە ئەمە بە دڵنیاییەوە جیاوازکارییەکی سوودمەندە. بە سەرنجدانت بۆ



چەند ساتێك لەو گرتانە، هەوڵ بدە فرێمەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپو هەروەها بە شێوەیەکی دایەگنۆڵی (Diagonally)، بە پانتایی ڕاستو چەپی وێنەکە بخوێنیتەوە. ئەمەش بۆ دەستکەوتنی چەند تێکەڵەیەکی جیاواز. هەر گرتەیەك بەهۆی هەر گرتەیەکی ترەوە دەتوانێ لەکاردا بێت، بەڵام هەریەکەیان بە جیا ناوەڕۆکێکی کەمێك جیاوازو مانایەکی قەوارەیی جیاواز دەخاتە ڕوو.

بەرەوپێشخستنی پسپۆڕێتی بۆ زانینی پەیوەندی لە نێوان گرتەکاندا یارمەتیت دەدات لە خستنەڕووی گرتە تاکەکان. لێرەدا ژمارەیەکی زۆر لەو شێوە ڕێکخستنە (دوو ئەکتەری)یانە ئێمە سەرنجمان نەداونەتێ، بەڵام هەموو تواناکان بەسەر چەند شێوە فیزیکییانەی بنەڕەتیو ویژدانیدا دابەش دەکەین، یاخود بەلای کەمەوە وەك شێوە ێکخستنە ڕوونکردنەوە وێنەییەکان، لێرەدا مەبەستەکە ئەمەیە کە پێویست ناکات کە هەموو ڕێکخستنە فریودەرەکان کە سەبارەت بە کامیراو ئەکتەرەکانەوە دەردەکەون ئەزبەریان بکەین، بەڵکو بۆ بەهێزکردنو فراوانکردنی وریایی تۆیە لە پەیوەندی توخمو بنەماکان کە چۆنیەتیی حاڵەتە دراماتیکییەکان گرتەکان خراونەتە ڕوو.

( ١٠ )

# رێکخستنی دیالۆگ بەهۆی سێ ئەکتەرەوە

## *DIALOGUE STAGING WITH THREE SUBJECTS*

لە بەشی رابردوودا (دە) بەشی جیاوازی شێوە دانانو رێکخستنی ئەکتەرمان بەسەر کردەوە، وا لێرە بەدواوە ئەکتەرێکی دیکە بۆ ئەو شێوە رێکخستنە (Staging) دوو – گرتەییە زیاد دەکەین، کە بەهۆیەوە دەتوانین شێوە حاڵەتی پیتی (A)و (I) دابمەزرێنین، یاخود دابەشیان بکەین بەسەر سێ چەمکی جیاوازەوە:

١) شێوە دانانی (I) لە شێوە هەرە ساکارەکانەو لە شێوە حاڵەتی وەکو (A)و (L)دا دەرکەوتووە.

٢) ئەو شێوانەی کە شوێنی کامیرا دەستنیشان دەکەن پشت بە هێڵی ئاکشنەکان دەبەستن.

٣) ئەو شێوە حاڵەتەی کە شوێنی ئەکتەر دەستنیشان دەکات پشت بە شێوە بنەڕەتییەکانی رێکخستنی ئەکتەر دەبەستێت.

### جیاوازیی نێوان شێوەی (A)و (L)دا :

The Difference Between A and L Patterns:

لەبەر ئەوەی هەمیشە وا رێك ناکەوێت کە ئەکتەرەکان لە شێوەی (A)و (L)دا نواندن بکەن، ئەوا هەموو کات ئاسان نییە کە بڕیار بدەیت کامە شێوە رێك بخەیت یان داوا بکەیت. لەم حاڵەتەدا دانانی کامیراو شوێنی کامیرا بڕیاری ئەمە دەدات، بۆ نموونە: کاتێك ئەکتەرەکان بەسەر سێ گرتەدا دابەش دەبن ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە



دوو ئەکتەر تیایاندا رووبەڕووی ئەکتەری سێیەم دەبنەوەو، ئەگەر هاتوو ئەکتەری سێیەم خرایە نێوان دوو ئەکتەرەکەی ترەوە ئەوا ئەو کاتە رێکخستنەکە دەبێتە شێوەی (L)، ئەم رێکخستنە بە (شێوەی بەرامبەر) یاخود پێچەوانە ناو دەبرێت.

فرێمەکانی (١و ٢)ی وێنەی (١٠٣) وەستانی ئەکتەرێك لە رووی دوو ئەکتەر نیشان دەدەن، لەو کاتەوە کە ئەکتەرە تەنیاکە لەلایەن دوو ئەکتەرەکەی ترەوە خراوەتە لاوە، ئەوا ئەمە شێوازی (A) وەردەگرێ. فرێمەکانی (٣و ٤) شێوە رێکخستنێکی تر نیشان دەدەن سەبارەت بە سێ – گرتەیی بە جۆرێك کە ئەکتەرە تەنیاکە بۆ لا تەنیشتێك جیا کراوەتەوە، ئەمەش جۆری دووەمەو بە شێوەی (L) ناسراوە، بەڵام فرێمەکانی (٥و ٦) شێوەیەك لە رووبەڕووی ئەکتەر دەخەنە روو کە دەکرێ پیادە بکرێ ئەگەر هاتو ئێمە توانیمان سێ – گرتەییەکە بۆ حاڵەتی دوو – گرتەیی کە بەرامبەر گرتەی نزیك بێت، رێك بخەین. لە فرێمەکانی (٧، ٨، ٩)دا هەموو ئەکتەرەکان بە شێوەیەکی یەکسان لە گرتەی نزیکدا رووبەڕوون.





وێنەی (١٠٣)

## شێوازو شێوە بنەڕەتییەکانی ڕێکخستنی ئەکتەر:


The Basic Patterns and Positions:

بە زیادکردنی ئەکتەرێکی تر ئەوا ژمارەیەکمان لە شێوەو هەروەها لە چەند جۆرێتی شێوە ڕێکخستنی ئەکتەرەکان زیاد کردووە. لێرەدا نامانەوێ سەرنجی هەر یەکێك لەو شێوانە بدەن، مادامەکی بزانین کە هەر جۆرە کۆبوونەوەی لەم جۆرە دەکرێ بۆ دە شێوە ڕێکخستنی کەم بکرێتەوە لەنێو تەنها یەك شێوەدا کە لەمەوبەر بینیومانە.

دەتوانین پرۆسەکە پێچەوانە بکەینەوەو چەندین شێوە گرتەی سێ ئەکتەری دابمەزرێنین لە تەنها دە شێوە ڕێکخستندا. ئەم بیرۆکەیە لە وێنەی (١٠٤)دا دەردەکەوێ، بەر لەوەی تەماشای ئەم نموونانەی داهاتوو بکەین ئەوا دەتوانین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەسەر هێڵی ئاکشنەکەدا بچینەوە کە بۆ دیمەنی سێ – ئەکتەری خراوەتە ڕوو. لە وێنەی (١٠٥)دا چەند حاڵەتێکی ئاسایی لە شێوازی (A) نیشان دراوە.



**وێنەی (١٠٤)**





**وێنەی (١٠٥)**




## شێوازی (A) (ڤێرژنی یەکەم) – A Pattern (Version One):

لێرەدا هەمان حاڵەت کە لە وێنەی (١٠٥)دا خستمانە ڕوو نیشان دەدەین. فرێمی (١) لە وێنەی (١٠٦)دا تەنها کۆبوونەوەیە لەو ڕێکخستنە کە ڕێگەمان پێدەدا هەموو ئەکتەرەکان بە ئاشکرایی ببینین، ئەمەش باشترین چارەسەر بۆ گرتەی ماستەر دەستەبەر دەکات. لە یەکەمین زنجیرە وێنەکانی (١ تاکو ٥)، گرتەی تاك، میدیەم، گرتەی نزیك تیایاندا بەکار هاتووە. ئەمە دوو دەرەنجام دەبەخشێت: یەکەمیان، یارمەتیی پارچەپارچەکردنو دابەشبوونی پانتایی دەداتو، دووەمیان: ڕێگەی ئەوەمان لێدەگرێ کە نەتوانین گوێبیستی ئەکتەرە قسەکەرەکانو گوێبیستەکان بین لە یەك دیمەندا. تۆ ئەمە لەگەڵ ئەو چەند نموونە وێنەییانەی داهاتوودا بەراورد بکە.




**وێنەی (١٠٦)**

لە زنجیرە وێنەکانی (١٠٧)دا کە بریتییە لە شەش فرێم، فرێمی (٦ تاکو فرێمی ١١) تیایاندا گۆشەی سەر شان (OTS) بەکار هاتووە، ئەمەش بۆ یەکگرتنی بۆشاییو پانتاییەکان لە دوای دامەزراندنی گرتەکە ئەوا دەتوانرێ گفتوگۆیەکی سەراپایی لەمیانەی گرتەی سەرووی شانەوە دابمەزرێو جارجارەش گرتەی سیانی، گرتەی دوانەیی تیایاندا بەکار بێت بۆ مەبەستی جۆراوجۆرکردنی ریتم لە دیمەنەکەدا، هەروەك دەبینی کە گرتەکە بە هەمان شێوەی گرتەی دوانەیی – دوو گرتەیی رێك خراوە.




**وێنەی** (١٠٧)



**شێوازی** (A) (**ڤێرژنی دووەم**) – A Pattern (Version Two):

لێرەدا شێوازی (A) رووبەڕووی چەند ئەکتەر – فیگەرێك دەبێتەوە، کە گرنگە لە دیمەنە دەستە جەمعییەکان یاخود دیمەنی چاوپێکەوتنێك ببینرێ بە شێوەیەك کە کۆبوونەوەکان بنەمایەکی فۆرمەڵییان لەخۆ گرتبێت. جارێکی تر شێوە رێکخستنێکی زۆر بڵاو جا ئەگەر ئەکتەرەکان لە حاڵەتی وەستان، یاخود لە حاڵەتی دانیشتندا بن. ئێستا بڕوانە وێنەی (١٠٨) کە هێڵی بینینی پیاوەکە لە فرێمی (١)دا زۆر لە کامیرا نزیکە، دانانی ئەو ئەکتەرە پیاوە لەگەڵ بینەردا لە پەیوەندییەکی راستەوخۆدایە. لە فرێمی (٢)دا ژنەکە بە شێوەیەکی پرۆفایل دەبینینو، لەلایەکی تر پەیوەندییەکان بۆ بینەران پەیوەندییەکی جیاوازە، لەم وێنانەدا بە جۆرێك دەرکەوتوون وەك ئەوەی ئەکتەرە ژنەکان گوێگر بنو پیاوەکەش لە شوێنی دەسەڵاتەوە قسەیان بۆ دەکات. فرێمی (٣) ئەو جۆرە پەیوەندییە دەپارێزێ، هەتا ئەگەر تەنانەت ئێمە (بینەر) رووی پیاوەکەشمان لێ دیار نەبێت، ئەمەش چونکە گرتەی خوارەوە بۆ ئەم جۆرە هەمان جۆری ئەو فرێمانە نین کە ئێمە چاوەڕێین، ئەگەر ژنەکە لە حاڵەتێکدا شتێکی گرنگی لا بێت تا بیدرکێنێ، بڕوانە فرێمەکانی (١ – ٣). ئێستا فرێمەکانی (٤) تاکو (٦) لەگەڵ دواهەمین ریزی وێنەکان بەراورد بکە. فرێمی (٤) شوێنی پیاوەکەی خستۆتە نێو پەیوەندییەکی یەکجار راستەوخۆ لەگەڵ بینەردا، لەم چەند وێنانەدا دەتوانی ئەوە بزانیت کە چەندە ئامادەیی پیاوەکە لە بەین چووە کاتێك ناکەوێتە رووی پێشەوە، پێش ئەوەی پیاوەکە کەوتبێتە حاڵەتی دەسەڵاتەوە. ئێستا کەوتۆتە حاڵەتو شوێنێکی کاردانەوەوە، ئەگەر ئێمە لە وێنەی ژنەکەوە دەستمان پێکرد کە کەوتۆتە رووبەڕووی کامیراوەو بە دوایەوە گرتەی پرۆفایلی پیاوەکە دێت کە لە فرێمی (٧)دا نیشان دراوە، لێرەوە ژنەکە ئەمجارە دەکەوێتە شوێنو حاڵەتی دەسەڵاتەوە.

ئێمە لێرەوە پەیتاپەیتا بۆ سێ فرێمەکە نزیکتر دەبینەوەو ئەنجا دەگەڕێینەوە بۆ گرتەیەکی فراوانتری نزیك لە فرێمی (٤)دا، ئێستا ئەمە لەگەڵ وێنەکانی داهاتوودا بەراورد بکە. فرێمی (٥) تاکو فرێمی (٧) ئەوە نیشان دەدات کە

وێنــە ڕووداوەکــان خۆیــان نیــشان دەدەن. ئەگــەر تــەنها گرتــەی ســەروو شــانی ســێ گرتەیی تیایاندا بەکار هات ئەوا دەتوانرێ سەرجەم گفتوگۆکە بەم شێوەیە وێنە بگیرێ هەرچەندە فرێمی (٦) ڕەنگە کەمێك بچووکتر بێت. بە شێوەیەکی گشتی ئەم چەند وێنانە فراوانترییەکی زیاتریان تیایەو ناوەرۆکی ڕۆشنتر لەخۆ دەگرن لە وێنەکانی پێشووتر.




**وێنەی (١٠٨)**

**شێوازی (A) (ڤێرژنی سێیەم) – A Pattern (Version Three):**

لە زنجیرە فرێمەکانی وێنەی (١٠٩)دا، فرێمەکان نموونەیەکی بەرچاون سەبارەت بە پانتاییە کۆکراوەکانو هەروەها لە یەکترازاوەکان لەنێو فرێمێکدا. فرێمی (١٠) بە گرتەی سەرووی شان (OTS) گیراوە بە جۆرێك کە بەشێك لە پیاوەکە لەخۆ دەگرێ کە لە گرتەی پێشوودا بوو، مەبەست لەمە (پانتاییە کۆکراوەکان)ە. گرتەی نزیکی



(CU) لە فرێمی (١١) پانتایی گرتەی پێشووی لەخۆ نەگرتووە ئەمەش بە (پانتاییە ترازاوەکان) ناو دەبرێت. لە هەمان کاتدا ئەو گرتە نزیکانەی هەروەك لە فرێمەکانی تردا هەن ئەوا ئەکتەر بە جۆرێك دوور دەخەنەوە کە ڕەنگە لە ڕووی دراماتیکییەوە پاساو بکرێت. ئێستا تێبینی فرێمەکانی (١١و ١٣) بکە کە وەك گرتەی خاڵی تەوەرەیی خزمەت دەکەن، بە شێوەیەك سەرنجمان بەرەو گرتەیەکی گونجاوی نزیك بەکێش دەکەن. لە فرێمەکانی (١٢و ١٤)دا ئاراستەی سەرنجی پیاوەکە دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی. بڕین لەسەر ئاوڕدانەوەکەی سەری دەبێتە بڕینێکی بەهێز. خاڵێکی تری گرنگ کە دەبێ بکرێت ئەوەیە کە (گرنگی لە هەڵبژاردەی هاوێنەکان). هەموو ئەو گرتانە لەوەوپێش بە شێوەی ٥٠ تا ٩٠ ملم وێنە گیرابوون بە کامیرای فۆتۆگرافی، بەڵام سێ گرتەکەی فرێمەکانی (٩و ١٣) بەرینترینیان بوون لە شێوەی (٥٠) ملیمیدا، ڕەنگە بکرێت کە ژنەکە بگوازیتەوە بۆ ڕووی پێشەوە لەنێو پەیوەندییەکی نزیکتردا لەگەڵ پیاوەکە بەهۆی هاوێنەیەکی درێژترەوە. بەکارهێنانی پانتایی دیمەنێك بەهۆی هاوێنەکان لە ڕاستیدا بەکارهێنانێکی بەهێزە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی هەڕەمەکیو بێئاگایی بەکار هات، ئەوا ڕەنگە ببێتە ناتەباییو ناهاوسەنگی لە قەوارەدا.




**وێنەی (١٠٩)**

**شێوازی ( L ) ( ڤێرژنی یەکەم ) – A Pattern (Version One)؛**

لەم چەند فرێمانەی وێنەی (١١٠)دا ئێمە بەکارهێنانێکی ئاسایی بۆ شێوازی (L) بەکار دێنین. دیمەنێکی فرەگۆشەیی لە فرێمی (١)دا بەرەو گرتەی سەروو شانی گۆشەیەکی نزم دەڕوات لە فرێمی (٢)دا. لە راستیدا ئێمە بەشێك لە دەستی پیاوەکەمان لێ دیارە، نەوەك شانیو هەروەها لە توانایدایە کە یەکەی قەوارەیی گرتە سەرەتاکانیش بپارێزێ. ئینجا پاشان بەرەو دوو – گرتەیی نزیك دەجوولێین. لێرەوە بە شێوەیەکی بەرچاوتر وێنەکان بەرتەسکتر دەکەینەوە بۆ هەر سێ فرێمەکەو پاشان بەرەو کەمێك گرتەی فراوانی نزیك دەگەڕێینە دەرەوە لە فرێمی (٤)دا. ئێستا ئەمە لەگەڵ زنجیرە رووداوەکانی داهاتوو بەراورد بکە.



**وێنەی ( ١١٠ )**


فرێمەکانی (٥ – ٧) ئەوە دەردەخەن کە وێنەکان چۆن دەردەکەون کاتێك گرتەی سێ – گرتەیی سەرووی شانمان بەکارهێنا. دەکرێ تەواوی گفتوگۆیەك بەم



شێوەیە وێنە بگیرێ، بەڵام رەنگە فرێمی (٦) کەمێك بچووکتر دەربکەوێت. بە شێوەیەکی گشتی ئەم زنجیرە وێنەیە ئارامتر دێتە بەرچاو، هەروەها حاڵەتێکی زیاتر ناوەرۆك رۆشنتر دێتە بەرچاو لەوەی کە لە ڤێرژنی پێشوودا بینیمان.

**شێوازی ( L ) ( ڤێرژنی دووەم ) – A Pattern (Version Two)؛**

لەم وێنانەدا ڤێرژنێکی تر لە شێوازی (L) دەخەینە روو، بەڵام ئەمجارە سەرەتای دەستپێکردنی گرتەی دیمەنەکە لە جۆری گرتەی – دوانەییدا دەبێتو، تا نەگەینە فرێمی (٣)ی وێنەی (١١١) ئەوا وەسفی ناوەرۆکی پانتایی دیمەنەکە نابینین. ئەمە نەخشەو رێگەیەکی بەسوودە سەبارەت بە سەرەتای دەستپێکردنی هەر دیمەنێك کە لەمیانەیدا بە مەبەستەوە سەرجەم ناوەرۆکی دیمەنەکە دەپارێزین.



**وێنەی ( ١١١ )**

لە فرێمی (١)دا بەکارهێنانێکی تری ئاسایی دەبینین کە هەر بە ئاسانی ناو دەبرێت، ئەمەش چونکە بە شێوەیەکی گشتی شێوازی (L) دوو ئەکتەر بە باری درێژی لەگەڵ یەکدا کۆ دەکاتەوەو، هەمیشە شێوازی (L) کاتێك بۆ حاڵەتی دانیشتن یان وەستان بەکار دێت کاتێك ئەکتەرێك لەگەڵ دوانەکەی تردا بکەوێتە گفتوگۆو، کاتێکیش ئێمە لەم چەند وێنانەدا سوودو بەکارهێنانی گرتەی سیانەیی لەگەڵ دوو گرتەییدا بەراورد دەکەین‌و، هەردوو سێ گرتەییەکە لەسەر شێوە گرتەی سەرووی شاندا گیراون، شێوە سێ گرتەییەکەی تر لە وێنەکان نیشان دراون‌و، حاڵەتێکی تر ئەوەیە کە: فرێمەکانی سەرجەم ئەم وێنانە بە مەبەستی نیشاندان‌و خستنەڕووی فرێمی قەوارە بچووکن. لە شانۆدا ئەکتەرو کەرەسەکان لەم شێوانەدا نزیکترو پەیوەندیدارتر دێنە بەرچاو.

**شێوازی** ( I ) – I Pattern:

ئەم چەند وێنانە ڤێرژنێکی ساکارن لە ڕێکخستنێکی ئاسایی‌و باو، ئێمە جارێکی تر هەڵبژاردن‌و چارەسەرییەکان بۆ مەبەستی پرۆسەی بڕین (Cutting) لە رووی گرتەیەکدا دەبینین. شێوازی گرتەی پێچەوانە ئەگەر تیایدا بڕین بەکار نەهات ئەوا دەتوانین ڕێکخستنی قووڵێتیی ئاڵۆزتر تیایدا بەکار بێنین، بەڵام زۆرجار گرتەکانی سەرووی شان‌و دوو – گرتەیی‌و گرتەی نزیك باشترین ڕێگەو چارەسەری بەرهەم دێنن سەبارەت بە فرێمی ناو ئاکشنەکان.

لەم چەند نموونانەدا دەردەکەوێ کە ئەم جۆرە پلانە بەوپەڕی کاریگەرییەوە کاری خۆی دەکات‌و، بە زیادکردنی جووڵەی گالیسکەیی‌و دانان‌و ڕێکخستنی ئەکتەرەکان ئەوا چەندین لەو شێوە گۆشانەمان دەست دەکەوێت کە لە گرتە جیاوازانەکاندا تەنها گرتەی ماستەر (Mster Shot) بەکار هاتووە.





**وێنەی** ( ١١٢ )

**شێوازی** ( A ) ( **ڕێکخستنی قووڵێتیی یەکەم** ):

L Pattern (In-Depth Staging One):

لەم چەند وێنانەدا چەند ڕێکخستنێکی نائاسایی گرتەی دیالۆگی دەردەکەون، ئەمەش بە مەبەستی خوێندنەوەو روانین لە ڕێکخستنی قووڵێتی‌و هەروەها سوودی هاوێنەکان‌و بەکارهێنانیان. لێرەدا فرێمی (١) تاکو فرێمی (٤) چەند ڕێکخستنێکی ئاشکراو دیاری ئەکتەرەکان نیشان دەدەن، لێرەوە هێڵی ئاکشن لە نێوان پیاوەکەو نێوان دوو ژنەکەدا دامەزراوە. بە لەبەرچاوگرتنی هێڵەکە ئەوا دەتوانین بەرەو گۆشەی نزمی دوو – گرتەیی بجووڵێین (بڕوانە فرێمی ٣)، یاخود کۆتایی گرتەی سەرووی شان (گ.س.ش. – OTS) بۆ ژنەکە (بڕوانە فرێمی ٤)، کە

هێڵێکی نوێ دادەمەزرێنێو، ئەگەر لە حاڵەتێکدا بمانەوێ پەیوەندییەکی تەواو لە نێوان پیاوەکەو ژنەکە بدۆزینەوە، ئەوا دەتوانین گرتەی دوانەیی – پێچەوانە بەکار بێنین. لێرەوە دەپرسین ئایا چۆن دەتوانین ئەم هێڵە ببڕین. دەکرێ دیمەنەکە بە گرتەیەکی میدیەم دەست پێبکەین بۆ پیاوەکە، وەك لە فرێمی (٥)دا دیارە، ئەم وێنەیە بە دوایەوە وێنەی جووڵانی سەری پیاوەکە دەربکەوێ کاتێك سەرنجی ژنەکە دەدات لە رووی پێشەوەی فرێمی (٦) لە دوای چەند چرکەیەك پیاوەکە ئاوڕ لە ژنەکە دەداتەوەو ئەوکات دەتوانین بەرەو فرێمی (٧) (Cut) بکەینو، لە زنجیرە رووداوەکانی پێشوودا دیسانەوە دەتوانین شێوەی بڕینی گرتەکانی سەرووی شان لەو شوێنەدا بەکار بێنین کە کەوتۆتە لایەکی تری (بەرامبەری) ژنەکە هەروەك لە فرێمی (٧)دا خراوەتە روو.




**وێنەی** (١١٣)




**شێوازی** (A) (**ڕێکخستنی قووڵێتیی دووەم**):

L Pattern (In-Depth Staging Two):

ئەم شێوە ڕێکخستنە لە گرتەی قووڵ نموونەیەکی بەرچاوە بۆ چۆنیەتیی بەکارهێنانی گرتەی پێشەوەییەتی کە بە جۆرێك دیزاین کراوە بە بێ لە بەرچاوگرتنی ئەو گرتانەی کە لەلایەکەوە وەرگیراوە. کامیرا بۆی هەیە بە هەموو شێوەیەك بەرەو باکگراوندەکە بجووڵێت بۆ وەرگرتنی ئەو ژنەی کە لە دەرگاکە دێتە ژوورەوە. لە دوای دامەزراندنی گرتەی دیمەنە ڕێکخراوەکە بەم شێوەیە رەنگە تەنها فرێمی (٢و ٣) بۆ سەرجەم گفتوگۆکە بەکاربێنێ. لە کاتێکدا فرێمەکانی (٤ – ٦) ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی ڕێکخستن بۆ پانتاییو بۆشایی دیمەن دادەمەزرێنێ.

ئێستا لەم باسەدا دیمەنەکە لەگەڵ ژنەکە لە باکگراوندا دەست پێدەکات، ئێمە لەم فرێمەدا بەهۆی تەماشاکردنمان بۆ ژنەکە سەرنجمان رادەکێشرێو پاشان بۆ فرێمێکی فراوانتر لەلایەن دوو ئەکتەرەکەی تر لە فرێمی (٥)دا سەرنجمان دەگوازێتەوە.

ئەمە (Cut) بکە لەسەر تەماشاکردنەکە، بەڵام بریتی نییە لە گرتەی گۆشەنیگا (Pov) کە ئەمە پێویستی بە گۆشەیەکی پێچەوانە هەیە، لە کۆتاییدا ئێمە (بینەر) هەموو جۆرە فرێمەکان فراوانتر دەکەینە لە گرتەیەکی فراوانی دامەزراویدا، ئەمەش رەنگە وەکو وەستانێکی دراماتیکی وەك دوا گرتەیەك یاخود لە ناوەڕاستی دیمەنەکە خزمەت بگەیەنێ.




وێنەی (١١٤)

**شێوازی (A) (کارکردنی ئەزموونگەرییانە لەگەڵ هێڵی ئاکشندا):**

A Pattern (Experimenting With the Line of Action):

ئەم شێوە ڕێکخستنە ئەکتەرەکان لەنێو چەند بەرزییەکدا ڕێك دەخات، ئەمەش بە مەبەستی دەستەبەرکردنی چەند گۆشەیەکی جوان. ئەمە دیسانەوە نموونەیەکە لە بەکارهێنانێکی نائاسایی لە هێڵی ئاکشندا. فرێمەکانی (١و ٢) وێنەی (١١٥) هێڵی ئاکشنێك دادەمەزرێنێ بەهۆی شێوازێکی نائاسایی ئەمەش بەهۆی نەخستنی گرتەکان بۆ ڕووی بینینی هێڵی ئەکتەرەکان، بەڵام فرێمی (٣) بریتییە لە گواستنەوەیەکی ڕادیکاڵانە بەرەو گرتەیەکی گۆشە نزم، بەڵام جوگرافیای گرتەکە لەنێو دیمەنەکە (فرێمەکە) ئاشکرایە کە ئێمە دێتەوە بیرمان کە کوڕەکە لە کوێدا لەسەر ئاسنەکەدا دانیشتووەو، هەروەها تفەنگەکەش بە مەبەستەوە خراوەتە سەر گرتەکە وەکو نیشانەیەکی تایبەتی.

فرێمی (٤) هێڵێکی نوێ دەخاتە ڕوو کە لە نێوان دوو کوڕەکەدا دامەزراوە لەسەر ئاسنەکە دانیشتوون، بەڵام لە فرێمی (٥)دا ئەو هێڵە پشتگوێ دەخەین تاکو گرتەی ئەو کوڕەمان دەست بکەوێ کە لەسەر زەوییەکە وەستاوە. فرێمی (٦) گرتەیەکی دووبارە دامەزراندنەوەیەو فرێمی (٧) جارێکی دیکە هێڵەکە دەبڕێتەوە.



زۆر نزیکە کە زنجیرە ڕووداوێکی تەواو بەکار دێت کاتێك کە ئەکتەرەکان ڕوویان وەردەگێڕنو هەروەها هەندێ (کیو)ی دیکەی قەوارەیی کە دەتوانرێ شێوازی بڕینەکە چەسپاوتر بکات، هەرچۆن بێت ئەم سنوورشکاندنە لە کارکردن ئەگەر بۆت لوا ئەوا ئەمە دوا بڕیاری خۆتە.




وێنەی (١١٥)

**شێوازی (L) (ڤێرژنی سێیەم)** – L Pattern (Version Three):

لێرەدا مامەڵەیەکی دی سەبارەت بە دیمەنەکەی پێشوو دەخەینە ڕوو. لەم باسەدا (Cut) لەسەر وێنەکە زۆرینەی گرتەکان زیندوو دەکاتەوە. ئێمە (بینەر) لەگەڵ گرتەی سیانی لە فرێمی (١)ی وێنەی (١١٦)دا گرتەکە دەست پێدەکەین (سێهەمین کوڕ لە پشت دیوارەکە خۆی حەشار داوە). لە فرێمی (٢)دا گرتەکە

دەبڕین بەرەو گۆڕین لە شێوەی گرتەی سەری کوڕەکەو سەیرکردنی جارێکی تر گرتەکە بەرەو گرتەی نزیکی کوڕەکە دەگۆڕدرێت، بەرەو گرتەی نزیکە کوڕەکە دەڕۆین کە لە پشت ئاسنەکەدایەو سەرنجی دواوە دەدات لە فرێمی (٤)دا کوڕەکە لەسەر ئاسنەکە دانیشتووەو لە رووی بەردەوە کە کەوتۆتە پشت دیوارەکە کە لەوێدا کوڕەکە لە فرێمی (٥)دا سەیری سەرەوە دەکات. ئێستا جارێکی تر دەکەوینە بەردەم سەرەتای دەستپێکردنی گرتەیەکی فراوان لە فرێمی (٦)دا کاتێك کوڕەکە لە رووی پێشەوە بانگی دوو هاوڕێکەی دەکات، ئەمەش یارمەتیی ئاوڕدانەوەی کوڕەکە دەدات لە گرتەی نزیك لە فرێمی (٧). لەمیانەی ئەو زنجیرە رووداوەدا پرۆسەی بڕینی لە یەکێك لە ئاکشنەکە، یاخود بەهۆی بڕین لەسەر دەموچاوەکە ئەنجام دراوە.



وێنەی (١١٦)



(١١)

## دامەزراندنی چوار ئەکتەر یان زیاتر لە گرتەی دیالۆگیدا
## *FOUR OF MORE PLAYER DIALOGUE STAGINGS*

دانان‌و رێکخستنی دیالۆگ بۆ چوار یاخود زیاتر لە چوار ئەکتەر هەمان ستایلی (L, I, A) تیایدا بەکار دێت کە بۆ سێ ئەکتەر لەوەوبەر بەکارمان هێناون. هەرچۆنێك بێت، تا چەند ژمارەی ئەکتەر زیاد بکات توانای گرتە تاکەکان یاخود گرتە کۆمەڵییەکان زیاد دەکات، بۆ نموونە: لە دیمەنی پێنج ئەکتەریدا، پێنج گرتەی نزیك‌و هەروەهانۆ دوو – گرتەیی‌و شەش سێ – گرتەیی‌و شەش چوار – گرتەیی جۆری (I)و پێنج ئەکتەر لە گرتەی ماستەر هەموو، نزیکەی (٢٧) گرتە دەبن، هەروەك دیارە کە ئەمە ژمارەیەکی فراوانە لە رێگەچارەو چارەسەری جۆراوجۆر بۆ هەر دیمەنێك‌و، لەو کاتەی کە رێکخستنەکان بە ئاشکرایی‌و پراکتیکییانە دەرناکەون ئەوا وێنەگرتنی فۆتۆگرافیانەی گروپ بەندییەکان لەگەڵ زیاتر لە سێ ئەکتەر کارێکی گرنگە بۆ ئاسانکاری‌و کارکردن.


دەتوانین بڵێین لە هەموو حاڵەتەکاندا بونیادو پێکهاتەی درامی لە چیرۆکی خەیاڵی خۆشەویستیدا بۆ ئێمە (بینەر) ئەم شێوەیە ئەنجام دەدات بەهۆی نیشاندان‌و خستنەڕووی وێنە بە گشتکراوەکانی مەسەلەکانی پەیوەندییان بە ئینسانەوە هەیە لەمیانەی ئاکشن‌و حاڵەتە تاکەکان. لە حاڵەتی پراکتیکیدا ئەمە لە دیمەنێکدا بەکار دێت کاتێك ژمارەیەکی زۆر لە ئەکتەرەکان بەشدار بن، کاتێك سەرنجمان دەخەینە سەر ئەزموونی کاراکتەری سەرەکی لەنێو فرێمی (فۆکس لەسەرکراو)دا لەمیانەی ئەم گفتوگۆ دراماتیکییانەدا روو دەدەن ئەوا دەبنە هاوشێوەی ئەمەی کە چۆن ئێمە ژمارەیەکی فراوانی خەڵك لە ژیانی راستەقینەی

خۆیان دەخەینە کاری پراکتیزەوە، بۆ نموونە: لە ئاهەنگی نانی ئێوارەدا، خەڵکان خۆیان لە شێوەی گروپی بچووک بچووک ڕێك دەخەن چونکە دامەزراندنی گفتوگۆ لە نێوان زیاتر لە پێنج کەسدا کارێکی سەختە، هەتا تەنانەت ئەگەر کەسێك سەرنجی خۆی بخاتە سەر میوانەکانو بزانن باسی چی دەکەن. لە بنەڕەتدا ئەمە برینە لە ڕێکخستنی تەنها دوو ئەکتەری: قسەکەرو گوێگر. لە کاتی وێنەگرتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکان لە کاتی گفتوگۆکردندا، ئەوا بە زۆری گرتەی نزیك باشتر لە گرتەی سێ یاخود چوار ئەکتەری بەکار دێت، مادامەکی ئەم حاڵەتە یارمەتیی جۆراوجۆرکردنی ئەکتەرەکان دەدات.



**وێنەی (١١٧)**

ئەگەر سەرنجی وێنەی (١١٧) بدەین ئەوا دەبینین تەنها پیاوێك لەلایەن حەوت کەسی ترەوە دەور دراوە، ڕەنگە کارێکی نائاسایی بێت بۆ هەر یەکێك لەو ئەکتەرانە کە بتوانن ڕۆڵێکی گرنگیان لە قسەکردن پێ ببەخشرێت، هەتا ئەگەر حاڵەتەکەش بەم جۆرە بوو. بە دڵنیاییەوە ئەکتەرێك یاخود دوو ئەکتەر وەکو ئەکتەری سەرەکی تێکەڵ دەبن. چارەسەر بۆ شوێنکردنەوەی کامیرا ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەکتەرەکان لە دیمەنەکەدا شوێنی ئەکتەری سەرەکییان گرتووە.




**وێنەی (١١٨)**

وێنەی (١١٨) هێڵی ئاکشن نیشان دەدات کە لە نێوان دوو ئەکتەری بنەڕەتیو لە نێوان گرتەی نزیکی هەموو ئەکتەرەکانی تر دامەزراوە کە بەکارهاتوون، بەڵام ڕێکخستنی بنەڕەتییانەی ئەکتەرەکان هێڵی ئاکشنەکە دەپارێزێ هەروەك لەلایەن ئەم ئەکتەرانەوە دامەزراوە.



وێنەی (١١٩) ئەوە نیشان دەدات ئەگەر هاتو سێ ئەکتەر بە شێوەیکی یەکسان بەشداریی دیالۆگەکان بکەن. لەم حاڵەتەدا شێوازی (A) بەکار دێتو کامیراش دەکرێ بە پێی ئەو حاڵەتە دابمەزرێ هەروەك لە بەشەکانی ڕابردوودا دەرکەوت هەتا شێوازی (A) لە کۆتاییدا بۆ دوو ئەکتەر لە یەك شێوە ڕێکخستن کەم کراونەتەوە، کاتێك هێڵی ئاکشن دەخەینەوە نێو کارکردنەوەو، ئەو ئەکتەرانەی کە دیالۆگیان نییە ڕەنگە ئەوانیش بخرێنە سەر گرتەکەوە، بەڵام شوێنی کامیرامان – وێنەگر – سنووردار کراوە بۆ (١٨٠ پلە)و شوێنی کارکردنیشی دەکەوێتە ناوچەی یەکێك لە لایەکانی ئاکشن.




**وێنەی (١١٩)**

لە وێنەی (١٢٠)دا هەمان شێوە ڕێکخستنە بۆ چوار ئەکتەری سەرەکی ڕێکخراوە، لەم حاڵەتەدا ئێمە هێڵەکانی بینین زیاد دەکەین، یاخود هێڵە وێنەییەکانی ئاکشن چەندجارە دەکەینەوە. لەو کاتەی کە دەکرێ شوێنی کامیرا بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بۆ هەر جووتێك لە ئەکتەرەکان ڕێك بخەین. ئەوا لێرەدا ڕێگەیەکی هاوشێوە بۆ کارکردن لەسەر ئەو ڕێکخستنەدا دروست دەبێت.

ئێستا تۆ وەك دەرهێنەرێك خۆت بۆ ژمارەیەك ڕێکخستنی جیاواز ئامادە بکە،

له حاڵەتێکدا ئەگەر تۆ زیاتر له چوار هێڵی بینین دابمەزرێنیت تاکو بەنێو پانتایی بۆشایی گروپێکی فراواندا بجووڵێیت ئەوا کێشەو گرفتێك بۆ خۆت دروست دەکەیت که پێویست ناکات وابێت.



**وێنەی (١٢٠)**

هێڵە خاڵ خاڵەکان له وێنەی (١٢٠)دا هێڵی بنەڕەتیی ئاکشن دادەمەزرێنن که ڕێگه به گرته نزیکەکان دەدات، لەوانە گرته تاکەکان، دوور گرتەییەکان‌و هەروەها گرته کۆمەڵییەکان. ئەمەش مانای ئەوەیە که ئێمە ئاراستەیەکی بینینی گشتی دادەمەزرێنین. لەم خاڵەوە دەبێ بووترێ که هەموو ئەم سەرنجانە بۆ هێڵی ئاکشن‌و دانانی کامێرا پێویستی به شێوە بڕینێکی ئاکتیڤ هەیە.

لە هەر نموونەیەك لە نموونەکانی پێشوودا لە شێوە ڕێکخستن لە گروپی فراواندا دانانی یەك کامێرایی دەکرێ بەکار بهێنرێ‌و هەروەها ئەمەش بێگومان کێشەو گرفتەکانی ستایلی بەردەوامیەتی چارەسەر دەکات. کاتێك کە بزانین کە بەوێنەکردنی ئەمە کارێکی ساکارە لە چەند ڕوونکردنەوە وێنەییەکدا لە دیمەنێکی گۆشە – بەرزی ئاساییدا لەگەڵ کاتێکی زۆردا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا گرنگ نییە کە ئەو ڕێکخستنە چەند ئاڵۆز دەکەوێتەوەو جوگرافیاو شوێنی کامێرا




له هەر دیمەنێکدا بە ئاسانی بەهۆی پاراستن‌و هێشتنەوەی هێڵی ئاکشن لە بیرو خەیاڵی خۆماندا بەجێ گەیاندراوە، بەڵام ئەم حاڵەتە کاتێك دروستە ئەگەر تۆ بتەوێ ڕووبەڕووی هێڵەکە ببیتەوە یاخود بە پێچەوانەوە.

دەرهێنەری ژاپۆنی (یاسوجیرو ئۆزو – Yasujiro Ozu)، کە ستایلی ڕێکخستنی ئەکتەرەکانی ئەو پێویستی بە جۆرە بڕینێکە کە بەنێو هێڵەکەدا بێت، کە مانەوەی ئەم لەم ڕەتکردنەوەیەدا لە ڕووی ڕێسا تەقلیدییەکانی ستایلی بەردەوامییەتی وەك هەر دەرهێنەرێکی تری هولیوود لە ڕێنماییکردنیاندا. مەبەست لە وەسفی ڕێکخستن لە حاڵەتی هێڵی ئاکشندا یارمەتیدانی دەرهێنەرە تا بتوانێ چارەسەرو ڕێگەی خاوێن بدۆزێتەوە. هێڵ‌و ئەو شێوازانەی کە لە هێڵی ئاکشنەکان سەرچاوەیان گرتووە پێویستە وەك سیستەمی دامەزراوێك، یاخود دەزگایەك سەرنجیان لێبدرێت، نەوەك لە چەشنی ڕێگەچارەیەکی ئیستاتیکی. ئەگەر ئەمە یارمەتیی دایت لە دۆزینەوەی چەند ڕێگەیەکی نوێی کارکردن ئەوا بەنرختر دەکەوێتەوە.

**شێوازی** ( A ) ( **ڤێرژنی یەکەم** ) – (A Pattern (Version One:

ئەمجارە هەر پێنج ئەکتەرەکە لە ڕێکخستنێکی بازنەیی دانیشتوون. لەم حاڵەتەدا دەکرێ ڕێکخستنەکە وەك شێوازی (I) یاخود (A) یاخود (L) بناسرێت، ئەمەش دەکەوێتە سەر ئەوەی کە ئەکتەرەکان چۆن چارەسەرکراون، لێرەدا دامەزراندنی هێڵی ئاکشن‌و بینینی گشتیی گرتەو شێوازی ڕێکخستنەکە دەکەونە سەر خۆت. لەم بارەدا گۆشەی بەهێزو چەندجارەیی بینین کەتۆتە سەر شانی (داپیرە)وە، کە لە وێنەی (٣)دا دیارەو، دەشتوانرێ سەرجەم ئەکتەرەکانی تر هەر بەو شوێنەوە ببینرێن، لێرەوە تەنها گرتەیەك پێویستە تاکو بتوانی (داپیرە) ببینیت.




وێنەی (١٢١)

لەم حاڵەتەداو لەم جۆرە ئاکشنە، ئەوپەڕی فرەتوانایی (Flexibility) تیا دەبینرێ، ئەمەش لەبەر ئەوەی هێڵی ئاکشن بە شێوەیەکی گشتی بەهۆی هێڵی بینینی ئەکتەرەکانەوە ئەنجام دەدرێ کە لە دیمەنەکەدا دەرکەوتووە. هەروەك دەبینیت ژمارەیەکی زۆر لە هێڵی نوێی ئاکشن لە هەر شوێنێکی پانتایی دیمەنەکە دابمەزرێنین. فرێمەکانی (٢، ٣، ٤) شێوازێکی بڕین نیشان دەدات بە جۆرێك کە ئەکتەرەکان لە لاتەنیشتێکی مێزەکەوە بەهۆی چەند گرتەیەکی فرەگۆشەییەوە دەبینرێن‌و، بە شێوەیەکی بنەڕەتیش لە گۆشەنیگای داپیرەکە کە لە فرێمی (٣)دا دیارەو، ئەلتەرناتیڤێکی نائاسایی بریتییە لە گرتەی لا – بە – لای گرتەی سەرووی شانی داپیرەکە لە فرێمەکانی (٥و ٦)دا.



**شێوازی (L) – L Pattern:**

ئەم چەند وێنەیە ژمارەیەك نموونەی بەرچاون، دەردەکەون بەو پێیەی کە چۆن چوار ئەکتەر لە گرتەی نزیکدا مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.



وێنەی (١٢٢)

لەم شێوە ڕێکخستنەدا دوو کچەکە لە تەنیشت یەکتردا دانیشتوون‌و بە ئاشکرایی وەك شێوەی دوو گرتەییدا دیارەو سەنتەری دیمەنەکە پێك دەهێنێ. ئێمە دەتوانین هەموویان بخەینە ناو کادرەکەوە وەك ئەوەی کە تەنها یەك ئەکتەر بەرامبەر کوڕەکە دانیشتبێ، کە مانای ئەوە دەبەخشێت بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە شێوازی (I)دا کار دەکەین. لە فرێمی (١)دا سەرجەم گروپەکە ڕێك دەخەین‌و بەرەو

گرتەی سەرووی شانی فراوانو هەروا سێ گرتەیی دەڕۆین لە فرێمی (٢)دا (وێنەکانی دەرەوە بە شێوەیەکی ناتەواو دەردەکەون).

گرتەی سەرووی شانی دوو گرتەیی لە فرێمی (٣)داو دوو گرتەیی لە فرێمی (٤)داو هەروەها گرتەی میدیەمی تاك لە فرێمی (٥)دا، هەموویان مامەڵەو چارەسەرییەکی ئاسانکراو بۆ دیمەنەکە بەئەنجام دەگەیەنن وەك ئەوەی پرۆسەی بڕین تیایاندا بەکار هاتبێت. لێرەدا گرنگە چەندە ئاسان دێنە بەرچاو بۆ ڕێکخستنی دیمەنەکە بۆ گرتەی ماستەری، فرێمی (٢) بێنە بەرچاوت: ئەگەر کامیرا چەند هەنگاوێك بەرەو لای ڕاست گوازرایەوەو لە شوێنی خۆی خولایەوە، ئەوا هەموو چوار وێنەکە دەکەونە ناو فرێمەکەوە. لەم جۆرە ڕێکخستنەدا ئەکتەرە دانیشتووەکان دەکەونە حاڵەتی پرۆفایلو وەستاوەکانیش دەکەونە حاڵەتی پێشەوەیی (Frontal).


**شێوازی (A) (ڤێرژنی دووەم)** – A Pattern (Version Two):

لەم نۆ پانێڵەی داهاتوودا، سێ جۆرە ڕێکخستن نیشان دەدرێ کە بەراوردی شێوازەکانی (A, L, I) لەگەڵ یەکتردا دەکات. لەم چەند نموونانەدا سێ شێوە مامەڵە بۆ گرتەی سێ گۆشەیی کلاسیکی لە شێوازی (I)دا کراوە. پانێڵی یەکەم تیایدا سەرکەوتۆتە ناوەڕاستی تەشکیلەکە لە شوێنێکی نزیکترەوە، بەڵام هێشتا کەوتۆتە نێو خاڵی ناوەڕاستی نێوان ئەکتەرەکان. لێرەدا کامیرا بۆ لای ڕاستو چەپ لە کاردایە بۆ دامەزراندنی پانێڵی (٢، ٣).

لە دووهەمین زنیجرە ڕووداودا سەرەتای دیمەنەکە بە کچێك دەست پێدەکات کە بە پاوە خۆی بە لایەکی وێنەکاندا لار کردۆتەوە، ئەمەش حاڵەتەکە دەگۆڕێت بۆ شێوازی (L). لە هەمان کاتیشدا بە درێژایی وێنەکە ئاکشنەکەو هەروا لە دەرەوەی پانتایی دیمەنەکە دوو گرتەی چەند گۆشەییو گرتەیەکی تاکیو هەروەها سێ گرتەییمان پێدەبەخشێت بە جۆرێك کە هەردوو لای ئەکتەرەکانی تری پڕ کردۆتەوە لە فرێمەکانی (٧و ٨)دا. لەم دوو گرتەیەدا هێڵی ئاکشن لەمیانەی شوێنی



کامیرادا دەجووڵێت، هەروەها شێوازەکان دەکرێ تێکەڵی یەکتر بکرێن. ئێستا تۆ فرێمەکان سەرنج بدەی بە شێوەی ستوونی، بۆ نموونە: پانێڵی (١، ٤) هەروەها (٧) بە شێوە گرتەی (A, L, I) گیراون کە هەموو ئەم شێوازە جیاوازانە پێکەوە دەتوانن بێ هیچ گرفتێك کار بکەن. ئێستا چارەسەرییەکە بە شێوەیەکی بنەڕەتییانە کەوتۆتە نێوان وێنە یەکسانو نایەکسانەکان، ئەمە لە گرتەکانی وەك: گرتەی پێچەوانە زۆر بە ئاشکرایی دەردەکەوێ.




**وێنەی (١٢٣)**

**حاڵەتە پێشەوییەکان بۆ دامەزراندنی یەك شێوەیی**

Frontal Positions for Single Setups:

ئێستا چەند جۆرە ڕێگەیەکی جیاواز بۆ شێوە دامەزراندنی دوو – سێ – یاخود چوار – گرتەییو بگرە زیاتریش سەبارەت بە گرتەی دیالۆگی دەبێ


بناسرێت هەروەك لە رووی خستنە ناو فرێمو هەروەها شێوازەكانی بڕین لەوەوپێش ئاشكرا بوونو ناسران. لە گروپە قەوارە میدیەمەكاندا لەو شوێنەی كە هەر ئەكتەرێك لە ئەكتەرەكان بە شێوەیەكی دراماتیكیانە ئەكتەری گرنگن، زۆربەی جار گرتە ماستەرەكان رێكخستنیان جێگەی پەسەندێتییە.



**وێنەی** (١٢٤)

ئەم سێ نموونەیە كە بە دوای رێكخستنە چوونیەكەكاندا دێت، ئەنجام بەكارهێنانی قووڵێتی لە دانانی ئەكتەرەكان لە كۆمەڵە گرتەی جۆری ماستەردا، كە تیایاندا ئاكشنەكان بۆ تەنها یەك گۆشەنیگا رێكخراوە. لێرەدا سكرینەكە زۆر بە ئاسانی دەبێتە پرۆسینیەمێكی شانۆییو، لەبری ئەوەی كە دیمەنەكە بە پانتایی فرێمەكە رێك بخرێت، ئەوا ئەكتەرەكان بە درێژایی هاوێنەكان دەتوانرێت رێك بخرێت. لە كاتێكدا لەگەڵ كۆمەڵێك لە كوڕەكان لەنێو هۆڵەكە لە فرێمەكانی (١و ٢)دا دەتوانرێت ئەمە بكرێت. لێرەدا ئەكتەرەكان لە شێوەی پرۆفایلدا دەبینرێن. ئەكتەرەكانی رووی پێشەوە رەنگە جارجارە خۆیان لە كامیرا لادەن تاكو لەگەڵ ئەكتەرەكانی رووی دواوە كاردانەوەیان هەبێت، بەڵام دیسانەوە دەكرێ لەگەڵ ئەكتەرەكان بدوێین، یاخود بكەوینە حاڵەتی وەڵامدانەوە.






**وێنەی** (١٢٥)


**شێوازە پێشەوەییەكانی قووڵێتی** – In-Depth Frontal Positions:

لەم چەند زنجیرە فرێمانەی داهاتوودا پێكهاتەكانی قووڵێتی لەگەڵ ئەو ئەكتەرانەی رووی پێشەوە بەكارهاتوونن كە لە كامیراوە نزیكن. سەرجەم رێكخستنە شانۆییەكانی لە فرێمی (٣)دا هاتوون، ئەوا لە فرێمی (٤)دا چاكسازییان تیا كراوە، بە شێوەیەك كە ئەكتەرەكانی باكگراوند شێوەی رێكخستنی ئەكتەرە ونەكان پێكدێنن.

بەرەوپێشەوەچوونی پێكهاتەكانی فرێمەكانی (١ – ٦) بوونەتە نمایندەی پرۆسەی دامەزراندنی ئەكتەرەكان كە لەلایەن دەرهێنەرو ئەكتەرو، هەروەها سینەماتۆگرافەرەوە جێبەجێكراون. فرێمەكانی (١ – ٦) هەمیشە لەگەڵ هەمان دیمەن مامەڵە دەكەنو لەگەڵ فرێمی (٥)دا بەرەو چارەسەرێكی تەواوەتی نزیك دەبنەوە. لە كاتی رێكخستنی گروپیدا، هەندێ جاران دەرهێنەران ترسی ئەوەیان لا دروست دەبێت كە ئەكتەرەكان بە ئاشكرایی لەنێو فرێمەكاندا نەبینرێنو دەرنەكەون. دەرەنجامی شێوە رێكخستنی ئەوپەڕی دانانو دامەزراندنی ئەكتەرەكان بە شێوەیەكی فراوان دەبێتە هۆی شێوەیەك لە نارێكخستن. تاكە چارەسەر لە رووی ئەو حاڵەتەوە ئەوەیە كە فرێمە رێكخراوە یەك لە دوا یەكەكان

پشتگوێ بخرێن.

لەم چەند نموونانەی خوارەوەدا فیگەرەکان خراونەتە سەر یەکتر یاخود بەهۆی فرێمەکانەوە بڕدراون. ئەم ئازادییە زۆر چارەسەری دیکە لە بەردەم ئاکشنی ڕێکخستنەکان دەستەبەر دەکات. ئەم ستایلە لە ڕێکخستن‌و دانانی ئەکتەر وەك (فرێمی کراوە) ناسراوەو لە داهاتووشدا زیاتر لەسەری دەدوێین.




وێنەی (١٢٦)

### ڕێکخستنی گروپ یاخود قەرەباڵغی – Crowds and Large Groups:

لە دوای هێنانمان بۆ دیمەنی دیالۆگی هاتینە سەر چارەسەری حاڵەتی یەك ئەکتەری لەنێو گروپێك یاخود لەنێو خەڵکانێکی قەرەباڵغ‌و فراواندا. لە کاتی ڕێکخستنی ئاکشن‌و دیمەنی دیالۆگی بۆ گروپێکی فراوان لە خەڵك ئەوا سەرجەم سەبجێکتەکان لەمیانەی گفتوگاکانیاندا هێشتا بە گوێرەی ئەو بیرۆکانە ڕێك



خراون کە لە گرتەی یەك ئەکتەری‌و دوو ئەکتەری‌و سێ‌و چوار ئەکتەریدا ئاماژەمان پێکرد. هەرچۆنێك بێت لێرەدا چەند تەکنیکێکی دیکەی کامێرا لەگۆڕێدایە کە لە توانایدایە هەندێ لەو گرفتە قەوارەییانە چارەسەر بکات لە کاتی هەبوونی ئەم جۆرە دیمەنانە.

### هاوێنەکانی تەلیفۆتۆ – Telephoto Lenses:

جگە لەو ئاماژە ڤیژوەڵییە دیاریکراوەی کە لە گرتەی تەلیفۆتۆدا باس کرا، ئەوا هاوێنەی درێژ وەك بەکارهێنانێکی بڵاو سەبارەت بە دیمەن‌و گرتەی گروپ‌و خەڵکانێکی زۆر کاری پێکرا، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکی پراکتیکییانە. بۆ نموونە بۆ بەرجەستەکردنی خەڵکانێکی زۆر بەهۆی ئامادەیی ژمارەیەکی کەمی سنووردار لە کۆمبارس ئەوا بەهۆی هاوێنەی تەلیفۆتۆ دەخرێنە ناو قووڵاییەوە. لەمەش زیاتر، بەهۆی قووڵێتیی کەمی ئەو پانتاییە ئەوا هاوێنەی تەلیفۆتۆ لە توانایدایە (سەبجێکت – ئەکتەر)ە بنەڕەتییەکان لە توخمە باکگراوندی‌و فۆرگراوندەکان جیا بکاتەوە هەتا ئەگەر ئەو خەڵکە زۆرە لە کۆمبارس بەو شێوەیە دامەزرابن، یاخود خەڵکانی راستەقینە بن.

لە هەمان کاتدا دەتوانرێ کامێرا لە دووریی مەودایەك لە قەرەباڵغییەکە دابمەزرێ، کە ئەمەش کاری (کامێرامان) ئاسانتر دەکاتەوە. پەیوەندییە قەوارەییەکان لەمیانەی گرتەکانداو هەروەها لە نێوان گرتەکاندا بەهۆی قووڵێتیی کەمی پانتاییەوە دەناسرێن. هاوێنەی تەلیفۆتۆ ڕێگە بە کامێرامان – وێنەگر دەدا کە بە وردی لەنێو دیمەنی قەرەباڵغیدا کار بکات.

ڕەنگە لێرەدا مەودایەکی فراوان لە نێوان کامێراو لە نێوان خەڵکەکەدا دروست بێت تاکو بتوانرێ ڕێك بخرێن، هەر بەو شێوەیەش دەکرێ لەمیانەی ئەمەدا خەڵکێکی فراوانتر بخرێنە نێوان کامێراو کۆمبارسەکە. لەگەڵ هەموو ئەمانەی باسمان کرد پێویستە گرتەی تەلیفۆتۆیی زۆر بە وریاییەوە دابمەزرێن بە شێوەیەك تەنها چەند خەڵکێکی دەستنیشانکراو بتوانن بە بەردەم کامێرادا هاتوچۆ بکەن.

لەو کاتەوەی کە لە دیمەنێکی لەم شێوەیەدا تەنها ژمارەیەك لە خەڵکان دەشێت بەشدار بن، ئەوا دە تاکو پانزە خەڵکێکی زیاد دەکرێ بخرێنە سەری‌و بە شێوەیەك وەك قەرەباڵغییەکی یەکجار فراوان دەربکەون.

**هاوێنە فراوانەکان – Wide Lenses:**


ڕێکخستن‌و دامەزراندنی ئاکشن بۆ بەرجەستەکردنی هاوێنەی فراوان ئەوا سەختترە. بە شێوەیەکی گشتی، کامیرا لەنێو ئاکشندایەو لە نزیك سەبجێکتەکە هەروەك لە گرتەی هاوێنەی تەلیفۆتۆدا هەیە ئەوا ئەکتەرە کۆمبارسەکان دەبێ زۆر بە وریاییەوە ڕێك بخرێن لەنێو کامیراو سەبجێکتدا، بەڵام قووڵێتیی پانتایی فراوانترو هەروەها ڕۆشنێتیی هاوێنەی ئاسایی ئەوا سەبارەت بە پرۆسەی خستنە ناو فرێمەوە ئاسانترە. ڕێکخستن‌و دانانی ئەکتەرەکان دەکەوێتە حاڵەتێکی نالەبارەوەو هەر گۆڕانکارییەکی کەم لە توخمەکان ئەوا بۆی هەیە گرتەکە تێك بدات. ئەگەر لە حاڵەتی جووڵانی سەبجێکت‌و کامیرا ئەوا کۆمبارسێکی زۆر زیاتر پێویستە، لەبەر ئەوەی کە کامیرا لەنێو ئاکشندایە ئەوا چارەکە سووڕانەوەیەك دەکاتە (٩٠) پلەی پانتاییەکە ئەمەش ئەم پانتاییە کە ڕەنگە پێویستی بە دەیان یاخود سەدان کۆمبارسی تر بکات بۆ پڕکردنەوەی ئەو پانتاییە. لە هەمان کاتیشدا پێویستە کامیراو کاستی فیلمەکە لە نزیك گۆڕەپانەکە پێکەوە کار بکەن بۆ جووڵاندنی گالیسکەی وێنەگرتن‌و هەروەها ئامێری ڕووناکییەکە کە پێویستی بە دەستەبەرکردنی ناوچەیەکی فراوان‌و هەروەها چۆڵکردنی هەیە. سەبارەت بە هەموو ئەمانە هاوێنەی ئاسایی سوود بە خولقاندن‌و دەستەبەرکردنی جوگرافیاو پانتاییەکی گونجاو دەگەیەنێ، هەروەها سوود بە چۆنایەتی گرافیکییە تایبەتییەکەی دەبەخشێت. زۆر پێویستە کە ئاکشنی فیزیکی لەناو هاوێنەی فراوانتردا دابمەزرێت، لە کاتێکدا ڕێکخستنی گرتەی دیالۆگی دەتوانرێ لەنێو گرتەی تەلیفۆتۆدا ڕێك بخرێت. ئێستا وا لێرە بەدواوە سەرنج لەم چەند نموونەیەی خوارەوە دەدەین.



**بەراوردکاری هاوێنەکان بۆ دیمەنە قەرەباڵغەکان:**

Lens Comparisons for Crowd Scenes:


ئاماژەکە (←) دەستنیشانی سەبجێکتی گرتەی خۆمان دەکاتەوە. فرێمی (١) بریتییە لە گرتەی گۆشەی فراوانی (٣٥ ملم)ی لە دەرەوەی ئاکشنەکە. فرێمی (٢) گرتەیەکە لەمیانەی خەڵکێکی زۆرەوە گیراوەو لەناو تاکە ئاکشنێکەوە سەرنجی (سەبجێکت) ئەکتەرەکەی ئێمە دەدات بەهۆی بەکاهێنانی هاوێنەی (٤٠ ملم)ی.




**وێنەی** (١٢٧)

لە فرێمی (٣)دا جارێکی تر دەکەوینەوە سەر هەمان لای شەقامێك هەروەك ئەکتەرەکە، بەڵام ئەمجارە بەهۆی هاوێنەیەکی درێژتر کە باکگراوندەکە نزیکتر دەکاتەوە. کارتێکەرێکی نائاسایی لەم حاڵەتەدا ئەوەیە کە سەبجێکتەکان دەکەونە ناو فۆکسێکی تەماوییەوە ئەمەش بەهۆی قووڵێتیی پانتایی کەم. بەڵام فرێمی (٤) بە هاوێنەی (٥٠٠ ملم)ی گیراوە کە لەمیانەی شەقامەکەوە ئەنجام دراوە بە بەکارهێنانی دوو بینەری ڕووی پێشەوە. لە کۆتاییشدا فرێمەکانی (٥و ٦) کەوتوونەتە نێو سەرجەم ئاکشنەکە، زۆر نزیك لە ئەستووری‌و چڕیی شتەکان کە گرتەکە بە هاوێنەی (٥٠ ملم)ی گیراوە.

لە پوختەی ئەمانەی خستمانە ڕوو، یەکەمیان هاوێنەی (٤٠ ملم)ی بۆ ئەکتەرانی ناوەڕاست‌و (٥٠ ملم)ی بۆ ئەو ئەکتەرانەی کەوتوونەتە پێشەوەو هاوێنەی (٣٠٠ ملم)ی بۆ ئەو فیگەرو ئەکتەرانە بەکار هاتووە کە کەوتوونەتە باکگراوندەکە. بڕوانە وێنەی (١٢٨).




وێنەی (١٢٨)



(١٢)

# ڕێکخستنی ئەکتەر بۆ گرتەی مۆبایلی
# *MOBILE STAGING*

کاتێـك فرێـد ئاسـتێر (Fred Astaire) بـڕۆدوای بـۆ سـتدیۆکانی (RKO) جێهێشت، بەم شێوەیە یاداشتو بۆچوونی خۆی سەبارەت بـە فـیلمو سـەما دەخاتـە ڕوو: (لـە مـنو کـامیرا یـەکێکمان دەبـێ سـەما بکـەین، مـن یـاخود کـامیرا)، ئەمـە سەبارەت بە بەڕێوەبـەری سـەما (کیوریۆگرافـەر – choreographer) ڕێنماییـەکی یەکجار گرنگە پیادەی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕەنگە ببێتە ڕێگەیەکی پوختو کـورت (Succinct) لـە وەسـفکردنی هـەردوو جـۆرە ڕێکخـستنە بنەڕەتییەکـەی ئاکشنی مۆبایلی، گەڕۆك: (یان کامیرا یاخود سەبجێکت بجوولێنە).


لــە ســێ بەشــی ڕابــردوودا لــە ڕێکخــستنی گرتــەی دیــالۆگی دامەزرانــدنی ڕووداوەکانمان بنیاد دەنا بەهۆی گۆشەنیگای ژمارەیەك کامیرا تاکو سـەرنجی بـەرەو ڕووی خۆی ئاراستە بکات. کامیرا لە دەوری ئەکتـەرەکان دەجوولا کـە لـە شـوێنێکی دیاریکراودا دەمانەوە، بەڵام لێرەدا بۆ ئەمە ڕێگەیەکی تر بۆ ڕێکخستنی ئاکشنەکان لـەبری ئەمـە لەئارادایـەو ئاراسـتەکردنی سـەرنجی بینـەر لـە سـەبجێکتێکەوە بـۆ یەکێکی تر بەهۆی جوولەی ئەکتەرەوە لەنێو ئـەو بۆشـاییەی کـە لەلایـەن کـامیراوە دامەزراوە.

لە پراکتیزدا، زۆرجار هەردوو کۆنسێپتەکە یەك دەگـرن لـەپێناو خستنەڕووی ژمارەیەك زنجیرە ڕووداوی دراماتیکی، لەمـەش بـترازێ لـە کـاتی بـڕینـی ژمارەیـەك گۆشـەنیگا بەیەکـەوەو جوولانـدنی سـەبجێکت لـەناو فرێمـدا، ئـەوا ئێمـە دەتـوانین دیسانەوە کامیراش بجوولێنین، جا چ بـەهۆی گرتـەی کـرێن، یـاخود گرتـەی جێگـۆڕ

بێت.

ئـەم سـێ شـێوازە لـە وێنـەگرتنی ئاکـشنەکان بـە شـێوەی زنجـیرە، سـەرجەم ڕێکخستنە تەکتیکییەکانی کامیراو ئەکتەر نیشان دەدات.

لە وێنەی (١٢٩)داو لە فرێمـەکانی (١و ٢)دا گرتـەی ساکارو گرتـەی پێـچەوانەو شێوازی بڕینی بەهۆی فرێمکردنی گرتـەی سـەرووی شـانەوە خراونەتـە ڕوو. ئەمـە ڕێگەیـەکی ئاسـاییە بـۆ مامەڵـەکردنی دیمـەنی دیـالۆگی، ئەگـەر لـە حاڵەتێکـدا سـەبجێکتەکە چەسـپاوو نـەگۆڕ بـوو. بـۆ ئـەم حاڵەتـە، ڕێگـەی تـری ئەلتـەرناتیڤ ڕێگەدانە بە ئەکتەرەکان تاکو خۆیان لە شوێنەکان ڕێك بخەنـەوە وەك بەشـێك لـە ئاکـشنەکە لـە تاکـە گرتەییـدا، هـەروەك لـە فرێمـی (٣و ٤)دا خراوەتـە ڕوو. بـە ئاوڕدانـەوەی پیاوەکـە لـە فرێمـی (٤)دا ئـەوا ئێمـە دیمـەنێکی پێشەوەییمان دەست دەکەوێت کە لەوەوبەر پێویستی بە گرتەیەکی نوێ هەبوو.




فرێمـــەکانی (١و٢) گرتـــەو گرتـەی پێـچەوانەو هـەروا شـێوازی بڕینی نیشان دەدەن. فرێمـەکانی (٣و ٤) گرتە بەردەوامەکان نیـشان دەدەن، بە جۆرێك کە پیاوەکـە دەسـووڕێتەوە تاکو ڕوو لە کامیراکە بکات.

ئەم پلانە ڕێکخـستنی مۆبـایـل تیایـدا بـەکار دێنـێ تـاکو هـەمان دەرەنجـامی پرۆســەی (بـــڕین) دەستەبەر بکات.

**وێنەی (١٢٩)**

چـەند جـۆرێتی لـەم هـەمان بیرۆکەیـەدا سـەبارەت بـە دامەزرانـدنی جووڵـەی ئەکتەر لەبارەی پرۆسەی بڕین لە وێنەی (١٣٠)دا نیشان دراوە. ئـەمجارە کچەکە لـە باکگراوندی گرتەکە دێتە پێشەوە تا ئەو کاتەی لە گرتەیەکی تری نزیکدا (close-up) دەبینرێـتو پیاوەکـە پـشتی دەکەوێتـە کامیراکـەوە لـە فرێمـی (١)داو لەگـەڵ ژنەکەدا دەسووڕێ تـا ئـەو کاتـەی هـەردووکیان ڕوویـان دەکەوێتـە کامیراکـەوە. لـەم




گرتەیەدا ئێمە هاوشێوەی گرتەی سەرووی شانو هەروا گرتەی نزیكو دوو گرتەیی دادمەزرێنین، بێ ئەوەی بە پرۆسەی بڕیندا بڕوات.

ئەم دوو نموونەیـە لـە ڕێکخـستنی مۆبایـل، بیرۆکەیـەکی بنـەڕەتیت پێـدەداتو تەنها ئەو پێودانگەی کە جووڵەی ئەکتەر پێویستە ڕووبەڕووی بێتـەوە، جا ئەگـەر پاڵنەری هەبێت یاخود نەیبێت. ئـەم شێوە ڕێکخستنە دەکەوێتـە خانـەی (پیـشەی ڕێکخـستن). ڕەنگـە ئـەم تێرمـە هـەر شـتێك یـاخود مانایـەك بگرێتـەوە، هـەر لـە داگیرســاندنی جگەرەیەکـــەوە تـــا دەگاتـــە چـــەند پیاســـەیەك بـــەنێو ژووری نووستنەکەتدا. لە ڕاستیدا بە هیـچ شـێوەیەك پێویـست ناکـات کـە هـەر کردەیـەکی دەستکرد تەنها بۆ زیادکردنو ئاکشن خستنە سەر دیمەنەکەت بێت، ئەگـەر ڕووداو – چیرۆکەکەو هەروەها ئەکتـەرو پرۆسـەی دەرهێنـان هـەموو پێکـرا لـە کـاردا بـن، ئـەوا ئـەو کاتـە بیرۆکـەکان لـەو هەماهەنگییـەدا سـەرهەڵدەدەن کـە لـە بنـەڕەتـدا تێبینیو سەرنجەکان هەڵسوکەوتی ئینسانەکان ڕاست دەکەنەوە.

## بنەماکان – Building Blocks:

ئێستا هەوڵ بدە بیر لە درێـژترینو هـەروا زۆرتـرین گرتـەی ڕووداوی فیلمێك بکەیتەوە کە لەوەوبەر بینیوتە، ئێستا خەیاڵو وێنای ئەوە بکە کە چۆن نەخـشەو وێنەی حاڵەتێك لەنێو بۆردی ڕووداوێکدا دەکێشیت. کاتێـك کـە دەتوانیـت وێنـەی جووڵـەی بـەردەوام لـە تاکـە پانێڵێکدا بکێـشیت، ئـەوا پێویـستە ساتە گرنگـەکانی ئاکشنەکە دیاری بکەیتو لەنێو چەند زنجیرە پانێڵێکدا وێنـەیان بکێـشی. هـەروەك لە وێنەکانی داهاتوودا دەردەکەوێت، دەتوانین بڵێین کە ئەمە پرۆسـەیەکی سـەخت نییە چونکە زۆربەی ئاکشنەکان بۆ گرتەیەکی یەکتر بـڕی درێـژخاین ڕێـك خـراون کـە لـەم زنجیرە ساتەوەختەدا دامـەزراونو لـەنێو بەردەوامییـەکی ژیرانـەدا بـاس کـــراون. هـــەروەها دەشـــتوانین پرۆســـەکە پێـــچەوانە بکەینـــەوەو گرتـــەی بەردەوامییـەتیمان لـێ بەرهـەم بێـنین کـە لەسـەر هـەمان ڕووداوە بنەڕەتییەکـەی ئاکشنەکە دامەزراوە.




**ئـــــــەم فرێمـــــــە لەیەكترازاوانـــەی لای چـــەپ گرتەی تاك دەنوێنن.**

**بەهۆی بـــەكارهێنانی شـــێوە گرتـــەی داخـــستنی مۆبـــایلی ئـــەوا تـــوانراوە ئەكتەرەكان لەمیانەی چەند شێوە وەستانێكی جیـــاوازەوە سەرنج بدرێن.**

**هەمان ئەوەی كە ئێمە گرتەكانمان بەنێو پرۆسەی (بـــڕین)دا بـــەهۆی چـــەندین كامیراوە رێكخستبێ.**


**وێنەی (١٣٠)**

ئەنجامدانو كاركردن لەسەر جوولە باسكراوەكان بەهۆی ئەكتەرەوە گرنگە بۆ پەیوەندی پێكردنی چەند پانێلێكی جیاوازو چەند شێوە رێكخستنێك تاكو هەموو دیمەنو وێنە پچڕاوەكانی دیمەنێك لەنێو تاكە گرتەیەكدا بەیەكەوە ببەستینەوە.

**رێكخستنی مۆبایلی (نموونەی یەكەم)** – Mobile Staging (Example One):

بـا ئێـستا حاڵـەتێكی ساكاری دوو – شـێوەیی دابمـەزرێنین بـە بـەكارهێنانی جوولەی كامیراو جوولەی سەبجێكت كـە خراوەتـە نـاو گرتەكـەوە. ئـەم رێگەیـە لـە وێنـەی (١٣٠)دا خراوەتـە روو. لێـرەدا جوولـەی كـامیراو ئەكتـەر تاكـە گرتەیـەكی یەكپارچـەو نـەترازاو لەیـەكتر نیـشان دەدا، لـەم دایەگرامـەدا دیمـەنێكی هـەوایی – ئاسمانی بەسەرهاتەكە دەخاتە روو. ئێـستا خـەیاڵو وێنـای ئـەوە بكـە كـە ئـەو دوو كچە لە وێنە فۆتۆگرافییەكاندا بۆ چەند ساتێك دەدوێن لـەنێو گرتەیـەكی فراوانـی سـەرووی شـان لـە فرێمـی (١)دا، لـەبری ئـەوەی كـە گرتەكـە بـۆ گرتەیـەكی نـوێ ببڕدرێت بۆ كچە دانیشتووەكە كاتێك كە ئەو دەست بە گفتوگۆ دەكات، ئـەوا ئێمـە كامیراكە بەرەو پێشەوە دەجوولێنین (لەسەر گالیسكەیەك).






**كامیرا بەرەو پێشەوە دەجوولێت لەو كاتەی كە كچە وەستاوەكە لە رووەكەی تری مێزەكە دەجوولێت.**


**ئێمە لە گرتەیەكی سەرووی شانەوە دەست پێدەكەینو ئینجا .....**

**وێنەی (١٣١)**

لەو كاتەی كە كچە شـەبقە بەسـەركە بـەرەو لای كـچە دانـشتووەكە دەڕوا، لـەم حاڵەتەدا كامیراو ئەكتەر بە یەكسانی دەجوولێنو دواهـەمین رێكخـستن لـە فرێمـی (٦)دا رێگـەی ئـەوەمان دەدا كـە هـەردوو ئەكتـەرەكان ببیـنین. ئـەم شـێوە جووڵانـە تایبەتە پێـی دەووترێت (جوولـەی پێـچەوانە). لـەم وێنانـەدا ئـەو كچەی لـە پـشت كامیراكەوە دەڕوا بۆ ساتێك دەكەوێتە دەرەوەی فرێمەكە، بەڵام سەرجەم ئاكشنەكە زۆر كورتخایەنـــەو تـــەنها بـــۆ چـــەند چـــركەیەك لـــە فرێمـــەكانی (١) تـــاكو (٦) دەردەكەوێو تێدەپەڕێ. ئێستا ئێمە ئامادەی چـەندین گرتەیـەكی گـرنگین بـەهۆی بـەكارهێنانی شـێوەی رێكخـستنو هـەروەها شـێوازەكانی كـە لـە سـێ بەشـەكەی رابردوودا بۆمان دەركەوتن.

**ڕێکخستنی مۆبایلی ( نموونەی دووەم )** – Mobile Staging (Example Two):


لە فرێمی (١)دا کچەکە ڕوو ناداتە هاوڕێکەی، لێرەدا پیاوەکە بەرەو ڕووی دەجووڵێتو لەسەر لێواری مێزی بەرامبەری کچەکە دادەنیشێت. فرێمی نەخشەی وێنەکان جووڵەی کامیرا نیشان دەدا تاکو شوێنی ڕێکخستنی تازە بکەنەوە لە فرێمەکانی (٣)دا کوڕە دڵشکاوەکە هەڵدەستێتەوەو بە چەند هەنگاوێك دوور دەکەوێتەوەو هێشتا لە گفتوگۆکەی بەردەوامە لەگەڵ کچەکە. ئینجا لە فرێمی (٤)دا بە تووڕەییەوە هەوڵ دەدات هەندێ لە وەڵامو کاردانەوەی کچەکە بە گاڵتە وەربگرێ.




**وێنەی** ( ١٣٢ )



کامیرا لەمیانەی ئەم ئاکشنەدا بەهۆی گالیسکەوە نەجووڵاوە، ئێستا کوڕەکە بەرەو ڕدوی کامیرا دەچێتە پێشەوەو بە چەند هەنگاوێك پێشی دەکەوێتەوە تا ئەو کاتەی دەسووڕێتەوە تا لە فرێمی (٥)دا ڕووبەڕووی کچەکە ببێتەوە.





**وێنەی** ( ١٣٣ )

بەو پێیەی کە کوڕەکە کچەکە دەدوێنێ ئەوا بەرەو ڕووی کچەکە دەسووڕێ تا گوێ لە کچەکە بگرێ (بڕوانە فرێمی ٦). لە کاتی ڕوودانی ئەمەدا کامیرا دووبارە بەرەو ڕووی کچەکە دەڕواو کوڕەکە لەناو فرێمەکەدا جێدێڵێو هەر کە کچەکە خرایە نێو گرتەیەکی میدیەمەوە، ئەوا لێرەدا کامیرا بۆ چەند ساتێك ون دەبێت،

کامیرا دیسانەوە بە هێواشی بە بەردەم کچەکەدا دەجووڵێت لە فرێمی (٧)داو لە کاتێکدا کوڕەکە دەچێتە نێو گرتەکەوەو لە پشت کچەکەوە دادەنیشێت (فرێمی ٨).

لێرەدا کامیرا بۆ چەند ساتێك ون دەبێت، بەڵام کاتێك کوڕەکە بە لای چەپدا دەچەمێتەوە نزیك مێزەکە، کامیرا لەگەڵیدا دەڕواتو بەرەو گرتەیەکی نزیکتر دەچێتە پێشەوە هەروەکدیارە کە کوڕەکە دوا هەوڵی لەگەڵ کچەکە دەدا لە فرێمی (٩)دا.

لە کۆتاییدا کوڕەکە واز دێنێو داوای جیابوونەوە دەکات (فرێمی ١٠). کامیرا بۆ دواوە بە چەند هەنگاوێك دەگەڕێتەوە بۆ گرتەیەك فراوانتر کاتێك کوڕەکە دوور دەکەوێتەوەو، دواهەمین رێکخستن لە فرێمی (١١)دا دەبینرێت.




**وێنەی ( ١٣٤ )**

لە نموونەی ئەم جۆرە رێکخستنە مۆبایلییانەدا ئێمە ژمارەیەك تەکنیکی جیاوازمان تیا بەکارهێناوە بۆ وەدەستهێنانی زۆرترین بڕین (Cut)، بە بەکارهێنی (١٥ پێ) پارچە لە تراك. ئەمە سەرەڕای گرتەی قووڵێتی بۆ جیاکردنەوەی حاڵەتە فرێمییەکان بۆ گرتەی پان (Pan) کردنی لە شوێنێکی جێگیرەوە بۆ دووبارە خستنە ناو فرێمەوەو گەڕانەوە بەسەر هەمان پانتاییدا بۆ گۆڕینی ئاراستەی کامیراو شوێنکەوتنی یەك ئەکتەر (کوڕەکە)و پاشان ئەکتەرە کچەکە ئینجا جووڵان



بەرەو سەبجێکتەکەو لە دوای هەموو ئەمانەش دوورکەوتنەوە لێی.

بەوێنەکردنی رێکخستنی دیمەنێك پێویستی بە هەماهەنگیو کارکردن لە سێتەکەدا هەیە لەلایەن دەرهێنەرەوە، هەروەها لەلایەن کاستەکەو سینەماتۆگرافەر، کەشوهەوا، رێکەوتەکانو ستافی کاکردن لە فیلمەکەدا. ئەوانەی کە لە کاتی شیاودا پێشنیاری دەوڵەمەندیان لایەو، بە شێوەیەکی گشتی بەرپرسێتیی کامیرا رۆڵێکی گرنگی هەیە. خێراییو رێکخستنی کاتی کامیرا لە باری سەرنجی ئەکتەرێکەوە بەرەو یەکێکی تر دەجووڵێتو دەگوازرێتەوە. لە کۆتایی هەمووشیندا بەرپرسیارییەکانی ئەم حاڵەتە ئاڵۆزانە ناتوانرێ بخرێنە نێو بۆردی رووداوەوەو پێویستە لە کاتی مەشقدا کاریان تیادا بکرێت، پەیوەندیو کۆنتاکت لە نێوان سینەماتۆگرافەرو دەرهێنەر پێویستە پەیوەندییەکی دیارو ئاشکرا بێت، ئەگەر دەرهێنەر بیەوێ ئەوەی مەبەستیەتی دەستەبەری بکات.


### راهێنان لەسەر ستایلی رێکخستنی ئەکتەر:

Loosening Up Your Staging Style:

لەو کاتەی کە دەرهێنەر یارمەتیی ئەکتەرەکان لە دامەزراندنی شێوەی نواندنو هەروەها تەفسیرکردنی سکریپتەکە دەگرێتە ئەستۆ، ئەوا لە هەمان کاتیشدا دەرەنجامە تەکنیکیو ڤیژوەڵییەکان هەڵدەسەنگێنێ لەوەی کە بە چ شێوەیەك نواندنە ئیمپرۆڤایزەکان بەسەر سێتەکاندا روو دەدەن. ئەو سنوورو رێسایانەی لەلایەن کامیراوە دادەنرێنو هەروەها جووڵەی ئەکتەرەکان بە شێوەیەکی گشتی دەبنە ئاراستەو رێنماییەك بۆ ئەکتەرو، رێکخستنی ئاڵۆز بە تەنها ئەو گرفتە ئاڵۆزتر دەکات. لەلایەك دەرهێنەر دەیەوێ کە کارو ئەرکی ئەکتەر ئاسانتر بکاتەوە بەڵام دیسانەوە پلانێکی ڤیژوەڵیی لایە کە پێویستە شوێنی بکرێتەوە. لێرەدا هیچ ریگەچارەیەکی سیحراوی بۆ گرفتی ئەم ئامانجانە نییە جگە لەوەی کە دەبێ دەرهێنەر زانیارییەکی فراوانی هەبێت لە چارەسەریو راهێنان. ئەم چەند سەرنجو پێشنیارانە کە مەبەستیانە بەسەر هەندێك ئەو رێسا رێکخستنانەدا زاڵ بن کە رێگە لە دەستکەوتنی دەرفەتەکان بگرن.

**کارو کاردانەوە** – Action and Reaction:

لە حاڵەتی گفتوگۆدا تەنها دوو جۆر گرتە هەن، کار، کاردانەوە. زۆرجاران دەرهێنەران گرنگیی تەواو بە ئاکشن – کردار دەدەن. راستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە زانیارییەکی فراوان لە کاردانەوە وەردەگرین هەروەك لە حاڵەتی کاریشدا بەم شێوەیە. زانینی ئەم راستییە، دانان و رێکخستنەکە ئامادە دەکات چونکە ئەوە مانای ئەوەیە کە کەسی قسەکەر ببێتە سەنتەری سەرنج.



**وێنەی ( ١٣٥ )**

**ئاماژە پچڕپچڕەکە ڕێگەی باکگراوندی ئەکتەرەکە دەستنیشان دەکات. جارێك لە کامیرا رەت دەبێت بەرلەوەی بچێتە ناو کادرەوە لەلای راستی کامیرا. تاکە ئاماژەی ئێمە سەبارەت شوێنی باکگراوندی ئەکتەرەکە بریتییە لە جووڵەی رووی پێشەوەی سەری یاخود چاوی ئەکتەرەکان، کە رەنگە شوێنی پیاوەکەی تر بکەوێ لە کاتی رۆیشتندا.**

وێنەی (١٣٥)، پیاوەکە لە رووی دواوەی دیمەن و بازنەی ئەکتەرە سەرەکییەکە نیشان دەدات، هەروەك دەبینی زۆربەی ئاکشنی ئەکتەرە باکگراوندەکان دەکەونە دەرەوەی سکرین. کامیرا بە گرتەی نزیك دەجووڵێ سەبارەت بە ئەکتەرەکانی رووی پێشەوە، بە جۆرێك بتوانین کاردانەوەی ئەکتەرەکە بۆ ئەکتەری دواوە ببینین کاتێك لە فرێمەکە دەچێتە دەرەوە.

پێویست نییە کاردانەوە ببێتە گرتەی نزیك بۆ دەموچاوی پیاوەکە. رەنگە لێرەدا تەنها کاردانەوەکە لە رێگەی دەستەکانییەوە ببینرێ کاتێك بە تووڕەییەوە پەنجە بۆ سویچی ئوتومبێلەکەی دەبات، یاخود بەهۆی گرتەیەك بۆ قاچەکانی کاتێك بە زەوییەکەیدا دەکێشێ، یاخود هەرجۆرە کاردانەوەیەکی فیزیکی یاخود ڤیژوەڵی سەبارەتبە هەڵسوکەوتی کەسەکەوە.

ئەگەر هات و ئەو کەسەی کە کاردانەوەکەی لا روودەدات لە سوپایەك بڕوانێ ئەوا رەنگە لێرەدا ئێمە گرێك ببینین یاخود تەنها گرتەیەك لە پاشماوەی ئاگرەکە بەس بێت، ئەمەش بە بەشداریکردنی گۆشەنیگا کە لە توانایدایە یارمەتیی چاککردن و رێکخستنی بۆچوونمان بدات سەبارەت بەو کاردانەوەیە.



( ١٣ )

# قووڵێتیی فرێم ( کادر )

## *DEPTH OF THE FRAME*

تا ئێرە ئێمە باری سەرنج و فۆکسمان خستۆتە سەر شوێنی سەبجێکت لە بەردەم کامیرادا. یەکەم، دەمانرِوانییە سیستەم و شێواز و هەروەها شوێنەکان، ئەمەش بۆ رێکخستنی شوێنی ئەکتەرەکان. دووەمیشیان سەرنجمان داوەتە ئەو رێگەیانەی کە پەیوەندییان بە جووڵەی ئەکتەرەوە هەیە، بە شێوەیەك کە ژمارەیەك شێوازی رێکخستنی ئەکتەر و هەروەها شوێن و حاڵەتەکان لەنێو گرتەیەکی نارەتیڤیدا بتوانرێ کۆ بکرێنەوە.

ئەم رێگەیە چەند مەبەستێك لە پانتایی و بۆشایی چارەسەر دەکات، لەبری ئەوەی تەنها چارەسەر بۆ پانتایی (space) خۆی بدۆزێتەوە. لەو کاتەی کە ئەمە کۆنترۆڵ و دەسەڵاتێکی بەرچاومان پێدەدا بەسەر توخمە پێکهاتەییەکان لەنێو فرێمدا، ئێمە هێشتا بە تەواوی سەبجێکتی رێکخستنەوە و دانانەکەمان نەزانیوە هەتا ئەو ئانەی پانتایی دیمەنەکە تاقی نەکەینەوە کە ئەکتەرەکان تیایاندا دەجووڵێن.

ئەمڕۆ ئاسایی نابێتەوە ئەگەر هات و گوێبیستی رێگەی باوی دەرهێنەرەکان بین، ئەوانەی کە دیمەنی دیالۆگی بۆ تەنا ئەکتەرێك بەهۆی پێنج یاخود شەش جۆرە رێکخستنەوە دادەمەزرێنن. ئەمە بێگومان ئاماژەیە بۆ نادروستێتیی بڕیار و هەروەها فەشەلێکە لە ئەنجامدان بۆ چۆنیەتیی دامەزراندن و ئاراستەکردنی گۆشەنیگا (point of view).

بێگومان، ئەگەر گرتە تەنها بەهۆی جۆری وێنەییەوە هەڵسەنگێنرا ئەوا رەنگە

دەیان، بگرە سەدان پێکهاتەی نادروست سەر هەڵبدەن کە دەرهێنەرو کامێرامان دەتوانن دووچاری بن. ئێمە دەتوانین ئەو گرفتە دوایی پێبڕێنین بەهۆی ڕێکخستن‌و دانانی ئەو توانایە بە پێی هەندێ کۆنسێپتە بنەڕەتییەکانی سەبارەت بە پانتایی‌و بۆشاییەکان.

**بازنەی دراماتیکیی ئاکشن** – The Dramatic Circle of Action:

گرنگ نییە تۆ وێنەی چی دەگریت، بۆشایی‌و ماوەی بەردەم کامێرا سنووری خۆی هەیە لەمیانەی ئەوەی کە ئاکشنی دیمەنەکە بەرتەسکە. وەك ڕێگەیەك لە ڕێکخستنی بۆشایی‌و مەودای دیمەن ئەوا ئێمە ماوەی ئەو ئاکشنە بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکەین بەهۆی بەکارهێنانی چەند تێرمێکی تەقلیدی بۆ قووڵێتی لە وێنە گرافیکەکاندا: هاوکاتییەتیی ڕووی پێشەوە (foreground)، لە بەردەم کامێرادا، میدڵگراوندو ئەوپەڕی دەست پێگەیشتن بە شوێنی ڕووداو، باکگراوند لە دانانی ئاکشندا بۆ کامێرا.. هەموو ئەم تێرمانە مانای پراکتیکییان هەیە. بە شێوەیەکی ئاسایی بازنەی دراماتیکیی ئاکشن بۆ هەر دیمەنێك لەلایەن شێوەو قەوارەی بۆشایی‌و مەوداوە بڕیاری لەسەر دراوە کە ئاکشن دەیانگرێتە خۆی.

**لە دەرەوەی ئاکشن/ لەناو ئاکشن** – In the Action/ Out of the Action:

لە گۆڕەپانی فوتبۆڵدا، بە ئاشکرایی مەوداو بۆشایی حاڵەتێکی سنووردارە، یاریزانەکان تایبەت کراون بەنێو گۆڕەپانەکەداو دانیشتوانیش لەسەر کورسییەکان. ئەگەر وا دابنێین کە یارییەکە دەبێتە سەنتەری سەرنجی تەماشاکەران تەنها دوو ڕێگە بۆ تەماشاکردنی ئاکشنەکە لەگۆڕێدایە: لە دەرەوە وەك تەماشاکەرێك، یاخود تەماشاکردن لە ناوەوە بۆ ئاکشن کە وەك یاریزانێك دەوری داوێت لەناو گۆڕەپانەکەدا.

دوو ڕێگەی بنەڕەتی هەن کە کامێرا لەمیانەیاندا ئاکشن‌و مەودا تۆمار دەکات، لێرەدا ئەوەی مایەی چەند جۆرێتی‌و جیاوازیی شێوەی ئاکشنەکەیە. بۆ نموونە،




ڕەنگە خەڵکانێکی زۆر بە درێژایی هێڵەکە دەرکەون کاتێك لە کامێرا نزیك دەکەونەوەو، لەنێو مەوداو بۆشاییەکەدا لەمیانەی فۆرگراوند (ڕووی پێشەوە)و میدڵگراوندو باکگراوند، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسۆیی هێڵەکە ئێمەی بڕی ئەوا خەڵکە ڕێکردووەکە تەنها بەشێکی بچووکی میدڵگراوند داگیر دەکەن لە چەشنی پەردەیەك کە بەری چاومان بگرێ، وێنە کێشرابێ. ئەگەر کەوتینە ناو گۆڕەپانی گەمەی فوتابخانەیەکی سەرەتاییەوە ئەوا گەمەکە دەکرێ زیاتر ناشێوەیی پێوە دیاربێت لەوەی کە لە یارییەکی فوتبۆڵدا دەردەکەوێ، بەهۆی چەند مناڵێکەوە بەرەو هەموو ئاراستەو ڕێگەکان لە ڕاکردندان‌و ون بوون لەنێو سوچی گۆڕەپانی فوتابخانەکەدا، یاخود خۆشاردنەوەیان لە پشت ئێمەوە. لەم حاڵەتەدا ئەمە کاری دەرهێنەرە کە بەش‌و پارچەیەکی تەواوی ئەو فیلمە – ڕووداوە بنرخێنێ کە کەسێك دەیەوێ بەرجەستەی بکاو هەروەها دەبێ لە چ سوچێکەوە تەماشای ئاکشنەکە بکات‌و بیخاتە نێو خانەی سەرنجییەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئاکشنی فیزیکیی دیمەنێك مەبەستی بەرزو فراوانی دراماتیکی لەخۆ دەگرێ کە لە هێتر سوودمەندتر دەکەوێتەوە، ئەمەش بەهۆی بڕیاردانی ئەوەی کە لە کوێ‌و چۆن ئاکشنە گرنگەکان پێویستە بۆ کامێرا ڕێك بخرێن. فیلمساز کۆنترۆڵی نیگاو هەروەها ئاستی پێناسینی بینەرو ئاراستەی عاتیفییانە بۆ هەر دیمەنێك لە دیمەنەکان لەخۆ دەگرێ.

**ڕێکخستنی ئەکەر لە قووڵێتیدا** – Staging in Depth:


سەبارەت بە نموونەی یەکەم لە وێنەکردن‌و هێڵکاریی بازنەی ئاکشنی دراماتیکی، ئەوا ئێمە سەرنجمان دەخەینە سەر شوێنی کامێرا لەبری ئەوەی بلۆك بکرێت، هەروەك لەم نموونەیەدا دەدەکەوێت کە پیاوێکی لەلای تەلەفۆنی گشتییەوە بەرەو ئۆتومبێلەکەی ڕێ دەکات. (بڕوانە وێنەی ١٣٦).

با لە پێشەوە گریمانەی ئەوە بکەین کە لە توانامانەدا نابێت چەند دیمەنێکی جۆراوجۆر پێکەوە ببڕین. لێرەدا ئاکشنەکە لە گرتەیەکی تەنهادا وێنەی فۆتۆگرافی

دەگیرێت. دیمەنی هەوایی لە وێنەی (١٣٧)دا هێڵکاریی شوێنی کامیرا لە دەرەوەو ناوەوەی بازنەی دراماتیکیی ئاکشن دەردەخاتو شێوەی ئاکشنەکە پشتبەستووە بەو بۆشاییەی ئەو ئەکتەرە داگیری کردووە کاتێك بەرەو ئۆتومبێلەکەی دەڕوات. ئەگەر لە حاڵەتێکدا بۆ هەر هۆیەکی تر لەسەر شەقامەکە پەڕییەوە، ئەوا بازنەی ئاکشنەکە ئەو برە مەودا زیادەیەش دەگرێتە خۆی. (بڕوانە وێنەی ١٣٧).



**وێنەی ( ١٣٦ ): دیمەنی دەرەوە، ڕێگەی تەلەفۆنی گشتی، شوێنێکی ناوخۆ.**




**وێنەی ( ١٣٧ ): بازنەکە بە داخراوی لە دەرەوەی مەوداو بۆشاییە گشتییەکەوە کێشراوە، کە ئەکتەرەکە لە کاتی جووڵەیدا داگیری کردووە.**

شوێنەکانی کامیرای (A, B, C) هەموویان کەوتوونەتە نێو ئاکشنەوە. لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەریەکێك لەو سێ کامیرایە کە سەرجەم جووڵەی ئەکتەرەکە بگرێ لە بۆکسی تەلەفۆنەکەوە تا دەگاتە ئۆتومبێلەکە، ئەوا ئەو کاتە دەبوو کامیرا



بە گرتەی پان (pan) وێنەی بگرتایە تا ئەو کاتەی دەکەوتە دەرەوەی بازنەی ئاکشنەکەوە. دیسانەوە لەلایەکی تر گرنگیی پیاوەکە کە زیاتر یاخود کەمتر دەکاتەوە ئەمەش بە پشتبەستن بەوەی کە ئایا ڕۆیشتنەکە بەرەو یاخود دوورکەوتنەوەیە لە کامیرا. لە حاڵەتێکدا ئاکشنەکە سەرەتا یاخود ناوەڕاست یان کۆتایی لەخۆ دەگرێ، لە چەشنی ناوەڕۆکی دراماتیکیی تەواودا، ئامادەیی لەنێو ئاکشندا دیسانەوە کار دەکاتە سەر گۆشەنیگا.

شوێنی کامیراکانی (A, B, C) ناسینەوەمان لەگەڵ پاوە وردەواڵە فرۆشەکە ڕێك دەخاتەوە. لە کاتێکدا کامیراکانی (D, E, F) چەند گرتەیەك ئەنجام دەدەن لەپێناو چەند تێبینییەکی زیاتر سروشتییانەو کورتخایەن لە رووی کەسەکانەوە. شوێنەکانی کامیرای (دەرەوەی ئاکشن) دەتوانێ جووڵەی سەرجەم ئەکتەرەکان لەخۆ بگرێ بەهۆی گرتەیەکی بچووکی (pan)ەوە، یاخود بێ ئەو گرتەیەش ئەگەر بە لێهاتوویی زانرا چۆن هاوێنەی گۆشە – فراوان تیایدا بەکار بهێنرێ. کامیرای دەرەوەی ئاکشن جووڵەی وەستاوی پیاوەکەو هەروەها دیمەنێکی بەرتەسكو کەمی سەرجەم جووڵەی پیاوەکە جێبەجێ دەکات. بەڵام کامیرای ناوەوەی ئاکشن رەنگە بە ئەندازەی (١٨٠ پلە) گرتەی پان ئەنجام بدات تاکو هەمان ئاکشن بە وێنەی فۆتۆگراف بگرێت. هەروەها کاتێك لە دەرەوەی ئاکشندا وێنەی فۆتۆگرافی وەرگیرا ئەوا لەم حاڵەتەدا ئەکتەرەکان لەمیانەی گرتەکەوە بە ئەندازەی هەمان قەوارە دەمێننەوە. بەڵام ئەگەر بەهۆی کامیراوە لە ناوەوەی ئاکشندا وێنە گیرا ئەوا قەوارەی ئەکتەرەکە لەناو فرێمەکەدا دەبێتە قەوارەیەکی گریمانەیی.

لە کاتێکدا زیاتر لە ئەکتەرێك لەناو دیمەنەکەدا ئامادەییان هەبوو، ئەوا بازنەی دراماتیکیی ئاکشن لەلایەن شوێنی ئەکتەرەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت. ئەگەر ئەکتەرەکان لەسەر شێوازی (A, I, L) بە وەستاوی بێجووڵە مانەوە، ئەوا بازنەی دراماتیکیی ئاکشن بە بەرتەسکی لە دەوری شێوازەکە وێنە دەکێشرێ.

**ئامانج لە بازنەی دراماتیکیی ئاکشن:**

The Purpose of the Dramatic Circle of Action:

بازنەی دراماتیکیی ئاکشن بە هەمان شێوازەکانی (A, I, L)، ڕێگەیەکە بۆ تەماشاکردن لە ڕێکخستنی حاڵەتەکان لەپێناو دۆزینەوەی دامەزراندنە ئاساییو ناسراوەکانی سەبجێکتو کامیرا. سوودی هاوکات لە تەفسیرکردنو شیکردنەوەی ئاکشن بەم ڕێگەیە بریتییە لەوەی کە فیلمساز دەتوانێ چەند ڕێگەیەکی نوێ لە دامەزراندنی دیمەنەکان بدۆزێتەوە. بە شێوەیەکی زۆر تایبەتیش ئەم ڕێگەیە سوودی خۆی هەیە، کاتێك کە یارمەتیی دەرهێنەر دەدات کە وەسفو ناوەڕۆکی ڕێکخستنێکی ئاڵۆز لە دیمەنەکە وەدەست بێنێ.


لە پێناو ئاشنابوونی زیاتر بە بازنەی ئاکشن، هەوڵ بدە تەماشای ڕووداوەکانی تەلەفزیۆنو فیلمەکان بکەیت لە ڕووی پانتاییەوە نەوەك لە ڕووی گرتەکانەوە. ئەمە مانای ئەوەیە کە بتوانی جوگرافیای شوێنەکانو هەروەها شوێنی کامیرا لەناو پانتاییەکان بەوێنە بکەیت.

مەشقو ڕاهێنانێکی باش سەبارەت بەمە هەوڵ بدە بە شوێن جووڵەی کامیراوە بیت کە بۆ هەر دیمەنێك لە شوێنی ناوەوە ڕێکخرابێ. سەرنجی تایبەتی بخەرە سەر ئەوەی کە چۆن هەر دیمەنێك لە دیمەنەکان لە گرتەی سەرەتاوە بە جوانی ناسراوە. هەر بە زوویی لە تواناتدا دەبێ کە پلانو ستراتیژییە بنەڕەتییەکان سەبارەت بە دامەزراندنی پانتایی بناسیتەوەو هەروەها ئەوە فێر بیت کە چۆن هەر بیرۆکەیەك کار دەکاتە سەر چیرۆکەکە. بۆ نموونە، سینەماتۆگرافەر (گۆردن ویلز – Gordon Willis) زۆرجار کامیرای خستۆتە قووڵایی بازنەی ئاکشنەوەو ڕێگەی بە ئەکتەرەکان داوە کە بە دەوری کامیرادا بڵاو ببنەوە هەروەك ئەوەی کە کامیرا بووبێتە شایەتێکی نزیك. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە وێنەکانو هەروەها پێکهاتەکان بە شێوەیەك کە ئەکتەرەکان لەمیانەی مەودای چەند ئینچی هاوێنەیەکەوە کە بۆ چەند ساتێك دەبێتە هۆی داپۆشینی باکگراوندەکە. دەرهێنەر (جیم جارموش – Jim Jarmusch) بەهۆی بەکارهێنانی بیرۆکەیەکی تەواو پێچەوانە، ئەو وای پێ پەسەندە کە مەودای نێوانی خۆی لە ئاکشنەکە بپارێزێو، زۆرجار مەبەستیەتی کە لە دەرەوەی بازنەی ئاکشنەکە بمێنێتەوە لە تەواوی گرتەکاندا. بە سەرنجدانمان لە کارە هەرەمییەکانی چەند دەرهێنەرێك وەك (برناردۆ بیرتولوسی – Bernardo Bertolucci)، (ئوتۆ پریمینگەر – Otto Preminger)، (دەیڤید لینك – David Lynch)، (سپایك لی – Spike Lee)و (فرانکویز تروفۆت – Francois Truffaut) چەند نموونەیەك نیشان دەدەن لەوەی کە چەندین ڕێگەی جیاواز هەن کە بەهۆیانەوە دەتوانرێ پانتایی بخرێتە ڕوو و بناسرێت.



**قووڵێتیی ناوەکی – Interior Depth:**

سەرنجو تەماشاکردنی ڕێگەچارەی هەڵبژاردنی فراوانی دەرهێنەران سەبارەت بە دامەزراندنی دیمەنێك لە ژوورێکدا ئەوە دەسەلمێنێ کە تەنها سێ شوێن هەن تاکو کامیرایان تیا دابمەزرێنێ: فۆرگراوند، میدڵگراوند، باکگراوند. بڕوانە وێنەی (١٣٨) کە گرتەیەکی هەوایی بۆ ژوورێك نیشان دەدات بەهۆی بەکارهێنانی یەك کامیرا لە نزیك دەرگای ژوورەکە. ئەگەر ئەکتەر بێتە ژوورەکەو کورسییەك لە نزیك مێزەکە بۆ دانیشتن هەڵبژێرێ، ئەوا شوێنی کامیرا ئەوە نیشان دەدا کە ئایا ئەکتەرەکە لە کامیرای (B) یاخود (C) نزیك دەبێتەوە یان نا، یاخود لە کامیرای (A) دوور دەکەوێتەوە چونکە ژوورەکە خۆی بچووکەو هەموو شوێنەکان دەکەونە ناو بازنەی ئاکشنەوە. هەر کاتێك بەهۆی یەکێك لە شوێنە بنەڕەتییەکانی کامیرا جێگەکانمان دامەزراند، ئەوا ڕێکخستنو دانانی ئەکتەرەکان دێتە پێشەوە.





**وێنەی ١٣٨**


وێنـــەی (١٣٩) دایـــەگرامی ژوورێکمـــان نیـــشان دەدات، هەریـــەك لـــە شـــێوە بەکارهێنانەکانی کامیرا یەکێك لە سێ شێوە بەکارهێنانەکانی بازنەی ئاکشن نیشان دەدا. گرنگ نییە کام لەم شێوانە (A, I, L) بەکار دێنین. سوودو گرنگییەتیی چی بۆ ئێمە بەرهەم دێنێت ئەگەر کامیرا بچێتە ناو یاخود دەرەوەی ئاکشنەکە. هـەر بـۆ نموونـە، ئێمـە دەمـانتوانی شـێوە رێکخستنی بەرتەسکی (A) دابمـەزرێنین بـەهۆی چەند ئەکتەرێکەوە کە لە نزیکی یـەکترەوە وەسـتاون، یـاخود لـە شـێوازی (A) بـە شێوەیەك بەنێو ژوورەکەدا بلاّو ببنەوەو، بـۆ هـەر شـێوازێك لـەم شـێوازانە دەکـرێ کامیرا بچێتە ناوەوە یاخود بۆ دەرەوەی ئاکشنەکە بجوولێت.



دانانی کامیرا لە دەرەوەی ئاکشن، لەگەڵ رێکخستنی کۆمەڵـە ئەکتـەرێك لـە هەمان بەشی ئەو ژوورەو بلاّوترین تەکنینکی رێکخستنی ئەکتەرە. بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی پرۆسەی بڕین بۆ مەبەستی دەرخستنی جیاوازکارییەکان کار دەکات، لەو کاتەوەی کە هەموو ئەکتەرەکان نزیکەی هەمان مەودایان هەیە لە کامیراوەو هەروەها هەر لە هەمان قەوارەی گرتە هاوشێوەکانیشدا بینرابن.



شێوە رێکخستن‌و دامەزراندنی قووڵ لەم شێوەیەدا، ستایلێکی ئاساییە لەلایەن ئۆرسان ویلز، ولیەم ولیر، کە لە راستیدا ئەم شێوەیان رێگە بە بەکارهێنانی رێکخستنە تاکییەکان دەدا بە جۆرێك کە پرۆسەی بڕین (ئەگەر لە حاڵەتێکدا بەکارهێنرا) ئەوا بۆ بڕو ئاستی نزمترینی بپارێزرێ.



ئەمشێوەیە ڤێرژنێکی لە رادەبەدەرە لە جۆری رێکخستنێك کە کامیرا تیایدا دەکەوێتە سەنتەری ئاکشنەکەوە کە بە شێوەیەکی پراکتیکی پێچەوانەی ستایلی (پێشەوەییە). لێرەوە کامیرا دەتوانێ روو لە هەر شوێنێك بکات لەو شوێنەوە، بەلاّم بلاّوبوونەوەی ئەکتەرەکان لەو ژوورەدا فۆکس دەخاتە سەر پرۆسەی (بڕین)، مادامەکی هیچ تاکە پێکهاتەیەك ناتوانێ لە دوو ئەکتەر زیاتر بەخۆوە بگرێ.

**وێنەی (١٣٩)**



**رێکخستنی قووڵێتی** – Staging In Depth:

بەکارهێنانی قووڵێتیی درێژکراوە لە رێکخستنی گرتەکاندا خزمەت بە دوو مەبەست دەگەیەنێ، یەکەمیان، دەتوانێ پرۆسەی بڕین بەهێزتر بکات ئەمەش بەهۆی رێگەدان بە فیلمساز تاکو سەبجێکتەکان لەنێو تاکە گرتەیەکدا رێك بخاتەوە، دووەمیان، دیسانەوە وا لە دەرهێنەر دەکات کە چارەسەر بۆ بنەما دراماتیکییەکان بدۆزێتەوە. بە شێوەیەکی وردو گرافیکییانە، رێکخستنی قووڵێتی متمانە دەخاتە سەر بەکارهێنان‌و سوودی هاوسەنگییەکان. ئەمە پێچەوانەو بەرامبەرێك لەنێو فرێمێکدا بەرهەم دێنێت کە دەکرێ بۆ مەبەستی جیاوازکاریی نێوان ئەکتەرەکان بەراوردیان پێبکرێ کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە رێگەی پرۆسەی بڕینەوە دامەزراون. ئێمە ئەم شێوەیەمان لە بەشە جیاوازەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا بە شێوەی وێنە روون کردۆتەوە.

هەرچەندە رەنگە ئەمە بە راشکاوانە دەربکەوێ کە ئەکتەرە نزیکەکان زۆر بەهێزتر دەردەکەون لەناو فرێمەکەدا لە ئەکتەرە دوورەکان. باری سەرنجەکانمان دەکرێ بەهۆی بەکارهێنانی رووناکییەوە بۆ ئەکتەرێکی دوور بگوازرێتەوەو هەروەها بەهۆی قووڵێتیی بوارو ناوەرۆکی ناراتیڤی.

رێکخستنی مۆبایلی دەتوانێ زنجیرەو ریزی ئەو گرنگیەتییە درێژتر بکاتەوە بە جۆرێك ئەکتەرە دوورو نزیکەکان بتوانن شوێنەکانیان ئاڵوگۆڕ پێبکەن، یاخود لە ناوەڕاستی ئەو شوێنەدا بەیەکتر بگەن.

ئەمە جیاوازیی بنەڕەتیی رێکخستنی ئەکتەرە لە نێوان (جین رێنیەر)و ئۆرسان ویلز) لە بەکارهێنانی پانتایی قووڵدا. لە فیلمی (یاسای گەمەکان – The rules of the game) (رێنیەر) ئەکتەرەکانی خۆی رووی پێشەوە (foreground) بەرەو رووی دواوە (background) جووڵاند لەنێو تاکە رێکخستنێکدا بەهۆی بەکارهێنانیان بە مەبەستی جووڵاندنی سەرنجی بینەر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی تاکو فۆناغی داهاتووی ناوەرۆك‌و بەسەرهاتەکە پیشان بدات. لە روویەکی ترەوە (ویلز) مەبەستی بوو کە ئەکتەرەکانی لە پانتایی فۆرگراوندو باکگراونددا

له یەك جیا بكاتەوە. ئەم شێوەیە زۆرجار لە فیلمی (Citizen Kane)دا پیادە كراوە، ئەمەش تاكو لە رووی سۆزدارییەوە بتوانێ (كەین – Kane) لەوانەی دەوری جیا بكاتەوە. لە ساتەكانی كۆتایی فیلمەكە (كەینو سوزان) هەردووكیان لە ژوورێكی فراواندا بەرامبەر یەك رێكخراون، هەریەكێك لەوان لە رووی زەمەنییەوە بەهۆی كامێراوە زیندانی كراوە. پانتایی (وێلز) بە مەبەستی لە یەك جیاكردنەوەی كاراكتەرەكانی بەكارهێناوە، كەچی لای (رینیەر) پانتایی بۆ مەبەستی یەكتر بڕینی كاراكتەرەكانی بەكارهاتووە.

بەكارهێنانێكی دیكەی گرنگ لە رووی بیرۆكەییەوە سەبارەت بە قووڵێتیی فرێم بریتییە لە بەسنەوەی ئایدیاكان لەمیانەی پانتاییەكەوە. بۆ نموونە، گرتەی سەعاتێكی دیوار لە رووی هەرە پێشەوەدا رەنگە ئاماژە بەوە بدا كە پیاوێكی پیر لە باكگراوندەكە مردنی نزیك بۆتەوە. هیچ مانایەك نییە لە سنووردارکردنی فرێمو بچووككردنەوەی تەنها لەپێناو دوو ئاستی جیاوازی مانادا، هەروەها قووڵێتیی فرێمەكان دەتوانرێ لە چەشنی زۆر بوارو مەودای جیاوازدا دابەش بكرێ لەوەی كە بە ئاشكرایی لەلای فیلمسازەوە پێناسە كراوە.

**سینەماتۆگرافی فۆكسی قووڵ** – Deep Focus Cinematography:

لە رێكخستنی قووڵێتیدا زۆرجار لەگەڵ سینەماتۆگرافی فۆكسی قووڵ تێكەڵبوونێك دروست دەبێت. بەهەرحاڵ زۆرجاریش پێكەوە بەكار دەهێنرێن، پەیوەندیی ئەم دووانە شێوەیەكی ئۆتۆماتیكی لەخۆ ناگرێ. لێرەدا كاتێك رێكخستنی قووڵێتی رێگە بە فۆرگراوندو باكگراوند دەدات كە بە كەمی بكەونە دەرەوەی فۆكس بۆ چەند هۆكارێكی وێنەییانە ئەوا ئەمە پێویستی بە كات دەبێ، یاخود رەنگە باری سەرنجەكە بەهۆی جووڵاندنی خاڵی فۆكسەكە بگوازرێتەوە لە سەبجێكتێكی دوورەوە بۆ نزیك. ئەم شێوەیە لە (فۆكسی قووڵ) بە بەشداریو هاوكاریكردنی ئۆرسان وێلز، ولیام ویلرو، هەروەها لەگەڵ سینەماتۆگرافەر گریگ تۆلاند تیایدا مەودای چەقی كورتی هاوێنەكان گۆڕاوە بۆ دەرچەیەكی زۆر بچووك



لە كامێراكە، ئەمەش بۆ پاراستنو هێشتنەوەی فۆرگراوندو باكگراوند لەنێو (فۆكس)دا. كاتێك ئەم شێوەیە وەك ستایلی رێكخستنی چلەكان دەركەوت، ئا لەوێدا فۆتۆگرافی فۆكسی قووڵ كە ئەوپەڕی تەكنەلۆژیای ئەوكات بوو، ئەمڕۆ ئەم بوارە مەودای رێكخستنی شوێنی رووداوی لە (فۆكس)دا فراوانترو درێژتر كردۆتەوە، ئەمەش وای كردووە كە كاری فۆكسی قووڵ ئاسانتر بكاتەوە.

بەڵام مادامەكی هێشتا جۆرە سنووردارییەك لە ئارادایە سەبارەت بە (قووڵێتیی بوار) لەنێو هەر هاوێنەیەكدا، ئەوا چەند تەكنیكێكی تایبەت بۆ فۆتۆگرافی فۆكسی قووڵێتی بەرەو پێشەوە براوە.

( ١٤ )

## گۆشەکانی کامیرا

## *CAMERA ANGLES*

لە فیلمە ناراتیڤەکاندا چەندین هۆکار هەن سەبارەت بە جیاکردنەوەی گۆشەی سەرنجدان. تۆ رەنگە شێوەی گۆشەکەت بگۆڕیت تاکو شوێنی سەبجێکتەکە بکەویت، پاراستن یاخود ئازادکردنی زانیاریی نێو چیرۆکەکەو، گۆڕینی گۆشەنیگا، دەستەبەرکردنی هەمە جۆرێتیی گرافیك، دامەزراندنی شوێنی رووداو یاخود پێشخستنی ئەتمۆسفیری گشتی لە فیلمدا. ئەگەر هەموو ئەمانەی ناومان بردن شوێنی سەبجێکت بکەون ئەوا دەبێتە مەبەستو ئامانجێك کە زۆربەی فیلمسازەکان بە شێوەیەکی بنەڕەتییانە بیری لێدەکەنەوە. ئەم بۆچوونە مەبەستیەتی کە سەرنجی قووڵ بخاتە سەر بایەخو گرنگیەتیی پانتایی بە جۆرێك کە ئاکشنەکە ئەنجام دەدرێ، کاتێك لە راستیدا ئەو ناوەرۆکە دەستەبەر دەکات کە سەبجێکتەکە دەناسێنێ. سەبارەت بە چەند ئاستێك، ئەم دابەشکردنی سەبجێکتو پانتاییە لە سیستەمی ستدیۆکانی ساڵانی سیو چلەکانەوە ماوەتەوە. بۆ ئەوەی نرخی تێچوون لە وێنەگرتنی شوێنەکان کەم بکرێتەوە، ئەوا دیمەنە دیالۆگییەکان لە ستدیۆکاندا بەهۆی وێنەی فۆتۆگرافییەوە گیراونو ئەنجا پاشان لەگەڵ شوێنی راستەقینەی ناو فیلمەکەدا لکێنراوە، خوڵقاندنو بەرهەمهێنانی خەیاڵی سەبارەت بە دنیاو حاڵەتی قەوارەیی بەردەوام. پرۆسەی وێنەگرتنی کۆمەڵێك ئۆتومبێل کە بە شێوەیەك لە شێوەکان پرۆسەی نادروستبوون، لە بەردەم باکگراوندە رۆشنکراوەکەدا دەهاژوان هیچ کاتێك کەسێکی فریو نەداوە، بەڵام چیرۆكو هەروەها ئەکتەرە سەرەکییەکان وەکو تاکە بنەمایەکی گرنگ مامەڵەیان لەگەڵدا کرا. بینەر پارەیان تەرخان کرد



تاکو بتوانن ئەستێرەکان (ئەکتەرە سەرەکییەکان) ببینن، ئەگەر ئەو ئەکتەرانە توانییان دڵی ئەو بینەرانە خۆش بکەن ئەوا کارتێکەرە نەگونجاوەکان بۆ چەند جارێکی تر پیاچوونەوەی لەسەر دەکرێ. بەهۆی دامەزراندنی پانتایی دیمەنێك لەنێو گرتەیەکی فراوانداو پاشان بەرەو چەند گرتەیەکی میدیەم تاکو بتوانێ وێنەی فۆتۆگرافی سەبجێکتەکە بگرێ، ئەوا ستدیۆکان توانییان کە زۆرجار بەهۆی لەدەستدانی گوزارشتی تەواوەتی قەوارە/ دراماتیکییانەی دیمەنێك پارەیەکی زۆر پاشەکەوت بکەن.

ئەمڕۆ لەیەك جیابوونەوەی سەبجێکتو ئەتمۆسفێر بەردەوامییەتیی خۆی دەپارێزێ، لەگەڵ ئەوەی کە وێنەگرتن لە شوێنە راستەقینەکانی رووداوی فیلم جێگەی ستدیۆکانی گرتەوە، زۆر لە دەرهێنەران تا ئێستاش وێنەی فۆتۆگرافیی ئەکتەرەکان بە پەسەند دەزانن تاکو ببنە رووداوی سەرەکیی وێنەیی بەهۆی شوێنی رووداوەکە کە دەبێتە هاوتای دیمەنی دواوەی شوێنی نواندنەکە، کە تەنها بۆ دامەزراندنی گرتەکان دەگونجێت.

راستیی هەموو ئەوانەی باسمان کردن ئەوەیە: سەبجێکت بە هیچ جۆرێك لە شوێنی رووداو جیا نابێتەوە جا چ لەنێو چیرۆکدا بێت یاخود لە دیمەنی وێنەییدا. سەبجێکتێك لەنێو گرتەیەکدا زۆرجار بریتییە لە سەبجێکتو خودی شوێنەکە کە هەردوولایان پێکەوە بۆ وێنەگرتن وەردەگیرێنو، هەر لایەکیان ئەوەکەی دیکە بێدار دەکاتەوەو لەیەکیش جیا نابنەوە.

شوێنو سەبجێکت پێکەوە دەتوانن بەشداریو هاوکاریی ئەتمۆسفێرو حاڵەتی ناوەوەی بەرهەمی فیلمێك بکەن، هەروەها لەلایەکی ترەوە بنەماو توخمی دراماتیکییانەو سایکۆلۆژی دابمەزرێننو کاریگەریی بەرهەم بێنن، ئەمەش تاکو لە هەر گرتەیەکی نوێدا مانایەکی نوێ دابمەزرێنن. بە مەبەستی دەستەبەرکردنی پەیوەندییەکی فراوانو قەوارەیی بۆ سەبجێکتو هەروەها کەشوهەوا ئەوا بەهۆی گۆشەی کامیراوە دەتوانرێ ئەمە ئەنجام بدرێت.

گۆشەکانی کامیرا هەر بە تەنیا بۆ خۆیان مانایەك نابەخشن. شیکردنەوە

چەرکراوەکانی (لە ئێستادا) کە بانگەشەی ئەمە دەکات دیمەنی گۆشەی نزمی سەبجێکتێك ئەوا دەتوانێ شوێنی سەبجێکتەکە لەنێو شوێنێکی بەهێزدا بکاتەوە لە کاتێکدا دیمەنەکانی گۆشە بەرزەکان سەبجێکت دەخەنە نێو شوێنێکی بچووکەوە کە تەنها لە حاڵەتە گرنگەکاندا دەگونجێت کاری پێبکرێت. لە راستیدا نرخو بەهای هەر گرتەیەك کەوتۆتە سەر شێوەی چیرۆکەکە.

**شوێنکردنەوەی بینەر** – Viewer Placement:

لە کاری فیلمدا بینەر بەهۆی کامیراوە دەناسرێ. کاتێك کامیرا دەجووڵێت، جا ئەگەر بەهۆی گرتەی گالیسکەییەوە بێت یاخود بەهۆی برینەوە، ئەوا بینەر لەگەڵ حاڵەتی ئەو جووڵەیە دەژیو هەروەها زۆرجاریش ئەو وێنانە بە شێوەیەکی راستەقینەتر لەسەر سکرین دەبینێتەوە زیاتر لەوەی لە پانتایی سینەمادا دەست دەکەوێ. سایکۆلۆژیستەکان ناو لەم شێوە خەیاڵە دەنێن (گواستنەوە)، هەرچەندە ئەمە زۆرجاران دانی پیانانرێ. تاکە هۆکارێك لە پشت جیاوازیی گۆشەی سەرنجدان بریتییە لە چێژو خۆشیی فیزیکییانەی حاڵەتی ئەو گواستنەوانەو هەروەها بریتییە لە سەرنجدانی بڵاوو ئاساییانەی تێکەڵبوون لەگەڵ حاڵەتی ناوەوەی فیلم.

شوێنکردنەوەی بینەر پێویستی بە هاریکاریی کامیراو جووڵەی کامیراو هەروەها سەردانو پشکنینی فراوان نابێت بۆ بەرهەمهێنانی دەرەنجامێك. زنجیرە رووداوێك لە شوێنی نانخواردنێکی ئێوارەی جەنجاڵدا دەتوانرێ وەك حاڵەتێکی سۆزداری کە لەنێو دارستانێکی فراواندا بێت ئەگەر کامیراو گۆشەی کامیرا بە شێوەیەکی گونجاو هەڵبژێردرابوو. هەر لەو کاتەوەی کە (گواستنەوە) بینەر دەخاتە ناو بازنەی خۆیەوە بۆ بەشداریکردن لە هەر جووڵەیەکی کامیرادا یاخود گۆڕان لە گۆشەکان لەنێو چەند زنجیرە رووداوێکی مونتاژکراودا، ئەوا ئەو کاتە بینەر دەبێتە بەشێك لە کۆریوگرافییەکە. زنجیرە رووداوی ئاڵۆز دەتوانێ زۆر بە دروستی لە چەشنی سەما کە ریتم دەستەبەر دەکات، ئاوا ئەزموون بەرهەم بێنێت،



بە پشتبەستن بە درێژبوونەوەیەکی گەورەو فراوان لەسەر شێوەو رێکخستنی کامیراو گۆشەی کامیراو، هەروەها لەسەر بۆچوونو بیرۆکەکە.

تاکە رێگەیەك کە لێوەی فێر بین چۆن گۆڕان لە بیرۆکەوە لە گرتەیەکەوە بۆ گرتەیەکی دی ئەنجام دەدرێ، ئەمە بۆ شێوەو فۆرمی بیرۆکەکە ساکار بکاتەوە. ئەو کاتەی کە فۆرمە بنەڕەتییەکان ناسران ئەوا ئەو کاتە رەنگە بتوانیت زۆر ئاسانتر بیانناسیتەوە کاتێك تۆ زنجیرە رووداو دادەهێنیتو بەرهەمیان دێنیت.

**نەخشەو هێڵکاریی وێنەیی** – Perspective:

هەموو دیزانەری بەرهەمو دیزانەری بۆردی رووداوەکانی فیلم پابەندبوونێکی تەواویان بەسەر بنەماکانی هێڵکاریی وێنەییانەدا هەیەو لە زۆر حاڵەتەکاندا بەکاریان دێنن لەپێناو بەوێنەکردنی سێتو گۆشەکانی کامیرا.

لە کاتی نەخشەو دیزاینی بۆردی رووداوەکانی فیلمێك، ئەوا زانیاریو تێگەیشتن لە رووی وێنە مەنزورییەکان جۆرە ئازادییەك بە وێنەکێش دەبەخشێ سەبارەت بە وێناکردنی گۆشەنیگاکان لە شوێنی راستەقینەی خۆی، یاخود بۆ دامەزراندنی (شوێن) کە بە تەواوی وەك شوێنێکی خەیاڵیو هونەرییانە دەردەکەوێت.

ئەم جۆرە دەرخستنو نیشاندانە پێی دەووترێت بنپۆشی هێڵکاریی وێنەیی (Liner Perspective)و، یەکێکە لە کۆمەڵێك سیستەمی نەخشەو هێڵکاریی وێنەییانەی فیلم. هەرچەندە ئەم شێوازە زیاتر لە جۆرەکانی دیکەی هێڵکاری چیتر کاری پێناکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بە شێوەیەکی لۆژیکییانە بینینی ئێمە لە رووی دەوروبەر نیشان دەدات.

لە راستیدا ئەم جۆرەیان بووبووە شێوازێکی سەردەستو باو لە دامەزراندنی (وەهمی پانتایی – Illusion of Space) لە کارە دیزاینو نەخشەکارییەکاندا هەر لە سەرەتاکانی سەردەمی رێنیسانسدا.

بەڵام کاتێك دوو گرتە شانبەشانی یەکتر لە تەنیشت یەکترەوە دادەمەزرێنێ

ئەوا ئاوێتەبوون لە نێوان ئەو وێنانە بە تەواوی شێوازێکی نوێ لە ئەزمونی قەوارەیی (Spatial) بەرهەم دێنێت، کە باشترین پێناسەو وەسف بۆ ئەمە (وێنەی هێڵکاریی زنجیرەیی)یە.

ئەمە ئەو شێوەیەیە کە دەرهێنەر چەند حاڵەتێکی کۆریۆگرافی سینەماییانە دادەمەزرێنێ کە لەگەڵ خۆیدا بینەر دەخاتە ناو پانتایی سکرینەوە کە فاکتەرێکی باڵایە لە دیزاینی لێشاوی گرتەکان.

بۆ چاکتر تێگەیشتن لە کارتێکەرییەکانی زنجیرەیەك لە گۆشەکانی کامیرا ئەوا ئێمە دەتوانین سەرنج لە سەبجێکتەکان بدەین لەمیانەی هەلومەرجێکی ترادیشنیانەی ئاساییدا وەك: خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە لە رووی هێڵکارییە وێنەییەکاندا.

وێنە روونکردنەوە شێوە شەشپاڵووەکانی فیگەری (١٤٠) حاڵەتە بنەڕەتەکانی ئەم شێوانە دەخەنە روو. ئێستا با ژمارەیەکی جیاواز لە دیمەنی ئەو شەشپاڵووانە وەرگرین‌و بەکاریان بێنین وەك بنەمایەك لە بنەماکانی (شوێن) لەنێو پرۆسەی بۆردی رووداوەکانی فیلمێکدا.

بۆ نموونە: دوکانێکی خواردەمەنی فرۆش دەتوانرێ لە شێوەی شەشپاڵوویەك وێنە بکێشرێ لەگەڵ ناونیشانێکی دیار بەسەر رووی دوکانەکەوە کە لە بیناکە جیا کرابێتەوە.


فیگەری دوکانەکە لەمیانەی یەك شێوە، دوو شێوە، هەروەها سێ شێوە رووی هێڵکارییەوە نیشان دەدات. ئێستا با سەرنج لەم چوار ڤێرژنەی داهاتوو بدەین لە (هێڵکاریی زنجیرەیی) لە چەند فۆرمێکی بۆردی رووداویدا. لێرەدا ئاکشنەکە ئاسایی‌و ساکار دێتە بەرچاو: پیاوێك سەیارەکەی بەرەو دوکانی خواردەمەنی فرۆشەکە لێدەخوڕێت بۆ تەلەفون کردن، بەڵام کاتێك دەبینێت (تەلەفونێکی گشتی) لە نزیك بینایەکە هەیە، ئێستا بەرەو سندوقی تەلەفونە گشتییەکە دەڕواو تەلەفون دەکات.

مەبەست لەم نموونەیە، هێڵکاری‌و نەخشەی چەند لێشاوێکی گرتەییە ( Flow



Shot) وەك چەند گۆشەیەکی ریتمانەی جیاواز. لە ستایلی بەردەوامیەتیدا ئەمە مانای دامەزراندنی قەوارەی ئەو پانتاییە ئەمەش بەهۆی جوولان بەرەو ئەو پانتاییەوە. هەر کاتێك جووڵە هەبێت ئەو حاڵەتی هەڵکشانی زیاتر هەیە.

رێژەی خێرایی، وەستان، هەروەها پرۆسەی بڕینی بەردەوامیەتی دەتوانن چەند رێساو بنەمایەکی فیزیکیانەی خودی خۆیان دامەزرێنن. ئەم جۆرە گرتە بالیستیکیانە (Shot Ballistics) کە شێوەیەکە لە رێژەی جووڵەو خێرایی پرۆجێکشنی، لەم چەند وێنە پڕ جووڵانەی داهاتوودا روونتر باس کراوە.




**وێنەی (١٤٠)**